سەرچاوە
Serchawe



# بەشێک لە بابەت و نووسراوەکانی
# ئاگر باڵەکی

-----------------------------------------------

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

---------------------------------------------------------------------

**بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٣ .................... لاپەڕەی ............. ٥**

١- چەوساندنەوەی بەبەرنامە لە کوردستانی ئێران چاوخشاندنێکی بابەتیانە بە ئامارو زانیاریەکان لەسەر کوردستانی ئێران.

٢- رێز لە کەسایەتیی کاریزمایی پێشەوا بگرین.

٣- جیهان بە گرنگی‌یەوە دەڕوانێتە وزەی کوردستان.

٤- هێرشی فەرهەنگی لە رۆژهەڵاتی کوردستان ( لێکدانەوەیەکی ئاماری).

٥- پرۆتۆکۆلی نەتەوەیی (لە پەراوێزی پرۆژەی پرۆتۆکۆلی نەتەوەیی بەرێز خالید عەزیزی دا).

٦- بۆ کەمپینی "ژنبوون کەرەسەی سووکایەتی کردن بە هیچ کەس نیە"، سەرکەوت؟ لێکدانەوەیەکی ئاماری بۆ کاری کەمپینەکە.

٧- دیوەکەی تری رۆژئاوای کوردستان رۆژئاوای کوردستان ناوچەیەکی جێی ناکۆکی کوردو ناوچەی دۆستایەتی کورد و عەرەب.

٨- مافیای دەسەڵات! «ستاد اجرایی فرمان امام» جێگای « سازمان املاک و مستغلات پهلوی» دەگرێتەوە...

**بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٤ .......................... لاپەڕەی ................ ٤٠**

٩- ئایا کوردەکان لە باکووری کوردستان، سەرکەوتوون؟ هەڵبژاردنەکانی تورکیەو باکووری کوردستان لە دەلاقەیەکی ترەوە.

١٠- نەتەوە و نابەرابەری لە ئێراندا.

١١- کورد سەری مرۆڤ نابڕێ... کورد سەری دەتاشێ، تا سەری مرۆڤایەتی بەرزبێت.

١٢- سیاسەتی حەکیمانەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و ڕوداوەکانی ئەمدواییانە.

١٣- ڕۆژهەڵات میحوەری واقعیەتێکی سەردەمی ئێستا.

## بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٥ ............................ لاپەڕەی ............... ٦٠

١٤- زێڕی رەش، چەکی سیاسییە یان ئابووری؟

١٥- عەرەبستان و ئێران دوو رەقیب یان رەفیقی ناچاری یەکتر!

١٦- قەیرانی ئاو هەڕەشە لەئێران دەکات توێژینەوەیەک لەسەر کێشەی ئاو لە ئیراندا.

١٧- وەزعیەتی ئێستای ئاو لە ئیراندا.

١٨- ریفراندۆمی حیزبی دێموکرات و ریفراندۆمی کۆماری ئیسلامی!

١٩- پێشەوای کوردان!

٢٠- رقی پیرۆزی مەهاباد، لە میدیا جیهانیەکاندا.

٢١- مهاباد گۆمی مەندیی رۆژهەڵاتی شڵەقاند! لە رووداوێکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ جووڵانێکی سیاسی لە رۆژهەڵات!

٢٢- ئابووری ئێران لە ژێر چەکمەی سپای پاسداراندا!

٢٣- نابەرامبەری لە بەرنامەکانی ئابووری و گەشەپیێکانی کۆماری ئیسلامی دا!

## بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٦ ....................... لاپەڕەی ................. ١٢٢

٢٤- ئێران وڵاتی قەیرانەکان، شکستی پڕۆژەی حکوومەتی ئایەتوڵڵاکان!

٢٥- عەرەبستان و ئێران دوو رەقیب یان دوژمنی یەکتر!

٢٦- داخرانی کارخانەکان و رێژەی بێکاری، ئابووریی ئێرانی شکست پێ هێناوە!

٢٧- نائەمن بوونی ئێران، بابەتێک بۆ سەرکوتی خەڵکی ئازادیخواز لە ئێراندا!

٢٨- ئایەتوڵڵاکان بۆ لە رێککەوتنی (FATF) نیگەرانن؟

## بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٧ ................ لاپەڕەی ........... ١٤٢

٢٩- ئابووری بەرەنگاری و بێکاری لە ئێراندا.

٣٠- واقعیەت و حەقیقەت لە هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر هەڵبژاردنەکان!

٣١- ئەمنییەت ئامرازێک بۆ تیجارەت! قەرارگای خاتەمولئەنبیا، باڵی ئابووریی سپای پاسداران!

٣٢- نەوت، ماف و دێموکراسی.

***************************************



## چەوساندنەوەی بەبەرنامە لە کوردستانی ئێران چاوخشاندنێکی بابەتیانە بە ئامارو زانیاری‌یەکان لەسەر کوردستانی ئێران

کوردەکانی ئێران لەگەڵ ئەوەی هەمیشە لە لایەن دەسەلاتدارانی ئێرانەوە لەبواری سیاسی‌و ئابوری‌دا لەمافەکانیان‌بێبەش کراون لە بواری لەشساغی‌و تەندروستیش‌دا مافیان خوراوەو پارێزگا کوردی‌یەکان بەبیانووی جۆراوجۆر وەک ناوچەیەکی پلە دوو چاولێکراون. لەم بابەتەدا تیشک دەخەینە سەر ئەو جیاوازی‌یانەی لەبواری لەشساغی‌و دەرمانی‌دا بەبەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران بەتایبەت ناوەنددا دژی ناوچەکوردنشینەکان کراون.

ئێران چوارچێوەیەکی جوغرافیایی‌یە کە چەند نەتەوەی جۆراوجۆر بە کەلتوورو زمانی جۆربەجۆری تێدا دەژین، کوردەکان لەم چوارچێوە جوغرافیایی‌یەدا کەوتوونەتە بەشی رۆژئاواو بەسەر چوار پارێزگادا دابەش بوون، ئەم دابەشکردنە لەلایەن حکوومەتی ناوەندی‌یەوە کراوەو خەڵکی کوردستان پرسێکیان پێنەکراوە . پارێزگاکانی ورمێ، کوردستان، کرماشان‌و ئیلام ئەم چوار پارێزگایەن کە زۆربەی زۆری دانیشتووانیان کوردەکان پێکیان هێناوە.

بە پێی ئەو ئامارانە کە ناوەندی ئاماری ئێران لە خەرمانانی ١٣٨٩دا بڵاوی کردوونەوە ژمارەی دانیشتووانی ئەم ٤ پارێزگایە (ورمێ، کوردستان، کرمانشان، ئیلام) ٦٩٥٦٠١١ کەس بووە کە بە کەمکردنەوەی ئازەری‌زمانەکان لە پارێزگای ورمێ نزیک بە شەش ملیۆن و چوارسەد هەزار کەس کورد لەم پارێزگایانە دەژین. سەرچاوە: (بەراوردکردنی حەشیمەتی وڵات، ناوەندی ئاماری ئێران، خەرمانانی ١٣٨٩). ئەگەر ئەو ئامارانە دەگەڵ ساڵی ١٣٨٥ بەراورد بکەین دەبینین دەستکاری‌یەکی زۆر روونیان پێوە دیارە. ناوەندی ئاماری ئێران هەر بەپێی سەرچاوەی پێشوو حەشیمەتی ئێران ساڵانە ٣،١% زیاد دەبێ. ، بەڵام دەبینین کە ژمارەی دانیشتووانی پارێزگا کوردنشینەکان لە ساڵی ١٣٨٥ دا شەش ملیۆنو حەوسەدو سی‌و هەشت هەزارو حەوسەدو هەشتاو حەوت (٦٧٣٨٧٨٧کەس) بووە، کەچی ژمارەی دانیشتووان لە ساڵی ١٣٨٩دا بەو رێژەیە زیادی نەکردووە کە ئەو ناوەندە ئیشارەی پێدەکا. ئەگەر دانیشتووانی ئەو چوار پارێزگایە لە ساڵی ١٣٨٥ەوە تا ١٣٨٩ ساڵانە ٣،١%ی زیاد کردبێ،دەبێ ساڵی ١٣٨٩گەیشتبێتە دەوری حەوت ملیۆنو سەدهەزار ( ٧١٠٠٠٠٠) کەس. بەڵام ناوەندی ئاماری

ئێران دانیشتووانی ئەم ناوچانەی لە ساڵی ١٣٨٩دا شەش میلیۆنو پێنجسەدو شێست هەزارو یازدە کەس (٦٩٥٦٠٠١١ کەس) راگەیاندوە. کەوایە هەر بەپێی ئەو ئامارانە دەردەکەوێ کە نزیک بە سەدو پەنجا هەزار کەس لە ژمارەی دانیشتووانی ەو چوار پارێزگایە کەم کراوەتەوە. بەروونی دەرکەوتوە کە هیچ کات ناوەندی ئاماری ئێران رێژەی حەشیمەتی ئەو ناوچانە کە کەمە نەتەوەییەکانیان تێدا دەژین بەڕوونی ئاشکرا ناکاو ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ چەند هۆکار. یەک لەوان ئەوەیە کە رێژەی ئەندام پەرلەمانانی هەر پارێزگایەک بە رێژەی ژمارەی دانیشتووانی ئەو پارێزگایە دیاری دەکرێ. ئەمە یەکێک لەو سەدان ناهەقیو جیاوازیانەیە کە دەسەڵاتدارانی ئێران دەرهەق بە کەمایەتیە نەتەوەییەکان بەکاریان دێننو هەمیشە بەهۆی ئەم جۆرە دەستکاریانەوە لە داتاکاندا دەیانەوێ مافی نەتەوەکانی نێو ئێران پێشێل بکەن .

ئەگەر وردتر بچینە نێو ژیانی رۆژانەی خەڵکی ناوچە کوردنشینەکان ئەوا دەبینین کە نزیک بە ٦٥%ی دانیشتووان لە شارەکان دادەنیشنو ئەوانی دیکە واتە ٣٣% لە گوندەکان نیشتەجێنو هەروەها لە نزیک بە ٢% کۆچەرین کە لە پارێزگاکانی ئیلامو کرماشانن. ئەو ٤ پارێزگایە (ورمێ، کوردستان، کرماشان، ئیلام) لە ٤٩ شار و١١١ فەرمانداریو ١١٧ شارۆچکەو ٣٢٢ بەخشو ٧٧٢٢ دێ پێک دێن، لەو ٤ پارێزگایە ٩ شار هەن کە رێژەی دانیشتووانیان لە ١٠٠ هەزار کەس زیاترەو گەورەترین شاری کوردنشینی ئێران کرماشانە کە نزیک بە ٨٠٠هەزار کەس لەو شارە دەژین، بەڵام هیچ کات ئەو خزمەتگوزاریانە کە لەلایەن حکوومەتەوە بۆ ئەو ناوچانە دیاری کراون لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانو شێوەی نیشتەجێبوونیان بەراورد ناکرێن.

پاریزگا کوردنشینەکان لەو ناوچانەن کە چڕیی دانیشتووانی تێدا زۆرە واتە لەو ناوچانەن کە لە یەک کیلۆمەتری چوار گۆشەدا ١٠٠ تا ١٤٩ کەس دەژین. سەرچاوە: (دابەش بوونی دیمۆگرافیی دانیشتووانی ئێران ساڵی ١٣٩١). ئەم رێژەیە هیچ کات بەرامبەر نیە بە ئیمکاناتو پێداویستیەکانی ئەو خەڵکەی کە لەو ناوچانەدا دەژین، واتە بەنیسبەتی پارێزگاکانی دیکەی ئێران ئیمکاناتو پێداویستیەکان کە کاروباری رۆژانەی خەڵک رادەپەرێنێ زۆر کەمترن، ئەگەر بەراوردێک لە نێوان پارێزگا کوردیەکانو پارێزگاکانی ناوەندی ئێران بکەین ئەوە نادادپەروەریەکی زۆر دەبینین. بۆ نموونە لە بواری تەندروستیو خزمەتگوزاریی پزیشکیدا هەمیشە پشکێکی کەم بەر ئەم پارێزگایانە کەوتوە کە کوردیان تێدا نیشتەجێیەو پشکی زۆرتر بۆ پارێزگاکانی ناوەند بووە. لێرەدا بەراوردێک لەسەر ئەو نەخۆشخانە گشتیانە دەکەین کە لەسەرووی ٢٠٠ تەختەوەن لەو ٤ پارێزگایانەداو بەراوردیان دەکەین لەگەڵ رێژەی دانیشتووانیان.

**یەکەم:** پارێزگای ورمێ. بەشی ئەم پارێزگایە لە نەخۆشخانەی ٢٠٠ تەختی تەنها ٩ نەخۆشخانەیە، ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەم پارێزگایە ١٧ شارو ٤٠ فەرمانداریو ١١٣ بەخش لە ٣٩ شارۆچکە پێک هاتووەو رێژەی دانیشتووانی لەسەرووی ٣ میلیۆن کەسەوەیە. کە ئەگەر رێژەی ئەم نەخۆشخانانە بەراورد بکەین لەگەڵ رێژەی دانیشتووان دەبینین کە بۆ هەر ٣٣٠ هەزار کەس یەک نەخۆشخانەی ٢٠٠ تەختیی پێشکەوتوو دەبینرێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هەموو تەختەکانی نەخۆشخانەکان حیساب بکەین دەبینین کە لە پارێزگای ورمێ ٢٩٤٤ تەختی نەخۆشخانە هەیە کە بۆ هەر ١٠١٩ کەس یەک تەخت تەرخان کراوە.

(سەرچاوە: ماڵپەری رەسمیی نەخۆشخانەکانی ئێرانو مەرکەزی ئاماری ئێران)
(http://isohospital.com/Default.aspx

**دووەم:** پارێزگای کوردستان بەشی ئەم پارێزگایە لە نەخۆشخانەی ٢٠٠ تەختی تەنها ٣ نەخۆشخانەیە، ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەم پارێزگایە ١٠ شار و ٢٧ فەرمانداریو ٨٤بەخشو ٢٥ شارۆچکە پێکهاتووەو ژمارەی دانیشتووانی لەسەروی ١،٥٠٠٠٠٠ یەک میلیۆنو پێنج سەدهەزار کەسەوەیە. کە ئەگەر رێژەی ئەم نەخۆشخانانە لەگەڵ رێژەی دانیشتووان بەراورد بکەین دەبینین کە بۆ هەر ٥٠٠ هەزار کەس یەک نەخۆشخانەی ٢٠٠ تەختیی پێشکەوتوو هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هەموو تەختی نەخۆشخانەکان حیساب بکەین دەبینین کە لە پارێزگای کوردستان ١٦٥٩ تەختی نەخۆشخانە هەیە کە بۆ هەر ٩٠٠ کەس یەک تەخت تەرخان کراوە. (سەرچاوە: ماڵپەری رەسمیی نەخۆشخانەکانی ئێرانو مەرکەزی ئاماری ئێران)

**سێیەم:** پارێزگای کرماشان. بەشی ئەم پارێزگایە لە نەخۆشخانەی ٢٠٠ تەختی تەنها ٥ نەخۆشخانەیە، ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەم پارێزگایە لە ١٤ شار و ٣٠ فەرمانداریو ٨٥ بەخشو ٢٩ شارۆچکە پێکهاتووەو ژمارەی دانیشتووانی نزیک بە ٢ میلیۆن کەسە. کە ئەگەر رێژەی ئەم نەخۆشخانانە لەگەڵ رێژەی دانیشتووان بەراورد بکەین دەبینین کە بۆ هەر ٤٠٠ هەزار کەس یەک نەخۆشخانەی ٢٠٠ تەختیی پێشکەوتوو دانراوە. خۆ ئەگەر هەموو تەختی نەخۆشخانەکانیش لەبەرچاو بگرین دەبینین کە لە پارێزگای کرماشان ٢٠٦٥ تەختی نەخۆشخانە هەیە کە بۆ هەر ٩٧٠ کەس یەک تەخت تەرخان کراوە.
(سەرچاوە: ماڵپەری رەسمیی نەخۆشخانەکانی ئێرانو مەرکەزی ئاماری ئێران)

چوارەم: پارێزگای ئیلام. بەشی ئەم پارێزگایە لە نەخۆشخانەی ٢٠٠ تەختی تەنیا ٢ نەخۆشخانەیە، ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەم پارێزگایە لە ٨ شارو ٢٠ فەرمانداریو ٤٠ بەخشو ٢١ شارۆچکە پێکهاتووەو ژمارەی دانیشتووانی نزیک بە ٧٠٠ هەزار کەسە ئەگەر رێژەی ئەم نەخۆشخانانە لەگەڵ رێژەی دانیشتووان بەراورد بکەین دەبینین کە بۆ هەر ٣٥٠ هەزار کەس یەک نەخۆشخانەی ٢٠٠ تەختیی پێشکەوتوو هەیەو ئەگەر هەموو تەختەکانی نەخۆشخانەکانیش حیساب بکەین دەبینین کە لە پارێزگای ئیلام ٤١٣ تەختی نەخۆشخانە هەیە کە بۆ هەر ١٦٩٤ کەس یەک تەخت تەرخان کراوە.

(سەرچاوە: ماڵپەری رەسمیی نەخۆشخانەکانی ئێرانو مەرکەزی ئاماری ئێران)

ئەگەر بەراوردێک لەنێوان پارێزگا کوردنشینەکانو پارێزگا فارس نشینەکاندا بکەین دەبینین کە ناعەداڵەتییەکی زۆر لە بواری هاوکاریی پزیشکیو بنکەی تەندروستیدا هەیە. بۆ ڕوونبوونەوە پارێزگای فارس وەک نموونە وەردەگرینو لەگەڵ پارێزگا کوردنشینەکان بەراوردی دەکەین.

لە پارێزگای فارس کە ناوەندەکەی شاری شیرازەو ژمارەی دانیشتووانی بەپێی ئاماری ساڵی ١٣٨٩ لە سەرووی چوار میلیۆن کەسە، تەنیا لە ناوەندی پارێزگا واتە لە شاری شیراز کە ژمارەی دانیشتووانی ئەم شارە میلیۆنێکو پێنج سەد هەزار کەسە، ٢٧ نەخۆشخانە هەیە کە ٦ دانەیان لەسەرووی ٢٠٠ تەختەوەنو ژمارەی تەختەکانی ئەم ٢٧ نەخۆشخانەیەی شاری شیراز ٣٣٢٠ تەختەکە بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی دانیشتووانی ئەم شارە هەر ٤٥٠ کەس تەختێکی بەر دەکەوێ، ئەگەر ئەم ئامارە لەگەڵ ناوچەکوردنشینەکان بەراورد بکەین دەبینین کە جیاوازی نەک زۆرە بەڵکوو دوو بەرابەریشە چونکە لەوێ بۆ هەر ٩٠٠ کەس تەختێک هەیە، ئەم ئامارە تەنیا پەیوەستە بە ناوەندی پارێزگا واتە شارەکانی دیکە لەنێو ئەم ئامارانەدا نەهاتوون، ئەگەر ئەوانیش بگونجێنین دەبینین تەنها پارێزگای فارس ٥٥ نەخۆشخانەی تێدایە کە ئەگەر بە چوار پارێزگا کورد نشینەکە بەراورد بکرێ دەبینین کە بە هەر چوار پارێزگاو بە حەشیمەتی ٧ میلیۆنی (بەپێ ناوەندی ئاماری ئێران) تەنها ٦١ نەخۆشخانە هەیە. ئەمە نابەرامبەریی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە ناوچە کوردنشینەکان نیشان دەدا.

ئەگەر بەکورتی لێکدانەوەیەک بۆ ئەم بابەتەی سەرەوە بکەین دەبینین کە دەسەڵاتدارانی ئێران، هەمیشەو لەهەر بوارێکداو ئەوەندەی لە توانایاندا بووە هەوڵیان داوە کە مافەکانی کورد لە کوردستانی ئێران زەوت بکەن،

هەمیشە بە دیدێکی ئەمنییەتی‌یەوە سەیری کوردستانیان کردوەو وایان بیرکردۆتەوە کە کوردەکان میوانن لەسەر ئەم خاکە.

سەرچاوەکان:

١- ناوەندی ئاماری ئێران، راپۆرتی گەشەکردنی مرۆیی لە ئێراندا.
٢- ناوەندی لیکۆلینەوەی دێهات لە ئێران، لێکۆلینەوەیەک لە سەر ئاماری دێهاتەکانی ئێران
٣- ئاماری نەخۆشخانەکانی ئێران، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی تەندروستیی ئێران ١٣٨٩
٤- بەراوردکردنی حەشیمەتی وڵات، ناوەندی ئاماری ئێران ، خەرمانانی ١٣٨٩
٥- ماڵپەری زانیاری ویکیپیدیا

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٤

٢٠ی مارچی ٢٠١٣

# رێز لە کەسایەتیی کاریزمایی پێشەوا بگرین

پێشەوا قازی محەممەد، ڕێبەرو ڕێنیشاندەرو یەکەم سەرکۆماری کوردستان، ڕێبەرێک کە «کەم ژیاو کەڵ ژیا». ئەو وەک ڕێبەرێکی ئەفسانەیی بۆ کورد لە سەردەمێکدا بوو بە ڕێنیشاندەر کە ئێستاشی لەگەڵ بێ، لەسەر ئەم ڕێگەیە کورد هەنگاو دەنێ، ئەوەی فەیلەسووفە یۆنانییەکان لەبارەی دەوڵەتو ڕێبەریی خەڵک بە نووسین باسیان کردبوو و لە کتێبەکانیاندا وەک بیرۆکە هێنابوویان، پێشەوا بە کردەوە ئەو بیرۆکانەی لە ماوەی ڕێبەریی خۆیدا جێبەجێ کرد. قازی محەممەد لە کردەوەدا نیشانی دا کە ڕێبەرێکە لە خزمەت خەڵکو نەتەوەدا. پێشەوا لە سەردەمێکدا ڕێبەریی کۆمەڵگەی کوردی گرتە دەست کە کۆمەڵگەی کوردەواری ڕێژەی خوێندەواریی ٥% زیاتر نەبوو. چینی ڕووناکبیرو خوێندەوار زۆر کەم بوو. ئەو باسە ئی شەش دەیە پێش ئێستایە کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان پێشکەوتنێکی ئەوتۆ بەدی نەدەکرا، بەڵام پێشەوا وەک گوڵێک لە بیاباندا نیشانی دا کە کەسێکی دەگمەنە، ئەو بەڕاستی ڕێبەرێک بوو کە دەیتوانی بە ٦ زمان ئاخاوتن بکا کە ئەمە وای لێکردبوو کە پێوەندییەکی دیپلۆماسیی گرنگی هەبێو وەک ڕێبەرێکی سیاسییش لە دۆکۆمێنتەکانی وڵاتانی زلهێزی جیهان ناوی پێشەوا وەک کەسێکی بەناوبانگی ناوچەکە هاتوە.

پێشەوا قازی محەممەد ئەو کەسە بوو کە نیشانیدا بەڕاستی ڕێبەرێکی گەلیو نەتەوە خۆشەویستە. پێشەوا کەسێک بوو کە لە سەردەمی خۆیدا فەیلەسووفێکی زانا بوو، بەداخەوە نموونەی وەک ئەو تاوەکوو ئیستاش لەنێو کورددا دووبارە نەبووەتەوە.

پێشەوا ٦٧ ساڵ لەمەوپێش ئەوەی بەبیردا هات کە دەبێ کوردەکان یەکگرتوو بنو نەتەوەی کورد کیانی خۆی هەبێتو ئەوەشی بە کردەوە سەلماند کە کوردەکان هەم دەتوانن یەکگرتوو بن، هەمیش دەتوانن وەک هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان خاوەنی پێگەو وڵاتی خۆیان بن.

## بیر و کەسایەتیی پێشەوا

پێشەوا له وتووێژێکی لەگەڵ هەواڵنێری «تاس» ئاوا باس لە گەشەکردنی کۆمەڵگاو هەروەها بەهێزبوونی پێگەی کورد دەکا لە حکوومەتی کوردستانداو دەڵێ: «ئێمە وەک گەلێک یەکمان گرتەوەو بەهێزتر بووین و بە یەکجاری بۆ گەیشتن بە مافی خۆمان دەستمان بە خەبات کردوە و ئێستا ئێمە لەم بارەیەوە دەسکەوتی زۆرمان بەدهست هێناوە، ئەگەر لە رابردوودا نووسین و ئاخافتن بە زمانی کوردی رێگای پی نەدەدرا، ئیستا ئێمە رۆژنامەی «کوردستان»مان هەیە. لە کوردستاندا نزیکەی سێ هەزار زارۆک بە زمانی خۆیان دەخوێنن، چەند رۆژ لەمەوبەر دەستووری بەزۆرەملیی خوێندنی سەرەتایی بۆ هەموو کەس بەبێ پارە، دراوە. قوتابیيە هەژارەکان لە باری جلوبەرگ و کتێبەوە، هەروەها خواردنی بەیانیيان لە قوتابخانەدا یارمەتی دەدرێن. مەهاباد کۆمەڵە (کەلکتیو)ی لێ هەیە، ژنان بەشداری تێدا دهکەن››. (١)

گەورەیی پێشەوا کاتێک دەردەکەوێ کە بزانین حازر بووە ئەو پوولەی کە وەک یارمەتیی مانگانە لە حکوومەت وەری گرتوە، هەر جارەی بیدا بە مەدرەسەیەک بۆ ئەوەی بتوانن باشتر بە قوتابیيەکان ڕابگەن. حاجی عەبدوڵڵای قازی لە کتێبی «وڵاتی من»دا ئاوا باسی پێشەوا دەکا: «لەنێو منداڵانی مەدرەسەدا، ئی وا بوو زۆر فەقیر بوو و بە پێخواسی دەچووە مەدرەسەو بەرگو پێڵاوی نەبوو. بۆیە دەستوور درا کە تەواوی منداڵانی مەدرهسە لیباسی یەک فورم و یەک رەنگیان هەبێ. ئەو لیباسانە لە قەوارەی جۆراوجۆردا دروابوون و زەلامو چکۆڵە، درا بە هەموو کەس. دیارە عیددەیەک لە دەوڵەمەندەکان گوتبوویان منداڵی ئێمە ئەوانەیان پێویست نیەو نایانەوێ. پێشەوا قەبوولی نەکردبوو گوتبووی نابێ فەرق و جیاوازی هەبێو دەبێ هەموو یەک فۆرمو یەک لیباس بن. پێشەوا ئەو کات ١٠٠ تمەنی مانگانە یارمەتی لە دەوڵەتی کوردستان وەردەگرت. ئەویش تەواوی ئەو پووڵەی تەرخان کردبوو بۆ مەدرەسەکانو هەر مانگەی دەدرا بە قوتابخانەیەک›› (٢)

پێشەوا هەمیشە خۆی بە خزمەتکاری میللەتی خۆی دەزانیو هەربۆیە لە زۆربەی وتووێژو نوتقەکانیدا ئەم لەخۆبردوویيەی پێشەوا دیار دەکەوێ، لە نوتقێکدا کە لە رۆژنامەی «کوردستان»دا بڵاوبۆتەوە ئاوا قسان دەکا: «بۆخۆتان دهەانن کە ئەمن بۆ وەرگرتنی حقووقی کورد شەوو رۆژ وچانم نەداوەو ئەو زەحمەتەش بە فەخر دەزانم. تا یەک رۆژم لە دنیا مابێ دەست لە فیداکاری هەڵناگرمو بە هەموو کەسێکی دەسەلمێنم کە کورد شایانی

ژیانە». (٣)

هونەری سەرۆکایەتیی جەنابی پێشەواش زۆرتر لەوەدا ڕەنگی دابۆوە کە هەڵسوکەوتەکانی هەڵگری پەیامی شارستانیی نەتەوەکەی بوون. دەسەڵاتی سەرکۆمار نەک بۆ تێرکردنی پێویستییەکانی ئەو پێک نەهاتبوو، بەڵکوو لە زۆر بواردا بەرژەوەندیی خۆیو بنەماڵەکەشی خستە دوای بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەکەی. جیا لەوە کە بیری نیشتمانپەروەریی سەرکۆمار هاندەری ئەو بوو تا لە خزمەت بەرژەوەندیی نەتەوەکەیدا هەنگاو بنێ، بە هۆی ئەوە کە پێشتر دادوەرێکی لێهاتوو و کارامە بوو، توانیبووی لە سەر ڕەچاوکردنو پاراستنی مافی تاک لە کۆمەڵگادا کاریگەریی بێوێنەی هەبێ. زۆرینەی نوتقەکانی جەنابی پێشەواش کە لەو سەردەمەدا تۆمار کراون، سەلمێنەری ئەوەن کە گوتاری ئەو لە سەر بنەمای مافو دادپەروەریو ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی گشتی ساغ ببۆوە. زۆر کەس لە مێژوودا بە مێدالیاو تاجو نیشانی سەیرو سەمەرە هەوڵی ئەوەیان دا خۆیان لە بەر چاوی کۆمەڵگادا زەقو بەرچاوو جوان نیشان بدەن بەڵام خۆشەویستیو ڕێزێک کە ئەمڕۆکە لە لایەن نەتەوەی کوردەوە لە جەنابی پێشەوا دەنرێ، تەنیا لە بەر دادپەروەریو خۆقوربانیکردنی ئەوە. بە کورتی دەکرێ بگوترێ کە سەرۆکی کۆماری کوردستان لەو سەردەمدا وێنەی ئیرادەی نەتەوەکەی دەنەخشاندو ئێستاش لە خۆشەویستترین سەرکردەکانی نەتەوەکەی دێتە ئەژماردن. (٤)

پەراوێزەکان:

١. وتووێژی هەواڵنێری ئاژانسی دەنگوباسی تاس لەگەڵ پێشەوا. بروانە کتێبی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەی سۆڤیەتدا. بەڕێز ئەفراسیاو هەورامی لاپەری ٤١.
٢- ولاتی من ، بیرەوەرییەکانی حاجی عەبدوڵڵای قازی لە ئامادە کردنی کاک قاسمی قازی لاپەری ٧٠.
٣. نوتقی پێشەوا. ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٢ ی گەلاوێژی ١٣٢٥.
٤. سەرۆک کۆماری کوردستان، سۆران کەرباسیان، ماڵپەری Kurd.no
٥. وتاری ژیانو ڕوانگەی پێشەوا، ئەیوب ئەیوبزادە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

٨ی مای ٢٠١٣

# جیهان بە گرنگی‌یەوە دەڕوانێتە وزەی کوردستان

کاتێک وڵاتانی رۆژئاوا بۆ یەکەمین جار باسیان لە گەمارۆو نەکڕینی نەوتی خاوی ئێران کرد، دەسەڵاتدارانی ئێران دەیانگوت بازاڕەکانی نەوتی دنیا بەرگەی کەم بوونەوەی نەوتی خاوی ئێران ناگرنو نەوت نرخەکەی دەگاتە ٢٥٠ دۆلار بۆ هەر بۆشکەیەک.

ئێستا بەرهەمهێنانو هەناردەی نەوتی ئێران نیوە بووە یانی لە ٣ ملیۆن بۆشکەوە بۆتە ١،٥ ملیۆن بۆشکە لە رۆژدا، نرخی هەر بۆشکەیەک نەوتیش لە ١٠٠ دۆلاردا ماوەتەوە.

ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە کە گەورەترین ناوندەی وزەیە لە جیهاندا لە راپۆرتێکی خۆیدا دەڵێ:» ساڵی ٢٠١٣ ئەگەر داخوازی بۆ نەوتی ئۆپێک* (ئێران دووهەمین وڵات بوو لە بەرهەمهێنانی نەوت لە ئۆپێکدا) کەم نەبێتەوە، ئەوە زیاتریش نابێ».

ئاژانسی وزە لە ئاخرین راپۆرتی‌دا باس لەوە دەکا کە داخوازی لەسەر نەوت لە ٥ ساڵی داهاتوو لە جیهاندا ڕوو لە زیادبوون دەبێ، بەڵام ئەم داخوازی‌یە پێویستی بەنەوتی خاوی ئۆپێک نابێ بەڵکوو بە نەوتی خاوی ئەمریکا دەبێ.

ئەمریکا چەندین ساڵە کار لەسەر ئەوە دەکا کە بۆ پەیدا کردنی وزە، پشت بەخۆی ببەستێو پێویستیی بە وزەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەمێنێ. هەربۆیە دەسەڵاتدارانی ئەمریکا بەرهەمهێنانی نەوتیان لە چینە ڕزیوەکانی خاک پەرە پێداوە، نەوتی خاوو گاز جگە لە قووڵایی زەوی لە نێو خیزو هەروەها لە بەردەکانیشدا پەیدا دەبێ، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەمێژساڵە لە ڕۆژئاوای ئەم وڵاتە خەریکی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو لە چینەکانی خاکە. ئێستا بە پێشکەوتنی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیی دەرهێنانو بەرهەمهێنانی نەوت ئەم

ڕێگەیە باشترەو تێچووشی کەمترە. هەربۆیە پیشبینی دەکرێ کە ئەمریکا لە ٥ ساڵی داهاتوودا ببێتە گەورەترین وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوت.

بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا بە بەکارهێنانی ئەو تەکنەلۆژیە تا ٤ ساڵی دیکە وەپێش عەرەبستانی سعودی (ئێستا عەرەبستان، گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوت لە جیهاندایە) دەکەوێتەوە.

ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە دەڵێ لە ساڵێ ٢٠١٨دا داخوازی بۆ نەوت لە دنیا بۆ هەر رۆژێک دەبێتە ٩٦,٧ میلیۆن بۆشکە کە ئەو ڕێژەیە گەشەیەکی ٨% نیشان دەدا بە نیسبەتی ئێستاو نەوتی ئۆپێک هەڵکشانێکی ئەوتۆ بەخۆیەوە نابینێ‌و تەنها ١٠% زیاد دەکا.

ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە لە راپۆرتەکەیدا باس لەوەش دەکا کە پێویستیی جیهان بە نەوتی خاوی ئۆپێک لە ساڵی ٢٠١٨ دا ڕۆژانە ٣٠ میلیۆن بۆشکە دەبێ، کە ئەو ڕێژەیە ڕاست ڕادەی ئێستای بەرهەمهێنانی (ئۆپێک)ە. بەواتایەکی دیکە داخوازی لەسەر نەوتی ئۆپێک زیاد ناکاو بەڵکوو کەمیش دەکا.

هەر لەسەر ئەم لێکدانەوەیە کۆمپانیای پیترۆ ماتریکس کە کۆمپانیایەکی راوێژکاری لە بواری وزەدایە، لە شیکردنەوەیەکدا دەڵێ: بازاڕەکانی جیهان بێ هیچ کێشەیەک دەتوانن تەحەمولی نەکڕینی تەواوی نەوتی ئێران بکەن، بە واتایەکی دیکە ئەگەر هیچ وڵاتێک نەوت لە ئێران نەکڕێ، ئەوە کێشەیەکی ئەوتۆ دروست نابێ چونکە وڵاتانێکی دیکە هەن کە ئەم پێداویستیەی لێدابین بکەن. بۆیە نەبوونی نەوتی ئێران لە بازاڕەکاندا هیچ کێشەیەکی ئابووریی جیهانی یان چوونەسەری نرخی نەوتی لێ ناکەوێتەوەو چاوەڕوانیش دەکرێ لە چوارچێوەی ئۆپێکدا زیادبوونی بەرهەمی نەوتی عێراق‌و هەرێمی کوردستان قەرەبووی نەبوونی نەوتی ئێران لەبازاڕەکاندا بکاتەوە.

هەر لەسەر ئەو روانگەیەوە ئێستا بەشێک لە ئەندامانی کۆنگرەی ئەمریکا پلانێکیان لەژێر دەستدایە کە نەک بەشێک لە نەوتی ئێران گەمارۆ بدەن بەڵکوو هەموو بەشەکانی نەوتی خاوو گازی ئێران بخەنە نێو گەمارۆکانەوە.

رۆژنامەی «واشتنگتۆن پۆست» رۆژی ١٤ی مای ٢٠١٣ بڵاوی کردەوە کە کۆمەڵێک لە ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکا پلانو بەرنامەی تازەیان بۆ گەمارۆی نەوتیی ئێران هەیە. هەرئەو رۆژنامەیە ئەوەشی ئاشکرا کرد کە ئەندامانی کۆنگرەی ئەمریکا رەخنەیان لە سەبرو لەسەرەخۆیی بەرێوەبردنی گفتوگۆکانی گروپی ٥+١و ئێران هەیە. واشتنگتۆن پۆست لە زمانی شارەزایەکی ئابووریەوە گوتوویەتی ئەگەر قەرارە ئێران بەتەواوی لە بازاری نەوتی جیهان بچێتە دەرێ، ئێستا کاتی ئەوەیە وەدرەنگ‌خستنی ئەم بەرنامەو پلانانە دژی ئێران قازانجی بۆ جیهان نیە.

پێشبینی دەکرێ ئەونەوتە خاوەی لە رۆژئاوای ئەمریکادا دەردەهێنرێ لە داهاتوویەکی نزیکدابێتە جێگرەوەی نەوتی ئۆپێکو پێشبینییش دەکرێ تا سالێ ٢٠١٨ ئەمریکا بتوانێ پێداویستییەکانی نێوخۆی لە نەوتی خاوی بەرهەمهێنراوی وڵاتەکەی خۆی دابین بکا . لە ساڵێ ٢٠٢٠ دا ئەمریکا دەبێتە گەورەترین وڵات لە بەرهەمهێنانو هەناردەی نەوتی خاو بۆ دەرەوە. تەنانەت پێش عەرەبستانی سعوودی دەکەوێتەوە. ئەو هاوکێشەیە بەنیسبەتی گازیش هەر بەم شێوەیەیەو ئەمریکا تا ساڵی ٢٠١٥ لە بەرهەمهێنانی گازدا پێش رووسیە دەکەوێتەوەو دەبێتە یەکەم وڵاتی بەرهەمهێنەری گاز لەجیهاندا.

ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە لە بەشێکی دیکەی راپۆرتەکەیدا تیشکی خستۆتە سەر ئەوە کە رێرەوەکانی وزە لە چەند ساڵی داهاتوودا گۆرانێکی زۆریان بەسەردا دێ، ئاژانس دەڵێ لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەمریکاو هەرێمی کوردستان «باکووری عێراق» دەبنە گەورەترین ناوەندی بەرهەمهێنانی وزە لە ئاستی جیهاندا. لە راپۆرتەکەدا بەروونی ئێشارە بە وڵاتی عێراقو باکووری ئەو وڵاتە کراوە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە نەوتی کوردستان دەستی لێنەدراوەو هەروەها دەرهێنانیشی ئاسانەو تێچووی بۆ بەرهەمهێنان کەمترە.

فەتاح بیرۆل یەکێک لە ئەندامانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە بە میدیاکانی راگەیاندووەو گوتوویە بە دڵنیایی دەتوانم بڵێم کە تا ساڵی ٢٠١٨ ئەمریکا بە بەجێهێشتنی عەرەبستانی سعوودی دەبێتە گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتی خاوی جیهانو هەرێمی کوردستانو عێراق دەبنە سێیەمین بەرهەمهێنەری نەوت لە جیهاندا.

لەسەر ئەساسی ئەو لێکدانەوانە تا ٢٠ ساڵی دیکە رێرەوەکانی گواستنەوەی وزە لە جیهاندا دەگۆرێن. بەم جۆرە

ئەمریکای باکوور خۆی دەبێتە ناوەندی هەناردەکردنی نەوت بۆ دەرەوەو ٩٠%ی نەوتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەچێ بۆ بازاڕەکانی ئاسیا.

بە پێی بەراوردەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە، لە دوو دەیەی داهاتوودا مەیدانە نەوتی‌یە دەستلێنەدراوەکانی هەرێمی کوردستانو عێراق دەورێکی سەرەکی‌یان لە بازاڕی نەوتی جیهاندا دەبێ. عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە ڕۆژانە ٣ میلیۆن بۆشکە نەوت بەرهەم دێنێ. بە پێی لێکدانەوەکانی ئاژانسی وزە تا ساڵی ٢٠٢٠ ئەم ڕێژەیە دەبێتە ٦ میلیۆن بۆشکە کە ٢ میلیۆنی لە هەرێمی کوردستانەوە ڕەوانەی بازاڕەکان دەکرێ. ئەوەی کە عێراق لە ئاڵوگۆڕەکانی وزەی جیهانی بەتایبەتی نەوتدا دەورێکی سەرەکیی هەیە، لەبەر ئەوەیە کە بەرهەمهێنانی نەوتی خاو لە هەرێمی کوردستانو عێراق هەرزان تەواو دەبێ، یانی تێچووەکەی زۆر کەمە بۆ دەرهێنانی نەوت. بۆ نموونە ئەگەر بەراوردێک بکەین دەبینین کە تێچووی دەرهێنانی یەک بۆشکە نەوت لە کانادا ١٥ بەرامبەری عێراقەو هەروەها لە ڕووسیەش ٧ بەرامبەرە، لە لایەکی دیکەشەوە بە پێچەوانەی وڵاتانی دەوربەریان هەرێمی کوردستانو عێراق ڕێگایان بۆ کۆمپانیاکانی دەرەوە کردۆتەوەو هیچ بەربەستێکی قانوونیی ئەوتۆیان نیە بۆ کۆمپانیایەکانی دەرەوەی ئەم ناوچەیە.

لەسەر ئەو لێکدانەوانەی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە بۆ ئایندەی وزە لە جیهاندا کردوونی، شاهیدی پێشکەوتنی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی ئۆپێک لەچەندساڵی داهاتوودا دەبین، بەڵام لەو نێوەدا ناوێک لە ئێران نەهێنراوە، ئەو پشتگوێخستنە لەکاتێکدایە کە ئێستاشی لەگەڵ بێ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دان بەو ڕاستی‌یەدا نانێن کە وەزعی ئابووریی ئێران لە چ ئاستێکدایە.

بە پێێ ئەو نەخشەو پلانانە کە ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە بڵاوی کردوونەتەوە دەبینین کە کوردستان بەگشتی واتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، باشورو ڕۆژئاوا نەخشێکی گرنگیان لە دابینکردنی وزە بۆ داهاتووی جیهان دەبێ. بوونی نەوتێکی زۆری دەستلێنەدراو وا لە کوردستان دەکا کە لەداهاتوویەکی نزیکدا وەک یەکێک لە جەمسەرەکانی وزەی جیهان چاوی لێبکرێ.

هەر لەم ڕاستایەدا مانگی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شوێنێک بەناوی «بەرد عەلی» لەنێوان گوندەکانی ئەلیاسیو قەڵاوریە سەر بە شاری سەرپێڵی زەهاو لە پارێزگای کرماشان ، کانگایەکی گەورەی نەوت دۆزراوەتەوەو

ئێستا کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەوڵدایە کە دامودەزگا بۆ هەڵێنجانی نەوتی ئەم کانگایە دابین بکاو نەوتەکە ڕاگوێزێ بۆ پاڵاوگەکانی خوارووی ئێرانو دیسان ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێتە ناوەندێک بۆ مادەی خاوی کارگاکانی ناوەندی ئێرانو خێرو قازانجەکەی بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران بێ.

پارێزگای کرماشان لە بابەت بوونی کانی نەوتەوە یەکێک لە ناوچە گرنگەکانی کوردستانەو پاش بیرە نەوتییەکانی کەرکووک لە باشووری کوردستان، بە گەورەترین سەرچاوەی ژێرزەوی لە کوردستاندا دێتە ئەژمار کە لە لایەن کۆمپانیا نەوتییەکانی دەوڵەتی ناوەندییەوە پاش هەڵێنجان ڕەوانەی پاڵاوگە نەوتییەکان لە شارەکانی دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ بە بێئەوەی قازانجێکی ئەوتۆی بۆ خەڵکی نیشتەجێی ناوچە کوردنشینەکان هەبێ.

(*) ئۆپێک: ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکەری نەوت بە کورتکراوەی ئۆپێک( (OPEC ساڵی 1961(١٣٤٠) دامەزراوە. ئۆپێک ناوەندێکی نێودەوڵەتیی نەوتە کە پێکهاتوە لە وڵاتانی (ئەلجەزائیر، ئێران، عراق، کویت، لیبی، نیجریە، قەتەر، عەرەبستانی سعوودی، ئیماراتی عەرەبی، ئیکوادۆر، ئەنگۆلاو ڤەنزۆئیلا) ، بنکەی سەرەکیی ئۆپێک لە سەرەتای دروستبوونی لە شاری ژنێفی سویسا بوو، دواتر گواستراوە بۆ ڤیەن پایتەختی ئۆتریش.

سەرچاوە:


١- ڕاپۆرتی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە ، بەهاری ٢٠١٣

٢- ماڵپەری BBC

٣- ماڵپەری ویکیپیدیا

٤- ڕاپۆرتی ساڵانەی کۆمپانیای پیترۆ ماتریکس

٥- ماڵپەڕی کوردستانو کورد


سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٨

٢٢ی مای ٢٠١٣

## هێرشی فەرهەنگی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (لێکدانەوەیەکی ئاماری)

تاکوو ئێستا لە هیچیەک لە سەرژمێرییەکانی ئێراندا پرسیار دەربارەی تایبەتمەندیە نەتەوەییو زمانیەکان نەکراوە، هەڵبەتە ئەو جۆرە پرسیارانە لە سەرژمێریی ساڵی ١٣٦٥دا باس کرابوون* بەڵام بۆ ئەوەی ڕێژەی دەقیقی حەشیمەتی هەر نەتەوەیەک لە ئێراندا دیاری نەکرێو هەروەها بۆئەوەی نەبێتە هۆی خولقانی کێشەی سیاسی، ئەم پرسیارانە هەر لە سەرەتای سەرژمێرییەکەوە هەڵگیران، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ناوەندی ئاماری ئێران نێوە نێوە هەندێک ئاماری تایبەت بە نەتەوەو زمان بڵاودەکاتەوە کە زۆر جێگای متمانە نین چونکە ئەو ئامارانە زۆرتر ناوچەیەک یان بابەتێکی تایبەت دەکەنە ئامانج. بۆیە ناکرێ زۆر پشتیان پێ ببەسترێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر چاو بە ئامارو ژمارەکانی زمانو نەتەوەدا دەخشێنین دەبینین کە ڕێژەکان بە درێژایی کات گۆڕاونو پێدەچێ لە بلاوکردنەوەی ئامارە ڕاستەکان خۆببوێرن. یەکێک لەو ئامارانە دەگەڕێتەوە بۆ گەلاوێژی ١٣٧٠ کە لە لایەن ناوەندی ئاماری ئێرانەوە ئەنجام دراوە، لێکۆلینەوەکە لە سەر زمانی دایک وەک یەکێک لە هۆکارەکانی دیاریکردنی نەتەوە ئەنجام دراوە. ئەم لێکۆلینەوەیە لەسەر ٤٩٥٥٨ دایک ئەنجام درا. لە کۆتایی ئەم لێکۆلینەوەیەدا ئەم ڕێژەیە دەرکەوت: ٤٦.٢% بە زمانی فارسی، ٢٠.٦% بە زمانی ئازەریو ١٠% بە زمانی کوردیو ٨.٩% بە زمانی لۆڕیو ٧.٢% بە زمانی شومالی، ٣.٥% بە عەڕەبی، ٢.٧% بە بەلووچی، ٠.٦% بە ترکمنی، ٠.١% بە ئەرمەنی، ٠.٢% بە زمانەکانی دیکە ئاخاوتنیان دەکرد. بەڵام ئەگەر سەرنجێک بدەینە سەرژمێرییەکی دیکەی لەو بابەتە کە ساڵی ١٣٧٣ ئەنجام دراوە دەبینین کە ئەم ڕێژەیە گۆڕانی بەسەردا دێ، یەکێک لەو هۆکارانە کە ڕێژەکان دەگۆڕێن ڕێژەی لەدایکبوونو مردن لە ناوچەکانی ئێراندایە کە زۆر جیاوازە، ڕێژەی ئەو منداڵانە کە دوای لە دایک بوونیان لە ژیاندا دەمێنن لە پارێزگاکانی نێوەڕاستی ئێران زۆرترە تا پارێزگاکانی ناوچە کوردنشینەکان، ئەمەش زۆرتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بواری لەشساغی لە ناوچە کوردنشینەکان زۆر کەمترە تا ناوچەکانی دیکەی ئێران، هەرلەو کاتەدا ناوەندی ئاماری ئێران بۆ ئەوەی ڕێژەی ڕاستەقینەی نەتەوەکان لە ئێراندا ئاشکرا نەکاو بتوانن هێرشی کەلتووریی خۆیان بە شێوەیەکی ڕێکوپێکو بێکێشە ببەنە پێشێ، هیچکات لە سەرژمێرییەکانیاندا باس لە نەتەوەو وابەستەگی قەومی ناکرێ.

زمان یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکانی دیاریکردنی نەتەوەیە، یەکێک لە سیاسەتەکانی ڕێژیمەکانی زاڵ بەسەر ئێراندا هەمیشە ئەوە بووە کە بتوانن بە کارتێکەریی کەلتووریو زاڵکردنی فەرهەنگی نەتەوەی باڵادەست باری دیموگرافیی دانیشتووان بگۆڕنو قورسایی ئەو ناوچانە کە نەتەوەکانی دیکەیان تێدا دەژین بەشێوەی هێرشی کەلتووری کەم بکەنەوە.

ئەگەر بمانەوێ زۆرتر لەو هێرشە کەلتوورییە بزانین دەبێ بەوردی بڕوانینە نەخشەیەک کە ناوەندی Courtesy of Columbia.edu لە ساڵی ٢٠٠٥ دا بڵاوی کردۆتەوەو باس لە شێوەی دابەشبوونی نەتەوەکانی ئێرانو ئەو زمانانە دەکا کە لە ئێراندا قسەیان پێدەکرێ. لەم نەخشەیەدا دەربارەی زمانەکان دوو مێژووی جیاوازی بەراورد کردوە یەکێکیان لە ساڵی ١٩٦٤و ئەوی دیکەیان لە سالی ٢٠٠٤ دایە، لەم بەراوردەدا دەبینین کە زمانی فارسی چۆن تەشەنەی کردۆتە نێو زمانەکانی دیکەی ئێرانو زۆربەیانی بەڕێژەیەکی زۆر دابەزاندوەو هەروەها هەندێکیانی لەنێو بردوە.

بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٦٤دا ڕێژەی زمانی فارسی لە ئێراندا ٥١.٤ % بووە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕێژەی زمانی ئازەری ١٩.٣ و زمانی کوردی ٨.٢% بووە، بەڵام ئەگەر چاو لە ڕێژەکانی ساڵی ٢٠٠٤ دەکەین ڕێژەی زمانی فارسی بە زیادبوونێکی ١٢% بۆتە ٦٣.٣% لە بەرامبەردا زمانی ئازەری ٦.٣% کەمی کردوەو بۆتە ١٣% و زمانی کوردی ١.٢% کەم کردوەو بۆتە ٧% ، هەڵبەتە ئەم ڕێژانە لە ناوەندە سەرژمێرییەکانی دنیادا جیاوازییەکی زۆریان هەیە، بەڵام لە هەموویاندا زمانی فارسی لە ئێراندا بەهۆی سیاسەتی هێرشی کەلتووریی نەتەوەیی باڵا دەست لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا بەڕێژەیەکی زۆر زیادی کردوەو ئەم هێرشە کەلتوورییەش وا دەکا کە لە داهاتووی دووردا مەترسی ئەوە بێتە پێش کە زمانەکان لە ئێراندا جگە لە فارسی هەوڵی لەنێوبردنو تواندنەوەیان بدرێ.

یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی دواکەوتنی ناوچە کوردنشینەکان لە بواری فەرهەنگیدا گرنگینەدان بە سالۆنەکانی سینەما لەو چوار پارێزگا کوردنشینەیە چونکە سینەما بە یەکێک لە لایەنەکانی پەیوەندیدار بە کەلتوورو فەرهەنگی هەرناوچەیەک دادەنرێ. بەدەیان فیلمسازو ئەکتەری سینەمایی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکەوتن، بەڵام هیچکات نەیانتوانی بەرهەمەکانی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشان بدەن یان لە سینەمای ئێران دەورێکی ئەساسی ببینن. دواتر کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆربەی زۆری سیناریۆو فیلمەکانی سینەماکارانی کوردستانی

یان راگرت یان ئیجازەی پەخشو بلاوكردنەوە لە ئێرانی پێنەدان. هەر بۆیەشە زۆربەیان پەنایان برد بۆ دەرەوەی وڵاتو لەوێ فیلمیان بەرهەم هێناو نیشانیان داو تەنانەت خەڵاتە جیهانیەكانیشان بردەوە. جگە لەوەش، هۆڵەكانی سینەما لە ناوچە كوردنشینەكانی رۆژهەڵاتی كوردستان ژمارەیان ئەوەندە كەمە كە لە پەنجەی دەست تێناپەڕێ. لە پارێزگاكانی ورمێ، كوردستان، كرمانشان، ئیلام تەنیا ١١ هۆلی سینەما هەیە كە جێگای ٦٩٢٦ كەسیان هەیە، لە پارێزگای ئیلام تەنیا ١ سینەما هەیە، ئەگەر ئەو رێژەیە بەراورد بكەین بە رێژەی دانیشتووان، دەبینین بە ٧٥٠ هەزار كەس یەک كورسیی سینەمایان بەر دەكەوێ كە بە بەراورد لەگەڵ ناوەندی ئێران رێژەیەكی یەكجار نزمە. بۆ نموونە شاری تاران ٥١ سینەمای لێیە كە ئەگەر بەراورد بكرێ بە رێژەی دانیشتووان، دەبینین هەر ٢٠٠هەزار كەس كورسی‌یەكی بەر دەكەوێ. كۆماری ئیسلامیی ئێران لەم بوارەشدا هەوڵی داوە زۆر كەمتر گرنگی بدا بە كورستانو خەڵكەكەی .

- لە نەخشەی دابەشبوونی زمانی نەتەوەكانی ئێراندا، كورد لە پلەی دووهەم دێ لە بڵاویو لە ژمارەی دانیشتووان دوای فارسو ئازەری لە پلەی سێیەم دێ، ،.

سەرچاوە: رۆژنامەی كوردستان ژمارە ٦٠٩

٦ی جوونی ٢٠١٣

# پرۆتۆکۆلی نەتەوەیی (لە پەراوێزی پرۆژەی پرۆتۆکۆڵی نەتەوەیی بەڕێز خالید عەزیزی دا)

نەتەوە بەو دەستە خەڵکە دەگوترێ کە کۆمەڵێک بنەمای سەرەکی پێکیانەوە دەبەستێتەوە، وەک: زمان، خاک و مێژوو. کوردیش وەک هەر نەتەوەیەک لە سەر ئەم تۆپی زەوی‌یە خاوەنی زمان و خاک و مێژووی خۆیەتی. ئەوە کە کورد نەیتوانیوە وەک نەتەوەیەکی یەکپارچە وڵاتی خۆی هەبێ دەگەڕێتەوە بۆ زۆر هۆکار و لێکدانەوەی تایبەت بەخۆی دەوێ، بەڵام یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکان ئەوە بوو ئەو ڕێکخراو و پێکهاتانەی کە ڕێبەرایەتیی نەتەوەی کوردیان لە هەر بەشێکی کوردستان کردوە بەرژەوەندیی ڕێکخراوەیی و تایبەتی‌یان لە پێش بەرژەوەندیی گشتی و نەتەوەیی داناوە. زۆر کەمن ئەو لایەنانەی لە مێژووی خەباتی ڕزگاری‌خوازانەی کورددا بەرژەوەندیی نەتەوەیی‌یان بەلاوە گرنگتر بووە تا بەرژەوەندیی ڕێکخراوەیی خۆیان. هۆکاری ئەوەکە ئێمەی کورد تاکوو ئێستا نەمانتوانیوە بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆمان پێش حیزبایەتی بخەین، ئەوە بووە کە ئێمە بەگشتی هەتا ئێستاش لە مانای حیزبایەتی یان کاری ڕێکخراوەیی تێنەگەیشتووین. دەکرێ لە مانایەکی سادەدا بڵێین کە حیزب ئامرازە تا ئامانج، دەبێ حیزبایەتی وەک ئامراز بەکار بهێنرێ بۆ گەیشتن بە ئامانجە سەرەکی‌یەکانی نەتەوەیەک.

ئێستا لە کوردستاندا ئێمە خاوەنی سەدان حیزب و ڕێکخراوین کە هەر یەکێکیان مێتۆد و بیرکردنەوە و شێوەی خەبات و هەروەها مەیدانی خەباتیشیان جیاوازە. لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا حیزب و ڕێکخراومان هەن کە لە ڕاستی ڕاستەوە بۆ چەپی چەپ خەبات دەکەن، هەر یەک لەو حیزب و ڕێکخراوانەش خاوەنی پێگە و جەماوەری خۆیانن و هەرکامیشیان بۆ بردنە پێشی بیروباوەڕی خۆی هەوڵ دەدا، کە ئەوە ئەمرێکی ئاسایی‌یە و جێگای ڕەخنە نیە، بەڵام لەو شوێنەدا دەکەوێتە خانەی ڕەخنەوە کە حیزبێک بۆ بردنەسەری ڕادەی جەماوەری خۆی دەست دەبا بۆ خراپکردنی ڕووکاری حیزبێکی‌ت دیکە لە نێو کۆمەڵگەدا، کە بەداخەوە ئەوە لەنێو ئێمەی کورددا خەریکە دەبێتە باو و عادەتی ڕۆژانەمان. ئەمانە لە جێگای خۆی بەڵام کاتێک کە ڕکابەری زۆر توند دەبێ بەداخەوە هێندێک لە حیزبە کوردی‌یەکان نەک ڕێز بۆ سنوورەکانی نێوان ڕێکخراوەکان دانانێن بەڵکوو سنوورە نەتەوەیی‌یەکانیش دەبەزێنن و بەم جۆرە بەرژەوەندی‌یە باڵاکانی نەتەوەیەک دەکەوێتە بەر هێرشی نێوخۆیی. کاتێکیش کە سنووری

بەرژەوەندیەکانی نەتەوەیی لە نێوخۆ بەرەو کزی ڕۆیشت زۆر بە ئاسانی لە لایەن هێزەکانی دەرەوەی کوردستان دەستدرێژی دەکرێتە سەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ئەوکات هیچ بەربەستێکی بەهێز نابێ کە ئەم هێرشانە بەرپەرچ بداتەوە.

ماوەی سالێک لەوەمەوپێش بەرێز خالید عەزیزی سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چەندین کۆبوونەوەی جیاجیادا باسی لە پرۆژەیەکی نوێ کرد، ئەویش پێکهێنانی پرۆتۆکۆڵی نەتەوەیی (قەراردادی نەتەوەیی) بوو. بە باوەری کاک خالید عەزیزی دەبێ کۆنتراکتێکی نەتەوەیی لە نێوان هێزەکانی کوردستاندا هەبێ بۆئەوەی بەرژەوەندیە باڵاکانی نەتەوەی کورد بپارێزن. بەرێز عەزیزی لە یادی ٦٦ ساڵەی کۆماری کوردستان (٢٠١٢) دا کە لە هەولێر گیرا، لە وتەیەکی کورتدا ئەم باسەی هێنایە گۆڕێ و گوتی: «دیاردەیەکی بە هێزی کۆماری کوردستان کە ڕەنگە ئێستا بە تەواوی سەنەدییەتی پێنەدرابێ، بەڵام لە هەموو ئاماژەکانی مێژوویی و سیاسی و ئاوڕدانەوە ئیشارەی پێدەکرێ و ناکرێ ئینکاری بکەین، ئەویش ئەوەیە کۆنتراکتێکی نەتەوەیی (قەراردادێکی نەتەوەیی)، لە لایەن کۆماری کوردستان دامەزرا. ئەو قەرارداده نەتەوەییە ٦٧ ساڵ دوای کۆماری کوردستان ئێستاش لە نێو هەموو چین و توێژێکی نەتەوەی کورد لە هەموو ماڵەکان، لە هەموو مەیدانێکی سیاسیدا ناکرێ حاشای لێ بکرێ و ڕۆژ بە ڕۆژ نەهادینە دەبێ و دەبێ بە فەرهەنگ. ئەوانیش «ئاڵای کوردستان، مێژووی کوردستان و هەروەها لە تەنیشت ئەوانەدا سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب»»ە.

لە هەموو دنیادا نەتەوەکان بە ڕابردوویان پێناسە دەکرێن. ڕابردووی ئێمەش ئاڵای کوردستان، مێژووی هەموو چالاکی و تێکۆشانی نەتەوەی کورد و سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیبە و ئەوەیە دەست بداتە دەستی یەک و ٦٧ ساڵ دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە سەردەمێکدا کە ئاڵوگۆڕەکان لە دنیادا لە حاڵی پەرەئەستاندندان دەتوانێ سیاسەتگوزارییەکی باش بۆ داهاتوو بکا. بۆیە ئەو کۆنتراکتە نەتەوەییە کە پێشەوا قازی محەممەد بە بەشداریی بارزانی نەمر و هەموو لایەک هێنایانە گۆڕێ دەبێ ئێمە تێبکۆشین لە کۆمەڵگای کورددا بێ تەعاورف نەهادینەی بکەین و بیکەین بە شانازیی نەتەوەیی؛ شانازیکردن بە ئاڵا و سروودی نەتەوەیی و بە مێژووی نەتەوەکەمان.

هەروەها بەرێز خالید عەزیزی لە دیمانەیەک لەگەڵ کوردستان تیڤیدا ستراتیژیی نەتەوەیی کورد لە چەند خاڵدا کۆ دەکاتەوەو دەڵێ: « یەکەم بۆ ئەوەی وەک نەتەوەیەکو لە درێژەی خۆیدا کیانو دەوڵەتی خۆت هەبێو دەبێ

وەک نەتەوەیەک بەمانــای سیاســی، ئەو یەکگرتــوویییەی لەنێوخــۆیدا هەبــێ». دووهەم: « گرفتێکــی کــورد لە ڕابــردوودا هــەبووەو ئێســتاش هەیەتــی، ئەوەیە کە ئەو یەکگرتــوویییە سیاســییە زۆر بەهێــز نــیەو لە شــەقامی کوردیشدا لەبەر بــوونی چەنــد زاراوەیــی لە زمــانی کــوردیدا، لەبەر ئەوەی کە کــورد لە هیچکــام لە پــارچەکــاندا مەجالی ئەوەی نەبووە بە ئازادی لەبــاری سیاسییەوە خۆی وەک نەتەوەیەک پەروەردە بکا، لە ئاکامدا ئەوەش بۆتە گرفتێــک کە جــاری وایە گوتــاری کــوردی تەنــانەت لە پــارچەیەکیشدا زۆر بەهێــز نەبــێ، کێشــەی نێــوان حیزبەکــان هەبــێ، کێشــەی نێــوان لایەنەکــان یــان پێکهــاتەی جوغرافیــایی، نــاوچەیی، زاراوەیــی هەمــووی ئەمــانە بەرگریــی لێکــردوە. لەو هەلــومەرجەی کــورد تێــیدا دەژی، کــورد پێویســتیی بە کۆنتراکتێکی نەتەوەیــی هەیە، پێویســتی بە ڕێککەوتنێکی نەتەوەیی هەیە، ئەو ڕێککەوتنە لە سەرووی پرۆژەو ڕێککەوتنی حیزبییەوە دابنرێ».

ئەم وتــانە لە کاتێکدایە کە وەک دەگــوترێ بڕیــارە لە ماوەی داهاتوودا کۆنگرەی نەتەوەیــی لە باشووری کوردستان ببەسترێ و لایەنە کوردییەکان لە ڕاستەوە بۆ چەپ بەشدار بن، و لەوێدا وتــاری نەتەوەیی کــورد ڕوو بە جیهــان ڕێــک بخــرێ. پــێم وایە پــێش گرتنــی وەهــا کــۆنگرەیەک پێویســتە هێنــدێک پرۆســەی تــایبەت بخــرێنە بــواری جێبەجێکردنەوە. یەکێک لەم پرۆسانە پرۆتۆکۆلێکی نەتەوەیییە کە دەبێ لایەنە کوردییەکان لە سەری کار بکەن بۆئەوەی بتوانن بە ئامادەیییەکی باشترەوە بەشداری ئەم کۆنگرە یــان هەر دانیشــتنێکی دیکە بــن، پێویســتە کــورد وەک نەتەوە لە ســەر هێنــدێک پــرس ســاغ بێتەوە، چونکە بەڕاستی کــات بە زەرەری کــورد و بە قــازانجی دوژمنــان دەڕوا. ئێمە ئێســتا لە ســەردەمێکدا دەژیین کە ئەو بابەتــانەی ئێمە ئێســتا باســیان دەکەیــن، زۆربەی نەتەوەکــانی دنیا لە مێژساڵە لە نێو خۆیاندا حەلیان کردوە. هەربۆیە ئێمەش ئەگەر ئێستا ئەم کێشانە چارەسەر نەکەین ئەوە بۆ نەوەی داهاتووی کوردیش هەروا بە کێشەیی دەمێنێتەوە.

د. عەبدولڕەحمان قاسملو لە یەکێک لە وتەکانیدا دەڵێ: «خەبــاتی ئێمە خەبــاتێکی ڕەوایە. خەبــات بــۆ ئــازادیی میللەتێکە، خەبات بۆ دواڕۆژی منداڵەکانو نەسلەکانی دیکەیە. ئەگەر ئێمە وەک ئەم نەسلە ئەرکی خۆمان بە باشی بەجێ بگەیەنین دەتوانین هیوادار بین کە نەسلی داهاتوومــان شــەهیدی نــەبێ. هــەروەهــا ئەگــەر نەسلی ڕابــردوو یــا نەسلەکانی ڕابردوو بە باشی ئەرکی خۆیان بەجێ هێنابا ڕەنگ بێ ئەو نەسلەی ئێمە شەهیدی نەدەبوو».

بە بــڕوای مــن دەبــێ بەرژەوەنــدیە نەتەوەیییەکــان لەوەی کە هەیە زیــاتر بەهێزتــر و پــڕڕەنگتــر بکــرێ و دەبــێ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان زیاتر لە پرسە نەتەوەیییەکاندا یەکگرتــوو بــن و بەرژەوەنــدیی نەتەوەیــی بخەنە

سەرەوەی بەرژەوەندیی حیزبی. بەتەنیا بە قسەکردن و وتاردان هیچ لە کێشەکان ناگۆڕێ، گرنگ کردارە. بەڵام بەداخەوە ئێمە فێر بووین کە لە قسەکردن و وتاردان کەم ناهێنین بەڵام کە دەکەوینە سەر گۆرەپانی کردار یان هیچمان پێ نیە، یان ناتوانین هەنگاوی گەورە بهاوێین.

ئێمە دەبێ ئەو فەرهەنگە فێر بین کە ڕێز بۆ هێما نەتەوەیی‌یەکانمان دابنێین و بیان پارێزین. با چاوێک لە وڵاتان یان نەتەوەکانی جیهان بکەین کە لەهەر وڵاتێکی ئەم جیهانەدا هێز و ڕێکخراو هەیە و بە هەموو بیروبۆچوونی جیاوازیانەوە. ئەگەر لە وڵاتێکدا حیزبێکی ئایینی دەسەلاتدار بێ، پێش ئەوەی ڕێز بۆ ئایینەکەی دابنێ خۆی بە نەتەوەکەی پێناسە دەکا و دواتر دەچێتە سەر کار و پرۆژە سیاسی و دینی‌یەکەی خۆی، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر حیزبێک بە بیرێکی چەپەوە ڕێبەرایەتیی وڵاتێک بکا ئەوە پێش بیری چەپ بوونەکەی بیر لە نەتەوەکەی خۆی دەکاتەوە و دواتر دەچێتەوە سەر بیرە چەپی‌یەکەی و پارێزگاریی لێدەکا و بەرەوپێشی دەبا. بۆیە باشترە ئێمەی کوردیش بە هەموو جۆرە بیرکردنەوەکانمانەوە ڕێز بۆ بەرژەوەندی‌یە باڵاکانی نەتەوەیی خۆمان دابنێین و سنوورێک بۆ پاراستنی دابنێین. هەربۆیە دەبێ پیرۆزیی «ئاڵای کوردستان» و سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» ببنە هێمای نیشتمانیی کورد و هەموو ڕێکخراو و پارتەکانی کوردستان لە بەرنامەی خۆیاندا بیگونجێنن.

پەراوێزەکان:

- وتەکانی خالید عەزیزی لە یادی کۆماری کوردستان، هەولێر ٢٠١٢.
- وتوێژی خالید عەزیزی لەگەڵ کەناڵە ئاسمانی‌یەکانی ڕێگا، زاگرۆس، کوردستان تیڤی ٢٠١٣.
- وتەکانی د. قاسملو لە ڕێورەسمی پرسەو سەرەخۆشیی پێشمەرگە و ئەندامی لەمێژینەی حیزب «خالید عەلی‌پور» لە زستانی ١٣٦٧دا.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦١٣

٦ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## بۆ کەمپینی "ژنبوون کەرەسەی سووکایەتی کردن بە هیچ کەس نیە"، سەرکەوت؟ لێکدانەوەیەکی ئاماری بۆ کاری کەمپینەکە

١٤٥٠٠ لایک ئاکامی دوو هەفتە کاری کەمپینی "ژن بوون کەرەسەی سووکایەتی کردن بە هیچ کەس نییە" لە سەر تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک بوو. ئەگەر چاوێکی خێرا بە ئامار و هەروەها ئاکامەکانی ئەو کەمپینەدا بخشێنین دەبینین لە جۆری خۆیدا کەمپینێکو کۆدەنگێکی باش و بێ وێنە بووە و دەتوانین بڵێین یەکێک بووە لە کەمپینەکانی کە تاکو ئێستا لەسەر ئاستی دنیا کوردەکان دروستیان کردوە بۆ پشتگیری یان بە ئەنجام گەیاندنی کارێکی بەکۆمەڵ.

سەرەتا بەخوێندنەوەیەکی خێرا بۆ رەوتی رووداوەکان دەست پێدەکەین. رووداوەکە لە کاتێکدا روویدا کە تاوانبارێک کە تاکو ئێستاش دیار نەبووە، تاوانی ئەو مرۆڤە چییە و بۆچی حوکم دراوە، بە لیباسی ژنانەوە بەناو شاری مەریوانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا گێرایان. بڕیارێک کە دادگای شاری مەریوان دابووی و لەلایەن هێزی ئینتزامی مەریوانەوە بە ئەنجام گەیەنرا. ئەو کاتەی کە دادگای شاری مەریوان وەها بڕیارێکی دەرکرد هیچ کات باوەری نەدەکرد کە ئاکامی ئەوکار وبڕیارەیان ئاواها کاردانەوەی لێ بکەوێتەوە و سنوورەکان ببەزێنێت و زۆر زوو لەلایەن چالاکانی مافی مرۆڤ و ژنانەوە ببێتە بەهانەیەک بۆ دژکردنەوە بەرامبەر بە بڕیارەکانی دادگاکانی ئێران. هەروەک دیتیشمان ئاکامی ئەوکاردانەوانە سەری لە کار بەدەستانی کۆماری ئیسلامی شێواند و هەر رۆژەی بە بەهانەیەک یەکێکیان خۆی لێ دەدزیەوە. بۆ وێنە هەر زوو هێزی ئینتزامی ئێران خۆی لێ دەرهاویشت و باسی ئەوەی کرد کە ئێمە بریاری دادگامان بە ئەنجام گەیاندووە! لەولاشەوە گومانەکان لە زیاد بووندا بوون کە باس لەوە دەکرا کە هێزی ئینتزامی خۆی بەو کارە هەستابێت. کێشەکە لەماوەی ٢ هەفتەی رابردوو دا چەندین جار لە پەرلەمانی ئێران لە لایەن نوێنەرانی ناوچە کوردنشینەکان هاتە بەر باس، بەڵام هەر جارەی بە پاساوێک توندرەوکانی نێو حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی لە پەرلەمان بۆ پەردەپۆش کردنی تاوانەکەیان پاساویان بۆ دادگا و هێزی ئینتزامیی دەهێنایەوە.

## دەستپێکی کەمپینەوە:

کەمپینەکە لە بیرۆکەی چەند چالاکوانی سیاسی و مافی مرۆڤ دروست بوو کاتێک بیر لەوە کراوە کە دەبێ بۆ بەرپەرچدانەوەی وەها کارێک کە بێرێزی کردنە بەژنانی کورد کۆدەنگیەک ساز بکەین و بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران و حاکمانی ئێران ئەوە چاک بزانن کە گەلی کورد بێدەنگ دانانیشێ لەکاتێکدا هەموو رۆژێک بە بیانوویەک دەچەوسێنرێتەوە. بیرۆکەی ئەو کەمپینە لە جۆری خۆی بێ وێنە بوو هەروەها دەستپێکەکەشی بێ وێنە تر بوو، بیرۆکەی جوانتر و ئەمرۆیی لە کەمپینێکی ئاواها دا رەنگی خۆی دابۆوە.

## جیاوازیەکانی کەمپین لەگەڵ کەمپینەکانی تردا:

بوونی خەلێکی زۆر بە ئایدیا و بیرۆکەی جیاواز لەهەموو سنفێک هەروەها نەبوونی هیچ سنوورێک بۆ کەمپین، خۆ تێدا دیتنەوەی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا، لە منداڵەوە تا دەگاتە بەتەمەن و لە ژنەوە تا پیاوان هەروەها لەهەموویان گرینگتر ئەو کەمپینە تەنها لە نێو کوردەکاندا دەنگی نەداوە بەڵکو لە نێو نەتەوەکانی دیکەش دا رەنگ و دەنگی تایبەت بەخۆی هەبوو، لە فارس و عەرەب و ئازەری و هەروەها لە وڵاتانی ئەوروپایی و ئەمریکایش دا لایەنگر و هاوکاری هەبوو.

لەماوەی ئەو دوو هەفتەیەدا دیتمان کە مانشێتی زۆرێک لە رۆژنامە و ماڵپەرە ئەوروپایەکان چالاکیەکان و کێشەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ژنان دەگواستەوە. بە ئامارێکی سەرپێی بۆ ئەو گۆڤار و ماڵپەرانە دەتوانین بڵێن کە لە ماوەی ئەو ١٥ رۆژەدا لەلایەن ٣٥ ماڵپەر و رۆژنامەی ئەوروپایەوە راپۆرت وهەواڵ لەسەر ئەو کەمپینە بەزمانەکانی ( ئینگلیزی، ئاڵمانی، فەرانسەوی، ئیسپانیایی، سوێدی، فینلاندی و نۆروێژی) چاپ و بڵاوکراوەتەوە. هەر لەوماوەیەدا لە لایەن چەندین تلویزۆن و رادیۆی ناوخۆیی و دەرەوە راپۆرت و دیمانە کراوە لەسەر ئەو کەمپینە ئەنجام دراوە، کەدەتوانین تلویزیۆنەکانی وەک ئاسۆ سات وکورد کاناڵ و لە رایۆیەکانیش دەتوانین (رادیۆی ئاڵمان، رادیۆ فەرانسە، رادیۆ فەردا،دەنگی ئەمریکا، رادیۆی سوئێد) نێو بەرین. لەگەڵ ئەوەشدا بەئەنجامدانی چەندین چالاکی خۆنیشاندان لە شارەکانی باشووری کوردستان و هەروەها لە هەندێک لە پایتەختەکانی وڵاتانی ئەوروپایی جیاوازیەکانی ئەو کەمپینەی لەگەڵ کەمپیەکانی دیکەی دەرخست. لەگەڵ

ئەوەشدا پەیوەندی راستەخۆی چالاکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەکەمپینەکە یەکێکی دیکە بوو لە جیاوازیەکانی ئەو کەمپینە لەگەڵ کەمپینەکانی تر.

**کاری ٢ هەفتەی کەمپین:**

لە ماوەی کاری دووهەفتەی کەمپینەکەدا توانرا کە لاپەرەیەکی کەمپین لە تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک بکرێتەوە. لەوماوەیەدا ژمارەی پەسەند کردنەکانی لە سەر تاسەری جیهان لە ١٤٥٠٠ پەسەند تێپەری کردوە و ئەو رەوەندەش بەردەوامی هەیەو لەلایەکی ترەوە هەوڵدراوە کە هەوڵەکان زیاتر پراکتیکی بکرێن و بخرێنە ئاستی کردارەوە و ئەویش بە خۆنیشاندان و هەروەها سەردانی رێکخراوەکانی دیفاع لە ژنان، ئەم کەمپینە لە کاتی ئێستادا درێژە بەکارەکانی دەدات.

لێرەدا هەوڵ دەدەین ئامارێکی وردی کاری ئەو لاپەرەیەی کە لە فەیسبووک بۆ ئەم کەمپینە کراوەتەوە بخەینە بەر دیدی ئێوە کە لەجێگای خۆیدا جێگای سەرنج و تێ رامانە.

هەرچەندە بەرێوەبەرانی کەمپین زۆربەیان بەرەگەز پیاو بوون و پیاوانیش نەخشی سەرەکیان گێرا لە کەمپینەکەدا بەڵام رێژەی پەسەند کردن بۆلاپەرەی فەیسبووکەکە لەلایەن ژنانەوە زیاتر بووە. رێژەی پەسەند کردنی ژنان بۆ ئەو لاپەرەیە ٥٩,٢% بوو ، لەبەرامبەردا بۆ پیاوان ٣٨,٩ % بووە.

ئەگەر چاو لە گروپی تەمەن بکەین دەبین ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە نێوان ٢٥بۆ ٣٤ ساڵدایە زۆرترین بەشداریان هەبوو لە کەمپینەکەدا بەرێژەی بۆ ژنان ٢٠,٩٩% و هەروەها بۆ پیاوان ١٦,٣% بووە، بەدوای ئەویشدا گروپی تەمەنی ١٨ بۆ ٢٤ زۆرترین بەشداریان هەبوو بە رێژەی ١٩,١% بۆ ژنان و ١١,٢% بۆ پیاوان و دواتر گروپی تەمەنی ٣٥ بۆ ٤٤ پلەی سێیەمیان گرتووە.

ئەگەر چاو لە ئاماری بەشداری بکەین لە وڵاتانی جیهاندا دەبینین کە لە ١٩ وڵاتی جیهان زۆرترین بەشداری هەبووە بۆ ئەم کەمپینە، هەروەک دەبینین


کە وڵاتی ئێران بە ڕێژەی ٣١٧٧ کەس زۆرترین بەشداری هەبوو و لەدوای ئەو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ڕێژەی ٢٦٧٠ کەس و سوێد بە ١٤٠٤ کەس و عێراق بە ٧١٥ و بەریتانیا بە ٦٠٨ کەس لە پلەکانی دواتر دێن، گرینگیەکەی تایبەت لێرەدا دەبینن کە ئەو کەمپینە چوارچێوە جوگرافیەکانی نەناسیوە و هەموویان بریوە و بۆیە ئەگەر چاو لە ئامارەکان دەکەی دەبینی کە لەهەموو بەشێکی دنیادا خەڵک بەشداریان کردوە بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەک بەرازیل کە دورو نزیک پەیوەندی بە کێشەی کوردەوە نەبووە ژماری بەشداریەکان گەیشتۆتە ٥٥٤ کەس کە ئەوە لە نەوعی خۆیدا بێ وێنەیە .

ئەگەر وردتر بچینە نێو ئامارەکان دەبینین کە ڕێژەی ئەوشارانەی کە بەشداری زۆریان هەبوو پێمان نیشان دەدات، لەونێوەدا تاران کە پایتەختی ئێرانە بە ڕێژەی ١١١٤ کەس و ستۆکهۆڵم بە ٤٨٦ کەس و هەولێر بە ٣٣١ و سنە و مەهاباد و مەریوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ٣٠٥ و ١٦٥ و ١٠٥ کەس بەشداری ئەم کەمپینە بوون کە ئەوە لە حالێکدایە لە ئێران فیلتێر خراوەتە سەر ئینترنێت و بەشداری کردن لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان زۆر دژوارە.

باشترین پۆست کە لەلایەن بەڕێوەبەرانی کەمپین لەسەر لاپەرەی فەیسبووک بڵاوکراوەتەوە، پۆستی وێنەی چالاکوان" هەژیر شەریفی "یە. ئەم پۆستە ١٥٩٠ پەسەندی بۆ هاتووە و ٦٩٠ جار بڵاوکراوەتە و هەروەها زیاتر لە ٢٠٠ بۆچوونیشی لەسەر نوسراوە.

یەکێک لەو پۆستانەی کە دەکرێ جوان لە بۆچونەکەی وردبینەوە و لەلایەن فەیسبووکەوەش وەک باشترین پۆستی ئەم لاپەرەیە تا ئێستا دەنگی پێدراوە، وێنەی "ئەحمەد ڕەئفەت" ڕۆژنامەنووسی ناسراوی ئێرانی ـ ئیتالیایی کەلەسەر وێنەکەی بە جلی ژنانی کوردییەوە نووسیوێتی: جل و بەرگی ژنان وەها پیرۆزە کە هەمو کەس شیاوی لە بەر کردنی نیە.

ئەمەی خوارەوە خشتەی بەشێک لە کاری کەمپینە..




**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد**

**١١ی مای ٢٠١٣**

## دیوەکەی تری رۆژئاوای کوردستان رۆژئاوای کوردستان ناوچەیەکی جێی ناکۆکی کوردو ناوچەی دۆستایەتی کورد و عەرەب

راپەڕین لە دژی رژێمی سووریا لە رۆژئاوای کوردستانەوە (کوردستانی سووریە)ەوە دەستی پێکردو دواتر هەموو سووریای گرتەوە، بەڵام دوای ماوەیەک شۆرش لەشارە کوردییەکانی سووریە دادامرکایەوە و هێزە چەکدارە کوردییەکان جێگای هێزەکانی حکوومەتی سووریەیان گرتەوە. ئەم جێ گۆرکێ خێرایە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکوومەتی سووریە بەبێ هیچ بەربەرەکانییەک خاکی رۆژئاوای بۆ کوردان چۆل کرد. ئەم چۆڵکردنە لێکدانەوەی زۆری بۆ کراوە، کە لێرەدا جێگای باسی ئەم وتارە نیە. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە، رۆژئاوای کوردستان کە شارەگی ئابووری سووریەیە، چۆن و لەبەر چی رژێمی بەشار ئەسەد ناوچەیەکی ئاوا گرینگی بەجێهێشت، ئەوە جێگای پرسیارە کە رەنگە لە داهاتوودا وەڵامی ئەو پرسیارە روون بێتەوە. بەڵام بە لێ وردبوونەوە لە ئابووری ناوچە کوردنشینەکانی سووریە دەبینین کە ئەو ناوچانە، ناوچەیەک نین کە حکوومەتی سووریە ئاوا بە ئاسانی دەستیان لێهەڵبگرێ. لەم بابەتەدا تیشک دەخەینە سەر ئەوەی کە بۆچی رۆژئاوای کوردستان بۆ حکوومەتی سووریە و ناوچەکە گرینگە.

رۆژئاوای کوردستان یان باشترە بڵێین دڵی سووریە،ناوەندی ئابووریو گەشەی سووریەیە، هەم لە رووی بەرهەمی کشتوکاڵی، ئاوی خواردنەوە، ئاو بۆ کشتوکاڵو هەمیش لە رووی کانگاکانی وەک گاز و نەوت.

تا چەند ساڵ لەمەوبەر زانیاریەکی ئەوتۆ لە سەر ژیانو ژمارە و هەڵکەوتەی کوردانی رۆژئاوا بە روونی نەزانراوە، هەروەها بە هۆی سیستەم و دەسەڵاتی وڵاتی سووریە و بەدرێژایی تەمەنی ئەو دەسەڵاتە، کورد لەو وڵاتە لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆی بێبەش بووە و وەک هاوڵاتی پلە دوو حیسابیان بۆ کراوە، تەنانەت دەسەڵاتی ئەو وڵاتە لە دانی ناسنامەش بە کوردان خۆی پارستوە.

ئەو ناوچەیەی کە رۆژئاوای کوردستان (سووریە) تێیدا هەڵکەوتووە بە ناوچەی جەزیرە بەناوبانگە. رۆژئاوای

کوردستان کەوتۆتە باکووری وڵاتی سووریە و هاوسنوورە لەگەڵ باکووری کوردستان (تورکیە). بەپێی ئامارەکانی ناوەندی جیهانیی ئامار رووبەری کوردستانی سووریە نزیک بە ٢٤ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشەیە کە دوو بەرامبەری وڵاتی لوبنانە. هەروەها بەپێی ئامارە نافەرمیەکان ژمارەی دانیشتوانی ٣ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کەسە کە دەکاتە ١٦% لە دانیشتوانی سووریە. ئەگەر چاوێک بە ئاماری وڵاتی سووریە پێش راپەرینێدا بخشێنین ژمارەی کوردەکانی لە نیوان ملیۆنو نیوێک تا ٢ ملیۆن کەس داناوە، لێردا دەتوانین بلێین حکوومەتی سووریە بە چەندین جۆر کوردەکانی ئەم وڵاتەی چەوساندۆتەوە هەم لە رووی نەتەوە و هەمیش لەرووی ئایین و ئابوورەیەوە و هەمیش لە رووی رێژەی حەشیمەتەوە.

## ئابوری رۆژئاوای کوردستان

### نەوت وگاز

رۆژئاوای کوردستان لەسەر هەمان هێلی ژێرزەوی نەوت هەڵکەوتووە کە لە باشووری کوردستانەوە دەست پێدەکا و لە رۆژئاوای کوردستان کۆتایی پێ دێ. چاڵە نەوتەکانی سووریە بەشی زۆریان دەکەونە رۆژئاوای کوردستان کە بە ٧٠% خەملێنراوە . بەرهەمی رۆژانەی نەوتی خاوی رۆژئاوای کوردستان لە رۆژێکدا ٢٥٠ هەزار بۆشکەیە. هەروەها بە رێژەیەکی بەرچاو گازی سروشتی بەرهەم دەهێنرێ کە بە ٢٠٠ هەزار مەتر سێجا گاز لە رۆژێکدا خەملێنراوە.

بەرهەمی ئەو چاڵە نەوتییانە بۆ فرۆش بەهۆی لوولە دەگەیەنرێنە سەر دەریای ناوەڕاست . لەکاتی ئێستادا کوردەکان و حکوومەتی سووریە پێکەوە بەسەر چاڵە نەوتەکان رادەگەن.

بەپێی نرخی نەوتی ئێستا لە بازارە جیهانییەکاندا رۆژئاوای کوردستان دەتوانێ ساڵانە بە رێژەی ٩ ملیارد و ٥٠٠ ملیۆن دۆلار نەوت هەناردەی دەروە بکرێ کە ئەو رێژەیە نیوەی بودجەی وڵاتی سووریایە لە ساڵێکدا.

### کشتوکاڵ

رۆژئاوای کوردستان بۆ کشتوکاڵ ناوچەیەکی بە پیتە. ئامارەکان نیشان دەدەن کە ٧٥% لە خاکی رۆژئاوای

**کوردستان بۆ کشتوکاڵ دەبێ. ئەو ڕێژەیە دەکاتە ١٨ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشە.**

**بەرهەمی دانەوێلەی(گەنم و جۆ) ١ ملیۆن و نیو تۆنە لە ساڵێکدا، کە دەکاتە ٣٧% لە بەرهەمی سووریە، لە بەرامبەردا داهاتی گەنم لە ساڵێکدا نزیک بە ٣٧٢ ملیۆن دۆلارە.**

**بەرهەمێکی دیکە لۆکەیە کە ساڵانە ٢٧٣ هەزار تۆن بەرهەم دێ، کە دەکاتە ٣٩% بەرهەمی سووریە. داهاتی ساڵانەی لۆکە دەگاتە ٢٣٠ ملیۆن دۆلار. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژئاوای کوردستان بە بەرهەمهێنانی زەیتون بەناوبانگە کە بە پێی ئامارەکان ١٥ ملیۆن داری زەیتون دەکەوێتە نێو خاکی ڕۆژئاوای کوردستانەوە، کە دەکاتە ٢٥% لە دارە زەیتونەکانی سووریە. فرۆشی ساڵانەی زەیتون لە ڕۆژئاوای کوردستان دەگاتە ٧٥٠ملیۆن دۆلار کە بەراورد لەگەڵ زۆر وڵاتان ڕێژیەکی زۆرە.**

**بە پێ ئەو ئامارانەی سەرەوە ٤٥% خاکی کشتوکاڵیی سووریە دەکەوێتە خاکی ڕۆژئاوای کوردستان.**

## ئاو

**لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژئاوای کوردستان بەوە گرەوی خۆی بردۆتەوە کە ناوچەیەکە ئاوێکی زۆری تێدایە. لەناو خاکی ڕۆژئاوای کوردستان ١٠ بەنداوی ئاوی هەیە کە ٣٠٠ ملیۆن میتر چوارگۆشەی ئاویان لە خۆیاندا گل داوەتەوە، هەروەها ٨ ڕووبار هەیە کە دیجلە گەورەترینیانە.**

**بە پێی ئەو ئامارانە داهاتی ساڵانەی ڕۆژئاوای کوردستان لە ساڵێکدا نزیک بە ١١ ملیار دۆلارە کە دەکاتە نیوەی داهاتی سووریە.**

**پاش زانینی ئەم ئامارانە، بۆمان دەردەکەوێ کە ڕۆژئاوای کوردستان بۆچی گرینگە. لە ئێستادا کە بە هەر هۆکارێک بێ هێزەکانی بەشار ئەسەد ئەو ناوچەیان چۆڵ کردوە و هێزەکوردییەکان دەسەڵاتی بەڕێوەبردنیان بە دەستەوە گرتوە. هێزە کوردییەکانیش بە هەست کردن بە گرنگیی هەلومەرجە سیاسییەکە و لە هەمان حاڵدا فاکتەری گرنگی ئابووری لە هەوڵی پارستنی ئەو دەسکەوتانەدا بن و بە یەکریزی خۆیان دەسەڵاتی کوردی بەهێز**

بکەن بۆ ئەوە لە داهاتووی دەسەڵاتی سیاسیی سووریەدا چ بە بوونی مانەوەی حیزبی بەعس یا هاتنەسەرکاری ئۆپۆزیسیۆنی سووریە وەک فاکتەرێکی بەهێز و حاشاهەڵنەگر لە ناوچەکەدا حیسابی بۆ بکرێ و لە دەسەڵاتدا خۆی ببینێتەوە.

## کەڵک وەرگیراوە لە:

١- راپۆرتی کەناڵی ئەلعەرەبیە http://www.alarabiya.net/

٢- راپۆرتی کەناڵی بی بی سی و روداو لە سەر وەزعی ئابوری رۆژئاوا

٣- ویکیپیدیای ئازاد

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦١٩

٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

## مافیای دەسەڵات! «ستاد اجرایی فرمان امام» جێگای « سازمان املاک و مستغلات پهلوی» دەگرێتەوە...

دەسەڵاتدارانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، لەسەرەتای هاتنەسەرکاری خۆیان هەوڵیانداوە کە هەرکەسەو بە شێوەی خۆی ببێتە مافیای دەسەڵات و بەهەر شێوەیەک کە بۆیان لوابێ دەستیان گرتووە بەسەر دارایی و ئابووری ئێران، سپای پاسدارن، ستادی بەرێوەبەری دەستوی ئیمام، ... بەدەیان رێکخراوی لەم جۆرە پەیدا بوون کە هەر یەکیان بەشێوەیەک لە دەست بەسەر داگرتنی ئێران رۆلی خۆیان بینیوە.

ماوەیەک پێش ئێستا لە چەندین راپۆرتی جیا جیادا، هەواڵدەرییەکانی دەرەوەی ئێران پەردەیان لەسەر ناوەندێکی گەورەی ئابووری لە ئێراندا هەڵدایەوە کە تاکو ئێستا چالاکییەکانی لەسێبەردا بوونو هەتا بەشێکی زۆر لەدەسەڵاتدارانی ئێران زانیاریەکی ئەوتۆیان لەسەر ئەم رێکخراوە نەبوو. «ستاد اجرایی فرمان امام» ستادی بەرێوەبەری دەستوی ئیمام ئەو رێکخراوە گەرورە ئابورییە کە هەواڵدەری رۆیتێرز لە چەندین راپۆرتدا شیکاری ئەم رێکخراوەی کردوەو باسی لە هێزو تواناکانی لە هەموو بوارەکانی سیاسەتو ئابووری هێناوەتە بەرباسو لێکۆلینەوە.

بە لێکۆلینەوەیەکی سەر پێیی بۆمان دەردەکەوێ کە «ستاد اجرایی فرمان امام» راستەوخۆ لە لایەن عەلی خامنەیی رابەری شۆرشی ئیسلامی ئێران بەرێوە دەچێ و بە گوتەی سەرچاوەکان بازوی هێزی عەلی خامنەیی‌یە، لە ئێستادا سەرمایەکەی ئەو رێکخراوە ٩٥ میلیار دۆلارە، ( ٢٨٥٠٠٠ میلیارد تمەن)، لەو مەبلەغە ٥٢ میلیار دۆلاری زەوی‌و زاری دەست بەسەر داگیراوی خەڵکەکەیان بێ خاوەنن (بەرپرسانو پێکهێنەرانی حکوومەتی پاشایەتی، هەروەها کەمە نەتەوەکانو دژبەرانی کۆماری ئیسلامین، ....) و ٤٣ میلیار دۆلاری بەهای ئەو کۆمپانیانەیە کە «ستاد اجرایی فرمان امام» دایمەزراندون یان بە پوڵ کریوونی.

## مێژووی ستادی بەرێوەبەری دەستوی ئیمام؟

ستادی بەرێوەبەریی دەستوی ئیمام لە ساڵی ١٣٦٨ دامەزاوە، بەپێی قانوونو شێوەی جێبەجێکردنی لەسەر بەندی ٤٩ یاسای بنەرەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، کە لەسالی ١٣٦٤ لەلایەن پەرلەمانی ئێرانەوە دەرچووە، بە دەستوی (ئایەتوڵڵا خومەینی) چالاکییەکانی خۆی لە ساڵی ١٣٦٨ دەست پێکرد. ئایەتوڵڵا خومەینی لە ساڵی ١٣٦٨ (١٩٨٩) لەفەرمانێکی دوو پاراگرافی‌دا دەنووسێ و داوا لە حەبیبوڵڵای عەسکەر ئەولادی (کە ماوەیەک پێش ئێستا مرد) باوەرپێکراوی خۆی داوا دەکات، کە بەهاوکاری مەهدی کەروبی و حەسەنی سانحی، کە ئەو بەندەی لە یاسادا لە سالی ١٣٦٤ گونجێنراوە جێبەجێ بکەن. بەندی ٤٩ باس لەوەدەکات کە دەبێ موڵک و دارایی بەرپرسانو نزیکەکانی رێژیمی پاشایەتی دیاری بکرێتو دەستی بەسەر دابگیرێت لە ماوەی یەک ساڵدا دەبێ ئەم کارە بە ئەنجام بگەیەنرێتودەستیان بەسەردا بگرنو بۆخۆیان ئەو مڵکو زەویانە بەرێوەبەرنو ئەگەر نا بیانفرۆشنو پووڵەکەی دابەش بکرێت بەسەر رێکخراو و بونیادەکانی سەر بە رێبەری ئیران، وەک «بونیاد شهید» «بونیاد ١٥ خرداد»، «کمیته امداد امام خمینی». هەروەک یاساکە دیاری کردبوو کە ستاد تەنیا یەک ساڵ مۆلەتی هەیە کە ئەم کارانەی کردباو لە کۆتایی ساڵی ١٣٦٩ دا هەلوەشێنرابایەوە، بەڵام ئێستا دوای ٢٤ ساڵ هەر بەردەوامە، لەدوای مردنی خومەینیو رێبەر بوونی خامنەیی، ئەو ستادە بە هاوکاری عەلی خامنەیی لە کار نەوەستاو لە ئەرکەکانی بەردەوام بوو. عەلی خامنەیی بەم کارەی ویستویەتی کەڵک لەو رێکخراوە وەربگرێ بۆ سەربەخۆیی ماڵیی خۆی لە حکوومەت.

پەرلەمانی ئێران ٤ ساڵ پێش ئێستا لە یاسایەکدا ستادی بەرێوەبەری دەستوی ئیمام لە لێکۆلینەوەو چاوەدێری دارایی هەڵاواردو لە یاساکەی پەرلەماندا هاتووە کە ئەو ناوەندو رێکخراوانەی کە سەر بە رێبەرین ناتوانرێ لێکۆلینەوەیان لێبکرێت تەنها بە ئیجازەی رێبەر نەبێت.

ستادی بەرێوەبەری دەستوی ئیمام بەهاوکاری دادگای ئینقلاب ئەو زەویو موڵکانەی کە خاوەنەکانیان لە کەمە ئاینەکان، یان دژبەرانی کۆماری ئیسلامین، یاخو دارو دەستەی رێژیمی پێشون دەستیان بەسەر دادەگرێ یان بە زۆری لێیانی دەستێنێت. لە راپۆرتەکاندا باس لەدەست بەسەر داگرتنی موڵک و ماڵی بەهائیەکان لە ئێران لەلایەن ستادی بەرێوەبەری دەستوی ئیمام دەکەن کە ئەوان مەجبور بوون یان موڵکو ماڵەکەی خۆیان بکرنەوە یان

مەجبور بوون دەستی لێهەڵگرن.

## پێکهاتەی ئەم ڕێکخراوەیە؟

ئەو ڕێکخراوەیە وەک لە نێوەکەشیڕا دیارە، سەر بەرێبەریەو شەخسی عەلی خامنەیی سەرپەرشتی دەکاتو هەریەکە لە پەرلەمان و دیوانی چاودێری دارایی کە لە دەستوری ئێراندا وەک دوو ناوەندی چاودێری پێناسە کراون دەسەڵاتیان بەسەر ئەو ڕێکخراوەوە نیە.

زۆربەی ئەو کەسانەی کە تێیدا بەرپرسن پێشوو تر بەرپرس یان وەزیری حکوومەتی بوون یان باوەرپێکراوی عەلی خامنەیین.

## داراییەکانی ئەو ڕێکخراوەیە؟

موڵک و زەوی: بەپێی زانیاریەکان ئەو ڕێکخراوە ٥٢ میلیارد دۆلار موڵک و زەویی دەست بەسەر داگیراوی هەیە، کە هەموو ئەو زەوی و مڵکانە ئی نارازیانی کۆماری ئیسلامیو هەروەها کەمە نەتەوە و کەمە ئاینینەکانن.

کارگەو کۆمپانیاکان: کۆی نرخی ئەو کارگەو کۆمپانیایانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ستادی بەرێوەبەری دەستوی ئیمام دان بە ٤٣ میلیار دۆلار دەخەملێنرێ. ئەو ڕێکخراوەیە بەهۆی ئەوەی دەستی لەهەموو بوارەکاندا ئاوالەیە بۆیە کارگەو کۆمپانیایەکانیشی بەربڵاون لە نەوتو گاز ڕا بگرە بانکو دروستکردنی ماشێن هەروەها دەرمانسازی تا پەیوەندیەکانی گرتۆتەوە.

بە پێ زانیارییەکان گروپی کۆمپانیایەکانی «توسعه اعتماد مبین» کە ٣٨% پشکەکانی ئی «ستادی بەرێوەبەری دەستوی ئیمام»ە، کە ٤ ساڵ پێش ئێستا نیوەی واتە ٥٠% «شرکت مخابرات» ی ئێرانی کڕی بە نرخی ٧٨٠٠ (حەوت هەزار و هەشت سەد) میلیار تمەن، دوای ئەم کڕینە، یەکیک لە بەرێوەبەرانی ستاد بوو بە بەرپرسی «شرکت مخابرات».

یەکێکی تر لەو کۆمپانیایانەی کە ستاد تێیدا پشکی تێدا هەیە، بانکی «پارسیان»ە، کە ٢٥٪ پشکەکانی ئی ستادە. هەرچەند زانیاریەکان دەڵێن کە «ستادی بەڕێوەبەری دەستوی ئیمام» لە زۆربەی کۆمپانیایەکان پشکی سەرەکی نیە، بەڵام بەهۆی پشتیوانەکەی کە ڕێبەری ئێرانە، ئەوە بەنیسبەتی ئەو کۆمپانیا و کارگانەی کە پشکی تێیاندا هەیە لە هەموو بڕیارەکاندا قسەی ئەوەڵ و ئاخر دەکات.

زۆرترین بەرهەمهێنان و کارە ئابوورییەکان ستاد، گرووپێک ئەنجامیان دەدات کە بە گرووپی گەشە پێدانی ئابووری تەدبیر «گروه توسعه اقتصاد تدبیر» بەناوبانگە، گروپی تەدبیر خاوەنی ٦ کۆمپانیای دیکەن کە هەریەکەیان شارەزاییان لە بوارێکی تایبەتدا هەیە. وەک نموونە: کۆمپانیای گەشەپێدانی بینای تەدبیر «گروه توسعه ساختمان تدبیر» کە محەممەدی سەعیدیکیا، وەزیری پێشوی ئاوەدانکردنەوە سەرپەرشتی دەکات. هەروەها کۆمپانیای گەشەپێدانی وزەی تەدبیر کە غولام حوسێنی نەوزەری، وەزیری پێشوی نەوتی ئێران سەرپەرشتی دەکات، یەکێک لە گرێبەستە گرینگەکانی ئەو کۆمپانیایە ، بریتیە لە گرێبەستی ٦٠٠ میلیۆن دۆلاری مەیدانی نەوتی «یاران»ە، کە لە نێوان ئەوان و وەزارەتی نەوتی ئێران ماوەیەک لەمەوپێش بەسترا.

عارفی نەوروزی، بەرپرسی پێشووی ستادی بەڕێوەبەری دەستوری ئیمام لە ساڵی ١٣٧٨ دا بە هەواڵدەری فارس دەڵێ: ڕێژەی وەبەرهێنانی ستاد لە پشکی بازاری بورس ٨٠٠ ملیارد تمەنە، هەروەها نەوروزی ئەوەش دەڵێ کە لە کاتی ئیستادا ٢٥٪ پشکەکانی بانکی پارسیان، ٢٠٪ پشکی بانکی میلەت و ١٥٪ پشکی بانکی کارئافەرین و نزیک بە ١٠٪ پشکی ئێران خودرو دەگرێتەوە.

ئاژانسی ڕۆیتەرز لە ڕاپۆرتێکدا دەڵێ کە ٣ ساڵی لەمەو پێش ستاد گروپی کۆمپانیایەکانی «ڕەیل» ی کریوە کە ئەو گروپە لە ٢٥ کۆمپانیای جۆراوجۆر لە بواری وزە ،گەیاندن و بانک تا دەگاتە پەروەریشی وشترمریشک دەگرێتەوە، وەزارەتی خەزانەداری ئەمریکا نرخی گروپی کۆمپانیەکانی «ڕەیل» بەراورد کردوە بە ٤٠ میلیار دۆلار.

ستاد لە ڕاپۆرتێکیدا دەڵێت: هەموو داهاتێکی لە هەموو بوارەکانی ئابووری دا دەدات بە گروپێکی تر لە «ستادی بەڕێوەبەری دەستوی ئیمام» دەزگای بەرەکەت (موسسه برکت)، دەزگای بەرەکەتیش ئەو دارایی‌و داهاتانە بۆ سازکردن بەرکاردێنت لە ئێراندا.

ستادی بەڕێوەبەری دەستووی ئیمام جێگای ڕێکخراوی «املاک و مستغلات»ی پەهلەوی گرتۆتەوە. لەساڵی ١٣٣٠ بەدەستوری محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی ڕێکخراوی «املاک و مستغلات» پەهلەوی دا مەزرا، ئەو سازمانە کارەکەی هاوشێوەی ستادی بەڕێوەبەری دەستوری ئیمام بوو، ئەو سازمانە تەواوی ئەو موڵک و زەویانەی کە بەشێوەیەک لە شێوەکان کەڵکیان هەبا لەسەر تاسەری ئیراندا، ئەوا دەستی بەسەر دا دەگرتن‌و بەنێوی شای ئێران دەنووسران، تەنها زەوییەکانی کە بەناوی شای ئێران بوون تا ساڵی ١٣٤٠ گەیشتوونەتە ٦٠٠٠ موڵک دەست بەسەر داگیراو، ٥ بانک و ١٥ کۆمپانیا و بەدەیان هوتێل‌و ناوەندی ئابووری لە ژێر دەسەڵاتی ڕێکخراوی «املاک و مستغلات» پەهلەوی دا بوون، هەر ئەو سازمانە هەمان شێوەی ستادی بەڕێوەبەری دەستوی ئیمام ناوەندێکی هەبوو بەناوی (بونیادی پەهلەوی) کە لەساڵی ١٣٣٧ دا مەزراوە، کە کاری ئەوە بووە کە لەو شوێنانەی کە خەڵک نارازین لەکاری شای ئیران ئەوا هاوکاریان بکاتو چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، واتە بە پوڵ و دارایی خۆیان کە پێشتر لێیان هەستێنرا بوو ڕازی دەکردەوە. ستادی بەڕێوەبەری دەستوی ئیمام کە پێشتر باسمان کرد ناوەندێکی هەیە بەناوی «بونیادی بەرەکە» کە هەمان کاری «بونیادی پەهلەوی» دەکات بەڵام لە نیودا جیاوازن. هەروەها هەر دوو ڕێکخراوەکەش کارو کردەوەیان یەکە، بەڵام لەکاتی جیاوازدا.

بەگشتی دەتوانین بلێین کە «ستادی بەڕێوەبەری دەستوی ئیمام» حکوومەتێک لە سێبەردایە، چونکە بەشی زۆری بەرپرسانی ئەو ستادە وەزیر و کاربەدەستە بەدەسەڵاتەکانی پێشوو و ئێستای ئێرانن، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن ڕێبەری ئیرانەوە سەرپەرشتی دەکرێن. «ستادی بەڕێوەبەری دەستوی ئیمام» لە هەموو بوارەکانی ئابوری و سیاسی دا لە کێبرکێیەکی توونددایە لەگەڵ سپاسی پاسداران، بۆیە لە کاتی ئێستادا دەتوانین بلێین کە حکوومەتی ئێران بۆتە چەند جەمسەرێک کە هەریەکە و بەشی خۆی دەوێت لە داهات و دەسەڵات لە ئێراندا.

سەرچاوە:

١- ماڵپەری ستادی بەڕێوەبەری دەستوی ئیمام

٢- ئاژانسی ڕۆیتەرز

٣- کەناڵی BBC

٤- ویکیپیدیای ئازاد

٦- ژیانی بنەماڵەی پەهلەوی

٧- قانوونی ئەساسیی ئێران

٨- هەواڵدەری فارس و ئیرنا.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٢٢

٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٣

# بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٤

---

## ئایا کوردەکان لە باکووری کوردستان، سەرکەوتوون؟ هەڵبژاردنەکانی تورکیەو باکووری کوردستان لە دەلاقەیەکی ترەوە

لەدوای کێشمەکێشمێکی زۆرو چەند مانگە رۆژی ٣٠ی مارسی ٢٠١٤ هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی تورکیا بەرێوەچوو، هەڵبژاردنی ئەمجارە جیاواز لە جارانیتر بەرێوە چوو، هەڵبژاردنێک کە لەو نێوەدا تورکیەی بەسەر چوار بەرەدا دابەش کردبوو، تورکەکان بە سەر سێ بەرەی دژ بەیەکو کوردەکانیش. بەرەی یەکەمی تورکەکان کە پارتی دادو گەشە پێدان رێبەرایەتی دەکات بە رێبەرایەتی ئەردۆغانو هەروەها بەرەیەک کە تورکە توندەرەوەکانو بەرەیەکیش کە جەماعەتی گولەن رێبەرایەتی دەکەنو رەقیبی سەر سەختی ئەردۆغانن. لەو هەڵبژرادنەدا دەتوانین چەندین پرسی گرینگ ببینین کە دەتوانین بڵێین ریفراندۆمیان لەسەر کرا، سەرەتا ریفراندۆمێک دادەنرێت بۆ ئەردۆغانو حیزبەکەی کە پێش هەڵبژرادن فشارێکی زۆری لەسەر بوو لەسەر ئەو کەیسە گەندەڵیانەی کە لەلایەن پۆلیسی تورکیەوە ئاشکرا کرابوون. لە لایەکی ترەوە بەریفراندۆمێک دادەنرێ بۆ بەرەوپێش بردنی پرسی ئاشتی کوردو تورک لە تورکیە.

لەرۆژی هەڵبژاردنەکاندا، بەرەی پارتی دادو گەشە پێدان سەرکەوتنێکی گەورەی بۆ خۆی تۆمار کرد، ئەو بەتەنیا ٤٥%ی دەنگەکانیان واتە ٢٠ ملیۆن و ٦٠٠ هەزار دەنگی بەدەست هێنا کە بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠٠٩ لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکاندا ٣٨% دەنگەکانی واتە ١٥ ملیۆن دەنگی بەدەست هێنابوو، بەرادەیەکی باش چۆتە سەرێ.

**بۆ خەڵکی تورکیە (کوردو تورک) دەنگیان دا بە ئەردۆغان؟**

تا چەند رۆژ پێش هەڵبژاردن کەم کەس باوەری دەکرد کە ئەردۆغان براوەی هەڵبژاردنەکان بێت، بەلام بەچەند هۆکاری سادە دەتوانین بڵێین کە هۆکارەکانی سەرکەوتنی پارتی.

## داوگەشەپێدان ئەمانەبوون:

**یەکەم:** دوای نارەزایەتیەکانی ٩مانگی رابردوو لە شاری ئێستانبولو چەند شاری دیکە، ئابووری تورکیە کە ئیستقرارێکی نیسبی چەند ساڵەی هەبوو، بەخێرایی دابەزی، هەتا وای لێهات کە کەسبو کار لەو ولاتە خەریک بوو دەگەرایەوە بۆ چەند ساڵ پێش ئێستا کە وەزعیەتی ئابووری تورکیە لەوپەری خەراپی دا بوو، خەڵکی کاسبو دەوڵەمەندی تورکیە لەسیاسەتەکانی ئەردۆگان بۆ ئابووری رازیبوون، چونکە بەهۆی سیاسەتە ئابوورییەکانی ئەردۆغانو پارتەکەی، تورکیە لە وەزعیەتێکی باشی ئابووری دابوو، بەلام نارەزایەتییەکانی ئەو دوایە وای کردبوو کە کەسبو کار لە تورکیە دابەزێت، دەنگ دان بە ئەردۆغان دەنگ دان بوو بە گەرانەوەی ئابووری باش بۆ ئەو ولاتە.

**دووەم:** کاتێک دژبەرانی پارتی دادو گەشە پێدانو ئەدۆغان لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا خەریکی ئاشکرا کردنی گەندەڵییەکانی ئەوان بوون، ئەردۆغان بەسەر تاسەری تورکیەدا دەگەراو پرۆژەی ئابووری بنیات دەناو لە هەر شوێنێک جێپەنجەی خۆی بەجێ دەهێشت. ئەردۆغان بە بەکارهێنانی سیاسەتی زیرەکانە و خوێندوەی باش بۆ کۆمەڵگای کوردو تورک لە تورکیە کارەکانی خۆی دەبردە پێش. ئەو دەیزانی کە هۆکاری دینی یەکێکە لە گرینگترین هۆکارەکان بۆ راکێشانی خەڵک بۆ پارتەکەی.

**سێیەم:** دژبەرانی ئەرۆغان لە ماوەیەکی کەم دا بە هەزارن فایلو دۆکومێنتیان لەسەر ئەردۆغانو بنەماڵەکەیو پارتەکەی بلاوکردنەوە،کە ئەو شێوە بلاوکردنەوەیە بێ باوەرییەکی لای خەڵک دروست کردبوو کە بەشێکی زۆری ئەو بەڵگانە بە ساختە دابنێن.

**چوارەم:** کوردەکان لایەکیتری هاوکێشەکە بوون بۆ ئەردۆغان. بە سیاسەتێک کە ماوەی ٨٠ ساڵە لە تورکیە پەیرەو دەکرێ، ئەو هات کوردەکانی وەک نەتەوویەک بە نەتەوەکانی تورکیە ناساند. تا پێش ئەو رێکەوتە حکوومەتە دەسەلاتدارەکانی سەر تورکیە کوردەکانیان بە تورکی شاخی دەناساند، ئەردۆغان بە سیاسەتی

زیرەکانەی خۆی ئەو تابۆیەی شکاندو دەیزانی دەنگی کوردەکان لە تورکیە بۆ ئەو و پارتەکەی چارەنووس سازە. هەروەک دیتیشمان لە ناوچەی کوردنیشن لە ٧ ملیۆن دەنگی دراو، ئەو نزیک بە ٤ ملیۆن دەنگی بەدەست هێنا.

## کوردەکانو هەڵبژاردنی تورکیە...

کوردەکان دوای نەبوونی ئازادییەکی دەیان ساڵە، دوای گۆڕانکاری لەناوچەکەو تورکیە هەروەها خەباتێکی دژواری چەکداریو مەدەنیو کوردەکان کە راستەوخۆ کاریگەری هەبووە کە مافی بەشداریی سیاسی لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی وڵات بەدەست بێنن ، بەڵام کوردەکان بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان بەشداریەکی ئەوتۆیان لە هەڵبژاردندا نەکرد کە کاریگەری زیاتری خۆیان دەربخەن، ئەگەر بەشداریش بن ئەو لایەنەی زۆرترین دەنگی پێ دەدەن کورد نیە، لێرەدایە ئاخۆ دەبێ ئەو هۆکارانە چ بن کە کوردەکان نەتوانن کەڵکی باش لەو هەلە زێرینانە وەربگرن کە هاتۆتە پێشیان؟ لە حالێکدا هاوکێشەکان بە قازانجی وان لە گۆران دان، تورکەکان لە نێوخۆیاندا بوونە چەند بەرە، هەستی ناسیۆنالیستی کورد لە باکوور بە چ ئاقارێکدا رۆیشتوە؟ ئایا هەژمونی دینی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای کوردی باکور بڕیاردەرە؟ ئایا هێزە کوردییەکانی ئەو دەڤەرە نەیانتوانیوە بچنە نێو ناخی کۆمەڵگای کوردی؟ ئایا هێزێکی وەک ئاکەپە باشتر بەدەنگ کوردەکانەوە چووە یان هێزە کوردەکان؟ ئایا دیسان بەرەی کۆمۆنیزمو دین سەریان لە کوردەکان شێواندوە؟ ئایا لە نێوان هژموونی دینیو کۆمۆنیزمو ناسیۆنالیزم کوردەکان گیریان کردوە؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری تر لەدوای ٣٠ی ئازار دەبێ کوردی باکور و هێزە سیاسییەکانیان لە خۆیان بکەن.

## بەراوردێک لە نێوان دوو هەڵبژاردن دا..

هەرچەندە کوردەکان لە باکووری کوردستان لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ساڵی ٢٠٠٩دا بەشداریان بەو شێوە نەبوو، بەڵام لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١١ ی پەرلەمان بەشدارییان کردو بە گەرم و گوڕییەکی زۆرەوە هاتنە مەیدان، بەڵام لە بەرامبەردا لە نزیک بە ٩ ملیۆن دەنگدەری کورد(سەرچاوە نارەسمیەکان) کوردەکان تەنها ٢ ملیۆن و ٨٠٠ هەزار دەنگیان بەدەست هێناو توانیان ٣٦ نوێنەر بۆ پەرلەمان بەرێ بکەن. لە بەرامبەردا پارتی دادوگەشە پێدان لە ناوچە کوردنشینەکان توانی زیاتر لە ٦٠ نوێنەری کورد بۆ پەرلەمان بەرێ بکەنو بە پێچەوانەی پێشبینیەکان کوردەکان نەیانتوانی ئەو سەرکەوتنە بە دەست بێنن کە چاوەڕوانیان دەکرد. لەو سەردەمەدا، ٣ ساڵ دواتر واتە لە بەهاری ئەمساڵدا ، دوای گۆڕانکارییەکی زۆر لە پرسی کورد، ئاواڵەبوونی

زیاتری کەش‌و هەوای هەڵبژاردن، کوردەکان بۆ جارێکی دیکە چوونەوە سەر سندووقەکان بۆ ئەوەی بتوانن لە ناوچەکانی خۆیان دەسەڵاتی شارەوانییەکان بەدەستەوە بگرن. بەڵام لەو پەری سەرسورماندا کوردەکان هەمان ژمارەی ٣ ساڵی رابردوو یانی ٢ میلیۆن و ٨٠٠ هەزار دەنگیان تۆمار کردەوە، واتە بە پێی ئەو ئامارانە دەنگدەری کورد لە باکوور نە زیادی کردوەو نە کەمی کردوەو ئەو بەشە کوردییەی کە دەنگی دەدا بە حیزبە تورکەکان هیچ گۆرانیان بەسەر دانەهاتووە ئەوە لە حالێک دایە لە هەڵبژاردنی ئەو جارەدا کوردەکان دەیانتوانی سەرکەوتنێکی چاوەروان نەکراو تۆمار بکەن.

بە پێ ئامارەکان لە باکوری کوردستان ٧ میلیۆن و ١٨٧ هەزار دەنگ دراوە بە کاندیدەکانی هەڵبژاردن لە بەرامبەردا کوردەکان لەو ناوچەکانی خۆیان لەو ٧ میلیۆن و ١٨٧ هەزار دەنگەی ناو سندوق تەنها ١ میلیۆن و ٩٠٠ هەزار دەنگیان هێناوە، لە بەرامبەردا پارتی دادو گەشە پێدانی ئەردۆغان ٣ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار دەنگی بەدەست هێناوە، هەروەها دەنگەکانی‌تر دراوە بە هێزە تورکەکانی‌تر.

بە براوی من هیچ جێگای پاساو نیە لە شارە گەروەکانی باکووری کوردستان پارتێکی غەیرە کورد لە پێش کوردەکانەوە بێت. چونکە کوردەکان لە حاڵی خەباتێکی بێ‌پسانەوەو پڕ لە خوێن و قوربانین بۆ سەلماندنی خۆیان‌و دەستەبەرکردنی مافەکانیان.

کورد لە باکووری کوردستان لەم هەڵبژاردنەدا سەلماندی کە نەگەیشتۆتە ئەو ڕادەیە لە پێگەیشتوویی سیاسی کە وەک لە باشووری سوودان لە رێگای ریفراندۆمەوە چارەنووسی خۆی دیاری بکا. کاتێک باشووری سوودان بە رێفراندۆمێک جیا بووە، کوردستانیان بە شێوەی جۆراوجۆر هەلوێستی خۆیان دەربڕی کە دەبێ کوردیش داوای رێفراندۆم بکاو واز لە دروشمە کۆنەکانی بێنێ. بەڵام ئێستا، دوای ئەم هەڵبژاردنە، کاتی ئەوە هاتووە کە لە خۆمان بپرسین داخۆ کورد ئەوەندە لە باری سیاسی، فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتییەوە گەشەی کردووە کە داوای ریفراندۆمی بۆ بکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد

ماڵپەری BBC ماڵپەری CNN تورک

تێبینی:

ئەم وتارانەی لە لینکی" بیروڕای ئازاد" دا بڵاو دەبنەوە، تەعبیر لە راو بۆچوونی نووسەرەکانیان دەکەن و "کوردستانوکورد" وەک رێز دانان بۆ بیرورای ئازاد دەیانخاتە بەر نەزەریخوێنەران.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٣٠

٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٤

# نەتەوە و نابەرابەری لە ئێراندا

پێش ئەوەی کە بێمە سەر بابەتی سەرەکی پێویستە کە ئاماژە بە دیاردەی ناوەندگەری لە ناوچەی فارسنشین و نەتەوەی دەسەڵاتدار لە ئێران و بەتایبەت لە تاران دا بکەم.

ئەو ئامارانەی کە پارێزگاری تاران لە گفتوگۆیەک دا خستنیە ڕوو ئەوەی نیشاندا کە حکوومەتی ئێران چەند دیکتاتۆرانە ناوچەکانی دیکەی ئێرانی لە بیر کردوە. ئەو گوتی: ٢٠%ی حەشیمەتی ئێران لە تاران نیشتەجێن و بە پێی ئەو ئامارانەی کەهەن تاران تا ساڵی ١٤٠٠ ژمارەی دانیشتوانی لە ١٤ میلیۆن تێدەپەرێ، ئەوە لە حاڵێک دایە کە ٣٥% لە پیشە سازی، ٨٠% لە کاری بانک و بیمە و هەروەها٤٠% لە خوێندکارانی زانکۆ و ٢٠% لە قوتابیان و مامۆستایان و ٩٠% لە خوێندنی باڵا واتە سەروی لیسانس و ٨٣% لە خوێندکارانی دوکتۆرا و ٨٦% لە شارەزاییانی جۆراوجۆر لە تارانن.

بە چاو خشاندنێک بەو ئامارانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێ کردن دەبینین کە کۆبوونەوەی دەسەڵات لە ناوەندی وڵات خۆی دەنوێنێ، بە تایبەتی لە ناو نەتەوەی دەسەڵاتدار و ئەگەر بڕوانینە نەخشەی ئابووری و پیشەسازی ئێران، زۆربەی زۆری کارخانە و ناوچە پیشەسازییەکان و هەروەها شوێنەکانی بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری و زانکۆکان لە ناوەندی دەسەڵات و لە ناوچە فارسنشینەکاندا هەڵکەوتوون.

## نا بەرابەری نەتەوەیی لە ئێران

کێشەی نەتەوەیی لە ئێراندا لە دوای شۆڕشی مەشروتەوە دەستی پێکرد، ئەو شۆڕشە دوو لایەنی گەورە دەگرێتەوە، یەکەمیان لایەنی نەتەوایەتی و دووهەمیان دیموکراسی بوونی ئەو شۆڕشە. لایەنی نەتەوەیی بە مانای ئێرانی بوون نەک فارس بوون، چونکە دەوری ئازەری و بەختیارییەکان و ئەرمەنییەکان لە سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەدا ئینکار ناکرێ. بەڵام لایەنە توندڕەوە فارسەکان ئەو شۆڕشەیان بە شۆڕشی نەتەوەیی فارس دادەنا و ئەوەش وای کرد کە فارس و وڵاتانی گەورەی دنیا هاوکاری ئەو بیروڕایە بکەن. بۆیە فارسەکان توانیان مۆرەی هەڵبژێردراوی خۆیان

بێننە سەر دەسەڵات کە رەزا شای پەهلەوی بوو، کە بە کودەتایەک و بە هاوکاری هێزە دەرەکییەکان توانی هێزی خۆی بسەپێنێ. لایەنەکەی دیکەی شۆڕش کە دێموکراسی بوو، تایبەتمەندییەکی تازەی دابوو بە شۆڕشەکە ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە فشاری کەمەنەتەوەکانی ئێران بۆ سەر حکوومەت زیاتر بکا و بەندێکی تایبەت بە ئەنجومەنی ولایەت و ئیالەتەکان لە ناو قانوونی مەشروتەدا بنووسرێ، بەڵام قەت نە لە سەردەمی قاجاری و نە لە سەردەمی رەزا شادا ئەو خاڵە جێ بە جێ نەکرا. لە راستیدا رەزا شا لایەنی دیموکراتیکی ئەو شۆڕشەی وەلاناو لایەنی نەتەوەیی ئەو شۆڕشەی کە لە چەند نەتەوەیەک پێکهاتبوو بەناوی یەک زمان و یەک نەتەوە زەق کردەوە.

ئەو مەسەلەیە وای کرد حکوومەتی رەزاشا بە توندی سەرکوتی فەرهەنگی و سیاسی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بکا و ئەمەش دیدی نەتەوەکانی ئێرانی بۆ نەتەوەی فارس گۆڕی کە وەک نەتەوەی باڵادەست سەیربکرێ. رەزا شا لە جیاتی ئەوەی کە پێشکەوتن لە وڵاتانی رۆژئاوادا وەربگرێ و لایەنە باشەکانی ئەو پێشکەوتنە بێنێتەوە بۆ ئێران و کەڵکی لێ وەربگرێ بۆ بوژاندنەوەی وڵات، بە مەبەستی پێشکەوتنی سەربازی لە بواری پیشەسازی چەکی لە وڵاتانی رۆژئاوا کڕی و بۆ سەرکوت کردنی نەتەوەکانی دیکەی ئێران کەڵکی لێ وەرگرت. لەدوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی ئەو نابەرانبەریانە هەر بەردەوام بوون، نەک هەر چارەسەر نەکران بەڵکو زیاتر پەرەی پێدرا و هەتا وای لێ هاتووە کە نەتەوەکان لە ئێران رووبەرووی ترسی لەدەستدانی پێناسەی تایبەتی خۆیان بوونەوە. سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە نەتەوەکان بریتییە لە هەڵگرتنی چەند شوعارێکی رەنگاورەنگ وەک ئێران موڵکی هەموو ئێرانییەکە، کە لە ئەسڵ دا ئەوان فارس بەنەتەوەی راستەقینەی خاکی ئێران دادەنێن و ریشەی نەتەوەکانی ئێران لە زمان و کولتووردا دەبەنەوە سەر فارس.

کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی ڕووی ناڕاستەقینەی خۆی بە غەیرە فارسەکان نیشان بدا، چەند بەندێکی تایبەت بە نەتەوە غەیرە فارسەکانی لە قانوونی ئەساسی‌دا گونجاندوە بۆ ئەوەی ئەوان بەشداری لە دەسەڵات دا بکەن، بەڵام ئەو بەندانەش وەک قانوونی مەشروتیەت جێبەجێ نەکران و تەنانەت بە پێچەوانەی ئەوبەندانەش کاریان کرد. «قانوونی ئەساسی کۆماری ئیسلامی بەندی ١٥، ١٩، ٤٨»

نەبوونی یەکسانی و ئاستی گەشەکردن لە نێوان نەتەوەی دەسەڵاتدار و نەتەوەکانی دیکەی ئێران وادەکا نابەرابەری نەتەوەیی کە ڕیشەکەی لە زوڵمی نەتەوەیی دا هەیە بێنێتە دی. بەڵام لەو ٦٠ ساڵەی ڕابردوودا شێوەی بیرکردنەوەی ئەو نەتەوانە کە لە ئێران دا زوڵمی نەتەوەییان لێکراوە لە گۆڕان دابووە. ئەو زوڵمەش شێوە

جۆراوجۆرەکانی ژیانی ئابووری، فەرهەنگی و دینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی... گرتۆتەوە. ئەوە لە حاڵێک دایە کە حکوومەتی ئێران لە ماوەی ٨٠ ساڵی ڕابردوودا حکوومەتی نەتەوەی فارس بووە و دارشتنی بەرنامە لە لایەن دەسەڵاتەوە بە شێوەیەکی وا بووە کە نابەرابەری نەتەوەیی بەردەوام بەرهەم بێنێتەوە.

هێندێک کەس لەسەر مەسەلەی نەتەوەکان، دوو لایەنی قانوونی لە بەرچاو دەگرن، یەکێکیان مافی بەرابەری هاووڵاتی بوون و ئەوی دیکەش مافی نەتەوەکانی دیکەی وڵاتە.

بێ شک هەموو نەتەوەکانی ئێران، فارس، غەیرە فارس داواکاریان لە دەسەڵات ئەوەیەکە مافی نەتەوەیی خۆیان بپارێزێ و ئەومافەش دەبێ هەموو ئەو پێکهاتانەی ئەو کۆمەڵگا ٧٠ میلیۆنە بگرێتەوە. مافی هاووڵاتی بوون، مافی تاکەکەسییە، بەڵام کوردو ئازەری و عەرەب و تورکەمەن و بلووچ بێجگە لە مافی هاوڵاتی بوون مافی نەتەوەیی (کۆمەڵی) خۆیان هەیە، کە پێی دەڵێن مافی نەتەوەیی. ئەو مافەش لە مەنشووری کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکان و هەموو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ پێی لە سەر داگیراوە.

دەقی ئەو بڕیارەی کە لە ساڵی ١٩٩٢ لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر مافی کەمە نەتەوەو کەمایەتییە دینیەکان دەرچووە دەڵێ: «هەموو وڵاتێک دەبێ لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی لە بوونی هەموو کەمەنەتەوایەتییەکان و پێناسی نەتەوەیی و نژادی هەروەها کلتوور و ئایینی و زمانی ئەوان پشتیوانی و پارێزگاری لە مانەوەیان بکا «.

## نا بەرابەری ئابووری

ئەو بنەمایە نەتەوەی دەسەڵاتدار تەواوی ئابووری وڵاتی لە ئیختیاری ڕاپەراندنی کاروباری خۆی داناوە، ئەو شوێنانەی کە کەرەستەی خاویان لێ دەست دەکەوێ لەوناوچانە هەڵکەوتوون کە کەمەنەتەوەکانی تێدا هەیە، بە تەواوی لە لایەن سەرمایەدارەکانی فارسەوە دەستیان بەسەردا گیراوە، لە کانگاکانی ژێر زەویڕا بگرە تا شوێنەکانی گەشت و گوزار هەموو داهاتی ئەو شوێنانە دەچێتە گیرفانی چینی حاکم لە ئێران دا و ئەو چینە ئەوەندە چاوی بڕیوەتە دروست کردنی ئیمپراتۆری ئیسلامی ئەوەندەی بیری لە چارەسەری دەردی ناوخۆ و دانی مافی نەتەوەکان لە چوارچێوەی ئێراندا نەکردۆتەوە، ئەو سەرمایە و داهاتانەی کە لە ئێراندا دەست دەکەوێ،

ڕێژەیەکی زۆری تەرخان دەکرێ بۆ هاوکاری گرووپە چەکدارەکان و توندرەوە تیرۆریستە ئیسلامییەکان. دەسەڵات زیاتر بیر لە زیاد کردنی دەسەڵات وپاراستنی دەکاتەوە تا پێشکەوتنی وڵات.

بە پێی قسەی هەندێ لە شارەزایان هۆی پاشکەوتوویی ناوچەکانی کوردنشین و بلوچنشین ئەوەیە کە ئەوناوچانە بەرهەمی ژێر زەوی و شوێنی دەست کەوتنی داهاتیان نیە، بەڵام ئەمە لایەنێکی کێشەکەیە، هەرچەندە ئەوناوچانە تا ئێستا لە لایەن حکوومەتی ناوەندییەوە لە ڕووی جیۆلۆژییەوە بە تەواوی نەپشکنداون و پێویستە ئەو شوێنانە کاری لێ بکرێ و داهاتەکەی بە بێ جیاوازی دابەش بکرێ، بەڵام لە کۆماری ئیسلامی ئێران دا نەک ئەوە نەکراوە بەڵکو بە پێچەوانەش ئەنجام دراوە. ڕۆژنامەی «نوروز» لە ساڵی 1380 ڕایگەیاند کە بەدرێژایی هەشت ساڵی دەسەڵاتی هاشمی ڕەفسنجانی ڕێژەی سەرمایەی بەکار هێنراو لە پارێزگای کرمان 300 بەرابەر زیاتر بوو لە سەرمایەی بەکارهاتوو لە پارێزگاکانی ئازەر بایجانی ڕۆژ ئاوا و ڕۆژهەڵات و ئەردەبیل و زەنجان.

## لاوان و نابەرابەری لە ئێران

لاوانیش وەک هەموو چین و توێژەکانی نەتەوە ژێر دەستەکانی ئێران لە ژێر چەوساندنەوەی حاکمیەت دان. لەو نێوەدا لاوانی کورد زۆربەی مافی هاووڵاتی بوونی خۆیان لێزەوت کراوە و نەهێڵراوە کە تواناکانیان گەشە بکا. ئەو نابەرانبەرییە بەگشتی بۆ لاوان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا هەبووەو هەر لە منداڵیەوە دەست پێ دەکا. وەک ڕێگەنەدانی خوێندن بە زمانی دایک، ئەوە هەر لە سەرەتای ژیانی منداڵی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ڕوویەکی دیکەش دا و لە سەردەمی لاوەتی دا ناهێڵن لاوانی کورد لە قۆناغە بەرزەکانی خوێندن درێژە بە خوێندن بدەن. ئەوە سەرەرای ئەوەی کاتێک کە لاوی کورد دەنگی خۆی هەڵبریوە لە بەرامبەر ئەو نابەرابەرییانەی کە دەرهەقی خۆی و نەتەوەکەی دەکرێ، ئەوە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بە هەموو شێوەیەک سەرکوت کراوەو وڵامی توندی دراوەتەوە.

لاوی کورد لە ڕۆژهەڵات لە کاتی ئێستادا، جگە لەوەی وەک کوردێک دەچەوسێنرێتەوە، بەڵکو مافی لاوەتی خۆشی لێزەوت کراوە. نەبوونی ژینگەیەکی تەندروست و باش بۆ ژیانی لاوی کورد لە ڕۆژهەڵات وای کردوە کە لاوێک کە هێزەی پاڵنەری کۆمەڵگایە نازانێ چارەنووسی چیە و دەبێ چ بکا، کە زۆرجار لاو یان لە وڵات رادەکا، یان پەنا بۆ کاری نەخوازراو دەبا کە ئەمەش ئامانجی کۆماری ئیسلامییە.

**هەربۆیە دەبێ هەموومان پێکەوە بیر لە نەتەوەکەمان بکەینەوە و بیر لە دوارۆژ و ستراتیژیەکی هاوبەش بکەینەوە بۆ گەیشتن بە ئامانج.**

**سەرچاوە:**

- **رۆژنامەی پیام مردم**
- **هەفتەنامەی رۆژهەلات**
- **رۆژنامەی نوروز**
- **رۆژنامەی کوردستان**
- **گۆڤاری لاوان**

**سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٢٥**

**٤ی فێبریویری ٢٠١٤**

## کورد سەری مرۆڤ نابڕێ... کورد سەری دەتاشێ، تا سەری مرۆڤایەتی بەرزبێت

- لە پەراوێزی سەر تاشینی مامۆستایەکی مەریوانی، بۆ هاودەردی لەگەڵ قوتابییەکی خۆی کە نەخۆشییەکی تایبەتی هەیە

هەموو چیرۆکەکە لە گوندێکی ناوچەی مەریوانی رۆژهەڵاتەوە دەست پێدەکات، چیرۆکێک کە خەیاڵ نیە و بەڵکو چیرۆکێکی راستەقینەیە، چیرۆکێک کە دڵ گەورەیی‌و خۆبەخشی مرۆڤێکی کورد دەگێرێتەوە، ئازایەتی و بەخشیشی مرۆڤی کورد دێنێتە سەر لاپەرەی کتێب و رۆژنامەکان، چیرۆکێک کە لە سەردەمی ئێستادا باوەرکردنی ئاسان نیە، لەسەر دەمێکدا کە مرۆڤەکان! لە پێناوی بیرو باوەردا، سەری یەک دەبڕن، یا خود یەکتر ئەشکەنجە دەکەن، سەری منداڵ دەبڕن و دەستریژی دەکەنەسەر، لەو کاتەی‌دا کە مرۆڤ و دڕندە هیچ سنورێکیان نامێنێ، ئەرزشە مرۆییەکان لە ناو دەچن، لە وەها سەردەمێکدا مرۆڤێکی کورد، مامۆستایەکی مرۆڤدۆست کارێکی ئینسانیی گەورە دەکا.

ئەو مرۆڤە گەروەیە کە روکارێکی دیکەی لە گەورەیی مرۆڤی کورد بە جیهان ناساند مامۆستا «محەممەد عەلی محەممەدیان»ە کە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی «شێخ شەلتون»ە لە مەریوان، ئەو مامۆستایە بە هۆی ئەوەی کە یەکێک لە قوتابییەکانی بەناوی «ماهان» توشی نەخۆشییەک ببوو و مووی سەر و دەم چاوی وەریبوو، لەبەرامبەردا مامۆستای دڵ گەروە بۆ ئەوی کە «ماهان» هەست بە دڵتەنگی نەکا و خۆی دورە پەرێزنەگرێ لە قوتابییەکانی دیکەو لە قوتابخانە، هەربۆیە کارێکی گەروە دەکات. مووی سەری خۆی دەتاشێ و ئەو لە بەرامبەر ئەو کارەی خۆی‌دا دەڵێ: «خۆشحاڵم لەوەی بەو کارە، هەرچەندە بچوکە توانیومە کە روحیە و توانایی لە قوتابییەکەم دا بەهێز بکەم و ئەو بە چالاکی و فێربوونی زیاتر تەشویق بکەم».

ئەو کارەی مامۆستا محەممەد، گەروەیی وهەستی مرۆڤدۆستی کوردی نیشان دا، ئەو بە ناوەند نیشنەکانی گوت کە کورد سەر نابڕێ، بەڵکو کورد سەری دەتاشێ، کە سەری مرۆڤایەتی بەرز بێت، کوردەکان چەتە و رێگر نین، کوردەکان کار دەکەن بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان، کوردەکان ئێستاشی لەگەڵ بێت، بایەخە مرۆییەکان دەپارێزنو رێز

بۆ مرۆڤ دادەنێن.

بەدەیان ساڵە کە کوردەکان لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بە سەر بڕو ڕێگر دەناسرێن، دەیان ساڵە لە ناوەندی ئێران، کوردەکان وەک چەتە و خاڵی لە ئەرزشە مرۆییەکان دەناسێنرێن. بەڵام کاری مامۆستا محەممەد ئەو ڕاستییەی بۆ ئەوان ڕوونکردوە کە بەڵی کوردەکان سەر نابڕن، کوردەکان سەریان دەتاشن بۆ ئەوەی سەری مرۆڤایەتی لە سەربێت.

هەڵویستی ئەو مرۆڤە کورد بەرامبەر بەو قوتابییە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وایکرد کە هەڵوێستەکە سنوورەکانی بڕی و دەنگی ئەم هەڵوێستیە جوانە گەیشتە نێو کۆڕوکۆمەڵە جیهانییەکان و لە چەندین ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوایی دا ڕاپۆرت و هەواڵی لێ بڵاوکرایەوە.

بۆیە دەبێ هەمووبان هەڵوێستی ئەو مامۆستا کوردە بەرز بنرخێنین و ئافەرینی بۆ بنێرین. ئەوەش وەبیر ناوەند نشینەکانی ئێران بێنینەوە کە (... کرد (کورد) سر نمیبرد ...سرش را میتراشد ، تا سر انسانیت بالا باشد).

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٢٦

١٩ی فێبریویری ٢٠١٤

## سیاسەتی حەکیمانەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و ڕوداوەکانی ئەمدواییانە

**لە پەراوێزی ڕووداوەکانی دوای هاتنی داعش و هەڵوێستی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

**لە ماوەی دوو مانگی رابردوودا ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆرانکارێکی زۆر و چاوەڕوان نەکراو ڕوویاندا کە کوردستانو کورد چەقی ئەو ڕووداوانە بوون.**
**دروست بوونی گروپی داعش (دەوڵەتی ئیسلامی عیراق و شام ) لە ئەنجامی شڵەژانێکی ناوخۆیی لە وڵاتی سووریا و داوی شۆڕشەکانی وڵاتانی عەرەبی دەستی پێکرد، شۆرشێک کە خەڵکی عەرەبی ناوچەکە دژی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانی سەر وڵاتەکانیان دەستیان پێکرد بۆ دروستکردنی ژیانێکی ئاسودەتر بۆ خۆیان و منداڵەکانیان کە لە ئاکامدا ئەو جۆرە نەبوو کە ئەوان ئارەزویان دەکرد.**

**لە زۆربەی وڵاتەکان دوای سەرکەوتنی شۆرشەکان گرووپە ئیسلامیە خۆجیەکان هەلەکەیان قۆستەوەو بوون بەدەسەڵاتدار بەسەر وڵاتەوە، تونس و میسر و جەزائیر و یەمەن نموونەی ئەو وڵاتانەن کە ئیسلامییە میانەڕەووەکان کۆنترۆلیان کرد، بوونی هژموونی دینی زاڵ بەسەر ئەو کۆمەڵگایانە، دژ کردەوەی شەقامی ئەو وڵاتانەی لێکەوتەوە، لە تونس سکۆلارەکان جێگایان گرتەوە لە لیبیا هەتا ئیستاش هەر کێشەیە و شەڕە لەسەر دەسەڵات و لە میسر کودەتای سەربازی کرا و ئیسلامییەکان وەلا نران لە یەمەنیش وەزعەکە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خەرا پتر دەبێت.**

**بەڵام لە سووریە کێشەکە پێچەوانەیە، ٣ ساڵە حکوومەتی بەشار ئەسەد بە پشتیوانی هاوپەیمانانی ناوچەیی تاکو ئێستاشی لەگەڵ بێت توانیوەیەتی خۆی ڕابگرێ، شەڕی سووریە شەڕێکی ناوخۆیی نیە بەڵکو بۆتە کێشەیەکی جیهانی، شەڕەکە لە ئەساسدا شەڕی دوو بیرۆکەی شیعەو سونەیە کە ئەمە وای کردوە کە سووریە دابەش بکرێت بەسەر دووبەرەی سوننە و شیعەدا (بەرەی سوننە کە تورکیە و عەرەبستان و قەتەر پشتیوانی لێدەکەن لە گەڵ بەرەی شیعە کە ئێرانو عێراق و گرووپە شیعەکانی لوبنانی تێدایە لە ئیستادا لە شەڕ دان)، لەلایەکی دیکەوە ڕێژیمی سووریە پشتیوانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی ( ڕووسیە و چینی) لە پشتە، بە پێچەوانەوە دژبەرانی ڕێژیمی سووریە**

پشتیوانی بلۆکی ڕۆژئاوا( ئەمریکا و هاوپەیمانانیان) لە پشتە، ئەو کێشە و ڕووداوانە وایان کردوە کە زۆر گرووپ و تاقمی توندڕەو و میانەرەو ساز بن و هەریەکە و لەلایەکەوە پشتیوانی لێبکرێت، گرووپێکی وەک داعش کە بە پاشماوەی گرووپی تیرۆریستی ئەلقاعیدە لە کەش و هەوای سووریە کەڵکی وەرگرت و دەستی کرد بە گەشەکردن، لە پەنا ئەوەی کە ڕۆژانە حکوومەتی سووریە تاوانی دژی مرۆڤایەتی ئەنجام دەدا، کارەکانی دژی مرۆڤایەتی داعش لەپاڵ ئەوەی حکوومەتی سووریە بۆ ماوەی ٢ ساڵ لە شاراوەیی دامانەوە و تا وای لێ بەسەر هات کە داعش توانی لە بۆشایی دەسەڵات لە سووریە و عێراق کەڵک وەرگرێ و ئیعترازی سوننەکان بە ڕێژیمەکانی سووریەو عێراقی قۆستەوە و کەڵکی لێوەرگرتن بۆ ئامانجەکانی خۆی، هەر ئەوەش بوو کە لە دوومانگ لەمەوپێشەوە هێرشیکی بەربڵاوی کردە سەر عیراق و ناوچە سوننە نشیەکانی کۆنترۆلی کردن.

هەرچەندە سەرەتا داعش هیچ هەولێکی نەدا کە هێرش بکات بۆ کوردستانی عێراق بەڵام فشار هێنانی حکوومەتی ناوەندی عێراق ( شیعە مەزهەبەکان) و ئێران بۆ یەکێک لە لایەنە سەرەکیەکانی کوردستانی عێراق وای کرد کە کورد توشی شەڕێکی نەخوازراو بێت کە تاکو ئێستاشی لەگەڵ بێت کورد لە کوردستانی عیراق لەژێری نەهاتۆتە دەرێ، ئەگەر لەوە بگەڕێم کە کورد بۆتە بەلا گێرەوەی هەندێک وڵات و لایەن بەڵام ئەوەشمان لە بیر نەچی باسێک کە بەناوی سەربەخۆیی کوردی هەبوو دیسانەوە چووە نیو لاپەرەکانی مێژووە.  ئەگەر بەکورتیش بلێم بە هۆی دەنگۆی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان وڵاتانی ئیقلیمی ترسی ئەوەیان هەبوو کە کیانێکی سیاسی کوردی دروست بێت، هەربۆیە باشترین چارەسەر، هێنانی داعش بوو بە هاوکاری وڵاتانی ئیقلیمی بۆ ئەوەی خەونی سەربەخۆیی لەسەر کوردەکان بپەرێنن، هەربۆیە سیناریۆی هاتنی داعش بۆ کوردستانی عێراق شتێکی ئاسان نیە کە ئاوا ئاسان بەسەریدا تێپەر بین.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و هەڵوێستی لەسەر شەر پێفرۆشتنی داعش..

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەوە ناسراوە کە لە بریار و هەڵوێستەکانیدا بە وردبینی زیاتر و بە لێکدانەوەی زیاتر هەڵوێست وەردەگرێ،  زۆربەی جاران حدک لەلایەن لایەنەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات و هەتا ئەندامانی خۆشیەوە بە خەمساردی بەرامبەر بە ڕووداوەکان تۆمەتبار دەکرێ، گرتنی هەڵوێستەکانی حدک زۆربەی جاران لەدوای هەموو حیزبەکانی ترەوە بووە، بەڵام کاتێک هەڵوێستی گرتووە هەموو هەڵوستەکانی پێش خۆی خستۆتە ژێر کاریگەری هەڵوێستی خۆیەوە.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەماوەی ڕابردوودا دوای (دوای لەت بوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) هەوڵی ئەوەی داوە کە دوور لە ئیحساس و ئارەزوو سیاسەت بکات، دەبێ بتوانێ لەگەڵ هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی ڕێک پەیوەندی هەبێ و ئەمە لەلایەکەوە لە لایەکی ترەوە سیاسەت و ئێحساس لە جیهانی سیاسی دا دوو شتی لێک جیاوازن، سیاسەت زۆرتر بەدووی بەرژەوەندییەکانەوەیە تا تێرکردنی ئارەوزو ئێحساس هەربۆیەشە کە ڕێبەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان زۆربەی جاران دەکەونە بەر لاتاوو بە خەمساردی تۆمەتبار دەکرێن.

تێروانینەکان بۆ هێندێک مەسەلەی لای ڕێبەریی حدک جیاوازترە تا لایەنەکانیتر، ئەوە بەکردەوە سەلمێنراوە، نموونە زۆرن. هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری ٥ ساڵی ڕابردوو واتە ساڵی ١٣٨٨ لە ئێراندا، سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن، لەگەڵ ئەوەی هەموو لایەنەکانی تری ئۆپۆزسیۆن هەڵبژاردنیان تەحریم کرد، بەڵام حدک بە لێکدانەوەی زۆرتر بۆ مەسەلەکە و ئاگاداری زیاتر لە ناوخۆی وڵات هەڵبژاردنەکانی تەحریم نەکرد و بە پێچەوانەوە هەڵبژاردنەکانی بە خەڵک سپارد و هەمووشمان دیتمان کە خەڵک چ پێشوازیەکی لێکرد و دواتریش چ قەیرانێک بەرۆکی ئێرانی گرت کە تاکو ئێستاش ئەو قەیرانە بناغەکانی کۆماری ئیسلامی دەلەرزێنێ.

لێکدانەوەی ئەوکاتی حدک لێکدانەوەیەکی واقع بینانە بوو بۆ مەسەلەکانی ناوچەکە و ئێران، بە درێژایی ٣٠ سالی ڕابردوو واتە لە ١٣٥٨ تا ١٣٨٨ دێمۆکرات و ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی هەڵبژاردنیان تەحریم کردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵک بەشدار دەبوون، هەربۆیە حدک بە لێکدانەوەیەک لە هەلومەرجەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە خەڵک سەرپشک بکرێت بۆ هەڵبژاردن. ئەم حەرەکەتەی حدک وای کرد کە دژکردەوەیەکی زۆری لە دەرەوەی وڵات بەخۆیە بینی و حدکیان تاوانبار کرد بە لێک نزیک بوون لە کۆماری ئسیلامی، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو هەوڵەی حدک بووە هۆی پێشوازی زۆری کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نووسەران و ڕووناکبیرانی کورد لە ناوخۆی وڵات.

ئەوەی لە چەند پراگرافی سەرەوەدا باسم کرد وەک نموویەک بۆ سیاسەتی حەکیمانەی حدک. ئەگەر بێینە سەر ئەسلی باتەکە هەڵوێستی حدک و شەرفرۆشی داعش یان دەوڵەتی ئیسلامی ، ئەوا دەبینین لە ڕۆژەکانی یەکەمی هێرشی داعش بۆ سەر خاکی کوردستانی عێراق، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا، هەم کردەوەکەی مەحکووم کردو هەمیش ئامادەیی خۆیی نیشاندا بۆ هەر ڕوو بەڕوو بوونەوەیەک کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێی بسپێرێ. حدک هەر لەیەکەم بەیاننامەیدا ئێشارە بەوەی دابوو کە حکوومەتی هەرێم یاسا و ڕێسای هەیە و

ناوەندە پەیوەندیدارەکان بەرامبەر بە داوای هاوکاری بەرپرسن، هەربۆیە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان خۆی بوارد لە هەموو کارێکی خۆسەرانە. چونکە حدک دەیهەویست سیاسەت و ئارەزوو لێک بکاتەوە، سیاسەتی حدک بەشێوەیەکە کە ئەوان بە هەستیاری زۆرەوە و بەئارامی بۆ بابەتەکان دەچن، زۆر جار ئەو ئارامیە سەبری ئەندامانی خۆشیان ناهێڵێ و زۆرجار دەبێتە هۆی ئیعتراز بە رێبەری حیزب، بەڵام لە کۆتایی دا دەبینین کە ئەوەی رێبەری حدک باسیکردوە و بڕیاری لەسەر داوە لە جێی خۆیدا بووە.

ناردنی هێزی پێشمەرگەی لایەنەکانی تری ڕۆژهەلات بۆ بەرەکانی شەڕی داعش لە هەرێمی کوردستان و نەناردنی هێزی پێشمەگەری حدک ماوەیەکە ببووە ڕۆژەفی هەواڵ و لێکدانەوەی ڕۆشنبیران و چالاکانی سیاسی ناوخۆ دەرەوە، لەو نیوەدا حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە خەمساردی لەبەرامبەر ڕووداوەکاندا تاوانبار دەکرا، بەڵام هەڵوێستی حدک بەشێوەیەک بوو کە زۆربەی هەرەزۆری رەخنەگران لەماوەیەکی کەم دا هاتنەسەر ئەوە باوەرەی کە هەڵوێستی ڕێبەریی حدک لە جێگای خۆیدا بووە.

ئەوەی لێردەدا ئەنجام وەردەگرین ئەوەیە کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە سیاسەتی زیرەکانەی خۆی توانی ئەو هەنگاوەش بە سەرکەوتوویی بباتە سەرێ، رێبەریی حدک توانی لە گرتنی هەڵوێستەکانیدا سیاسییانە رەفتار بکات، هەروەک پێشووتریش ئەو کارەی کردبوو.
بێ شک دەتوانین بلێین لە داهاتووشدا حیزبی دێمۆکراتی کوردستان یەکێک لەو هێزانە دەبێت کە گاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ڕووداوەکانی کوردستانو بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ.

تێبتێبینی:

ئەم وتارانەی لە لینکی" بیروڕای ئازاد" دا بڵاو دەبنەوە، تەعبیر لە راو بۆچوونی نووسەرەکانیان دەکەن و "کوردستانوکورد" وەک رێز دانان بۆ بیرورای ئازاد دەیانخاتە بەر نەزەریخوێنەران.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٤٠

٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

## ڕۆژهەڵات میحوەری واقعیەتێکی سەردەمی ئێستا

ڕۆژهەڵات میحوەری باسی ئەو ڕۆژانەی ڕۆشنبیران و نووسەرانی ڕۆژهەلاتی کوردستانە، چەمکێک کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر چالاکی و کردار لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دا دەکات.

گوتاری ڕۆژهەڵاتی ماوەیەک پێش ئێستا لە لایەن حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە هاتۆتە بەرباس، ئەو چەمکە واتە ڕۆژهەڵات مێحوەر دەمێکە لە نێو بابەتی بەشێک لە نووسەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هاتوو چوون دایە، بەلام حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوەیدا باسکەکەی هێناوە نێو کۆبەندنی خەبات و جوولانەوە، بەڵکو بە کرداریش ڕۆژهەڵات میحوەری خستە بەرنامەی کاری خۆیە، چالاکییەکانی ئەو دواییانەی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها پەیوەندنی لەگەڵ بزووتنەوەی مەدەنی ناخۆی کوردستان ئەو هەنگاوانە بوون لە ڕاستای چەمکی ڕۆژهەڵات میحوەریدا.

ئەگەر کەمێک بگەڕێیەوە بۆ ڕابردوو، دەبین لە ڕۆژهەڵات لە دوای شۆڕشی گەلانی ئیران دژی ڕێژیمی پاشایەتی، دەبین هەلێکی زێرین بۆ هێز و لایەنە سیاسییەکانی لە کوردستان( ئێران) دەێتە ئاراوە و هەرکەسە و بەقەبارەی خۆی هەوڵ دەدات کە هێژموونی خۆی زاڵ بکات، لەو نێوەدا حیزبی دێمۆکرات بە کەڵک وەرگرتن لە ڕابردوویەکی دورودرێژ و خاوەنی یەکەم کۆماری کوردی لە چەمکی ناسیۆنالیستی کوردی لە ڕۆژهەڵات کەڵک وەردەگرێ ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان (ئێران) ڕوو بکەنە ئەو حیزبە و هەر ئەوەش بوو کە هەر زوو دژبەرانی حیزبی دێمۆکرات دژکردەوەیان بەو حەرەکەتانە نیشان دا. دوای ئەوەی کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بنکەو بارەگاکانی بردە سنوورەکان، بە گشتی خەباتی شاری بەجێهێشت و ڕویکردنە شاخ، بەدرێژایی ساڵەکانی ١٣٦٠ تا ١٣٧٥ گوتاری ڕۆژهەلاتی و ناسیۆنالیستی لە دەست حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوو، ئەو بەردرێژایی ئەو سالانە لەگەڵ ئەوەیدا هەوڵ دەدات برەو بە ناسیۆنالیزمی کوردی بدات و بەها نەتەوەیەکان لەسەروی بەها حیزبییەکانەوە نیشان بدات و بەبەردەوامیش هەوڵی ئەوەبوو کە لە دەستکەوتەکانی کۆماری کوردستان پارێزگاری بکات، ئەو دەستکەوتانەی کە دوای ٧٠ سال بەسەر دامەزراندنی کۆماری کوردستان ئێستاش هەر کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لە سەر ناسیۆنالیزمی کوردی لەهەر چوار پارچەی کورستان هەیە، ( ناوی

پێشمەرگە، ئالا، سرودی نەتەوەیی ئەی رەقیب، شەهید،... ) ئەوانە نموونەیەکن لە خەروارێک کە وەک یادگار و پێناسە بۆ کورد و کوردستان ماونەوە.

دوای ساڵی ١٣٧٥ و نەمانی حزوری فیزیکی پێشمەرگە لەناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستانو جێگیربوونی لە باسووری کوردستان، لە ڕاستیدا لەبەر پاراستنی بەرژەوندییەکانی هەرێمی کوردستان، رۆژهەڵات تا ڕادەیەک خرایە پەراوێز.

بەنەمانی حزوری هێزەکانی  پێشمەرگەش لەرۆژهەڵاتی کوردستان، کوردی رۆژهەڵاتی و توێژی تازە پێگەیشتووی رۆژهەڵات تووشی جۆرێک لە پاسیڤ بوون بوو، هەر ئەوەش وایکرد کە هێزەکانی  پارچەکانی دیکە زوو بیر لەو بۆشایە بکەنەوە کە لە رۆژهەڵات دروست بووە.  تێکۆشان و هەوڵی چەند لایەنێک بەتایبەت لە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستاندا کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە تارادەیەک رێگەپێدراو بوو، وایکرد کە توێژی تازە پێگەیشتووی رۆژهەڵاتی کوردستان  بۆلای ئەو لایەنان و گرووپانە بکێشرێن، ئەو توێژە توێژێک بوو کە شۆرشی ١٣٥٧ی  نەدیبوو ئەمە لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە حیزبێکی کوردی لە رۆژهەڵات حزوری نەبوو، هەر لە بۆیە زۆر لاوی رۆژهەڵاتی لە زانکۆ و ناوەندەکانی کارەوە روویان کردە  ئەو لایەنانە کە لە ژێر کاریگەری خەباتی پارچەکانیدیکەدا تێکۆسانیان هەبوو و  لەلایەن ئەوانیشەوە گوتاری باکوور یان باشوریان لە بیروزەینیاندا دەچاندن.

## گوتاری رۆژهەڵات

گوتاری رۆژهەڵاتیی یا رۆژهەڵات میحوەری، دوای ئەوەی کە رێبەریی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بریارێکی درەنگ ئەما بەکەڵک و بەمانا بریاری دا کە چالاکیەکانی بەشێوەیەکی تر و بە کردار بەرێتەوە نیو خاکی خۆی لە رۆژهەڵات. ئەو بریارە چەمکێکی کۆنی رۆژهەڵاتی بۆ جارێکی تر هێناوە سەر زمانان ئەویش رۆژهەڵات میحوەری بوو. حیزبی دێمۆکراتی کوردستان وەک دارێژەی ئەو بیرۆکەیە پێ وایە کە دەبێ تواناکان لەوەی کە تائێستا بۆ پارچەکانی تر بەکار هاتوون کارێکی خراپ نەبووە بەلام دەبێ لەم و بەدوا روو بکرێتە رۆژهەڵاتی کوردستان و دیسانەوە خەبات بەشێوەیەکی گەرم و گورتر دەست پێبکرێتەوە. حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەوباوەرە دایە کە هێزی کارا و چالاک لە رۆژهەلاتی کوردستان هەیە کە ئەو هێز و توێژانەی رۆژهەڵات دوبارە ئامادە بکرێنەوە و

بتوانن کە خەباتی رۆژهەڵات گوڕوتینێکی دیکەی پێ بدەنەوە. حدک بە چالاکیەکانی هاوینی ئەو ساڵ لە رۆژهەڵات بە کردار و بە بیرۆکە دەستی کردەوە بە چالاکییەکانی خۆی لە رۆژهەڵات کە ئەوە دەتوانرێ سەرەتایەک بێت بۆ سەردەمێکی نوێ لە خەباتی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان.

## چۆنو دەبێ چ بکرێت؟

سەرەتا دەتوانم بلێیم کە تا ئێستاش پێناسەیەکی رێک و دەقیقمان لە رۆژهەڵات میحوەری لە لایەن حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە وەک دارێژەری فکرەکە نیە. دواتر دەبێ رۆژهەڵات میحوەری مانیفیستی هەبێت و هەدەفە ئەساسییەکانی دیاری بکرێت، لەگەڵ ئەوەیدا دەبێ تەکید لەوە بکرێتەوە کە دەبێ هەموو هەوڵەکان بۆ رۆژهەڵات بخرێنە گەڕ.

گوتاری رۆژهەڵاتیی دەبێ کار لەسەر ئەوەبکات کە خەبات لە ناوخۆی کوردستان واتە خەباتی شار و شاخ لێک گرێ بدات ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە دەبێ دەستبکات بە دیپلۆماسیەکی گرشتگر و بەهێز لە دەرەوەی وڵات و بە دانانی نوێنەر و بردنی کێشەی کوردی رۆژهەڵات بۆ ناوەندە جیهانیەکان گوتاری رۆژهەڵاتی بەهێزتر بکرێت، ئەوەی کە نوێنەرانی هێزە سیاسیەکانی کوردی رۆژهەڵاتی لە ناوەندە جیهانیەکان کردوویانە زۆرتر باسی کوردستان بەگشتی بووە و هۆکارەکەشی ئەوە بووە کە نوێنەرانی هیزە سیاسیەکانی رۆژهەڵات بیریان لە قازانجی گشتی کردۆتەوە تا قازانجی تایبەت بۆ رۆژهەڵات، ئەوە لەگەڵ ئەوەیدا کارێکی باشە، بەلام لە هەمانکاتدا بوونی کێشەی پارچەکانی تری کوردستان لە ناوندە جیهانیەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی کە کێشەی کوردی رۆژهەڵاتی پشت گوێ بخرێ.

گوتاری رۆژهەڵاتی دەبێ حزوریی بەردەوامی هەبێ لە رۆژهەڵات، هەر بیرۆکەیەک لە دەرەوەی ژینگەی خۆی مەحکوومە بە نەمان، هەربۆیە دەبێ رۆژهەلات میحوەری لە ژینگەی خۆی واتە رۆژهەڵاتی کوردستان پەرەی پێ بدرێت، لە هەموو ئالیەتێک کەڵک وەربگیرێ بۆ ئەوەی هەموو چینەکانی کۆمەڵگا بتوانن لە بیرۆکەکە تێ بگەن.

ئەگەر ژینگەی خەباتی رۆژهەڵات دا بنێن بە مەیدانێکی یاری فوتباڵ دەبینین کە یاریزانەکانی ئەو دەڤەرە ماوەیەکی زۆرە کە بوون بە تەماشاچی و لە جێگای ئەوان دا خەلکی دەڤەری تر یاری دەکات، بۆئەوەی بتوانێ

ببیەوە یاریزانێکی باشی ئەو مەیدانە دەبێ لە قالبی تەماشاچی بێیە دەرێ و بچی ناو یاریگا، چونکە لە دەرەوەی یاریگا و وەک تەماشاچییەک تەنها دەتوانێ سەیری رووداوەکانی ناو مەیدان بکات و ناتوانێ تەسیری راستەوخۆی لەسەری هەبێ، بەڵام کە بووی بە یاریزانێکی باشی ناو یاریگا ئەو ئەوکات خۆت یاسا و رێسا رێک دەخەی بۆ مەیدان، یاساکانی مرۆڤەکان دیاری دەکەن لەکاتی پێویست دا دەتوانن گۆرانی بەسەر دابێنن.

پێویستە گوتاری رۆژهەڵات دەبێ بکرێتە فەرهەنگ، لە هەموو چینەکانی خەڵکی رۆژهەڵاتی دا جێگایی ببێتەوە و دەبێ لەناوەندەکانی خوێندن و لە زانکۆکان ، رێکخراوە سینفیەکانی ناوخۆ بۆ بلاوکردنەوەی ئەو بیرۆکەیە کەڵک وەربگیرێ، کە ئەو کارە پێویستی بە راگەیاندنێکی تۆکمە و بەهێز هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا پێوسیتە چالاکیە نهێنیەکانی ناوخۆی رۆژهەڵات چرتر بکرێتەوە.

### فەرهەنگی بەشداری، خەبات بۆ هەموو کۆمەلگا

فەرهەنگی بەشداری نەکردنی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای رۆژهەڵات لە جوولانەوەی رزگاریخوازی کوردستانی ئێران یەکێک لەو هۆکارە بەهێزانە بووە کە کورد لە رۆژهەڵات تا کو ئێستاشی لەگەڵ دابێ پێوەی دەناڵێنێ، بەشێکی کەم لە کۆمەڵگایەکی نزیک بە ١٠ میلیۆنی بەشدار بووە لە خەبات و جوولانەوە، ئەوە لە حالێک دایە کە هێزە سیاسییەکانیش کەمتەرخەم بوون بەنیسبەتی روونکرنەوەی زیاتری خەڵک و ناوچە جۆراو جۆرەکان.

لە کۆتایی دا دەبێ ئەوە بلێم کە گوتاری رۆژهەڵات نابێتە هەرەشە بۆسەر گوتارەکانی تری کوردی بەڵکو ئەو هەوڵ دەدات کە هەر گوتارەی بۆ ناوچەی خۆی بەکار بێنت و لەگەڵ ئەوەشدا گوتاری رۆژهەڵاتی باوەری وایە کە دەبێ کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان هەر کامە و بە میتۆدی خۆی کە لە ژینگەی خەبات بکات و نەبێتە هەرەشە بۆسەر بەرژەوەندی باڵاکانی کورد لە هیچ کام لە ناوچەکانی تر.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٤٤

٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

# بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٥

---

## زێڕی رەش، چەکی سیاسییە یان ئابووری؟

نرخی نەوت بەخێرایەکی سەرسوڕهێنەر دەچێتە خوارێ. نەوتێکی زۆر و زەمەند، ئەگەر تا دوێنی کڕیارەکان بەدوای فرۆشیارەکانەوە بوون ئێستا فرۆشیارەکان بەداوی کڕیارانی نەوتەوەن و ئەوەی ئێستا لەبازاری زێری رەش دا روو دەدات ئەویە کە کڕیارانی نەوت نرخەکان بۆ نەوت دادەنێن نەک فرۆشیارانی نەوت.

ئێستا زۆربەی پێش بینیەکان کە ٦ مانگ پێشتر کرابوون هەموو پێچەوانە دەرچوون، هۆکارەکە روونە بەرهەمی نەوت زۆرە و داواکاری لەسەر کەم، یەکێک لەو وڵاتانەی کە کێشەی ئابووری فشاری بۆ هێناوە رووسیەیە، رووسیە دوای ئەوەی لەلایەن وڵاتانی ئورووپایەوە توشی گەمارۆی ئابووری بووە ناچار بوو بۆ پڕکردنەوەی کەمیی بوجەی خۆی پەنا بەرێتە بەر زیاتر کردنی بەرهەمهێنانی خۆی کە لە مێژووی ٣٠ ساڵی رابردووی رووسیەدا کەم وێنە بووە. رووسیە بێ گوێدانە ئەوەی کە زیادکردنی بەرهەم نرخەکان دێنێتە خوار رۆژانە بەردەوام بەرهەمی خۆی زیاد دەکات.

بیژەنی زەنگەکە، وەزیری وزەی ئێران دەڵێ: لە گەڵ وەزیری وزەی رووسیە لە گفتوگۆدایە کە لانیکەم ئەگەر وڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی عربستان و کوەیت بەرهەم کەم ناکەوە ئەوا رووسیە هاوکار بێت بۆ کەم کردنەوەی نرخی نەوت.

عێراق لەو نێوەدا لوولەی نەوتەکانی خۆی تا ئاخر کردۆتەوە و رۆژانە نزیک بە ٣ میلیۆن بۆشکە دەفرۆشی و کە لە ٣٤ ساڵی رابردوو دا بۆ عێراق کەم وێنە بووە.

عەرەبستانیش هیچ بەرنامەیەکی بۆکەم کردنەوەی بەرهەمی نەوت نیە، عەرەبستان یەکێک لەو وڵاتانەیە کە رۆژانە نرخی نەوت دیاری دەکات. لەو نێوەدا شاە عەبدوڵلا پاشای عربستان لە دیمانەیەکی تلویزۆنیدا گوتی: «هاتنە خواری نرخی نەوت شتێکی تازە نیە و حکوومەتەکەی زۆر بەئاسانی دەتوانێ بەسەریدا سەرکەوتوو بێت. ئەو قسانە نیشانەی ئەوەن کە عەرەبستان بێ بەرنامە نرخی نەوت دانابەزێنیو بەرهەمیشی زیاد ناکات.

نیشانەکانی کەم بوونەوەی نرخی نەوت لە بازارە جیهانییەکان دا لە بازاری بورسی لەندەن و وڵاتانی دیکەی ئەورووپاییدا هەست پێ دەکرێ ئەویش بەکەم بوونەوەی نرخی پشکی کۆمپانیا نەوتییەکان، لەگەڵ کەمبوونەوەی نرخی پشکی ئەو کۆمپانیا نەوتییانەش نرخی پشکی کۆمپانیا ئەلیکترۆنی و بەرهەمهێنەرەکانی دیکەش کەم دەبێتەوە.

بەڵام ئێستا پرسیار ئەوەیە کە کەم بوونەوەی نرخی نەوت تا کوێ بەردەوام دەبێت؟ وەلامی ئەو پرسیارە پێویستی بەکات هەیە، زۆربەی چاودێرانی ئابووری دەڵێن دەبێ راوەستین تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ چونکە وا پێشبینی کراوە کە بە کەم بوونەوەی نرخی نەوت بەدرێژایی ساڵ ئەوان کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی نەوت لە ئەمریکا مەجبور بە راوەستاندنی بەرهەم دەبن. ئەوە وادەکات کە نرخی نەوت دووبارە لە بازارەکاندا زیاد بکاتەوە.

کاتێک ٣ مانگ پێش ئێستا کە نەوت بۆشکەی بە ٨٥ دۆلار بوو، شارەزایانی ئابوری لە کۆنفرانسی لەندەن باسیان لە ئەرزان بوونی نرخی نەوت کرد، گوتیان کە نرخی نەوت دادەبەزێ بۆ ٥٠ دۆلار بەڵام ئەوکات زۆر کەس ئەو قسانەیان پێ هەڵەبوو، ئەمرۆکە نرخی نەوت نەک ٥٠ دۆلار بەڵکو لە خوار ٥٠ دۆلارە بووبە ٤٦ دۆلاریش و بگرە کەمتریش.

لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوت گەشەی ئابووریی ناوچەی یۆرۆ (EU) روو لەزیادبوونە و ئەوە لە حالێکدایە کە ئەو گەشەکردنە لە ٦ ساڵی رابردوودا بێ وێنە بووە، هۆکارەکەی روون ئاشکرایە کەم بوونەوەی نرخی نەوت کاریگەری راستەوخۆی هەبووە لەسەر زیادکردنی بەرهەم لە ئورووپا.

رابێرت هالفێر، ئابوری ناسی ئاڵمانی دەڵێ: نەوتی هەرزان هەدیەکەیی ئاسمانیە بۆ پیشەسازی ئاڵمان و بەکاربەی ئاڵمانیە لە کاتی ئێستادا، بەڵام ئەوە لە کورت ماوەدا بەقازانج دەشکێتەوە بۆ ئورووپا و وڵاتانی

ناوچەی (EU). بەڵام لە درێژ ماوەدا دەبێتە هۆی زەرەی ئابووری ئەویش لەبەر ئەوەی کە گەشەی ئابووری زۆر بە هێواشی دەڕاوت بەرێوە، دەبێ لە یادمان نەچێ ئەگەر نرخی نەوت زیاتر بێتەخوار ئەوە دەبێتە هۆی گرانی چونکە نرخی گەشەی ئابووری دەبێتە موسبەت(+) و نرخی گرانیش دەبێتە مینها (-) کە ئەمە ترسناکترین هۆکارە بۆ لاوازبوونی ئابووری.

کەواتە بۆ وڵاتانی بەکارهێنەری نەوت، نەوت شمشری دوو لایەیە، لەلایەک کەم بوونەوەی تێچووی بەرهەمهێنان لەوانەیە گەشەی ئابووری زیاد بکات و لە لایەکەی دیکەوە گرانی کاڵا لە بازاردا ببێتە هۆی کەمی کڕیار و بەکارهێنەر.

لە نێو وڵاتانی بەرهەمهێنەردا ئێران لە ئاستێکی تایبەت دایە، گەمارۆ ئابوورییەکانی چەند ساڵی رابردوو بەرهەم هێنانی نەوت لە ئیراندا کردۆتە نیوە، ئەو فشارەی چەند ساڵی رابردوو لەسەر نەوتی ئێران حکومەتی ئیرانی وا لێکردوە کە هەوڵ بدات کە بوجەی ساڵانەی خۆی لەسەر نەوت بەرنامەی بۆ دانەنێت، هەر بۆیە لەساڵی ١٣٩٠ کە بوجەی ئیران دانرا ٦٠% بوجەی ئێران تایبەت کرابوو بە داهاتی نەوت، بەڵام سالی ١٣٩٤ تەنها ٣٣% لە بوجەی ئێران پشتی بەستوە بە داهاتی نەوت، لەلایەکی دیکەوە لەبەر گەمارۆکانی بانکی لەسەر ئیران دەستگەیشتن بە ئێران بۆ پوڵی فرۆشی نەوتی خۆی کارێکی ئەستەمە. وڵاتانی دەرەوە هەر زوو شارەگی ئابووری ئیران واتە بانکی ناوەندی ئێرانیان تەحریم کرد بۆئەوەی ئیران نەتوانێ دەستی بگات بە پوڵی نەوتی فرۆشراوی خۆی. هەر بۆیەشە ئێران لەکاتی ئێستا زەرێکی زۆر نابینێ لە نرخی نەوت چونکە ئەو پوڵانەی کە ئیستا بەدەستی دەگات هەموو ئەو پوڵانەن کە چەند ساڵە لە پولی فرۆشی نەوتی خۆی بەدەستی نەگەیشتوون و تازە بەتازە داوی گفتوگۆ ناوەکیەکان لەگەڵ رۆژئاوا بۆی ئازاد دەکەن. هەربۆیەشە لە کورت ماوەدا ئێران زەرە ناکات لەکەم بوونەوەی نرخی نەوت بەڵام لە درێژ ماوەدا کاریگەرییەکانی دیار دەکەون چونکە بەگشتی ئیران هیچ پولێکی هەڵگیراوی نیە بۆ رۆژی رەش.

حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بوجەی ساڵی داهاتووی خۆی پێشکەشی مەجلیس کردوە و لە بەشی داهاتی بوجەدا پشکی شێر بەر نەوت کەوتووە، ئابووریناسانی ئێرانی پێشبینیان کردوبوو کە نەوت لەساڵی داهاتوو لە ٩٠ دۆلار دانابەزێت، و هەربۆیە بۆشکەی نەوتی خاویان بە ٩٢ حیساب کردبوو، بەڵام لە کاتی ئێستادا پێشبینیەکان پێچەوانە بوونەوە ٥٠%ی نرخی نەوت لەیەک مانگدا شکاوە و بۆتە ٤٦ دۆلار و کەمتریش، هەربۆیە حکوومەتی

ئێران هاواری لێهەستاوە و کەوتۆتە ژێر فشار، لەبەر ئەوەی لە هەر بۆشکەیەک ٤٦ کەم دەهێنێت لە بوجەی ساڵی داهاتوودا.

حەسەنی روحانی هەفتەی پێشوو لە وتارێکی دا لە شاری بوشێهر گوتی: ئێمە دەزانین کە کەم کردنەوەی نرخی نەوت لەبن سەری کێ دایە و ئەوانەی ئەو بەرنامەیان داناوە لە کۆتاییدا پەشیمان دەبنەوە. ئەو راستەوخۆ عەرەبستان و کوەیتی تاوانبار کرد کە دەیانەوێ رەقیبەکانیان بە کەمکردنەوەی نرخی نەوت وەلاوە بنێن، هەروەها گوتی کە دووکەڵی ئەو کێشەیە لەکۆتایی دا دەچێتەوە نێو چاوی خۆیان.

یەکێک لەهۆکارەکانی هەرزان بوونی نرخی نەوت بۆ ئەندازەی دەرهێنان و هەناردەی رۆژانە دەگەرێتەوە، بەپێ ئاماری سازمانی ئۆپێک عەرەبستان لە ساڵی رابردوودا رۆژانە ٨ ملیۆن بۆشکەی دەرهێناوە و هەناردەی کردوە بەڵام ئێران بەهۆی گەمارۆکانەوە توانیویەتی رۆژانە تەنها ١ ملیۆن بۆشکە بەرهەم بهێنێ و بەرێی بکات.

## بۆ عەرەبستان نرخی نەوت دابەزاند؟

ئەگەر بێنین بەراوردێک بکەین لە نێوان بوجەی ساڵانەی ئێران و عەرەبستان دەبینین کە کامیان زیاتر وابەستەگی هەیە بە نەوت. بودجەی ساڵانەی عەرەبستان ١٩٠ ملیارد دۆلارە کە ١٦٠ ملیارد دۆلاری لە فرۆشی نەوت دەستی دەکەوێت، واتە نزیک بە ٨٥% لە بوجەی خۆی، بەڵام بە پێچەوانەوە لە ساڵی داهاتوودا بوجەی ئێران تەنها ٧٥ ملیارد دۆلارە، کە ٢٥ ملیارد دۆلاری لە داهاتی نەوتەوە دەبێت یانی ٣٣% بوجەکەی ئێران.

بەڵام گیرفانی عەرەبستان پڕترە لە چاو ئێران، سندوقی پاشەکەوتی میللی عەرەبستان کە لە داهاتی ساڵانی پێشووتری فرۆشی نەوت تێدا هەڵگیراوە نزیک بە ٧٠٠ ملیارد دۆلاری تیدایە، بەڵام سندوقی پاشەکەوتی میللی ئێران تەنیا ٧٠ ملیار دۆلاری تیدایە، یانی ئێران ١٠ بەرامبەر کەمتر پوڵی پاشەکەوتی هەیە بۆ رۆژی رەش.

عەرەبستان و هاوپەیمانەکانی دەیانەوێ رەقیبە ئەسڵییەکانی خۆیان لە کێبەرکێ وەدەرنێن، ئەوان لەلایەک نەوت وەک کەرەستەی سیاسی بەکار دێن و لەلایەک وەک کەرەستەی ئابووری دژی هاوپەیمانە سیاسییەکانیان بەکاری دێنن. عەرەبستان نرخی نەوتی کەم کرد بۆ ئەوەی بەئێران کە رەقیبی سیاسییەتی بڵێ کە ئەوە ئێمەین رۆژهەڵاتی

ناوەڕاست ئیدارە دەکەین نەک ئێوە. ئەگەر عەرەبستان لە شەڕی دینی لە ناوچەکە کەمی هێناوە دژ بە ئێران ئەوە لە شەری ئابووری بناغەکانی حکوومەتی ئێران دەلەرزێنێ.

ئەمە لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە عەرەبستان دەیهەوێ رەقیبە ئابوورییەکانی کە لە ئەمریکا تازە جڵەوی بازاری نەوتیان گرتووە لە مەیدان بەدەر بکات، شیرکەتی شێلی ئەمریکایی لە تازەترین بەرهەمی دا لە خیز و بەرد نەوت دەردەهێنن، کە ئەوە لە داهاتوویەکی نزیک دا دەبێتە هەرەشەیەکی جیدیی بۆ نەوتی خاوی ئۆپێک و بەتایبەتی عەرەبستان، عەرەبستان و هاوپەیمانەکانی دەیانهەوێ بە هێنانە خواری نرخی نەوت وا لەو کۆمپانیا نەوتییە ئەمریکاییانە بکەن کە نەتوانن تێچوویی دەرهێنانەکەیان پڕبکەنەوە و مەجبور بن کە کارگەکانیان ببەستن.

بەپی راپۆرتێک کە ئاژانستی رۆیێرز، تێچوویی دەرهێنانی نەوت لە وڵاتانی بەرهەم هێنەری نەوت جیاوازیەکی زۆری هەیە بۆ نموونە تێچوویی دەرهێنانی یەک بۆشکە نەوتی شێل لە بەرد و خیز لە ئەمریکا ٧٠ دۆلارە، لە دەریایی باکوری بەریتانیا ٤٦ دۆلار، هەروەها تێچووی دەرهێنانی یەک بۆشکە نەوتی تێکزازی ئەمریکا ٤٠ دۆلارە کە بە بەراورد لەگەڵ رووسیە تەنها ١٥ دۆلار و لە عەرەبستان و ئێران کەمتر لە ١٠ دۆلارە، ئەگەر لێکدانەوەیەکی ئاماری بکەین لەکاتی ئێستادا عەرەبستان نەک زەرە ناکات بەڵکو قازانجێکی زۆریش دەکات. بە نەوتی ٤٠ دۆلاری ئەگەر رۆژانە ٨ میلیۆن بۆشکە هەناردە بکات ئەوا داهاتی رۆژانەی عەرەبستان ٣٢٠ میلیۆن دۆلارە کە ئەگەر تێچوویی ١٠ دۆلارەکە لابەرین ئەوان ٢٤٠ میلیۆن دۆلار داهاتی تەواویی دەبێت و لە بەرامبەردا ئێران تەنها ٤٠ میلیۆن دۆلاری فرۆشی دەبێت و داهاتی رۆژانەی تەنها ٣٠ میلیۆن دۆلار دەبێت.

لەرامبەردا هەموو کۆمپانیا نەوتیەکانی رۆژئاوا مەجبور دەبن کە بۆماویەکی کاتیش بێت دەکەی کۆمپانیایەکانیان دابخەن.

ئەنجام:

عەرەبستان هەروەک چۆن بە جەمسەری سوننە مەزهەبەکان ناسراوە، بۆ دژایەتی خۆی دژی ئیمپراتۆری شیعە هەر ئاواش هەموو جۆرە چەکێک بەکار دەهێنێ بۆ ئەوەی کە جەمسەری شیعە کە سەرەکەی لە ئێرانە لەسەر رێگای خۆی

لاببات، عەرەبستان نایهەوێ کە سنوری لەگەڵ ئیمپراتۆریەتێکی شیعە هەبێت، ئەو خوازیارە کە خۆی ببێتە ناوەندی بریاردان بۆ کێشە چارەسەر سازەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست. دابەزاندنی نرخی نەوت، لە راستیدا هەرەشەیەکە بۆسەر سەقامگیری ئەو وڵاتە شیعە مەزهەبانەیی کە پشتیان بە نەوت بەستوە نموونەی هەرە زیندوو ئیرانە و ئیران بەو شێوەیە دەکەوێتە کێشەیەکی گەورەوە. ئەمە لەلایەکەوە و لەلایەکی دیکەوە عەرەبستان دەیهەوێ رەقیبە ئامریکایەکانی لە مەیدان بەدەر بکات چونکە ئەو رەقیبانە لە داهاتوودا دەبنە دەردەسەر بۆ سەر ئابووری عەرەبستان .

هەڵبەت لە بیرمان نەچێ ئەوە بەرنامەیەکی دارێژراوی رۆژئاوایی و عەرەبستان بێت دژی رووسیە، چونکە لەچەند ساڵی رابردوودا رووسیە هەوڵ دەدات کە دیسانەوە کە بە جیهان بلێ کە دنیا دوو جەمسەرییە، رووسیە بەهۆی هەرەشەکانی ئەم دوایانەی لە رۆژهەلاتی ئوروپا ناوچەکەی بۆ جارێکیتر توشی نائارامیی کردەوە. هەربۆیە فشارێکی ئابووری گەورە دانرا لەسەر رووسیە لەلایەن ئەمریکا و ئورووپاوە. لەکاتی ئێستادا رووسیە لە ژێر فشارێکی زۆردایە و هەربۆیەشە ناردنەدەرەوە نەوتی خۆی زیاد کردوە بۆ پڕکردنەوەی کەمی بوجەی لەدەست چوو.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٤٨

٢٠ی جانیوێری ٢٠١٥

## عەرەبستان و ئێران دوو رەقیب یان رەفیقی ناچاری یەکتر!

دوو داواکاری سەرۆکایەتی جیهانی ئیسلام، یەکیان شیعە و یەکیان سونە. دوو هێزی گەورەی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست هەروەها دوو بەرهەمهێنەری گەورەی نەوتی جیهان، یەکیان دوژمنی ئەمریکا و ئەویتریان دۆستی ئەمریکا. لەدوای شۆرشی ساڵی ١٣٥٧ی ئێران کە بە شۆرشی ئیسلامی ناودێر کرا، پەیوەندیەکانی نێوان ئێران و عەرەبستانی توشی کێشەکرد.

### شەڕی عێراق و ئێران

شەری نێوان ئێران و عیراق کێشەکانی قوڵترکردەوە، کاتێک لە ساڵی ١٣٥٩ عێراق شەری دژی ئێران راگەیاند و بەدرێژایی ٨ ساڵ شەرێکی ماڵوێرانکەر ناوچەکەی گرتەوە، بەدرێژایی ئەو ٨ ساڵە عەرەبستان لە تەنیشت عێراق وەک هاوپەیمان هەم لەبواری ماڵی و هەم وەک پشتیوانی سەرەکی لەگەڵ عێراق بوو دژ بە ئێران.

کاتێک کە لەکۆتایەکانی شەر واتە لە رێکەوتی٩ی گەلاوێژی ١٣٦٦ پۆلیسی عەرەبستان هێرشێکی بەرینی کرد بۆسەر حاجیە ئێرانیەکان کە زۆربەیان شیعە مەزهەب بوون لەئاکامدا ٢٧٥ حاجی ئێرانی بوونە قوربانی، هۆکاری هێرشەکەش تەنها ئەو بوو کە حاجیە ئێرانیەکان خۆپێشاندانیان کرد دژی عێراق و هاوپەیمانەکانی. ئەو رووداوە کێشەی نێوان ئێران و عەرەبستانی گەیاندە لوتکە.

بەڵام چەند ساڵ داوی شەری ئێران و عێراق و لەساڵی ١٣٧٠ حکومەتی ئەوکاتی سەدام حوسێن هێرشی کردەسەر کوەیت و داگیری کرد و داوی ئەو کارە هەرەشەی لە عەرەبستانیش کرد کە دەست بەسەر ئەویش دادەگرێ، هەر لەم کاتەدا بوو کە ئەو هێرشانە جێگای دۆست و دوژمنی گۆریی، پەیوەندیەکانی نێوان ئێران و عەرەبستانی کەمێک باشتر کرد، ئەگەر تا ئەوکات عەرەبستان لە دژی ئێران بوو لەدوای شەری کوەیت جێگایی دۆست و دوژمن گۆرا و پەیوەندیەکانی عەرەبستان و ئێران کەمێک بەرەو باشتر چوو.

## دوای ساڵی ١٣٧٦ و سەردەمی خاتەمی..

کاتێک کە محەمەدی خاتەمی لە ساڵی١٣٧٦ بوو بە سەرۆک کۆماری ئێران، پەیوەندیەکانی ئێران و عەرەبستان بەرەو باشتر چوو، چونکە خاتەمی و حکومەتەکەی بەدوای ئەوە بوون کە لە ناوچەکەدا دۆستانی ئێران زیاد بکەن و دوژمنـانی کەم کەنەوە، لەو سەردەمەی کە خاتەمی هاتە سەر کار، لە عەرەبستانیش شاە عەبدوڵلا ئیبن عەزیزش دەسەڵاتی گرتە دەست، لەو سات و وەختەدا واتە ساڵی ١٣٧٧ نرخی نەوت لە خوارەو بوو و سازمانی ئۆپێک لەقەیران دابوو، هەربۆیە عەرەبستان و ئێران دەستیان کرد بە هاوکاری و چەند کاری هاوبەشیان پێکەوە کرد کە لەوانە کەمکردنەوەی بەرهەم هێنانی نەوت و هەناردەکردنی، دیاری کردنی نرخی نەوتی خاو و بردنەسەری بەهای نەوت. ئەو کارانە وایکرد کە هەردوولا زیاتر لە جاران بیر ئیدۆلۆژی خۆیان وەلاناو چاویان بریە ئابوری، تا کار گەیشتە ئەوەی کە ئێران و عەرەبستان پەیمانی ئەمنیەتیشیان پێکەوە بەست.

## روخانی رێژیمی سەدام حوسێن..

بەڵام دوای روخانی حکومەتی سەدام حوسێن لە عێراق بە دەستی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هاوکێشەیی پەیوەندیەکانی عەرەبستان و ئێران دوبارە گۆڕانی بەسەر داهات، بەتایبەتی لەکاتی روخانی سەدام حوسێن دا لە ئێران کەسێکی توندرەوی وەک ئەحمەدی نژاد لەسەر کار بوو، هەربۆیە سوپا و دامەزراوەکانی دیکەی سەربازی دەستی باڵایان هەبوو لە دیاری کردنی سیاسەتی حکومەت، هەربۆیە لەسەرەتاوە دوای روخانی رێژیمی سەدام هەردووک لە ئێران و عەرەبستان بەشێوەی جیاواز هەوڵیان دا کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە عێراق شکست بێنن، ئەوان شەری تایفی و دینیان کردە گرینگترین چەک بۆ ئەوەی هەر کامیکیان هژموونی خۆی بسەپێنێ، ئاوری ئەو کارە تێکدەرانە وایکرد کە عێراق کە تا ئێستاشی لەگەڵ بێت نەیتوانیوە بیێتەوە حکومەتێکی بەهێز. شەری نێوان عەرەبستانی سونی و ئێرانی شیعە گوێستراوە بۆ گۆرەپانی عێراقێکی وێران، بێ هێزی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە پڕکردنەوەی بۆشایی دەسەڵات دوای سەدام حوسێن عێراقی کردە گۆرەپانی دەسەڵاتخوازی هێزە ناوچەیەکان، عەرەبستان راستەوخۆ پشتیوانی لە سونیەکانی عێراق کرد و لە لایەکی تریشەوە ئێران لەهەوڵ دا بوو کە هێزە شیعەکان دەسەڵاتی عێراق بگرنە دەست، ئەو شەرە ساردەی نێوان ئێران و عەرەبستان پەیوەندیەکانی نێوانیانی خراپترکرد.

## ئێران وەک هەڕەشەیەک بۆ عەرەبستان..

زیادبوونی نیگەرانی جیهانی لە بەرنامەیی ئەتۆمی ئێران، کێشەیەکی تری نێوان عەرەبستان و ئێران بوو. نیگەرانیەکانی عەرەبستان بە ئەندازەیەک بوو کە چەند جار شای عەرەبستان داوی لە ئەمریکا کردبوو کە هێرش بۆ ئێران بکات ، ئەو داواکاریە نهێنیانە لەلایەن ماڵپەری ویکلیکس کە بەشێکی زۆری بەڵگە نهێنیەکانی ۳۰ ساڵی رابردووی ئەمریکای ئاشکرا کرد بڵاوبۆوە. بەڵگەکان باسیان لەوەکردبوو کە سەفیری ئەمریکا لە عەرەبستان بە واشنگتۆنی راگەیاندبوو کە پاشای عەرەبستان عەبدوڵلا عەبدولعەزیز چەندین جا داوای لێم کردوە کە ئەمریکا دەبێ هێرش بکات بۆ ئێران، بە گوتەی ئەو سەری مارەکە لێبکاتەوە.

ماوەیەک دواتر کەسێک کە رەگەز نامەی ئێرانی – ئەمریکا بوو لە لایەن پۆلیسی ئەمریکاوە دەستگیر کرا بە تۆمەتی ئەوەی ویستوویەتی سەفیری عەرەبستان لە ئەمریکا تیرۆر بکات بە داواکاریی کەسانێک کە لە سوپایی پاسدارانی ئێران دەسەلات داربوون، بەڵام هیچ کات ئێران ئەو ئیدعایەیی پشتراست نەکردەوە.

## بەهاری عەرەبی..

دەستپێکردنی شەپۆلی نارەزایەتیەکانی وڵاتانی عەرەبی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست کێشەکانی نێوان عەرەبستان و ئێرانی قوڵتر کردەوە، پشتیوانی سەربازی حکومەتی عەرەبستان لە دەسەلات دارانی بەحرەین لەکاتی نارەزایەتیەکانی ئەو وڵاتەدا و هەروەها پشتیوانی پێچەوانەی ئێران لە خەڵکی نارازی بەحرەین تەواو کێشەکانی چەند هێندە قوڵتر کردەوە.

قەیرانی سوریە ئاوری کێشەکانی نێوان ئێران و عەرەبستانی بەرەو هەڵدێری برد، لە سوریە بە پێچەوانەی بەحرێن ئێران بوو بە پارێزەری حکومەت، عەرەبستانیش بوو بە پارێزەی دژبەران. لە ڕاپەرینی خەڵکی نارازی بەحرەین کە زۆربەیان شیعە بوون ئێران پاڵپشتی دژبەرانی حکومەتی کرد و عەرەبستان پشتیوانی لە حکومەت کرد، بەڵام لە سوریە هاوکێشەکان پێچەوانەبوو.

لەگەڵ هاتنەسەرکاری حەسەن روحانی و بەرنامەی تازەی بۆ سیاسەتی دەرەوە چاوەروان دەکرا کە پەیوەندیەکانی ئێران و عەرەبستان بەرەو باشتر بچن، بەڵام بە پێچەوانەی چاوەروانیەکان هیچ شتێکی نوێ روینەدا. هەرچەندە بەشێک لە سەران و سیاسەتمەدارانی لەوباوەرە دابوون کە حەسەنی روحانی لەگەڵ ئەحمەدی نژاد فەرقی هەیە بەڵام مەلیک عەبدوڵڵا باوەری وابوو کە هیچ لە هاوکێشەکان نەگۆڕاوە و تەنها دم و چاوەکان گۆران و لە کۆتایی دا روحانی فارسە و شیعەیە کەواتە چ فەرق دەکات.

دەستی هاوکاری ئێران و ئەمریکا بۆ کەمکردنەوەی کێشمەکێشەکان و چارەسەرکردنی قەیرانی ئەتۆمی بە نەزەری زۆربەی چاوەدێران عەرەبستانیش وەک ئیسرائیل نیگەران کردوە. لە راستیدا عەرەبستان نیگەرانە لە گۆرانی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران و عەرەبستان پێوایە کە چارەسەری کێشەی ئەتۆمی ئێران لەلایەن رۆژئاوا و ئەمریکاوە دەبێ هەرەشە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی و ژئۆپۆلەتیکی ئەو وڵاتە.

## سەرهەڵدانی داعش..

سەرهەڵدانی داعش لە عێراق و پێشرەوی خێرا و خوێناوی ئەو گروپە نیگەرانی لە زیادبوونی کێشەکانی تایفیەکانی زیاتر لە جاران کرد. نوری مالکی سەرۆک وەزیری پێشووی شیعەی مەزهەبی عێراق و هاوپەیمانی ئێران کە تاوانبارە بە پەراوێزکردنی سونیەکان لە عێراق و گەرمکردنی شەری تایفی لەو وڵاتەدا. دوای لاچوونی مالکی لەسەر دەسەڵات و هاتنە سەر حەیدەر عبادی وەک کەسێکی میانەرەوی شیعە، رێگا هەموارتر بوو بۆ ئەوەی کە ئێران و عەرەبستان پەیوەندیەکانیان بەرەو باشتر بەرن.

دوای مالیکی، خەونەکانی ئێران لەعێراق بەرەوکزیی رۆیی، بەڵام سەرەرۆیەکانی گروپە توندرەوەکان جارێکی دیکە وایی کردەوە کە ئێران و عەرەبستان ببنەوە ئەکتەرێکی دیکەی عێراق بەڵام ئەوجارە بە پێچەوانەوە هەردووکیان بۆ دژایەتی تیرۆر پێکەوە دەستیان کرد بەکار. ئەوەی کە ئێران فکری دەکردەوە کە بەتەنها دەتوانێ لە عێراق حوکم بکات پێچەوانە دەرچوو بۆیە ناچار پەنای بردە بەر عەرەبستان وەک ئەکتەرێکی سەرەکی ناوچەکە، چونکە ئێران خۆی لە ژێر هەرەشەدا بینیەوە، هەرچەندە لە کاتی ئیستادا هاوکێشەکان ناروون بەڵام لەراستیدا شەرەکە بۆتە شەی بەرەی شیعە و سونە کە عەرەبستان وەک جەمسەری سونە و ئێران وەک جەمسەری شیعە لە شەرێکی ساردی ناوچەیی دان و لق و پۆپەکانیشیان لە شەرێکی گەرمی خوێناویی دا.

## نەوت و عەرەبستان..

مەیدانێکی تری کێشەی نێوان ئەو دوو وڵاتە ئۆپێکە، ئۆپێک ئەو رێکخراوەیە کە بەشێکی زۆر وڵاتانی بەرهەم هێنەری نەوت ئەندامی ئەون و لەوێدا سیاسەتی نەوتی دیاری دەکەن ب خۆیان. لە کاتی ئێستادا بەهۆی دابەزاندنی نرخی نەوت ئێران لە ژێر فشار دایە، عەرەبستان و هاوپەیمانەکانی رێژەی هەناردەی نەوتی خاویی خۆیان زیاد کردوە و ئەوەش وایکردوە کە نرخی نەوت دابەزێنێ. عەرەبستان و هاوپەیمانەکانی لەناو ئۆپێک نایانهەوێ نە بەرهەمیان کەم کەنەوە نە نرخی نەوت زیاد بکەنەوە. ئێران پێ وایە کە ئەوە پلانێکە دژی ئەو کە لەلایەن عەرەبستانەوە سەرپەرشتیاری دەکرێت.

### ئاکام:

کاتێک کە حکومەت لە ئێران گۆراوە یان کێشە ناوچەیەکان بوونەتە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی هەر دوو وڵات ئەوە پەیوەندی ئێران و عەرەبستان نزیک بوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت و دەنا جیا لەوانە عەرەبستان و ئێران دوو رەقیب و دوژمنی ژێر بەژێری یەکترن. زۆتر وەک دوو رەقیب دەبینرێن تا دوو رەفیق.

### بەڵام بۆ عەرەبستان هێندە گرینگە لەناوچەکەدا؟

نەوت: عەرەبستان گەورەترین بەرهەم هێنەر و هەناردەکەری نەوتی دنیایە رۆژانە بە ٨ میلیۆن بۆشکە لە ئێستا دا. لەگەڵ ئەوشدا عەرەبستان زۆرترین عەمباری ژێر زەوی نەوتی خاوی هەیە لە جیهاندا .

سیاسەتی دەرەوە: عەرەبستان بە ئەکسەریەتی سونی ئەکتەرێکی دیاری رۆژهەڵاتی ناوەراستە،

ئیدۆلۆژی: عەرەبستان لانکەی لەدایک بوونی ئیسلامی وەهابیە( ئیسلامی توندرەو) دادەنرێت، لە گرینگترین پەرەستگاکانی جیهانی موسولمانان لە عەرەبستانن( مەککە و مەدینە).

**تواناى سەربازى: بوجەى سەربازى عەرەبستان ئەوەندە زۆرە کە عەرەبستانى بردۆتە ریزى چوارەم لە جیهاندا. لە ریزبەندەکەدا ئەمریکا یەکەم و روسیە دووەم و چین سێ یەم جێگایان گرتووە. لەلایەکى دیکەوە عەرەبستان یەکێکە لە هاوپەیمانە گرینگەکانى جیهانى رۆژ ئاوا.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕى کوردستان و کورد**

**٣ى فێبریوێرى ٢٠١٥**

# قەیرانی ئاو هەڕەشە لەئێران دەکات

## توێژینەوەیەک لەسەر کێشەی ئاو لە ئێراندا

ئاو مایەی حەیات و بەردەوامی ژیانە. ئاو هۆکاری سەرەکی دروست بوونی کۆمەڵگا و شارستانیەتی مرۆڤەکانە. ئەمرۆکە ئەو ئاوەی کە لەسەر سەوزییە هەمان ڕێژەی ئەو ئاوەیە کە لەسەرەتای دروست بوونی زەوی بوونی هەبوو و گۆرانێکی ئەوتۆی نەکردوە. ئەو سەرچاوە ئاویانە ٥،٤ ملیارد ساڵ پێش ئێستا دروست بوون. ڕێژەی ئاوی سەر زەوی ١٦٥٠ ملیۆن میتری چوارگۆشەیە، کە مرۆڤەکان تەنها دەتوانن ٣%(٥٠ ملیۆن متری چوارگۆشە) بەکار بێن کە ئاوی شیرینە لەو ڕێژەیە ٩٧% (١٦٠٠ ملیۆن میتری چوار گۆشە) ئاوی سوێرە کە مرۆڤەکان ناتوانن کەڵکی لێوەربگرن، لەو ٥٠ ملیۆن میتری چوارگۆشەی کە مرۆڤەکان دەتوانن راستەوخۆ کەڵکی لێوەربگرن تەنها ٢٢% ئاوی سەر زەوی و ٧٨ % ئاوی شیرن لە ژێر زەویە (بۆ زانیاری بەشی زۆری ئاوی شیرین لە سەر گۆی زەویی لە جەمسەری باکوور و باشووری زەوی بەشێوەی سەهۆڵ پارێزراوە).

لە سەدەی رابردوو بە زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوان و بەرزبوونەوەی ستانداردەکانی ژیان و هەروەها گەشەی ئابووری و گەشەکردنی پیشەسازی و کشتوکاڵ وای کردوە کە ڕێژەی بەکارهێنانی ئاو بە خێرایی روو لە زیادبوون بکات. لە کاتی ئێستادا ڕێژەی خواست لەسەر ئاو ٢٣٠% بەرامبەر بە سەدەی ١٩ زیادی کردوە کە زیادبوونی ئەو ڕێژەیە پەیوەندەی بە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان هەیە، ئەو وڵاتانەی کە ڕێژەی دانیشتوانیان بێ بەرنامە زیادی کردوە لە کاتی ئێستادا توشی کێشەی کەمی ئاو بوون، نموونە ئێران و میسر.

لە کۆنفرانسێک کە لە ژوانسبورگ لە ئەفریقای باشوور بەسترا، کێشەی بێ ئاوی لەسەر زەویان بە کێشەیەکی چارەسەر نەکراو هێنا ئەژمار کە لە داهاتوودا دەبێتە هەڕەشەیەکی جیدی بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵگای مرۆیی لە جیهاندا. بەپێی ئامارەکانی ئەو کۆنفرانسە لە کاتی ئێستادا ١ملیارد و ٢٠٠ ملیۆن نەفەر لەسەر زەوی دەستیان بە ئاوی شیرینی خاوێن را ناگات و ٢ ملیارد و ٤٠٠ ملیۆن نەفەر بێبەشن لە ئاوی خاوێن. لەبەیاننامەی کۆتایی کۆنفرانس کە روو بە کۆمەڵگای مرۆیی و وڵاتانی جیهانە دەڵێ» لە ساڵی ٢٠٢٥ ئەگەر کێشەکانی ئاوی شیرینی

خاوێن چارەسەر نەكرێن ئەوا ئەو كەسانەی كە دەستیان بەئاوی خاوێن راناگات دەگاتە ٤ ملیارد نەفەر»، لە بەشێكی دیكەی ئەو بەیاننامەیدا هاتووە «ئەگەر تا ساڵی ٢٠٢٥ كێشەكانی كەمیی ئاوی خواردنەوە چارەسەر نەكرێت ئەوا ٤ ملیارد و ٥٠٠ ملێۆن كەس ژیانیان دەكەوێتە مەترسییەوە.

ئەمرۆكە ئاو و سەرچاوە ئاوییەكان بەئاشكرا هاتوونەتە نێو دنیای سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە، هەوڵە نێو دەوڵەتییەكان بۆ رێكخستن و بە یاسایی كردنی ئاو و سەرچاوەكانی ئێستا باسێكی گەرمی نێو كۆرو كۆمەڵە نێودەوڵەتییەكانە، لە هەموو لایەكی جیهان دەنگۆی ئەوە هەیە كە ئاو جێگای نەوت دەگرێتەوە یاخود چەكی داهاتوویە بەدەست وڵاتانێك كە سەرچاوەیەكی زۆری ئاوی ژێر زەویان هەیە. لە سەدەی ٢١دا داواكاری لەسەر ئاو ٢٣٠% زیادی كردوە بە نیسبەتی سەدەی رابردوو هەربۆیە لە زۆربەی وڵاتان بۆ دابینكردنی ئاو و سەرچاوەكانی ئاو خراوەتە نێو بەرنامەی كاری حكوومەتەوە.

هەرچەندە ئاو مادەیەكە كە دەتوانرێ بەدەست بێتەوە، بەڵام وشكەساڵی چەندین ساڵە و رێژەی بوون بە هەڵم لەلایەك و لە لایەكی دیكەكەم كردن و دابەزینی ئاستی ئاوی شیرن و بەكارهێنانی وەك چەكێكی سیاسی لە دژی یەك وای كردوە كە جیهان و ئەو ناوچەی كە ئێمە تێیدا دەژین بكەوێتە مەترسییەوە.

نەوت تەنها سەرچاوەی سروشتی نیە، كە بۆ كوردەكان، ئێرانییەكان و عێراقییەكان گرینگ بێ، بەڵكوو ئاو یەكێكە لەو مادە سروشتیانەی كە لەناوچەكەدا بوونی هەیە، بەڵام بۆ كورد گرینگیەكەی چەندین بەرامبەر زیاترە ئەویش لەبەر ئەوەی بەشێكی بەر چاولە سەرچاوە ئاوییەكانی رۆژهەڵاتی ناوڕاست بەتایبەتی لە رۆژهەڵات و باشوور و باكووری كوردستانن كە گرینگیی كوردستان چەندین بەرامبەر زیاتر دەكات.

لەو وڵاتانەی كە بەبەرنامە ویستوویەتی فشاری كەم ئاوی لەسەر خۆی لابەرێ حكوومەتی عێراق بووە، حكوومەتی عێراقی پێشوو توانی لە ماوەیەكی كەم دا لەسەر زۆربەی رووبارە بچوك و گەورەكانی نێو عێراق یاخود ئەوانەی كە سەرچاوەكانیان ئێرانە و توركیەیە بەنداو دروست بكات و بۆماوەیەكی زۆر ناوچە بیابانیەكانی عێراق لە لەناوچوون رزگار بكات. بەپێی هەندێك سەرچاوە د. عەبدولڕەحمان قاسملوو لە دارێژەرانی ئەو بەرنامەیە بوو كە عێراق بە دروستكردنی بەنداو لە هەڕەشەی دراوسێكانی رزگار بكات، د. قاسملوو یەكێك لەو راوێژەكارە ئابورییانە بوو كە لە بەغدا لە سەرەتای ساڵانی ١٩٧٠ بۆ باشتر كردنی وەزعی ئابووری عێراق و كێشەی ئاوی عێراق

راوێژکاری عیراقییەکان بوو. (سەرچاوە: د. عیزەدەین مستەفا رەسووڵ، سمیناری یادی قاسملوو لە زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٥).

## ئایا ئێران دەبێت بە بیابان!

ئەگەر تا دوێنی وشک بوونی بەنداو و گۆلەکان لە ئێران بوون بە کێشە، ئێستا پەیدا کردنی ئاوی خواردنەوە بۆ شارە گەورەکان بۆتە کێشە و بەرۆکی حکوومەتی ئێرانی گرتووە. بۆ نموونە بەنداوی «زاینده رود» کە ئاوی شارەکانی پارێزگای فارس و شاری ئیسفەهان دابین دەکات، لەساڵی ١٣٩٢ بە رێژەی ٤٤% کەمی کردوە و تەنها ١٠% لە بەنداوەکە ئێستا ئاوی تێدایە.

ئێران ٨ ساڵە چۆتە قۆناغی وشکە ساڵی درێژ خایەن. لێکۆڵەرەوانی سەر بە رێکخراوی نێودەوڵەتی فاو دەڵێن کە وشکەساڵی ئیران ٣٠ ساڵی دیکە درێژەی دەبێت، کەمیی باران و کەم بوونی ئاوی ژێر زەوی لە ئێراندا لەوانەیە ئێران بکاتە بیابان و وەک وڵاتانی سومالی و سودانی لێ بێت.

## مەترسیی کەم ئاوی

بە پێ ئاماری ساڵانەی وەزارەتی وزەی ئێران ٣٧ ملیۆن ئێرانی لەژێر هەرەشەی کەمیی ئاو دان، یانی نیوەی حەشیمەتی ئێران لە ژێر هەرەشەی کەمی ئاو دان. مەترسیی کەمی ئاو لە پارێزگاکانی ناوەندیی ئیران (تاران، ئیسفەهان، شیراز و مەشهەد) بەتەواوی فشاری هێناوە بۆسەر ژیانی خەڵک، وەزارەتی وزەی ئێران دەڵێ ئەگەر پێشگیری نەکرێت لە بەفیرۆدانی ئاو ئەوا تا هاوینی ساڵی داهاتوو ئەو ٣٧ ملیۆن ئێرانییە دەبێ بە سەهمیە بەندی ئاویان پێ بدرێت.

سەرچاوەکانی ئاو لە ٢٤ پارێزگای ئێران باش نیە و لە خەتی سوری کەم ئاوی تێ پەڕاندە و تەنها لە ٧ پارێزگا کێشەی کەمیی ئاو نیە، کە ئەو پارێزگایانەی دانیشتوەکانی کوردن لەو ٧ پارێزگایەن کە کێشەی کەمی ئاویان نیە. لە لایەکی دیکەوە سەرچاوەکانی ئاوی رۆژهەڵاتی کوردستان لە داهاتوویەکی نزیک دا دەبنە چەکی کاریگەی ئەو پارێزگایانە دژی پارێزگا ناوەندییەکان. کەمیی ئاو لە پارێزگاکانی ئێران وایکردوە کە خەڵک بۆ

بەدەستهێنانی و پاراستنی سەرچاوە ئاوییەکانی خۆیان شۆڕشیان کرد، ساڵی ۱۳۹۱ خەڵکی ئیسفەهان هێرشیان بۆ پرۆژەی بەرێکردنی ئاوی رووباری زاینده رود کرد کە ئاوی ئەو رووبارەی بۆ شاری یەزد دەگواستەوە.

## عەمبارەکانی ئاو لە ئێراندا

بەنداوە ئاوییەکانی ئێران تەنها ۳۰% ئاویان تێدایە، لە رووبەری تالابەکانی ئێران ۵۸% وشک بوون و رووبەرە وشک بووەکانیان بۆتە خوێ و بیابان کە لە ئەو بیابانانە سەرچاوەی تۆزو خۆڵی چەند ساڵەی ئێران و ناوچەکە بوون، کە سەرچاوەی زۆر نەخۆشی بوون بۆ خەڵکی ناوچەکە. ٦٥٠٠ گوند لە ئێراندا سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەیان نیە، ئەو گوندانە لە ناوچە دووردەستەکانڕا بە تانکێر ئاوی خواردنەوەیان بۆ دەچێ.

## کێشەی ئاو لە ئێراندا چیە؟

لەسەردەمی ئیمپراتۆری مادەکانەوە تا نزیک بە ۳٦ ساڵ لەوەپێش هیچ زیادەڕۆییەک لە بەکارهێنانی ئاو لە ئێران دا نەکراوە، تەنیا لەماوەی ۳٦ ساڵی رابردوودا واتە لەسەردەمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا ۱۲۰ ملیار میتری چوارگۆشە لە ئاوە شیرنەکانی ژێر زەوی کە هەزاران ساڵە دەستیان لێ نەدراوە بەکارهاتووە، ئەو رێژەیە ۷۵% ئاوی شیرنی ژێر زەویی ناوچەکە بووە. حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران تەنها لە ۸ ساڵی رابردوودا ۷۵ ملیارد میتری چوارگۆشە ئاوی بەکارهێناوە. لەراستیدا ئەو کارە یانی تالانکردنی سروشت. حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لەرۆژی هاتنەسەرکاری دەستی کرد بە پرۆژەی زیادکردنی حەشیمەت بێ ئەوەی لەئاکامە خراپەکانی داهاتوو ئەو زیادکردنە بکۆڵێتەوە.

کاتێک کە حکوومەتێک پرۆژەی بۆ زیادکردنی حەشیمەت دەبێت، دەبێ لە فکری ئەوەشدا بێت کە ژیانێکی ئاسوودە بۆ ئەو حەشیمەتە بدۆزێتەوە. لەکاتی ئێستادا حەشیمەتی ئێران بەشێوەیەک زیادی کردوە کە حکوومەت ناتوانێ تەنها بچوکترین پێداویستییە سەرەتاییەکان دابین بکات، ئاوی خاوێن یەکێکە لە سەرەتایترین پێداویستیەکانی مرۆڤ کە لە ئێراندا خەریکە دەبێتە شتێکی گرانبەها.

لە ستانداردی جیهانی هەر وڵاتێک ساڵانە تەنها ۲۰% ئاوی ژێرزەوی خۆی بەکاردەهێنێت، ئەگەر وڵاتێک بتوانێ

لە ٢٠% تا ٤٠% بەشێوەیەکی بەرنامە دارێژراو بەکار بهێنێ ئەوا کێشەی کەمیی ئاو روونادات، بەڵام ئەگەر لە ٤٠% زیاتر بێت ئەوا دەبێ چاوەڕاونی کێشەی گەورە بن لە سەرچاوەکانی ئاو. لە جیهاندا تەنیا ٢ وڵات لەسەرووی ٤٠% ئاوی ژێر زەوی خۆیان بەکار دەهێنن، یەکەم وڵاتی میسر بە ٤٦%  و ئێران بە ٥٨% ئاوە ژێرزەوییەکانی خۆیان بەکار دەهێنن، ئەوەی کە ئێران ٥٨%ی ئاوی ژێرزەوی و ئەنبار کراوی خۆی بەکاردەهێنێت، یانی ئەوەی کە لە چەند ساڵی داهاتوودا بەشێکی زۆری خاکی ئێران ویشک دەبێت و دەبێتە بیابان.

کێشەی ئاو لە ئێراندا هێڵی سووری تێپەراندواە، ئێران نیوەی ئاوی پێویستی خۆی لە ئاوی ژێرزەویی وەردەگرێ، بەڵام خێرایی بەکارهێنانی ئاوەکە چەندین بەرامبەر زیاترە لەو خێرایەییەی کە سروشت پێویستی پێیەتی پڕی بکاتەوە، ئەگەر بەم شێوەیە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بێ بەرنامە ئاوی ژێر زەویی بەکار بێنێ بۆ چارەسەری کێشەکانی کەم ئاوی ئەوا بە پێ پێش بینییەکانی ئاژانسی ژینگەی جیهانی تا ٤٠ ساڵی دیکە ١٢ پارێزگای ئێران دەبن بە بیابان و کەس ناتوانی ژیانیان تێدا بکات.

یەکێک لە شانازییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دروستکردنی بەندایی ئاوییە، سیاسەتی دروستکردنی بەنداو بۆ کۆکردنەوەی ئاو لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران فشارێکی زۆر دەهێنێ بۆ ئاوی رووبارەکان و دەریایەکان، بۆ نموونە دروستکردنی بەنداو لەسەر ١٣ رووبار کە ئاوی گۆلی ورمێ دابین دەکەن بۆتە هۆی ئەوەی کە ئاوی گۆلی ورمێ ٧٠% کەم بکات و ئاکامەکەی بۆتە هۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆری ناوچە وشک بێت و ببێتە هۆی گێژەڵووکەی خوێ و خۆڵ. هەربۆیە دەتوانین بلێین سیاسەتی دروستکردنی بەنداوی ئاوی لە ئێراندا شکستی خواردوە.  گۆلی ورمێ لەکات و ساتی ئێستادا  پێویستی بە ٣٠٠٠ ملیارد میتر چوارگۆشە ئاو هەیە، کە ئەو ئاوە لە پشتی ئەو ١٣ بەنداوەکەی ئێران سازی کردوە کۆکراوەتەوە، لەگەڵ بەردانەوەی ئەو ئاوانە بۆ ناو گۆلی ورمێ ئەوا بەشێک لە کێشەی گۆلی ورمێ چارەسەر دەبێ. بەڵام لەلایەکی دیکەوە کێشەیەکی دیکە یەخەی کۆماری ئیسلامی ئێران دەگرێ ئەویش لەبەین چوونی نزیک بە ٢٠٠ هەزار کەسب و کار (سەرچاوە: ناوەندی لێکۆلینەوەی ستراتیژی ئێران) کە ئەوە وادەکات کە بە میلیۆنان کەس لەوناوچەیە بێ کار بن و هەر ئەوەشە وایکردوە کە ئێران ناوێرێ بەخێرایی کێشەی گۆلی ورمێ چارەسەر بکات.

پلان و نەخشەی دروستکردنی بەنداوی ئاوی لەسەر رووبارەکانی زێی بچوک و رووباری ئەلوەند، بۆتە یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی نێوان ئێران و عێراق.

لەسالانی رابردوو دا کە رێژەی باران بارین لە ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست بەرێژەیەکی بەرچاو کەمی کردوە، بەهۆی کەمیی ئاوی ژێر زەوی و بوونی ناوچەی ویشک لە بەشێکی زۆر لەولاتانی ناوچەکەدا، لە ئێستادا و لە داهاتوویەکی نزیک چاوەڕاونی کارەساتێکی ژینگەیی و مرۆیی دەبین.

ئێران لەو نێوەدا پشکی شێری بەرکەوتووە، لە جوغرافیای ئێراندا هەرچەند ناوچەی شاخاویی و سەرسەوز هەیە بەلام بەشێکی زۆری خاکی ئێران ویشکارۆیە و ئەگەر ساڵێک باران نەبارێت یان کەم ببارێ ئەوا ناوچەکانی ناوراست و خواری ئێران تووشی کارەساتی ژینگەیی و مرۆیی دەبین، هەر وەک لە کاتی ئێستادا دوای ئەوەی کە ئێراندا لەماوەی ٨ ساڵی رابردوودا گرفتی کەمی ئاویی هەیە و بارانیش بەرێژەی پێویست نەباریوە بۆیە ترسی ئەوە هەیە لە چەند ساڵی داهاتوودا بەشێکی زۆری خاکی ئیران ببێتە بیابان، بەپێی ناوەندی کەش ناسی ئێران لەساڵی ١٩٩٣ نێونجی باران بارین ٢٠% کەمترە لە ساڵی پار، بۆیە چاوەڕێ دەکرێ هاوینێکی ویشکتر چاوەڕێی ئێرانییەکان بێت.

دابەشنەکردنی یەکسانی سەرچاوە ئاوییەکانی ئێران، بەرێوەبردنی ناسەرکەوتوو لە بواری ئاو، بەفێڕۆدانی ئاوی خواردنەوە، کەمیی باران بارین، زۆر بوونی رێژەی بوون بە هەڵم، گێژەلووکەی تۆز و خۆڵ، بەهەدەرددان و کەڵکی خەراپ وەرگرتن لە ئاوە ژێر زەوییەکان و پیس کردنیان، بەگشتی کێشە سەرەکییەکانی ئاو و سەرچاوەکانیەتی لە ئێران دا.

## وەزعیەتی ئێستای ئاو لە ئیراندا

ئێران لە ناوچەی نیوە ویشکی رۆژهەلاتی نێوەراست هەڵکەوتووە، کە بەرووبەری ١٧٥ میلیۆن میتری چوارگۆشەی داگیرکردوە. ٥٢% لە رووبەی ئیران، لە کێوو بیابان پێکهاتووە.

ئێران لە یەکێک لە وشکترین ناوچەکانی جیهان هەڵکەوتووە، نێونجی رێژەی باران بارین لە ساڵدا ٢٥٢ میلیمیترە. ئەو رێژەیە یەک لەسەر سێ جیهانە( نێونجی رێژەی باران بارین لە جیهاندا ٧٥٦ میلیمترە لە ساڵدایە). لە کاتی ئیستادا ١٧٩ میلیمیتر، لە ٢٥٢ میلیمیتر لە ئاوی باران، یانی ٧١% دوای باران دەبێتەوە بە هەڵم. نێونجی بوون بە هەڵم لە ئێراندا، لە نێوان ١٥٠٠ میلیمیتر یان ٢٠٠ میلیمیترە لە ساڵدا ئەو رێژەیە یەک

لەسەر ڕێژەی جیهانییە. ڕێژەی بوون بە هەڵم لە ناوچە کوێستانییەکانی ئێران ٢٠ ملیمیترە و بە پێچەوانەوە لە بیابانەکان ٢٠٠٠ میلیمترە لە ساڵدا. دوو لەسەر سێ جوگرافیای ئیران کەمتر لەو ڕێژانە بارانیان تێدا دەبارێ. سەرچاوەیی سەرەکی ئاوی ئێران باران و بەفرە. کە ٧٠ لەسەدی باران و ٣٠ لەسەدی بەفر پێکدێت.

ڕێژەی بەدەست هاتوو لەساڵدا لەئاوی باران ٤١٧ میلیارد میتری چوارگۆشەیە، بەڵام کێشەکە لەوەیدا ڕێژەی بوون بە هەڵم لەو ئاوەی کە دەبارێ، لە ئێراندا زۆرە؛ ٧٢%  دەبێتەوە هەڵم، واتە ٢٩٩ میلیارد میتری چوارگۆشە، هەروەها ٩٢ میلیارد میتری چوارگۆشە لەسەر زەوی بلاودەبێتەوە و ٢٥ میلیاردیش لە ئاوی باران دەچێتەوە ژێرزەوی، کە ئەگەر ئەو ژمارانە لە ڕێژەی ئەسلی باران بارین و بەفر لابەرین، واتە ٤١٧ میلیارد میتری چوارگۆشەیە، ئەوا تەنیا ١١٧ میلیارد میتری چوارگۆشە ئاو دەمێنێتەوە لەیەک ساڵدا. لەگەڵ ئەو ڕێژەیە ١٣ میلیارد میتری چوارگۆشەش لە دەرەوەی سنورەکانی ئیران دێتە نیو جوگرافیایی ئێرانەوە.

ڕێژەی ئاوی خواردنەوە لە ئیراندا ١٣٠ میلیارد میتری چوارگۆشەیە، لە کاتی ئاساییدا ٢٩ میلیارد میتری چوارگۆشە لەئاوی خواردنەوە لەکاتی بەکار هێناندا دەگەرێتەوە بۆ ژێر زەویی، بە زیادکردنی ئەو ئاوە لەگەڵ ئاوی (شیرین) خواردنەوەی ئێراندا، ئەوا دەکاتە ١٥٩ میلیارد میتری چوارگۆشە. کە لەو ١٥٩ میلیاردە ئاوە  ٨٢ % دەتوانرێ وەک ئاوی شیرین بەکار بێ و ١٨ لە سەدی دەبێتە ئاوی گەڕاوە بۆ نێو سروشت. ڕێژەی ئەو ئاوەی کە لە ئێران را دەچێتە نێو دەریا و، یاخود دەچێتە نێو خاکی وڵاتانی دیکە ٩،٥٥ میلیارد میتر چوارگۆشەیە لەساڵدا.
ڕێژی زیادکردنی حەشیمەتی لە ئێراندا زۆرە، بەپێ ئامارە رەسمییەکان ژمارەی دانیشتوانی ئێران لە ساڵی(٢٠١٤) ١٣٩٢نزیک بە  ٧٨میلیۆن کەس بووە کە بە بەراورد بە ٢٥ ساڵ لەوەپێش دوو بەرامبەر بووە و، هەروەها گۆانێکی نەوعی رویداوە لە دانیشتوانی شار و دێدا.

بەپێ ئامارەکانی ناوەندی ئاماری ئێران پێش شۆرشی گەلانی ئێران، ڕێژەی حەشیمەتی گووند بەبەراورد لەگەڵ شارەکان ٤٠/٦٠ بووە، واتە  پێش ساڵی (١٩٧٩)١٣٥٧ بەشی زۆری حەشیمەتی ئێران لە دێیەکان نیشتەجێ بوون، بەلام بە پێچەوانەوە لەکاتی ئیستادا ئەو ڕێژەیە پێچەوانە بۆتەوە و بەپێ ئامارەکان لە ساڵێ ١٣٨٥(٢٠٠٦) ڕێژەی دانیشتوانی دێیەکان ٣٩ لەسەدی حەشیمەتی ئێران بووە و بە پێچەوانەوە ٦١ لەسەدی حەشیمەت لە شارەکان نیشتەجێن. لە سەرەتایی ساڵانی ١٣٦٩ (١٩٨٩)  دوای تەواوبوونی شەری نێوان عێراق و ئێران، کە ئاکامەکەیی بووە هۆی وێرانییەکی زۆر لەئێران و هەروەها لەنێوچوونی بناغە ئابوورییەکانی ئیران ، خەڵکی

ناچارکرد لە دێیەکانەوە کۆچ بکەن بۆ شارەکان، ئەو کۆچکردنە بەشێوەیەک بووە لە نێوان ساڵانی ١٣٦٨ تا ١٣٧٢ ڕێژەی خەڵکی شار لە ٤٧ % گۆڕا بۆ ٥٨ % تەنها لە ماوەی ١٠ ساڵدا. ئەم کۆچکردنە کاریگەری راستەوخۆی هەبوو لەسەر کێشەی ئاو لە ئێراندا. ئەو ئاوەی لە رابردوودا بۆ کشتوکاڵ بەکار دەهات، ئێستا بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ شارەکان بەکاردێ.

زیادکردنی حەشیمەت، دیاردەی شارنیشینی، زیادبوونی جموجۆلی پیشەسازی و کشتوکاڵی لە ئێرانێکی کەم ئاودا بۆتە سەرئێشەی تازەی ئێران و چاوەڕوان دەکرێ ئێران لە٣٠ ساڵی داهاتوودا بەهۆی وشکەساڵی؛ یەک بەداویەکەکانیدا وەک سۆماڵی و سودانی لێبێت.

بە پێی ئامار، لە ساڵی ١٩٦٣ (١٣٤٢) ٤ ملیارد میتری چوارگۆشە لە ئێران ئاو بەکارهاتووە، بەڵام دوای ٣٠ ساڵ واتە لەساڵی ١٩٩٣(١٣٧٢) ئەو ڕێژەیە بووە بە ٨٣ ملیارد میتری چوارگۆشە، واتە لەماوەی ٣٠ ساڵدا پێویستی ئاو لە ئێراندا ٢٠ بەرامبەر زیادی کردوە، هەر بە پێی ئەو ئامارە لەساڵی ٢٠٠٦ (١٣٨٥) ڕێژەی ئاوی بەکارهاتوو زیادیکردوەو بووە بە ٩٤ ملیارد میتری چوارگۆشە لە ساڵدا.

## کێشەکانی دیکەی ئاو لە ئێراندا بریتین لە:

بەکارهێنانی بێبەرنامە ئاو و هەروەها بەکارهێنانی بەربڵاوی ئاوە ژێرزەوییەکان بۆ کشتوکاڵ، لەگەڵ ئەمانەشدا پیسکردنی ئاو شیرین و هەرەوها زیادبوونی ڕێژەی خوێ لە ئاو و خاکدا، کێشەکانی دیکەی بەردەم ئاون لە ئێراندا.

لە ئێراندا ٨٣ ملیارد میتری چوارگۆشە ساڵانە ئاو بەکار دێت بۆ کشتوکاڵ، واتە ٩٢% ئاو لە ئێراندا، کە لەو ڕێژەیە ٥٠% ئاوەکانی سەرزەوی دابینی دەکەن و ٥٠% لە ژێر زەوی دەردەهێنرێ. لە لیستی وڵاتانی بەکارهێنەری ئاو بۆ کشتوکاڵی، ئێران لەریزیی ٩هەمی لیستەکەدا جێگەی گرتووە، خوارتر لە چین و پاکستان و مکزیک،.. کشتوکاڵ یەکێکە لە گرینگترین سەرچاوەکانی ئابووری لە ئێران، بەڵام هەنووکە بەهۆی کەمی ئاو لەئێران کشتوکاڵی کەوتۆتە مەترسییەوە.

ڕێژەی بەکارهێنانی سەرچاوە ئاوییەکان لە ئێران، لە ساڵی ١٣٩٢ (٢٠١٣) لە خشتەی ژێرەوە بەروونی نیشان دراوە کە ئێران لە ساڵدا چەند و چۆن ئاو بەکار دەهێنێ.

بەشەکان ڕێژەی بەکارهاتوو (ملیارد میتری چوارگۆشە) ڕێژەی سەدی

| | | |
|---|---|---|
| کشتوکاڵ | ٨٢/٥ | %٩٣/٢٢ |
| ئاوی خواردنەوە | ٥/٦ | %٦/٣٢ |
| پیشەسازی | ٠/٠٣ | %٠/٠٣ |
| ئەوانی دیکە | ٠/٣٧ | %٠/٤٣ |
| کۆ | ٨٨/٥ | %١٠٠ |

لە ئێران ١/١ میلیار میتری چوارگۆشە ئاو لە بەشی کانگە و، ٥/٤ میتری چوارگۆشە ئاو لە شار و دێیەکان بەکاردێ. ٥٤% ئاوی بەکارهاتوو لە کانگەکان و، ٦٨ %لە ئاوی بەکارهاتوو لە ماڵان، لە ئاوی ژێر زەوی دابین دەکرێ. ڕووبەری زەوییە کشتوکاڵییەکانی ئێران، نزیک بە ٥,٣٥٠,٠٠٠ دۆنمە، کە دەکاتە ٣٢/٨ % ڕووبەری هەمووی ئیران. لە ٢٥ ساڵی ڕابردوودا ئەو زەویانەی کە کشتوکاڵیان لەسەر دەکرێ بوون بە دوو بەرانبەر. لەبەر بێبەرنامەیی و گوێنەدانی جووتیاران، ٧٥% ئەو ئاوەی کە بۆ کشتوکاڵ و ئاودێری بە کاردێ ڕاستەوخۆ لەبەیین دەچێ. ئەوەش ڕاست بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ٩٠% کشتوکاڵ و ئاودێری لە ئێران هەر بەشێوەی کۆن و سونەتی بەڕێوە دەبردرێ.

ئاودێری بەشێوەی سەقەت و کۆن، ساڵانە نزیک بە ٤٠٠ هەزار دۆنم، خاکی کشتوکاڵی ئێران لە بەین دەچێ. هەر ئەوەش وایکردوە ساڵانە یەک میلیۆن دۆنم بە ڕووبەری بیابانەکانی ئیران زیاددەبێ.

لە ١٥ ساڵی ڕابردوودا هەوڵدراوە بە دروستکردنی بەنداوی تازە، زەوییە کشتوکاڵییەکانیش زیاد بکرێ، بەڵام ئەو چارەسەرە لەباتی قازانج، زەرەری هەبووە بۆ کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان، ئەو ئاوەی لە ئێران لە بەنداوەکان کۆدەبێتەوە نزیک بە ٢٥ میلیارد میتری چوارگۆشەیە، ئەو ئاوە لەڕاستیدا پێویستە بەشێوەی سروشتی بچێتە نێو ڕووبار و مێرگەکانەوە، بەهۆی ئەوەی کە بەبەرنامەی سەقەت بەنداوەکان دروست دەکرێن، هەر ئەمەش دەبێتە

هۆی ئەوەی زەوییەکشتوکاڵییەکانیش لە بەین بچن و لەبەرامبەردا گۆل و مێرگەکانیش وشک ببن. لەگەڵ ئەوەیدا لە نێوان ساڵانی ١٩٩٠ تا ٢٠٠٠دا ٧ بەنداوی گەورە لە ئێران سازکراون، بە ڕێژەیەکی زۆر کەڵک لە ئاوی ژێر زەوی وەرگیراوە، بەڵام بە پێچەوانەوە ژمارەی زەوییە کشتوکاڵییەکان زیادی نەکردوە.

بەپێی ئاماری ناوەندی خۆراکی جیهانی WFP، حەشیمەتی ئێران لەساڵی ٢٠١٥ پێویستیان بە ١٠٠ میلیۆن تۆن خواردن هەیە . لەگەڵ ئەوەشدا بۆ پەیداکردنی ئەو خواردنە و بەردەوامی ژیان، ئێران پێویستی بە نزیک بە ١٣٠ میلیار میتری چوارگۆشە ئاو هەیە، لە کاتی ئێستادا ئێران کەمی ئاویی هەیە، بۆیە چاوەروان دەکرێ لەساڵی داهاتوودا بەهۆی کەمی باران و بەفر، لە ئێران هەم وەزعیەتی ئاو بەرەو خەراپتر بڕوا و هەمیش وەزعیەتی مادە خۆراکییەکان روو لەکەمی بدا. بەپێی ئاماری بانکی جیهانی؛ ئێران لە ساڵی ٢٠٢١ پێویستی بە ١٥٠ میلیار میتری چوارگۆشە ئاو هەیە بۆ گوزەرانی ژیان، کە ئەو ڕێژەیە ١٥% زیاترە لەو ئاوەی کە ئێستا لە نێوخاکی ئێراندا بوونی هەیە.

## بەڕێوەبردنی هەرێمە ئاوییەکان و گواستنەوەیان لە ئێران

سەرچاوە ئاوییەکان لەئێراندا بە سەر ٦ هەرێمی سەرەکیدا دابەش دەبێ، هەرێمی دەریایی خەزەر لە باکوور، هەرێمی کەنداوی فارس و دەریایی عمان لە باشوور، هەرێمی گۆلی ورمێ لە رۆژئاوا ( ئەم ناوچەیە رۆژهەڵاتی کوردستانە)، هەرێمی ناوەندنی؛ کە زۆرتر پارێزگاکانی ناوەند دەگرێتەوە، هەرێمی رووباری هاموون لە رۆژهەڵات و هەرێمی سەرخەس، لە باکووری رۆژهەڵاتی ئێران.

## سەرانەی ئاو لە ئێران...

لە توێژینەوەک کە ناوەندی ژینگەی جیهانی لە سەر ئاو و سەرچاوەکانی لە ساڵی ١٩٩٤ بڵاویکردۆتەوە، بە لەبەر چاوگرتنی حەشیمەتی ئەوکاتی ئێران، بۆ هەر کەسێک لە ساڵدا ٢٠٠٠ میتر چوارگۆشە ئاو دیاریکراوە( ئەو ژمارەیە نێونجی ئێرانە)، بەڵام ١١ ساڵ داوی ئەو توێژینەوەیە، واتە لەساڵی ٢٠٠٥ بۆ هەر کەسێک لە ئێران تەنیا ١٠٠٠ میتر چوارگۆشە ئاو هەبووە. ئەو ڕێژەیە نیشاندەری ئەوەیە کە بەزیادبوونی حەشیمەت و گەورەبوونی قەبارەی شارەکان، هیچ گۆرانێک لە سەرچاوە ئاوییەکاندا روویندداوە.

هەر بەپێ ئەو توێژینەوەیە کاتێک کە ئیران دابەش کراوە بۆ ٦ هەرێمی ئاوی، ئەوا رێژە و سەرانەی هەر هەرێمێکیش بەجیا باسی لەسەر کراوە، دەبینی نایەکسانیەکی تەواو هەیە لەناوچەکانی ئێراندا لە رێژەی سەرانەی ئاودا، هەرێمی ئاوی خەزەر لە باکور بۆ هەرکەسێک لە باکووری ئێران بڕیت ٢٢٦٥ میتر چوارگۆشە ئاو هەیە، بۆ دانیشتوانی هەرێمی گۆلی ورمێ ١٤٣٠ میتر چوار گۆشە ئاو بۆ هەر کەسێکە، هەرێمی کەنداوی فارس و باشوری ئیران ٤٥٤٥ میتر چوار گۆشە ئاو بۆ هەر کەسێکی دانیشتوی ئەو ناوچەیە دیاریکراوە، بەڵام لە بەشی ناوەندی بۆ هەر کەسێک ١١٩٠ میتر چوارگۆشە ئاو دانراوە، بەڵام بەنیسبەتی دوو هەرێمی رۆژهەڵاتی ئیران تەواو پێچەوانە دەبێتەوە و لەو هەرێمانەدا ٩٨٧ میتر چوارگۆشە ئاو بۆ هەرێمی روباری هامون و ٨٧٠ میتر چوارگۆشە ئاو بۆ هەرێمی سورخەس دانراوە.

بەراوردی بە کارهێنانی ئاو لە ئێران و جیهان

| | پیشەسازی | کشتوکاڵ | بەکارهێنانی دیکە |
|---|---|---|---|
| جیهان | ٢٠٪ | ٧٠٪ | ١٠٪ |
| ئێران | ٦٪ | ٩٢٪ | ٢٪ |

ئاکام:

بەرێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو لە ئێران هیچکات لە بەرنامەی دەوڵەت دانەبووە، هەمیشە کێشەی ئاو وەک کێشەیەکی لاوەکی سەیری کراوە، کاتێک کە کێشەی کەمی ئاوی لەپڕدا سەر هەڵدەدا حکوومەتی کۆماری ئسیلامی ئێران هیچ ئامادەیەکی نییە بۆ بەربەرەکانی ئەو کێشەیە. زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان، ویشکەساڵی، کەم بوونەوەی بارینی باران و بەفر، خۆڵ و خوێ بارینی ئەو چەند ساڵەی رابردوو، نە تەنیا لە نێوخۆی ئێران بۆتە دەردەسەریکی بنەڕەتی، بەڵکو کێشەی ئاو بۆتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی نێوان ولاتانی هاوسێ ئیران، هەر بۆیە پێشبینی دەکرێ ئاو ببێتە کێشەیەکی گەورە لەداهاتوویی ئێراندا.

بە بچوکبوونەوەی گۆلی ورمێ، کە سێیەمین گۆلی سوێریی جیهانە و گەورەترین گۆلی خوێ رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە،

کێشەی ئاو لە ئێراندا چووە قۆناغێکی نوێوە. بچووکبوونەوەی گۆلی ورمێ رۆژبەرۆژ بەهۆی کەمی ئاو و شکستهێنانی پرۆژەکانی رزگارکردنی ئەو گۆلە لە لایەن حکوومەتەوە، بووە بەهۆی ئەوەی کە کێشەیەکی گەورەی ژینگەیی بەرۆکی باکووری رۆژئاوایی ئێران بگرێ. توێژەران پێیان وایە چارەنوسی گۆلی ورمێ وەک گۆلی ئارالی لێدی، کە لە ئۆزبەکستان هەڵکەوتوە، گۆلی ئاراڵ سەردەمی خۆی سێیەم گۆلی گەورەی سوێری جیهان بوو، حکوومەتی یەکیەتی سۆڤییەت لە دەیەی ٦٠ی زایینیدا رێڕەوی دوو رووباری ئەو گۆلەی گوێزتەوە و هەر ئەوەش بووە هۆی وشکبوونی ئەو گۆلە گەورەیی جیهان، بەپێی زۆربەی زانیارییەکانی کە ئێستا لە بەر دەست دایە دەبێ ئێران چاوەڕێی کارەساتێکی ژینگەیی گەورە بێ، دوایی لەبەین چوونی گۆلی ورمێ.

لەچاوی حکومەتی کۆماری ئیسلامی کێشەی ئاو لە ئیراندا زۆرتر کێشەیەکی ئەندازیاریە تا سیاسەت و بەڕێوەبردن. حکوومەت چۆن چاو لە ئەندازیارێکی کشتوکاڵ یان ئەندازیارێکی ئاو دەکا؛ ئاواش چاو لە کێشەی ئاو دەکا لە ئیراندا. بۆ نموونە لە بەشی نەوت و گازدا ئەندازیاری نەوت هەیە؛ کە کاری دەرهێنان و پالاوتنە، بەڵام لایەکی دیکەی قەزیەکە " دیاریکردنی سیاسەتی وزەیە" کە هیچ پەیوەندی بە ئەندازیاری نەوتەوە نیە، چونکە دوو شتی لێک جیاوازن، بەنیسبەتی ئاوەوە رێک هەمان هاوکێشەیە، ئەندازیاری ئاو کاری دیاریکردنی سیاسەتی درێژخایەنی ئاو نیە و، ئەوەی سیاسەتەکە دیاری دەکا دەبێ کەسی شارەزا بێ لەوبوارەدا، بەلام بەداخەوە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک زۆربەی بوارەکانی دیکەی ژیانی خەڵکی لە ئێراندا، لەباتی گرتنەبەری رێگەچارەسەر تەنیا پشت بە سیاسەتە غەلەتەکانی خۆی دەبەستێ بۆ چارەسەری کێشەکانی خەڵکی ئیران.

سەرچاوە:

١- رۆژنامەی واشگتۆن پۆست
٢- ویکپیدیایی ئازاد – قەیرانی ئاو لە ئێراندا
٣- رۆژنامەی دنیای اقتصاد
٤- ماڵپەری BBC (آینده بسیار تاریک ذخایر آب در ایران - نگرانی از کمبود آب در ایران)
٥- ناوەندی ئاماری ئێران
٦- ماڵپەری سازمنای خۆراکی جیهانی ( WHO)
٧- کۆمەلێک بابەت و ماڵپەری پەیوەندار بە کێشەی ئاو لە ئێران

* بەکالۆریس  لە ئابوری و بەڕێوەبردن

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٥٢

١٩ی مارچی ٢٠١٥

# ریفراندۆمی حیزبی دێموکرات و ریفراندۆمی کۆماری ئیسلامی!

کاتێک شۆرشی گەلانی ئێران لە سەرەتاکانی ساڵی ١٣٥٧ دەستی پێکرد (هەرچەندە راپەرینی ساڵی ١٣٥٧ پێشینەیەکی پێشتری هەبوو بەڵام دەتوانین سەرەتاکانی ١٣٥٧ بە دەستپێکی ئەو شۆرشە دابنێین و کە کۆتایەکەی بووە هۆی رووخانی رێژیمی پاشایەتی لە ئێران و هاتنەسەر کاری رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران یاخو هەروەک ئایەتوڵلا خومەینی لە نوتقی خۆی لە ١٢ی خاکەلێوەدا گوتی: «ئەوە »یەکەمین دەوڵەتی خودایە کە دادپەروەری دادەمەزرێنێ، پاشایەتی تێک دەشکێنێو دەیخاتە نێو زبڵدانی مێژوو».

لە سەردەمی رێژیمی پاشایەتی لە ئێراندا کوردەکان وەک یەکێک لەنەتەوە دابەشکراوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمیشە لە ژێر زەبروزەنگ دابوون، لەوکاتەوەی کە کوردەکان یەکەمین راپەرینە ناسیۆنالیستیەکانیان لە کوردستانی ئێران دەستپێکرد حکوومەتە پاشایەتیەکانی زاڵ بەسەر کوردستاندا، بی ئەوەی لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو شۆرشانە بپرسن، بێ ئەملاولا، راپەرینەکانیان بە هێزی سەربازی سەرکوت دەکرد. ئەو سەرکوت و زەبرو زەنگەش دوای سەرکەوتنی گەلانی ئێران بەسەر رێژیمی پاشایەتی دا هەر بەردەوام بووە، نەک کەمی نەکردوە بەڵکو رۆژ بەرۆژ لە زیادبوونیشدا بووە.

رێکەوت ١١ی رەشەممەی ١٣٥٧، شوێن مەهاباد، د. عەبدوڵرەحمان قاسملوو لەبەرامبەر بە سەدان هەزار کەسدا، خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان رادەگەیەنێ. (بەپێی راپۆرتی ئاژانسی فرانس پرێس: ژمارەی بەشداربووانی میتنگی مەهاباد زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەس بووە). لەراستیدا ئەو میتینگە زیاتر وەک ریفراندۆمێک دەچوو بۆ حیزبی دێموکرات، حیزبێک کە ٣٢ ساڵ لە خەباتی نهێنی دابوو، رۆژی ١١ی رەشەممە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان «بەڵێ» یان بە حیزبی دێموکرات گوت و حیزبی دێموکراتیان وەک نوێنەری خۆیان هەڵبژارد.

رێکەوت ١١ی خاکەلێوە ١٣٥٨، شوێن تاران، خومەینی لە بەرامبەر بەسەدان هەزار کەس دا بریاری دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران (حکوومەتی خودای لەسەر زەوی دا)، ئەو بریارەش دوای ئەوە هات کە ئایەتوڵلاکان

ریفراندۆمێکی نمایشییان ئەنجام داو لەوێدا ئەو بە گەڵالەکردنی پرسیارێک کە «ئایا لایەنگری ئەوە هەن کۆمارێکی ئیسلامی جێگەی پاشایەتی بگرێتەوە، کۆمارێک کە دواتر یاسا بنەڕەتییەکەی پەسند دەکرێ؟ ئا یان نا».

لەگەڵ ئەوەیدا کوردەکان زۆربەی جاران کەوتوونەتە تەڵەی دوژمنانەوە، بەڵام ئەم جارە، بۆ پێشهاتەکان دووربینتر بوون هەربۆیە لە ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ کوردەکان لە ریفراندۆمی «بەڵێ» بە کۆماری ئیسلامی ئێران بەشداریان نەکرد. کوردەکان ٣٦ ساڵ پێش ئێستا ماهیەت و ئەسڵی کۆماری ئسلامیان بۆ دەرکەوتبوو، ئەوان دەیانزانی کە کۆماری ئیسلامی ئێران ناتوانێ حکوومەتی رەفاهی و ئازادی و دیمۆکراسی بێت لە چوارچێوەی ئێراندا.

جیاوازییەکی زۆرن لە نێوان ئەو دوو ریفراندۆمە هەیە بەگشتی دەتوانین بڵێین ئەو دوو ریفراندۆمە ئەوەی مەهاباد و ئەوەی تاران لەوەدایە کە کوردەکان بەیەکیان گوت بەڵێ و ئەوەی تریان بایکۆت کرد. خەڵکی کورد بەدەنگێکی بەرز و هەر ئەوکات «نا»یەکی گەورەیان بە کۆماری ئیسلامی و حوکمی دەستکری ئایەتوڵلاکان گوت. بەڵام بە بەشداریی بێ ژماریان لە میتینگی مەهاباد» بەلێ» یەکی گەورەیان بە د. قاسملوو و حیزبی دیمۆکرات گوت.

«نا»ی کوردی رۆژهەلاتی بە ریفراندۆمی ١١ی خاکەلێوە کۆماری ئیسلامی ئێران ئاکامەکانی دواتر دەرکەوتن و بە فتوایی خومەینی دژی نەتەوەی کورد کە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ کۆتایی هات، بەڵام رووداوەکانی ساڵی ١٣٥٨ دوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران هەموویان جێگای لێ وردبوونەوەن. بەگشتی دەتوانین بڵێین کوردەکان لەو سەردەمەدا لە قودرەت دابوون، هەربۆیە رۆژ بەدوای رۆژ وەفدی حکوومەتی ناوەندی سەردانی کوردستانی دەکرد بۆئەوەی بەقەولی خۆیان مافی کوردان بدەن، بەڵام ئەو بەڵێنانە تەنها بۆ کات کوشتن بوو، ئەوان ماوەی چەند مانگ بە بیانووی دانیشتنن کوردەکانیان مەشغووڵ کرد، لەو ماوەدا تاران توانی خۆی کۆ بکاتەوە و بە هێز کوردستان بخاتەوە ژێر رکێفی پۆتینی سەربازەکانی.

حکوومەتی مەرکەزی دوای ئەوەی کەدیتی لە ١١ی رەشەممەی ١٣٥٧ لە میتینگێکی سەدان هەزار کەسی دا چۆن، کوردەکان لە دەوری حیزبی دیمۆکراتی کوردستان کۆبوونەوە، بۆیە ترسی لێ نیشت. حکوومەتی ناوەندی هەوڵیدا

لە ڕێگای تەفرەقە نانەوە لە نێوان کورد و ئازەری کێشەیی کوردەکان یەکسەرە بکات، بەڵام نەیتوانی ئەو ئامانجە مەبەستی کەخۆی بەوشیوەیە بوو بپێکێ و هەربۆیە بەهێزی سەربازی بێ ژمار هێرشی بەرینی کردە سەر کوردستان و کوردستانی خستە ژێر کۆنترۆلی نیزامی خۆی.

لە کتێبی قاسملووی کوردان دا کارۆڵ پرونهۆبێر لە زمانی شەهید د. قاسملووە ئاوا باس لە دوو رۆژ پێش ریفراندۆم دەکات:

دوورۆژ پێش ریفراندۆم، قاسملوو چوو بۆ شاری قوم. داوای دانیشتنی دەگەڵ خومەینی کرد، ژمارەیەک لە ئەندامانی رێبەریی حیزبیشی دەگەڵ بوون. قاسملوو دەی گێڕایەوە: «کاتێک وەژوور کەوتین، بەسەدان ژن و منداڵمان لە هۆدەکەی خومەینیدا چاو پێکەوت. ئایەتوڵڵا لەکاتێکدا لەسەر زەوی دانیشتبووو قاچەکانی تێک بەزاندبوون، کڵۆ قەندێکی هەڵ دەگرتو دەزاری دەناو دوایەش دەری دێنایەوەو دەیدا بە یەکێک لەو کوڕە چکۆلانەی لەتەنیشتی دانیشتبوون».

قاسملوو دەی گێڕایەوە، دەیگوت: «چوومە لای ئەحمەدی کوڕیو پێم گوت هەزار کیلۆمیترمان رێگە بڕیوەو هاتووین بە تەنیایی بچینە لای».

ئەحمەد گوتی: «پێنج خولەک راوەستن».

قاسملوو: «ماوەی کاتژمێرێک بە تەنیایی دەگەڵ خومەینی بووم. هەلومەرجەکەم بۆ شی کردەوەو پێخۆشبوونی خۆمان بۆ بەشداری لە رێفراندۆمو دەنگدان بە کۆماری ئیسلامیدا پێ راگەیاند بەو مەرجە داخوازەکانمان دابین بکرێن». لە حاڵێکدا سەری شۆڕ کردبۆوە گوتی: «ئەوە کاری من نیە». بێئەوەی چاوم لێ بکا گوتی: «بڕۆ بازرگانی ببینە». بە پرتە پرت ئاماژەی بەو پێشنیارە کرد کە پاش رووداوەکانی سنە درابوونو گوتی:

«ئایەتوڵڵا تاڵەقانی پێشتر راگەیەندراوێکی بڵاو کردۆتەوە. لەوە زیاتر چتان دەوێ».

سەرلەنوێ پێم لەسەر قسەکانی خۆم داگرتو گوتم کەوابوو کاتێک لێرە چوومە دەر ئێوە ڕێگام پێ دەدەن بە ڕاشکاوی ڕابگەیەنم کە ئێوە دەگەڵ ئەو پرسانە هەن کە تاڵەڤانی بەڵێنی پێداوین؟».

بێ سێودوولێکردن گوتی: «بەڵام، نازانم ئەو چی گوتوە. ئێمە هەمووما‌ن موسوڵمانو برای یەکترین».

کاتێک پێمان لەسەر داخوازەکانمان داگرت، گوتی حاڵی باش نیەو بێ ئەوەی چاوێکمان لێ بکا، لە هۆدەکە وەدەر کەوت. ئێمەش هەستاینو لەماڵەکە چووینە دەر. دیتمان لەسەر بانەکەوە دەست بۆ خەڵکی رادەتڵەکێنێ. سواری ماشێنەکانمان بووینو پێش ئەوەی لە شاری قوم وەدەر کەوین، بڕیارمان دا لە ڕێفراندۆمدا بەشدار نەبین».

ئەمەی سەرەوە ئەو راستیە دەردەخات کە کۆماری ئیسلامی هەر لەسەرەتاوە باوەری بەماف و ئازادی نەبووە، بۆ خۆ چەسپاندن هەموو کارێکی کردوە.

هەرچەندە لە کردەوەدا ریفراندۆمەکەی قاسملوو ڕێگای پێنەدەراحزووری چالاکی هەبێ بەڵام تاکو ئێستاشی لەگەڵ بێت خەڵکی رۆژهەڵات لە بەلێ گوتنیان بەو ریفراندۆمە میتنگ ئاسایە پەشیمان نین و بگرە پشتیوانی سەرەکی قاسملوو و حیزبی دێموکراتی کوردستانن، بەڵام هەرچەندە لە کردەوەدا ریفراندۆمی خومەینی لەزاهیردا سەرکەوتنی تۆمار کرد بەڵام لەکاتی ئێستا بەشی زۆری ئەوانەی کە لەو رۆژەدا بەڵێنیان بەو ریفراندۆمە گوتووە پەشیمانن و پێیان وایە کە ئایەتوڵڵاکان لەو سەردەم دا لە سادەیی خەڵکی راپەڕیو بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی کەڵکیان وەرگرتووە.

هەربۆیە دەبێ لە ٣٦ ساڵەی «نا» گوتنەکەی کوردەکان بە کۆماری ئیسلامی هەزاران سڵاو بنێرین بۆ خەلکی خەباتگێر و خۆراگری کوردستان کە لە ساڵی ١٣٥٨، کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان رەد کردوە و هەر ئەوکات ماهیەتی کۆماری ئیسلامیان ناسیبوو.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٥٣

٥ی ئەپریلی ٢٠١٥

# پێشەوای کوردان!

## پێشەوا قازی محەممەد دامەزرێنەر و رێبەری گوتاری ناسیونالیستی کورد

پێشەوا قازی محەممەد، ڕێبەرو ڕێنیشاندەرو یەکەم سەرکۆماری کوردستان، ڕێبەرێک کە «کەم ژیاو کەڵ ژیا». ئەو وەک ڕێبەرێکی ئەفسانەیی بۆ کورد لە سەردەمێکدا بوو بە ڕێنیشاندەر کە ئێستاشی لەگەڵ بێ، لەسەر ئەم ڕێگەیە کورد هەنگاو دەنێ، ئەوەی فەیلەسووفە جیهانییەکان لەبارەی دەوڵەت و ڕێبەریی خەڵک بە نووسین باسیان کردبوو و لە کتێبەکانیاندا وەک بیرۆکە هێنابوویان، پێشەوا بە کردەوە ئەو بیرۆکانەی لە ماوەی ڕێبەریی خۆیدا جێبەجێ کرد. ئەو مۆمێک بوو لە تارکییەک لە مێژووی هەزاران ساڵەی نەتەوەیەکی خۆشی لە خۆی نەدیوو.

هەروەک پێشەوا قازی محەمەد لە نوتقێکی مێژوویی کە لە رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٢ ی ٨ ی گەلاوێژی ١٣٢٥ بڵاوبۆتەوە، دەلێ:
“بۆ خۆتان دەزانن کە ئەمن بۆ وەرگرتنی حقووقی کورد شەو و رۆژ وچانم نەداوە و ئەو زەحمەتەش بە فەخر دەزانم. تا یەک رۆژم لە دنیا مابێ دەست لە فیداکاری هەڵناگرم و بە هەموو کەسێکی دەسەلمێنم کە کورد شایانی ژیانە.”

کە باس لە «ژێکاف»، «حیزبی دێموکراتی کوردستان» و «کۆماری کوردستان» دەکرێ، راستیەک هەیە دەبێ باس بکرێت ئەویش ئەوەیە کە نەخش و کاریگەریی تایبەتی پێشەوایە لە بەدەستهێنانی گەورەترین دەسکەوتی مێژوویی بۆ کوردستان و نەتەوەی کورد. بۆ ئەوکەسەی کە دەیهەوێ بزانێ کۆماری کوردستان چ بووە دەبێ سەرەتا لە هزر و بیری پێشەواوە دەست پێبکات و کۆماری کوردستان چ دەستکەوتێکی مێژوویی بووە بۆ کورد هەروەک جەعفەر عەلی لە کتێبی « ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی» ئاوا باسی پێشەوا دەکات:

ئەگەر بزاڤی ناسیۆنالیستی کوردی لە بیستەکاندا بێ ناوی شێخ مەحموود دەبێتە کەم و کووڕییەک، ناوهێنان و

قسەکردنیش لەسەر ژێکاف و حیزبی دیمۆکرات و کۆماری کوردستان وەک بەرهەمی تێکۆشانی ناسیۆنالیزمی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵات بێ ناوی قازی محەمەد لە کەموکورتی بەدەر نابێت.

ئەگەر بە کورتی چاوێک بە سەرەتای لاویەتی پێشەوا دا بخشێنین، دەبینین پێشەوا کەسێک بووە کە هەمیشە هەوڵی خۆ فێرکردن و خۆپێ گەیاندنی داوە وهەوڵی داوە لە زانیارییەکانی خۆی بەقازانجی کۆمەڵانی خەڵک کەڵک وەرگرێ، پێشەوا کەسێکی زیرەک و خاوەن بیرێکی تیژ بووە ئەو لە سەر دەمی خۆیدا شارەزایی چەندین زمانی جیاواز لە زمانی کوردی بووە، لە ژمارە ١٥ی ڕۆژنامەی «کوردستان» دەوری دووەم لە ساڵی ١٣٥١ ئاوا باسی پێشەوا کراوە..

ئەو زانستی ئایینی و فەلسەفەی کۆن و ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی هەر لە مەڵبەندی مەهاباد و لە خزمەت ماموٚستا زاناکانی ئەم مەڵبەندە خوێند. هێشتا مێرمنداڵ بوو کە لە زانستی زەمانی خۆی دا بە ماموٚستا دەناسرا. پاش ئیجازە وەرگرتن، چالاکانە خەریکی کاری کۆمەڵایەتی بوو بێ ئەوەی مەعاش وەربگرێ نوێنەری فەرهەنگی مەهابادی وەئەستۆ گرت. یەکەمین قوتابخانەی نوێی ئەم شارە لە سایەی هەڵسووڕان و تێکۆشانی ئەو دروست کرا کە خۆی بە سەری ڕادەگەیشت و دەرسیشی دەگوتەوە. بناغەی هەوەڵین نەخۆشخانەی مەهابادیش بەدەستی ئەو داڕێژراو لە ژێر چاوەدێریی ئەو دا کەوتە کار.

پێشەوا قازی لەسەردەمی خۆیدا زمانزانێکی گەورە بووە کەسێک بووە کە توانیویەتی بە ٦ زمانی جیاواز لە زمانی کوردی قسان بکات ئەو لە ماوەیەکی کەم دا ‹›فێری زمانی ئینگلیسی، ڕووسی و فەرانسەیی بێ و بێجگە لەو سێ زمانە، زۆر باش لە زمانی عەرەبی، فارسی و تورکی شارەزایی پێدا بکات.

پێشەوا کەسێک بوو کە خوێندنی ئایینی تەواو کردبوو و قازی شەرعی مەهاباد بوو لەگەڵ ئەوەیدا هەمیشە هەوڵیداوە کە بەدوای شتی نوێدا بگەڕێت و فکر و بیرە جیاوازەکانیش بخوێنێتەوە هەربۆیە لە کتێبخانەکەیدا کتێبی جۆراوجۆری لە هەموو بیر و هزرێک تێدا بوو، شاعیری کورد جەلالی مەلەکشا لەسەردانێکی دا ئاوا باسی کتێبخانەکەی پێشەوا دەکات: «جۆرەها جۆر عینوان کتێب لەم کتێبخانە دابوون و ئەوەی دەگەیاند کە پێشەوا قازی محەممەد لە باری ئەندیشە و فیکرەوە چەند کراوە بووە... لە گۆشەیەک دا، هەر چوار ئینجیلی پیرۆز

(عەقیق، لۆقا، جەدید، ومەتی) دەبینران و زۆر رۆمان و کتێبی شێعر و فەلسەفە و... کتێبی مێژوویی و زانستی...

٧٠ ساڵ پێش ئێستا لەناوچەیەکی داوکەوتووی جیهان و دا و لەناوچەیەک کە خەڵکەکەی ئاگاداربیەکی ئەوتۆیان لە جیهانی شارستانی و پێشکەوتوو نەبوو، پێشەوا روو لە نەتەوەکەی دەکاو دەڵێ:

"برایانی خۆشەویست: ئەمن لە ئێوەم دەوێ کە تەنیا شەڕکەر نەبن بەشکو چەکێکی وا هەڵبگرن کە بتوانن بەرامبەری دەگەڵ لەشکری میللەتانی تر بکەن، ئەو چەکەش (عیلم و زانستە) مەرحەلەی شەڕ تەواو بووە نۆبەی هونەرە... ئەمن لە ئێوەم دەوێ کە بە زانست بەربەرەکانی دوژمنان بکەن. چەکی بێ عەقڵ دوژمنان نابڕێ. بەڵام داخەکەم ئاغاکان ئامادە نین کە لە میوەی خوێندن بەهرەوەر ببن. ئەگەر بڵێم کورەکانتان، برایەکانتان بهێنن بیاننێرم بۆ جەبهە باکیان نییە، بەڵام ئەگەر بڵێم بۆ خوێندنیان دەنێرم رووی خۆیان گرژ دەکەن و عوزری ناموەجە دێننەوە، ئەگەر پێیان بڵێم مەدرەسەیەک لە دێیەکانتان بکەنەوە مات دەبن." ...

لە رێگای خوێندنەوەی ئەو دێرانەی پێشەواوە یەکەم شتێ کە بۆ مرۆڤ دەردەکەوێ ئەوەیە، پێشەوا بە مانای راستەقینەی وشە رێبەر و سەرکردەیەکی نوێخواز بووە و ریفورم و گۆڕانکاری لە بونیادی کۆمەڵی کوردەواری، بەشێکی هەرە گرینگی لە هزر و فیکری پێکهێنابوو. کاتێ لە لاپەڕەکانی رۆژنامەی کوردستانی ئەو سەردەمە رادەمێنی و لە وتارەکانی پێشەوا دەڕوانی، کەمتر سوخەنرانییەکی پێشەوا دەبینی کە بێ نێوبڕ وشەگەلی: تەرەقی، پێشڕەفت و فێربوونی زانست و گەشە و بەرەوپێش چوون لە میانەی وتەکانی دا بەدی نەکرێ. بەڵام چەمکی نوێخوازی و پێشکەوتن و بەرەو پێش چوون لە بیری پێشەوادا تەنیا بە مانای کەڵک وەرگرتن لە ئامراز و کەرەسەو تەکنیکی نوێ نەبوو، بەپێچەوانە پێشەوا لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی دا لەگەڵ ئەوەی هەوڵی دەدا لە کەرەسە و ئامرازی نوێ بۆ نوێکردنەوەی کۆمەڵی کوردەواری کەڵک وەرگرێ، هەر لەو کاتەدا بە هەموو توانایەوە تێدەکۆشا بەشێوەیەکی بنەڕەتی سەرجەم دەروازەکانی پیوەندیدار بە رەوتی گەشە و بەرەوپێش چوونی کۆمەڵی کوردەواری، بۆ مرۆڤی کورد بەڕوودا بکاتەوە.

پێشەوا لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی دا روح و سروشتی نەتەوەخوازیی کوردی دێنێتە سەر زمانو دەڵێ:

"ئێستاش لە سایەی هێز و قودرەتی ئازادی ئێمەش چاو و گوێمان کراوەتەوە و جارێکی دیکە ناچینەوە ژێر چنگاڵی بێدادی، کورد لە حەقی خۆی زیاتر هیچی لە خەڵکی نەویستووە، دەیەوێ بە زمانی خۆی بخوێنێ، لە پیت و کانگای وڵاتەکەی سوود بەرێ، ببێتە خاوەنی کارخانە و کانگا. کورد نایەوێ دەستدرێژی بۆ خاکی هیچ میللەتێک بکا››.٣١

"پێشەوا قازی محەممەد ئەو مرۆڤە دەگمەنە کاریزماییە بوو کە شەوەزەنگی نەزانی و کۆیلەتی شەق کرد. هەتوانێک بوو بۆ برینی هەزاران ساڵەی کورد، بارانێکی رەحمەت بوو بۆ سحرای قاقریی کۆیلەتی و بندەستی. ئەو بوو بە پێشەوای گەل و بەو پەیامە کە پێی بوو هێزی نوستووی گەلی کوردی وەخەبەر هێنا، کۆشکی سەربەرزی و سەربەخۆیی کوردی لەسەردەمی بێدەرەتانی دا، دامەزراند. . ئەو بوو بە پێشەوای گەل و بەو پەیامە کە پێی بوو هێزی نوستووی گەلی کوردی وەخەبەر هێنا، کۆشکی سەربەرزی و سەربەخۆیی کوردی لەسەردەمی بێدەرەتانی دا، دامەزراند. «

کاتێک هیندوستانیەکان کاریزمایەکیان هەیە بەناوی گاندی و ئەفریقایەکان ماندێلایان هەیە، ئەوا کوردیش بێ بەش نەبووە لە هەبوونی کاریزما. پێشەوا قازی محەممەد نموونەی هەرەبەرزی کاریزما و رێبەری کوردە، لە راستیدا بیر و کردارەکانی پێشەوا نەک هیچی کەمتر نیە لە بیر و کردەوەکانی گاندی و ماندێلا و ئەوانی تر، لە راستیدا پێشەوا گوتاری کردە کردار کە ئەمە بەکەم سەرکردە دەکرێ لەراستیدا.

هەروەک مامۆستا هێمنی موکریانی بەدروستی لەگەورەیی پێشەوا دەنوسێ:

زانا بوو، کوردپەروەر بوو
پێشەوا بوو، رابەر بوو
هەر کورد نەبوو بەشەر بوو
خەمی خەڵکی لەبەر بوو .

هەق وایە کە رۆژی ١١ی بانەمەڕێ ١٢٧٩ هەتاوی بەرامبەر بە ٣٠ی ئەپریلی ١٩٠٠ کە رۆژی لەدایک بوونی پێشەوایە، ساڵانە وەک یادێکی نیشتمانی یادی بکرێتەوە. ئەو رۆژە واتە ١١ی بانەمەڕ رۆژی لەدایک بوونی کەسێکە

که مێژووی هاوچەرخی کوردی گۆڕی و جیهانی ناسیۆنالیزمی کوردی لەوێرا دەستی پێکرد.

---

١- نوتقی پێشەوا. رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٢، ٨ی گەلاوێژی ١٣٢٥.

٢- ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی. جەعفەر عەلی. سلێمانی ٢٠٠٤

٣- کوردستان» ئۆرگانی کومێتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (ئێران) ژمارە ١٥ خاکەلێوەی ١٣٥١

٤. کوردستان» بڵاوکراوەی بیری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ژمارە ٢٥. یەکشەممە ٢٦ی رەشەمەی ١٣٢٤ی هەتاوی.١٧ی مارسی ١٩٤٦. بروانە وتاری ‹›حەزرەتی محمد قازی پێشەوا.

٥- جەلال مەلەکشا، وتاری زیارەتی کتێبخانە پیرۆزەکەی پێشەوا، وەرگیراو لە سایتیwww.peshewa.com

٦- رۆژنامەی «کوردستان» ژمارە ٧٢ سێشەممۆ ٨ی گەلاوێژی ١٣٢٥. نوتقی حەزرەتی پێشەوای موعەزەمی کوردستان لە کاتی رۆیشتن بۆ ورمێ.

٧- دورگەی بەختەوەریی، ئەیوب ئەیوبزادە

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٥٥

ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠١٥

## رقی پیرۆزی مەهاباد، لە میدیا جیهانیەکاندا

جاناتان رەندالْ لە کتێبی قاسملووی کوردان دا دەڵێ: «مهابادێک سێمبولی ناسیۆنالیزمی کوردی لە سەدەی بیستەمدایە» ئەمە وتەی نوسەرێکی ئەمریکاییە کە ئاوا باس لە مەهاباد دەکات. ئەگەر باس لە ناسیۆنالیزمی کوردی دێتە پێش یەکەم جار ناوی مەهاباد دێت، کاتێک کە باسی سەرکردە ناسیۆنالیستەکان دەکرێ شاری مەهاباد پشکی شێری بەردەکەوێ، کاتێک باس لە بەرخۆدان و رقی پیرۆز دەکرێ دوبارە شاری مەهاباد دەبێتە ناوەندی ئەو ڕاسان و راپەرینانە، بەدرێژایی سەدەی رابردوو زۆربەی هەرە زۆری شۆرش و جووڵانەوەی کورد کە لە رۆژهەلاتی کوردستان سەریهەوڵداوە بەشی زۆریان لە ناوچەی مەهاباد بوون، لە جووڵانەوەی مەلا خەلیل رابگرە تا دەگاتە ژێکاف و کۆماری کوردستان، ئەمانە نموونەی خەروارێک لە خەبات تێکۆشانی ئەو شارەن. کەباس لە پێشمەرگە و شەهیدانی رۆژهەلاتی کوردستان دەکرێ مەهاباد پشکی شێری بەردەکەوێ بە هەزاران شەهید و بە هەزاران پێشمەرگەی ناوچەی مەهاباد لە ریزی هێزەکانی رۆژهەلاتی و بگرە بەشەکانی دیکەش دا بوونیان هەیە، ئەو ئامارانە بۆ شارێکی نەچەندان گەورە لە حەشیمەت دا بەڵام گەورە لە بەخشەندەیدا بەردەوام ناوەندی سەرنجی میدیایەکانی درەوە بووە.

رۆژی ١٣ی بانەمەڕ، کات ٤ی ئێوار شوێن شاری مەهاباد «هوتێل تارا»، گیان لەدەست دانی «فەریناز خوسرەروانی» لەروداوێکی دڵتەزین دا ، خەڵکی مەهاباد رۆژی دواتر دەستی تاوان بۆ کاربەدەستێکی حکوومەتی و خاوەنی هوتێل رادەکێشن.

رۆژی ١٥ی بانەمەڕ خەڵکی خوێن گەرمی مەهاباد دوو رۆژ دوای ئەم تاوانە کە دەبینن خەریکە مەرگی کچێکی کورد پەردەپۆش دەکرێت، بریار دەدەن کە نارەزایەتی خۆیان بە گوێی حکوومەت بگەیەنن.
رۆژی ١٧ی بانەمەڕ، خەڵکی شاری مەهاباد دەرژێنە سەر شەقام بە نیشانەی نارەزایەتی دەچنە بەردەم هوتێل تارا، خۆپێشاندانێک کەدەتوانی پێناسەی بکەین بەوەی کە مەهابادییەکان بۆ پارێزگاریی لە کەرامەتی ژن ڕاپەرین.

بەداخەوە هەروەک چاوەروان دەکرا، نارەزایەتی خەڵکی مەهاباد بۆ ئەنجام دانی عەداڵەت بە چەک و توندوتیژی وەڵامدارایەوە. ڕاسانی ئەوجارەی خەڵکی مەهاباد لەدوای ماوەیەکی زۆر کپ و بێ دەنگی گۆمی ئارامی ئەو ناوچەیەی شڵەقاند، کە ماوەی چەندین ساڵە باڵی بەسەر هەموو رۆژهەڵاتی کوردستان دا کێشاوە، ئەو بێ دەنگیە بەشێوەیەک بوو کە زۆر لە سیاسییەکوردەکانی پارچەکانی دیکە بە ئاشکرا دەیانگوت کە شۆرش لە رۆژهەڵاتی کوردستان بوونی نەماوە، بەڵام رقی پیرۆزی مەهابادییەکان وەڵامێک بوو بۆ هەموو ئەو کەسانە کە پێیان وایە بەرخۆدان و خۆراگری لە رۆژهەڵاتی کوردستان بوونی نیە.

بەڵام گرینگی نارەزایەتی مەهابادییەکان کاتێک دیار کەوت کە چەند کاتژمێرێک داوی سەرهەڵدانەکە بە دەیان کاناڵی راگەیاندنی جیهانی هەواڵی ئەو نارەزایەتیەیان بڵاوکردەوە، چەندین کەناڵی راگەیاندنی ئەوروپایی و ناوچەکە سەدرێری هەواڵەکانیان لە سووریە و یەمەنەوە کردە رۆژهەڵاتی کوردستان و شاری مەهاباد. کەناڵی (الجزيرە) یەکێک لە گەورەترین کەناڵەکانی جیهان لە هەردوو کەناڵی خۆیەوە (عەرەبی و ئینگلیزی) ئاوا باسی ڕاسانی مەهاباد دەکات: «نارەزایەتییەکانی کوردەکان لە ئیران بەهێز وەڵامدراوە». ئەلجەزیرە لە چەند گەشتی هەواڵی داو لە راپۆرتێکی دوردێژدا باسی نارەزایەتی کوردەکان دەکات دژ بەحکوومەتی ئێران و شاری مەهاباد بە ناوەندێکی گەورەی شۆرش لە کوردستانی ئیران پێناسە دەکات.

کەناڵی (الجزيرە) لە وتوێژێک لەگەڵ بەرێز خالیدی عەزیزی سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان گرینگیەکی تایبەتی دا بەو رووداوانە، کاک خالید لەو دیمانەیەدا گوتی: بۆ ئێران ئاسان نییە هەیمەنەی خۆی بەسەر کوردستاندا بسەپێنێ.

کەناڵی CNN بەشی عەرەبی لە چەند راپۆرتی جۆراوجۆردا بەم شێوەیە باسی لە رووداوەکانی مەهاباد کرد: خۆکوژی کچێکی کورد فریناز خوسرەوانی «بوعزیزی مەهاباد»، CNN فرینازی بە محەمەد بوعزیزی تونسی بەراورد و دەڵێ ئەگەر لە تونس لەسەر خۆسوتاندنی لاوێک بەهاری عەرەبی دەستی پێکرد، ئێستا لە ئێران کچێکی کورد بە ناوی فریناز خوسرەوانی بۆ دیفاع لەوەی کە کاربەدەستێکی حکوومەت دەستدرێژی نەکاتە سەری خۆی دەکوژێ (٢).

لەراپۆرتێکی دیکەی کەناڵی CNN لەسەر رووداوەکانی مەهاباد ، دەڵێ: «رووداوەکانی مەهاباد برینی کوردەکانی

ئیرانیان نوێ کردوە». لە راپۆرتەکەدا باس لە پێشینەیەکی مێژووی دەکات کە کوردەکان چۆن بوونە قوربانی دەستی حکوومەتی مەرکەزی، کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی پێشەوا وەک نموونە دێنێتەوە و دەڵێ ڕووداوەکانی مەهاباد برینی کوردەکانیان سەر لەنوێ تازە کردوە.

کەناڵی سکاڵی نیوز (SKY NEWS) بریتانیایی لە چەندین راپۆرتی وێنەیی و ڤیدیۆیی دا گرینگیەکی تایبەتی دا بە خۆپیشاندانی مەهابادییەکان، لەو پەیوەندیەدا لە یەکێک لەراپۆرتەکانی دا ئێشارەی بەوە کرد کە ٣٠٠ کەس لە خەڵکی مەهاباد بەدەست هێزە ئەمنیەتییەکانەوە گیراون. ئەو کەناڵە لەگەڵ ئەوەی باسی کرد کە کوردەکان کەمە نەتەوەن لە ئێراندا بەڵام تا ئیستا هەر وەک هاووڵاتی پلەدوو سەیر دەکرێن و داواکاری کوردەکان لەلایەن حکومەتی تارانەوە بە گیران و ئێعدام وەڵامدراوەتەوە.

هەروەها لە راپۆرتێکی دیکە دا کەناڵی سکاڵی نیوز (SKY NEWS) هەوڵێ داوەکە ڕووداوە مێژووییەکان بەیەکەوە گرێ بداتەوە، ئەو دەنووسێ ئەو شارەی کە یەکەم سەرۆک کۆماری کوردی لێ لە سێدارە درا ئەورۆ دوای ٧٠ ساڵ لەهەمان شار خەڵک دژی دەسەڵات دووبارە ڕاپەریونەوە.

ڕۆژنامەی Aftenposten سوێدیی لە راپۆرتێکی رۆژنامەیی و ڤیدیۆیی دا تیشکی خستە سەر ڕاسانی خەڵکی مەهاباد و شاری مەهاباد وەک پایتەختی کوردستان دەست نیشان دەکات و دەڵێ کچێکی کورد بۆ پاراستنی ژیانی خۆی لە ترسی دەستریژی کاربەدەستێکی حکوومەتی خۆی لە تەبەقەی ٤ی هوتێل تارا را دەخاتە خوارەوە.

دەنگدانەوەی ئەو ڕووداوانەی مەهاباد بە جۆرێک بوو کە رۆژنامەکانی تاران نەیانتوانی ئەو کارەساتە وەک کارەساتەکانی تر پەردەپۆش بکەن و بەشی زۆریان رۆژی ١٨ی بانەمەڕ لە لاپەرەی یەکەمەکانیان دا ئێشارەیان کردبوو بە ڕاسانی خەڵکی مەهاباد.

لە ماڵپەرە کۆمەڵایەتیەکانی وەک فەیسبووک و تویتێر کە ماتۆری وەرێخستنی ئەو نارەزایەتیانە بوو، بەدەیان هەزار پۆست بە دەیان زمانی جیاواز لەسەر ڕووداوەکانی مەهاباد بڵاوبۆوە، گرینگی ئەو کارە لە حالێکدا دیار دەکەوێ کە سەفیری هولەند لە تاران یوس دوما (JOS DOMA) لە تویتێری خۆی کاردانەوەی هەبوو بەرامبەر بەو ڕووداوە و گیان لەدەست دانی فەریناز.

فشارەی میدیا جیهانییەکان لەسەر ڕاسانی مەهاباد بە شێوەیەک بوو کە کۆماری ئیسلامی دژکردەوەی نیشاند بدات و هێزێکی زۆر رەوانەی کوردستان بکات و هەر ئەمەش وایکرد کە Amensty internatinal لەبەیانامەیە دا داوای لە حکوومەتی ئێران کرد کە نابێ هێز بەکار بهێنێت دژی خۆپێشاندەران.
ئەوانە چەند نموونەیەک بوون لە سەرنجی میدیا جیهانییەکان بە ڕووداوەکەی مەهاباد. بە پێ ئامارەکانی ماڵپەری گوگل Google تەنها لە ماوەی ٣ ڕۆژدا زیاتر لە ٣٥٠٠ جار ناوی مەهاباد لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی جیهانی دا نوسراوە و بڵاوکراوەتەوە.

کوردکانال وەک تاکە کەناڵی کوردی ڕۆژهەڵات و تلویزیۆنی ڕووداو وەک کەناڵی باشووری کوردستان ئەو ڕووداوانەیان ڕاستەوخۆ بڵاودەکردەو بەشی زۆری ئەو هەواڵانەی کە لەکورد کاناڵ و ڕووداو دا دا بڵاو دەبوونەوە، لەلایەن کەناڵە خاریجیەکانەوە وەردەگێراوە سەر زمانەکانی دیکەی جیهان و بۆ خوێنەرانی خۆیان بڵاو دەکردەنەوە. هەرلێرەدا پێویستە بگوترێ کە جێگای کەناڵی ڕاگەیاندن بەزمانی ئینگلیزی لە نێو ئێمەی کوردا خاڵیە، بوونی وەها کەناڵێکی ڕاگەیاندن بە زمانی ئینگلیزی دەبێتە هۆی ئەوەی کە جیهان بە شێوەیەکی تر لە کوردەکان بڕوانێت.

ڕووداوی مەهاباد هەرچیەک بوو ئاوا بەو ئاسانیە دامرکاندانەوەی لەلایەن حکوومەتی تارانەوە ئاسان نیە. هەربۆیە پێویستە کە ئەو هەواڵانە بە میدیایی بکردرێت.

سەرچاوە:


1 - http://www.aljazeera.com/news/2015/05/150507171113919.html

2 - http://arabic.cnn.com/world/2015/05/10/iran-kurds-ptotests

3 - http://arabic.cnn.com/world/2015/05/11/mahabad-iran-kurds

4 - http://www.skynewsarabia.com/web/article/

5 - http://www.skynewsarabia.com/web/video/744599

6 - http://www.aftonbladet.se/nyheter/article20757810.ab

7 - Twiter, Facebook

8 - Www.kurdistnukurd.com


سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٥٦

٢٠ی مای ٢٠١٥

## مهاباد گۆمی مەندیی ڕۆژهەڵاتی شڵەقاند! لە ڕووداوێکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ جووڵانێکی سیاسی لە ڕۆژهەڵات!

ڕووداوی کوژرانی کیژۆڵەیەکی مهابادی لە بەهاری ئەو ساڵدا بوو بە هەوێنی هەستانەوەیەکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەرچەندە لەو جۆرە ڕاپەڕین و ڕاسانانە لە ٢٠ ساڵی ڕابردوودا جار نا جارێک لە ڕۆژهەڵات لەلایەن خەڵکی خۆڕاگری کوردستانەوە ئەنجام دراوە، بەڵام ڕاسانی ئەو جارەی خەڵکی مەهاباد لە دوای ماوەیەکی زۆر کپ و بێدەنگی گۆمی ئارامی ئەو ناوچەیەی شڵەقاند، کە ماوەی چەندین ساڵە باڵی بەسەر هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کێشابوو، ئەو بێدەنگیە بەشێوەیەک بوو کە زۆر لە سیاسییەکوردەکانی پارچەکانی دیکە بە ئاشکرا دەیانگوت شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوونی نەماوە، بەڵام ڕقی پیرۆزی مهابادییەکان وەڵامێک بوو بۆ هەموو ئەو کەسانە کە پێیان وایە بەرخۆدان و خۆڕاگری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیە و نەماوە. ئەو گۆمە مەند و دورگە ئارامەی کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی باسیان لێوە دەکرد، لە تراویلکەیەک زیاتر هیچی دیکە نەبوو.

جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە کردەوە بۆ ماوەی دوو دەیە دەچێ جوڵەیەکی ئەوتۆی لە خۆی نیشان نەداوە، لەڕاستیدا فیداکاری و خواستی بەرژەوەندیی گشتی لەلایەن ڕۆژهەڵاتیەکانەوە بۆ باشووری کوردستان ئەو دۆخەی بەدوای خۆیدا هێنابوو، بەداخەوە ئەو فیداکاریەیی ڕۆژهەڵاتییەکان لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا جگە لە سست بوونی خەبات لە ڕۆژهەڵات هیچی دیکەی تێدا نەبووە.

### ڕاسانی ١٧ی بانەمەڕی مەهاباد..

هەرچەندە گیان لەدەست دانی فەریناز خوسرەوانی لە ١٧ی بانەمەڕی ئەو ساڵ بوو بە بیانوویەک بۆ خەڵکی خوێن گەرمی مەهاباد ، بەڵام بنەماکان و هۆکارەکانی ئەو ڕاسانە زۆرتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕق و بێزارییەیی کە خەڵکی ڕۆژهەڵات لە کۆماری ئیسلامی ئیرانیان هەیە. لە ڕاستیدا خەڵکی خۆڕاگری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بیانوویەک دەگەڕێن بۆ ئەوەی کە ڕقی پیرۆزی خۆیانی پێ دەربڕن، هەروەک پێشتریش خەڵکی مهاباد لە ساڵی

١٣٨٤ لە کاتی گیان لەدەست دانی شوانە سەید قادر نیشانیان دا، کە دەتوانن هەر کاتێک بیانهەوێ دورگەی ئارامی ئێران بشلەقێنن، کوردەکانی رۆژهەڵات هەر کاتێک بیانهەوێ دەتوانن ناوەندکانی بڕیاردان لە ناوەندی ئیران بلەرزێن.

## جوڵانی هێزەکانی رۆژهەڵات بۆ سەر سنورەکان

ئاڵوگۆڕەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتانی دراوسێی کوردستان و هەروەها بە جیهانیبوونی کێشەی کورد لە دوو دەیەی رابردوودا، ئەم راستییە دەسەلمێنێ کە ئێرانیش بەپێی قووڵتربوونی هەرچی زۆرتری قەیرانی سیاسی - کۆمەڵایەتی و ئابووریی نێوخۆیی، درەنگ یان زوو تووشی گۆڕانکاریی جیددی و چارەنووسساز دەبێ.

هەربۆیە دوای راسانی خەڵکی مهاباد و گۆڕانکاری لە ناوچەکە و بەهێزتر بوونی پێگەی کورد لە رۆژهەڵات ، هێزەکانی رۆژهەلات و بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە جووڵاندنی هێزی پێشمەرگەی خۆی بۆ سەر سنووری رۆژهەڵاتی کوردستان، گروتینێکی دیکەی بە خەباتی رزگاریخوازانەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان. دەتوانین بلێن کە ڕاسانی خەڵکی مهاباد و ئاڵوگۆڕەکانی باشووری کوردستان هۆکاری سەرەکی بوون بۆ جوڵاندنی هێزی چەکداری حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سەر سنوورەکانی رۆژهەڵات.

جووڵاندنی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنوورەکان هەڵگری چەند پەیامێک بوو، سەرەتا پەیامێکی ئاشکرا بوو بۆ خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان کە هێشتا پێشمەگەر ماوە و هەرکاتێک کە پێویست بکا ئامادەیە بۆ گیان فیدایی و قارەمانییەتی و لەلایەکی دیکەوە پەیامێکی روون و ئاشکرا بوو بۆ حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران کە خەباتی کوردەکان لە رۆژهەڵات نە لە نێوخۆ و نە لەدەرەوەی کوردستان رانەوەستاوە و بەردەوامی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا پەیامێکی ئاشکرا بوو بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە پێیان وابوو کە شۆڕش لە رۆژهەڵات بوونی نەماوە، جووڵانی خەڵکی مهاباد و چوونی پێشمەرگە پەیامی خۆی گەیاند.

## لە سێدارەدان و گرتن...

رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە دورگە ئارامەکەی لێ تێکچوو بوو، هەوڵی دا بە گرتن و هەڕەشە و لە

سێدارەدان مهابادییەکان دابمرکێنێتەوە، کە بەداخەوە لە هەوڵەکانی بۆ سەرکوتی خەڵکی ناڕازیی تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بوو، گرتنی زیاتر لە سەدان کەس لە خەڵکی ئەو شارە قارەمانە و ناروونی چارەنووسیان تا ئێستا نیگەرانییەکانی زیادکردووە، ئەمە لە لایەکەوە لە لایەکی دیکەوە لەسێدارەدانی شەهید مەنسووری ئاڕوەند بێ ئاگاداری کەس، نیشانەی ئەوە بوون کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران چەندە ژانی بە جەستەی گەیشتووە کە ئاوا بێبەزەییانە دەستی کردوە بە گرتن و کوشتنی رۆڵەکانی کورد.

لەڕاستیدا رووداوی مهاباد، گۆمی مەندی رۆژهەڵاتی شڵەقاند و بۆ جارێکی دیکە خەڵکی ئەو شارە قارەمانە سەلماندیان کە ئامادەن بە پێوە بمرن، بەڵام ئامادە نین لە سەر چۆک بژین!

رووداوی مەهاباد پەیامێکی دیکەی بە هیزەکانی رۆژهەڵات کە ئەگەر یەکگرتوو بن و پێکەوە بن، بەهێزتر دەبن هەر بۆیە هەستیاریی بارودۆخی رۆژهەڵاتی کوردستان و بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد ئەمڕۆ ئەرکێکی مێژوویی لە بەرامبەر تەواوی رێکخراوە و هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان داناوە، ئەویش هەڵێنانی هەنگاوگەلی جیددی و پێویست بۆ پێکهێنانی هاودەنگییەک لە زۆربەی هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٥٩

٧ی جوولای ٢٠١٥

## ئابووری ئێران لە ژێر چەکمەی سپای پاسدارانداǃ

رۆلی هێزە نیزامییەکان لە ئابووری ئێراندا، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی!

کەباس لە ئابووری ئێران دەکرێ یەکەم نێو و یەکەم بابەت کە دێتە سەر زمان سپای پاسدارنی شۆرشی ئیسلامییە، سپایەک کە لە هیچی کەم دانەناوە بۆ بوون بە حاکمی بێ ئەملاو ئەولای ئێران و ناوچەکە.

سپای پاسداران لە راستیدا یەک شیرکەتی گەورەیە کە چەکوچۆلیشی لەبەر دەست دایە، بەمانای وشە مافیایەکی چەکدارە، سپای پاسداران لەراستیدا حکومەتی سێبەری ئێرانە کە کۆمەلێک ئەفسەری نیزامی دیکتاتۆریەتێکی گەورەی ئابووری و نیزامیان بۆخۆیان دروستکردوە بە هاوکاری دین و رێبەرە دینیەکان.

### سپای پاسداران و بازاری بۆرس..

بەگوێرەی زانیاریەکان لە بۆرسی شاری تاران دا نزیک بە ٧ میلیۆن کۆدی بەش( سەهام) تۆمار کراوە، ٤ میلیۆن بەشدار بوو( سەهامدار) دەتوان کرین و فرۆشتن بەو بەشانەوە بکەن، بەلاّم بە پێی وتەی بەرپرسانی ئەو ناوەندی بۆرسی تاران تەنها ٢٠ هەزار بەشدار بوو لە بازاری بورسی تاراندا چالاکن. زانیاریەکان ئەوەمان بۆ روون دەکەنەوە کە ساڵی پار ٢،٥٤ هەزار میلیار تمەن لە هاتوو چۆدا بووە لە نیوان "کریار و فرۆشیارەکانی" بازاری بۆرسی تاراندا.

بە پێی راپۆرتی ساڵانەی بازاری بۆرسی تاران زیاتر لە ٢٠ لەسەدی ئەو کرین و فرۆشتانە تەنها ٢ ناوەندی ئابووری گەوەری سەر بەدەوڵەت و بەتایبەتی سپای پاسداران ئەنجام دراون ئەویش (کارگزاری صبا تامین) کە پەیوەندی دارە بە سندوقی سەرمایەیی رێکخراوی تامینی کۆمەلایەتی (سازمان تامین اجتماعی) کە بە بەشی (سەهمی) ٢،١١ لەسەدی و هەروەها بانکی میللی بە ٣،١٠ لەسەد بەشداری کرین و فرۆشتنی( سهم) بوون لە بازاری بورسی تاراندا، کە یەکەمیان سەر بە سپای پاسداران و ئەویتریان سەر بە حکومەتە.

بەپێی ئەو راپۆراتانەی کە بڵاوبوونەوە نزیک ٢٧ ملیارد تمەن لەو ٥٤ ملیارد تمەنەیی کە لە هاتووچۆی نێوان بەشدار بووانی بورس دا بووە، پوڵی ئەو ناوەندانە بووە کە سەر بە حکومەت و سپای پاسدارن بووە، کەمتر لە ٥٠% ئەو پوڵە لە ژێر دەستی بازرگانەکانی تر دا بووە. لە ١٥٧ شیرکەتی کە لە بورسی تاراندا تۆمار کراون تەنها ١٠١ شیرکەت بە شێوەی بەردەوام کاریان کردوە کە لەو ١٠٧ شیرکەتە ١٠ دانەیان کە راستەوخۆ لەگەل سپایی پاسداران پەیوەندیان هەیە و بەشێکن لە لق و پۆپەکانی قەرارگایی خاتم ئەنبیا.. (پتروشیمی خلیجی فارس، گسترش نفت و گاز پارسیان، سەرمایەگذار غدیر، سرمایەگذار نفت وگاز و پتروشیمی تامین، فولاد مبارکە، نفتی بندر عباس، شرکت ارتباطات سیار، شرکت مخابرات ایران، بانک ملت و ایران خودرو).

ئەو ١٠ شیرکەتە راستەوخۆ پەیوەندیان بە سپای پاسدارن و ناوەندەکانی دەسەڵاتی حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئیرانەوە هەیە، لە هەموو جیهان بۆرسە جێگای شەفاف سازی ئابووری ئەو وڵاتەیە، بەڵام لە ئێراندا بۆرس بۆتە جێگایی ململانێی حکومەت( باڵە جیایەکانی ناو حکومەت) و هێزە سەربازیەکان ( سپای پاسدارن و بەسیج)، بۆیە بۆرسی تاران نەک هەر جێگای شەفاف سازیی بۆ ئابووری نیە لە ئێراندا بەڵکو بە پێچەوانەشەوە بوونی نیزامیەکان لە ناو ئابووری ئێراندا وایکردوە کە ئابوری ئەو وڵاتە مایە پوچە بێت!

## سپای پاسداران و ئابووری ئێران..

بە وتەی دیپلۆماتە رۆژئاواییەکان سپای پاسداران گەورەترین داهاتی بەدەست هێناوە لە گەمارۆکانی سەر ئێران، بە پێچەوانەوە خەڵک گەورەترین زەرەمەند بوون لە گەمارۆکان. دیپلۆماتەکان رایانگەیاندووە کە ئەگەر گەمارۆکانیش لەسەر ئێران لابچێت ئەوا دیسان سپای پاسداران سودمەنترین لایەن دەبێت لە ئیراندا، چونکە هەموو جومگەکانی ئابوری ئێران لە دەست سپا دایە.

بەپێی راپۆرتی ئاژانسی رۆیتێرز؛ رێژەی فرۆشی ساڵانەی ئیمپراتۆریەتی سپای پاسداران لە نێوان ١٠ تا ١٢ میلیارد دۆلارە کە ئەو رێژەیە یەک لە سەر شەشی (٦/١) داهاتی حکومەتی ئێرانە. هەروەها رۆیتێر دەڵێت: کە ئەو پوڵەی سپای پاسداران لە بەشەکانی گەشت و گوزار، وزە و گواستەنە و گەیاندن، ئاوەدانکردنەوە و مخابرات و ئینترنێت سەرمایەگوزاری کراوە، بۆیە دەڵێن لەگەڵ لابردنی گەمارۆکان سپاس رێژەی ٣٠% داهاتی زیاد دەکات.
بەپێی وتەی ئابووری ناسانی جیهان رێژەی پارەی بلۆکە کراوی ئیران لە سەردەمی گەمارۆکاندا نزیک بە ١٥٠

ملیارد دۆلارە کە ئەو ڕێژەیە ٣٠% لەکاتی ئازاد کردنی دا دەبێتە داهات بۆ سپای پاسدارن، واتە ٤٥ ملیارد دۆلار. لە ڕاستیدا ئەو خاڵە بۆتە جێگایی ناکۆکی نێوان کۆماریەکان و دیمۆکراتەکانی ئەمریکا، کۆماریەکان دەڵێن: کە ئەو ڕێژە پۆڵە بەبێ هیچ بەربەستێک دەگاتە دەست سپای پاسدارن ، سپای پاسدارانیش دابەشی دەکا بەسەر لق و پۆپەکانی لە عێراق و لوبنان و سوریە، کە ئەوە دەبێتە هەڕەشە بۆسەر ئەمریکا.

شیرکەتی "خاتەم ئەنبیا" کە نوێنەرایەتی سپای پاسداران دەکات لە پرۆژە ئابووریەکاندا، لە کاتی ئێستادا بەڵێندەری سەرەکی ناوچەی گازی پارسی جنوبە، هەروەها بەڵێندەری هێلی میترۆی تارانە کە نرخی ١,٢ ملیارد دۆلارە و هێڵی لوولەی گازی پاکستان بە نرخی ٢ ملیارد و ٥٠٠ ملیۆن دۆلارە، هەموو ئەو پرۆژانە بە بێ رکابەر ڕاستەوخۆ دراون بە قەرارگای خاتەم ئەنبیا.

سپای پاسداران کۆنترۆڵی تەواویی ترمیناڵەکانی فرۆکەخانە و بەندەرە و خاڵە سنووریەکانی لەژێر دەست دایە و زۆر بەئاسانی بێ دانی هیچ گومرگێک کالاکانی شیرکەتەکانی خۆی هاوردەی ئێران دەکات، ئەمە وتەی بازرگانێکی ئێرانیە کە بۆ سپای پاسدارن کار دەکات و ئەو زانیاریانەی بۆ ئاژانسی ڕۆیتێرز ئاشکرا کردووە.

سپای پاسداران کارو بارەکانی خۆی لە ڕێگای ناوەندە جیاوازەکان و بە ناوی جۆراوجۆر گەشە پێداوە، لەوانە بونیادیی "مستضعفان"، ستادی ئیجرای فەرمانی ئیمام زۆر ناوەندی تر.. هەرچەندە پێشوتریش باسمان کرد کە قەرارگای خاتم ئەنبیا بەهێزترین لقی سپای پاسدارانە کە لەبواری بیناسازی و ئاوەدان کردنەوەدا کار دەکات، بەپێی زانیاریەکان سپای پاسداران ٨١٢ شیرکەتی لە ناوخۆی ئێران و دەرەوەی ئێران دا تۆمار کراون کە هەموویان لە ژێر دەسەلاتی ئەو ئیمپراتۆریەتە سەربازیەدایە، کە هەر کەس لە دەرەوەی ئێرانەوە بێت و بیهەوێ سەرمایەگوزاری بکات دەبێ لەگەڵ یەکێک لەو ٨١٢ شیرکەتە ببێتە شەریکە بەش. لە کاتی ئێستادا سپای پاسداران ١٧٠٠ گرێبەستی حکومەتی هەیە، کە بەو گرێبەستانە سپای پاسدارانی کردووتە گەورەترین هێزی ئابوری ئێران و ناوچەکە.

لە ڕاستیدا ڕۆلی سپا دوای هاتنە سەر کاری ئەحمەدی نژاد لە ساڵی ١٣٨٤ زیاتر بوو و لە کابینەی ئەودا ٥ وەزیر سپایی هەبووە،و هەر لەو سەردەمەشدا بوو کە مەیدانەکانی گاز و نەوت درا بە سپای پاسدارن، دوای ڕووداوەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٨٨ ی ئێراندا سپای پاسدارن توانی لە کێ بەرکێیەکی نابەرامبەر شرکەتی مخابراتی ئێران

بکرێت، لەدوای ساڵی ٨٨ ئیتر سپای پاسداران بێ هیچ بەربەستێک و لە ژێر فەرمانی عەلی خامنەیی دا دەستی کرد بە پەل و پۆهاویشتن لە هەموو بوارەکانی ژیانی ئێرانیەکاندا.

## قەراگای ئاوەدان کردنەوەی خاتەم ئەنبیا

قەرارگای خاتەم ئەنبیا لە کۆمەلێک موهەندیسی تایبەت بە رێگا و بان و بیناسازی لەسەردەمی ٨ ساڵەی شەری ئێران و عێراق کاریان کردوە، پێک هاتوە. دوای شەڕ بەهاوکاری سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئێران و بە پشت بەستن بە ئەسلی ١٤٨ قانونی ئەساسی کە دەلێ :هێزە نیزامیەکان لەکاتی ئارامی و ئاشتی دا دەتوانن بەشدار بن کە ئاوەدان کردنەوە و بنیات نانەوە، قەرارگای خاتم ئەنبیای سپای پاسدارن بە پشت بەستن بەو ئەسلە واریدی ئەو کارە بووە.

ئەڵبتە بەشدار بوونی سپای پاسداران لە ئابووری ئێراندا، مشت و مرێکی زۆری لەسەر ساز کرا و کە نابێ سپا پێگە بە کەرتی تایبەت تەنگ بکات، بەلام بە پشتیوانی ئەوکاتی رێبەری ئێران و سەرۆک کۆماری ئەوکات گوێ نەدار بەو نارەزایەتیانە و سپا بەشێوی رەسمی و قانوونی بەشداری کرد لە ئابووری ئێران.

سەرەتا سپا بەدروست کردنی قەراگای ئاوەدان کردنەوەی خاتەم ئەنبیا و دوو لقی تر لەو قەرارگایە ٢ شیرکەتی" رزمندگان و رزمجو "هاتە نێو کایە ئابووریەکانەوە، بەهانەی هاتنە نێو ئەو کارەش ئەوە بوو کە لەدوای شەری ئێران و عێراق ژمارەیەکی زۆر دەزگا و کەل و پەلی رێگا دروست کردن و بینا ساز کردن لە بەرەکانی شەر بەجێ مابوو. بە پێ وتەی یەکێک لە فەرماندەکانی سپا لە ساڵی ١٣٦٨ تا ساڵی ١٣٨٥ سپای پاسداران توانیویەتی کە زیاتر لە ٢٠٠٠ پرۆژەی پیشەسازی و کانگایی لە ئێراندا جێ بەجێ بکات. ناوەندی (کوثران) کە یەکێکی تر لە ناوەندەکانی تری سپایە و لەسەردەمی سەرۆک کۆماری خاتەمی دا توانی پرۆژەی گەیاندی ئاو بۆ ٨٨٠٠ هێکتار لە پارێزگای خوزستان و ناوچەی "ئومیدیە" وەربگرێت کە تێکرایی پرۆژەکە نزیک بە ١ میلیارد دۆلار بوو.

تا پێش ساڵی ١٣٩٠ بەپێ ئەسلێک سپا ئیجازەی نەبوو کە ئەو پرۆژانە وەربگرێت کە لە ١٠٠ میلیارد تمەن کەمترن بەلام دوای گۆرانکاریەکانی نێو ئیران و دەست بلاوی سپای پاسدارن ئێدی سپای پاسدارن دەستی گرت بە سەر پرۆژە بچووکەکانیش دا.

قەراگایی خاتەم ئەنبیا لەکاتی ئێستادا ٥٠٠٠ هەزار شیرکەتی گەورە و بچووک کار بۆ ئەو قەرارگایە دەکەن، بە پیی گوتەی بەرپرسی قەرارگای خاتەم ئەنبیا ١٣٥ هەزار کەس کاری تێدا دەکات کە ئەو ژمارەیە بەشێوەی رەسمی و وەک پاسدار وەزیفە بەشداری کارە ئابووریەکانی ئەو قەرارگا سەربازیەن، لەو ١٣٥ هەزارە، ٢ هەزار و ٥٠٠ کەسی ئەوانە راستەوخۆ لە فەرماندەرانی سپایی پاسداران. جگە لەو ژمارە کەسانەی سەرەوە ٥٠٠ هەزار کەسی تر بەشێوەی قەراردادی کار لەگەڵ ئەو قەرارگایە دەکەن.

بەشێک لەو شیرکەت و ناوەندانەی کە سەر بە سپای پاسدارن ( قەرارگای خاتم ئەنبیا)ن
سەر بەچ لایەنێکە ئەرزش بە دۆلار ناوی شیرکەت یان ناوەند
لەلایەن سپای پاسدارنەوە کڕدراوە ٢,١ ملیارد پالایشگایی ئیسفەهان
لە ١٩ میلیارد دۆلار سپای پاسدارن ٧،١ میلیارد دۆلاری بەش هەیە بانکی پارسیان
٦٠% سپا ئیدارەی دەکات ٨٠٠ هەزار دۆلار سەنایعی پیرۆشیمی ئێران
٤٠% سپا ئیدارەی دەکات ٧٠٠ هەزار دۆلار پیترۆشیمی پارس
١٩% سپا ئیدارەی دەکات ٦٠٠ هەزار دۆلار پیترۆشیمی مارون
لەلایەن سپاوە کڕدراوە، تەنها زەویەکانی ئەو کارخانەیە ئەرزشی ٣٠٠ میلیۆن دۆلاری هەیە ٤٠٠ میلیۆن دۆلار سەنایعی ئالمنیۆمی ئێران
بە قیمەتی ١,٨ میلیارد دۆلار لەلایەن سپاوە کردراوە. ٢ میلیارد دۆلار مەعدەنی ئاسن لە ئەنگوران
١٠ تا ١٥ % سپای پاسدارن بەشی هەیە لەو بانکە گەورانەی ئێراندا بانکەکانی سادرات، میللەت، تیجارەت
نرخی واقعی یەک میلیارد دۆلارە کە لەیەن سپاوە کردراوە. ١٥٠ میلیۆن دۆلار سەنایعی دەریایی سەدرا
لەلایەن سپای پاسدارانەوە کڕدراوە ١٥٠ میلیۆن دۆلار شیرکەتی پیشەسازی ئیران
سپای پاسدارن بە ١٧٠ میلیۆن کڕیویەتی. ١٨٠ میلیۆن دۆلار قیمەتی لەسەر دانراوە کە قیمەتی ئەسلێ ٤٠٠ میلیۆن بووە کارخانەی تراکتۆری تەورێژ

ئەوانەی سەرەوە بەشێکی زۆر بچووکن لە سەرمایەکانی سپای پاسدارنی ئینقلابی ئیسلامی ئێران، لەراستیدا سپای پاسدارن حکومەتی سێبەری کۆماری ئێسلامی ئێرانە و هەربۆیەشە ئەوەی سپای پاسداران دەیهەوێ لە ئێراندا دەتوانێ زۆر بە ئاسانی و بێ کێشە بەدەستی بهێنێت.

سەرچاوەکان:

١- رادیو زمانە، http://www.radiozamaneh.com/234610

٢- ماڵپەڕی ئەلعەربیە، http://farsi.alarabiya.net

٣- ماڵپەڕی اخبار روز

٤- ماڵپەڕی www.dw.com

٥- رادیو فەرانسە.

٦- ماڵپەڕی کەلیمە

٧- ماڵپەڕی سپای پاسدارن

٨- ماڵپەڕی فارس نیوز

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٦٥

١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥

## نابەرامبەری لە بەرنامەکانی ئابووری و گەشەپیهکانی کۆماری ئیسلامی دا!

بەشی پارێزگا کوردییەکان و ناوچە دووردەستەکانی تری ئێران لە بەرنامە ئابووری و گەشەییەکانی کۆماری ئێسلامی چ بوو؟ لەو بابەتەدا هەوڵ دەدەین کە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە.

لە سەردەمی پاشایەتی ڕا تا ئێستا واتە سەردەمی کۆماری ئیسلامی، ئێران ١٠ بەرنامەی گەشە پێدانی تاقیکردۆتەوە. لە گرینگترین ئامانجەکانی ئەو بەرنامانە کەمکردنەوەی جیاوازی لە نێوان ناوچەکانی کەمتر گەشەکردوو لەگەڵ ئەوانەی کە بەردەوام لە گەشەکردن دا بوە.

بە پێی ئەو زانیارییانەی کە لەبەردەستدان، بەرنامەی گەشەپێدانی ڕێژیمی پەهلەوی نەیتوانیوە کەلێنی نێوان ناوەند و دەوربەر پڕبکاتەوە. لەدوای شۆڕشی گەلانی ئیران و هاتنەسەرکاری حکومەتی ئێسلامی، بەرپرسانی ئەو حکومەتە لە ڕۆژەکانی سەرەتای شۆڕشەوە دەستیان لەسەر ئەو خاڵە دانا کە دەبێ گەشەکردن لە ئێراندا لە هەموو ناوچەکان وەک یەک بێت و حکومەت دەبێ و لەسەرییەتی کە ئەو نابەرانبەرییە کەم بکاتەوە. هەرچەندە شەڕی ئێران و عێراق بەهانەیەکی باش بوو کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەرنامەی گەشە پێدانی ناوچەیی خۆیان پەرە پێنەدەن و بە بەهانەی شەڕ ئەو دواکەتوویی و بێ ئیمکاناتییەی کە لە پارێزگاکانی پێش شۆڕشی ٥٧ هەبوو، هەر وەک خۆی مایەوە و کۆماری ئیسلامی هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی لە شێوە و ڕەفتاری خۆی سهبارهت بە ناوچە دوورەدەستەکان لە ناوەندەوە نەکرد. لە دوای شەڕ، ئێران بەرنامەیەکی ٥ ساڵەی گەشە پێدانی لە دەستوری کاری خۆیدا دانا، بە درووشمی کەمکردنەوەی هەژاری لە ناوچە بێبەشەکاندا و گەشەپێدانی یەکسان.

ئەگەر بەرنامەی یەکەمی گەشەپێدان تایبەت بوو بە ئاوەدان کردنەوە و نۆژەنکردنەوەی ناوچە زەرەر وێکەوتووەکانی شەڕ، ئەوا بەرنامەکانی تری کە بەدوای ئەو داهاتن نەک لە نابەرانبەری لە ئێراندا کەم نەکردوە بەڵکو زۆر زیاتریشیکرد تهنانهت لە چاو سهردهمی ئەوەی پێش شۆڕشی ٥٧ ش.

## ناوەندگەرایی لە بەرنامەکانی گەشە پێدان دا

لە کتێبی «ئێران لە نێوان دوو ئینقلاب»دا هاتووە کە لە دەورانی پەهلەوی لە تاران بۆ هەر ٩٧٤ کەس دکتۆرێک هەبوو، بەڵام لە بەرامبەردا لە کوردستان بۆ هەر ٦٤٧٧ کەس یەک پزیشک و لە سیستان و بلوچستان بۆ هەر ٥٣١١ کەس یەک پزیشک هەبووە.

ئەگەر ئەو بەراوردەی سەرەوەی کتێبی «ئێران لە نێوان دوو ئینقلاب»ی یراواند ئابراهامیان بکەینە بنەمایەک بۆ خوێندنەوەی گەشە لە ئێراندا، دەبینین کە لە ساڵی ١٣٥٤ دا تەنیا لە تاران ٦٠% لەسەدی پیشەسازی و هەروەها قەرزی بانکی ئێران تایبەت بووە بەو ناوچەیە کە ٢٢% هێزی کاری ئیرانی تیدا بووە، ئەوە لە حالێکدایە کە کوردستان و سیستان و بلوچستان کە زیاتر لە ٣٠ % هێزی کاری تێدا بووە، تەنها ٥% پیشەسازی و قەرزی بانکی لەو ناوچانەدا چالاک بووە! ئەمە لە لایەکەوە، لەلایەکی ترەوە حکومەتی ئەوکات لە بواری پەروەردە و راهێنان دا ئەوەندەی لە بیری ناوەندا بووە، کەمتر پرژاوەتە سەر ناوچەکانیتر، تەنها لە تاران دا ٦٢% خەڵک خوێندەوار بوون لە بەرامبەردا لە کوردستان ٢٦% و سیستان وبلوچستاندا ٢٥%ی خەڵک خوێندەوار بوون!

بەڵام لە ئێستادا، نەک جیاوازیەکان کەم نەبوونەتەوە، بەڵکو لەهەندێک جێگادا زیاتریش بوون. بەپێ ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەک کە لە ساڵانی ١٣٧٩ تا ١٣٨٨ ئەنجام دراوە و لە ژمارەی ٧ی گۆڤاری ئابوری و گەشەدا بڵاوبۆتەوە، دەبینین کە ناوەندگەرایی روو لە زیادبوونە، ئەویش لەسەر دەستی حکومەتێک کە شیعاری عەدالەت و یەکسانی کردبووە سەرمەشقی کاری خۆی.

ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی تر کە لە لایەن عەلیرەزا بێگزادەوە لەبارەی پیشەسازی پارێزگاکان و ناوچەکانی ئێران دا کراوە دەریدەخات کە پارێزگاکانی تاران، ناوەندی، ئیسفەهان و کرمان بەتەنها ٤٩% کارخانە و کەرتی پیشەسازی ئێرانیان تێدا هەڵکەوتوە، هەروەها پارێزگاکانی بوشێهر، هۆرموزگان و خوزستان نزیک بە ٢٠% و پارێزگاکانی قەزوین، فارس و ئازەربایجانی شەرقی ١٤% لە پیشەسازی ئێرانی تیدا جێگر کراوە. بەڵام جێگای سەرسورمانە کە لە ١٩ پارێزگاکەی تر کە ٤٥% خەڵکی ئێرانی تێدا دەژین (پارێزگا کوردییەکانیش لەو ١٩

دانەیەدا جێگایان گرتووە) تەنها ١٧% پیشەسازی و بنکەگەورەکانی ئابوورییان تێدا هەڵکەوتوە. تەنیا لە سێ پارێزگای تاران، ئیسفەهان و خوزستان ٥٠% بەرهەم و ناوچە پیشەسازییەکانیان تێدا هەڵکەوتوە. بۆ زانیاری، پارێزگاکانی خوزستان، بوشێهر و هۆرموزگان لە بهر ئهوهی کە ناوچەی نەوتین، ئەگەر داهات و دەرکەوتی نەوتیان لێ کەم بکرێتەوە، ئەوانیش دەچنە پاڵ پارێزگا فەقیرەکانەوە.

بۆ ئەوەی هاوکێشەکان روونتر ببینەوە بەرچاومان، ٥ پارێزگای گەشەکردوو، گەشە نەکردوو دەخەینە بەردیدی خوێنەران کە بەراوردێکە لە نێوان ساڵی ١٣٧٩ و ١٣٨٨ هەتاو لە ئێراندا.

پێرستی پارێزگاکانی گەشەنەکردوو پارێزگاکانی گەشەکردوو

ساڵ پێنج (٥) پارێزگای گەشەکردوو پێنج (٥) پارێزگای گەشەنەکردوو

١٣٧٩تاران، ناوەوندی، قەزوین، هورموزگان، ئیسفەهان کرمانشان، ئیلام، کۆهکیلویە و بویرئەحمەد، پارێزگای سنە، سیستان و بلوچستان

١٣٨٨ تاران، ناوەندی، بوشێر، سمنان، یەزد پارێزگایی ورمێ، لۆرستان، پارێزگای سنە، کۆهکیلویە و بویرئەحمد، سیستان و بلوچستان

سەرچاوە گۆڤاری ئابووری و گەشەی ناوچەیی، نیوەی ساڵی ١٣٩٣

لە تازەترین ئاماردا رێژەی بێکاری لە پارێزگا کوردییەکان بە رێژەیەکی بەرچاو بەرزبۆتەوە، بەپێ سەرچاوە حکومەتییەکان لە پارێزگای کرماشان ٢٠% و لە پارێزگای سنە ١٩% و پارێزگایی ورمێ ١٦،٥% و لورستان و ئیلامیش هەریەکە ١٩% و ٢١ % رێژەی بێکارییان تێدا بەرز بۆتەوە، بەڵام ئەو رێژەیە بەپێی سەرچاوە نا حکومەتییەکان بەرێژەیەکی بەرچاو بەربۆتەوە بۆ نموونە لە پارێزگای کرماشان ٢٨% و لە پارێزگای سنە ٢٦% و پارێزگایی ورمێ ٢٤% و لورستان و ئیلامیش هەریەکە و بە ٢٨% و ٢٤ % رێژەی بێکارییان تێدا بەرز بۆتەوە. حکومەتی کۆماری ئیسلامی بە ئانقەست ئامارەکان بەوشێوەیە بلاودەکاتەوە کە دەنگی خەڵکی نارازی کپ کات و هەمیش بە دنیای دەرەوە بلێت کە لەوڵاتەکەی من دا یەکسانی هەیە، ئەگەر ئەو یەکسانییە بێکاریش بێت!

ئەو ڕێژانەی کە لەسەرەوە هاتوون بەشی زۆری بەهۆی نەبوونی بنکە و دامەزراوەی ئابووری لەو ناوچانەدا پەیدا بوون.

لە کوردستان هیچ کارگەیەکی گەورەی بەرهەمهێنان نیە، ئەگەر چاوێکی خێرا بە سەر نەخشەی ئێراندا بخشێنن دەبینن کە زۆربەی کارگەکانی بەرهەمهێنانو هەروەها بناغەکانی ئابووری لە ئێران لە سێگۆشەیەکی فارسنیشنی ناوەندی ئێران کۆبۆتەوەو، هیچ کارگەیەکی گەورەو بەرهەمهێن ناکەوێتە دەرەوەی ئەم سێگۆشەیەوە. ئەو بەرنامەیەی حکوومەتی ناوەندی بەشێوەیەکی بەرنامەبۆدارێژراو، حکوومەت دوای حکوومەت لە ناوچە کوردنشینەکان دووبارە بۆتەوە. لە زۆربەی بنەماڵەکانی ٤ پارێزگای کورد تەنیا یەک کەس کار دەکاو چەند کەسی بێکار لە سەر داهاتی ئەو دەژین. ئەمە وای کردوە کە کێشە کۆمەلایەتییەکان زیاتر سەر هەڵبدەن. تەلاق، ئیعتیاد بەمادە هۆشبەرەکان، قاچاغی کەلو پەلو بێکاری، وایکردوە کە کێشەو ئاژاوە زیاد بکا. هەر بۆیە خەڵکێکی زۆر بە هۆی بوونی کێشەوە ڕێگایان کەوتۆتە زیندانەکان. بێکاری وای لە خەڵک کردوە کە بۆ پەیدا کردنی پارووهنانێک بۆ ژیانی خۆیانو بنەماڵەکانیان، پەنا بۆ کاری پڕمەترسییش بەرن. بۆیە زۆر لەوانە ئێستا خەریکی کۆڵبەریو کاری قاچاغی کەلو پەل لە سەر سنوورەکانی ڕۆژئاوای ئێرانن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی منداڵانی کرێکار زیادی کردوەو زۆربەیان وازیان لە خوێندن هێناوەو روویان کردۆتە ناوەندەکانی کار، چونکە ژمارەیەکی زۆر لەوانەی خوێندنیان تەواو کردوە، کاریان دەست ناکەوێ.

بە چاولێکردنێکی خێرا بە نەخشەی ئابووری ئێران دەتوانین تێبینی چەند خاڵ بکەین هەموو کارگەو ناوەندەکانی بەرهەمهێنان لە ئێراندا کەوتوونەتە سێگۆشەیەکی فارسنشینو سەری سێگۆشەکە لە تارانو لایەکانی دیکە لە شیرازو ئیسفەهانە، ئەمە بە کردەوە وای کردوە کە زۆر لە ناوچەکانی دیکەی ئێران لە بوونی کارگەو ناوەندی بەرهەمهێنان بێ بەش بن. ئەمە لەحاڵێکدایە کە کەرەستە سەرەتاییەکانی ئەم کارگانە لە ناوچەکانی دەرەوەی ناوچەی فارسنشینەوە دێنو لە کارگەکانی ناوەندی ئێراندا کەرەستە خاوەکانی ناوچە کوردنشینەکان دەکرێن بە کاڵاو خێرو داهاتەکەی بۆ گیرفانی حکوومەتی ناوەندی دەبێو لە کاتی دابەشکردنی داهاتی سەرانەشدا کوردەکان وەک پلە دوو حیسابیان بۆ دەکرێ. وەک نموونە دەکرێ ئاماژە بەشی بەرهەمهێنانی شەکر لە چەوەندەری قەند باسی بکەین، بەپێی ئاماری ساڵی ١٣٨٥ پارێزگای ورمێ لە چاندنی چەوەندەری قەندا، بە ٢٩٦٥٠ دۆنم کە دەکاتە ٢٢% لەسەر ئاستی ئێران بە پلەی دووهەم دێو، هەروەها پارێزگای کرماشان بە١٣١٤٦ دۆنم کە دەکاتە ١١% لەسەر ئاستی ئێرانو پارێزگای ئیلام بە ٥٠٠ دۆنمو پارێزگای کوردستان بە ١٢٠ دۆنم لە بەرهەمهێنانی چەوەندەری قەندا بەشدارن. ئەگەر چاو بەو ئامارانەدا بخشێنین دەبینین کە ٣٨% تا ٤٠% (کە دەکاتە

١٦١٩٣٣٥ تۆن) لە چەوەندەری ئێران لە ناوچە کوردنشینەکان بەرهەم دێ، ئەمە لەحاڵێکدایە کە کوردستان بەوهەموو چەوەندەرەوە تەنیا یەک کارگەی بەرهەمهێنانی قەندو شەکری لێیە، ئەویش کارگەی قەندی میاندواوە، کە هیچ پێوەندییەکی بە کوردەکانەوە نیە. لەم ساڵانەی دواییدا چەندین هەوڵ بۆ دروستکردنی کارگەی شەکر لە پیرانشارو نەغەدە دراوە کە بەهۆی ئەوەی حکوومەت پشتیوانییەکی ئەوتۆی لێ نەکردوە، ئەو هەوڵانە ئەگەر جێ بەجێش کراون، زۆر لاواز بوونو نەتوانراوە وەک کارگەیەکی بەرهەمهێن چاوی لێبکرێ.

ئەو ئامارانەی سەرەوە پێمان دەڵێن کە بەرنامەکانی گەشەی ئابووری لە حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران و هەروەها رێژیمی پەهلەویش دا هیچ کات بە قازانجی کوردەکان و کەمە نەتەوایەتیەکانی تر نەبووە، ئەوەی کە ئێستا لە ئێراندا دەبیبین لە کاتی ئێستادا دیکتاتۆرییەکی نیزامی و ئابوورییە کە جلەکەوەی لەتاران بەدەست فارسە شۆنیستەکانەوەیە. ئەوە لە بواری بناغەکانی ئابووری و پیشەسازیەوە، بەڵام ئەگەر سەیری لایەنەکانی تری ژیانی خەڵکی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران بکەین دەبین کە بەرنامەکانی گەشەپێدانی پەروەردەو فێرکردنیش هیچ قازانجێکیان بۆ ئەو ناوچانە نەبووە. بە پێی راپۆرتی رەسمی (سازمان نهضت سواد آموزی)، پارێزگاکانی سنە و ورمێ و سیستان و بلوچستان، نەخوێندەوارترین پارێزگاکانی ئێرانن.

لە خشتەی خوارەوەدا هەوڵ دراوە کە هەڵسەنگاندنێک بکرێت لە نێوان پارێزگاکانی ئێران لە ستاندارتەکانی ژیان دا( ئومێد بە ژیان، پەروەردە و گەشەی مرۆڤی و پێوەری داهات) سەرچاوەی ئەو خشتەیە راپۆرتی رەسمی (معاونت مدیریت و برنامەریزی)ە لە نێوان ساڵی ٨١ بۆ ٨٨.

| ستاندارەکان | ساڵ | پلەی ١ | پلەی ٢ | پلەی ٣ | پلەی ٢٨ | پلەی ٢٩ | پلەی ٣٠ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئومێد بە ژیان | ٨١ | تاران | گێلان | ئیسفەهان | کۆهگیلویە و بویر ئەحمەد | سنە | سیستان و بلوچستان |
| | ٨٨ | تاران | گیلان | ئیسفەهان | کۆهگیلویە و بویر ئەحمەد | ئیلام | سیستان و بلوچستان |
| پەروەردەو فێرکردن | ٨١ | تاران | ئیسفەهان | سمنان | ورمێ | سنە | سیستان و بلوچستان |
| | ٨٨ | تاران | یەزد | سمنان | خوراسانی شەرقی | سنە | سیستان و بلوچستان |
| گەشەی مرۆیی | ٨١ | تاران | ئیسفەهان | قەزوێن | ئەردەبیل | سنە | سیستان و بلوچستان |
| | ٨٨ | تاران | سمنان | ئیسفەهان | ورمێ | سنە | سیستان و بلوچستان |
| سەرانەی داهات | ٨١ | تاران | قەزوێن | ئیسفەهان | ورمێ | سنە | سیستان و بلوچستان |
| | ٨٨ | تاران | ناوەندی | بوشێهر | ورمێ | سنە | سیستان و بلوچستان |

سەرچاوە: راپۆرتی رەسمی (سازمان مدیریت و برنامەریزی)

سەرچاوە: راپۆرتی رەسمی (سازمان مدیریت و برنامەریزی)

وەزعیەتی ئیستا لە ئیراندا راست بەپێچەوانەی ئەو بەرنامە و پلانەیە لە لایەن کۆماری ئسیلامی ئێرانەوە بۆ ناوچە دوورە دەستەکان دانراوە. ئەو نابەرامبەرییەی کە لە حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەیە بە نیسبەتی کەمە نەتەوەکانی وەک کورد و بلوچ و ئەوانی تر بە درێژایی ٣٦ ساڵی حکومەتی کۆماری ئێسلامی بەردەوامی هەبووە.

پێرستی پارێزگاکانی گەشەنەکردوو پارێزگاکانی گەشەکردوو

| پێنج (٥) پارێزگای گەشەنەکردوو | پێنج (٥) پارێزگای گەشەکردوو | ساڵ |
|---|---|---|
| کرمانشان، ئیلام، کۆهکیلویە و بویرئەحمەد، پارێزگای سنە، سیستان و بلوچستان | تاران، ناوەوندی، قەزوین، هورموزگان، ئیسفەهان | ١٣٧٩ |
| پارێزگایی ورمێ، لۆرستان، پارێزگای سنە، کۆهکیلویە و بویرئەحمد، سیستان و بلوچستان | تاران، ناوەندی، بوشێر، سمنان، یەزد | ١٣٨٨ |

سەرچاوە گۆڤاری ئابووری و گەشەی ناوچەیی، نیوەی ساڵی ١٣٩٣

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٦٦

٢٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥

# نابەرامبەری لە بەرنامەکانی ئابووری و گەشەیی کۆماری ئیسلامی دا!

## (بەشی ٢)

هەروەک لە بەشی یەکەمی بابەتی "نابەرامبەری لە بەرنامەکانی ئابووری و گەشەیی کۆماری ئیسلامی دا!" دەستمان لەسەر چەند خاڵی گرینگ لە نابەرامبەرییە ئابوورییەکان لە ئێراندا دانا و، هەروەها ئیشارەیەکمان بە چەوساندنەوەی بە بەرنامەی کەمە نەتەوەییەکانی نێو جوگرافیای وڵاتی ئێران کرد و هەوڵمان دا بە پێی هەندێک زانیاری و ئاماری ورد، شێوەی ئەو نابەرامبەرییە دەربخەین، لەو بەشەشداو، لە درێژەی ئەو باسەدا هەوڵ دەدەین کە لایەنی تری چەوساندنەوەی بە بەرنامەی کورد لە ئێراندا باس بکەین.

لە بەرنامەی پێنجەمی گەشەی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بەشێکی تایبەت بۆ ئەو ناوچە بێ بەش و کەم گەشەکردووانە دانراوە کە کەوتوونەتە دەرەوەی سێگۆشەی هێز و ئابووریی ئێران. خۆرهەڵاتی کوردستانیش بەشێکە لەو ناوچانە کە ئەو یاسایە دەیانگرێتەوە، بەڵام ئەو یاسا و رێسا ئابووری و هاوکاریبەخشینانە تەنیا لەسەر کاغەز ماونەتەوە و هیچ کات نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ چاوبەستنی خەڵک پەنایان بردۆتە بەر چاک کرد نو گەورەکردنی شار و رێگاوبانەکان، بەڵام لەراستیدا دەردی کوردەکان و ئەو ناوچانە کە دوچاری جیاوازی بوون خانوو بەرەو رێگاو بان نیە، بەڵکوو دەردی ئەو خەڵکە نەدارە بەوە چارەسەر دەکرێ کە لەو ناوچانەدا بنکە و دامەزراوەی ئابووری ساز بکرێت بۆ ئەوەی رێژەی بێکاری کەم بێتەوەو خەڵک بتوانن بە رەنجی شانی خۆیان بژین.

بە پێی مادەی ١٣٢ لە قانوونی بەرنامەی پێنجەمی گەشەی ئێران، حکوومەت بەرعۆدە دەبێ کە ٢% ی داهاتی نەوت و گاز بۆ ناوچە دواکەوتووەکانی ئێران تەرخان بکا، لەو داهاتە دەبێ یەک لە سێ بۆ ئەو پارێزگایانە تەرخان بکرێ کە نەوت و گازیان هەیە و دوو لە سێ بۆ ئەو ناوچانە تەرخان بکرێ کە کەمترین گەشەکردنیان

بەخۆیانەوە دیتوە. ئەو قانوونە چەندین ساڵە لە پەرلەمانی ئێران دێت و دەچێ و تا ئیستا هەوڵێکی جیددی بۆ جێبەجێکردنی نەدراوە.

لە کۆتایی ساڵی ١٣٨٨ دا نووسینگەی سەرکۆماری ئێران راپۆرتێکی بڵاو کردەوە و لەوێدا پارێزگاکانی (سیستان و بەلووچستان، ورمێ، ئیلام، سنە، کرماشان، بوشێهر، خوراسانی جنووبی، لورستان، هورموزگان و کۆهکیلویە و بویرئەحمەد) بە دواکەوتووترین پارێزگاکانی ئێران ناو براون. لەو راپۆرتەدا باس لە تایبەتمەندییەکانی پارێزگا پێشکەوتوو و دواکەوتووەکانی ئێران کراوە. خاڵی جێگای سەرنج لەو راپۆرتەدا ئەوەیە کە کرماشان، ئیلام، هورموزگان، بوشێهر و کۆهکیلویە و بویرئەحمەد لەو پارێزگایانەن کە لە نێو خاکی خۆیان دا نەوت و گازیان هەیە، بەڵام ئەوە قازانجێکی ئەوتۆی بۆ ئەو پارێزگایانە نەبووە. هەر بەپێی ئەو راپۆرتە رێژەی هیوا بە ژیان لە پارێزگاکانی سنە، کرماشان و ئیلام کەمە و رێژەکە لە نێوان ٦٥% بۆ ٦٦% ساڵە کە بە بەراورد لەگەڵ رێژەی هیوا بەژیانی ئێران کە (٧٣,٥)ە، ٨ % ساڵی کەمترە، ئەوەش راست بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان بەتایبەتی ناوەندە دەرمانی و پزیشکییەکان لەو پارێزگایانە بە ئەندازەی پێویست نین.

نێونجیی داهاتی بنەماڵەیی لە شارەکانی پارێزگاکانی کرماشان، سنە و سیستان و بەلووچستان ١٥ میلیۆن تمەن لەساڵدایەو ئەو رێژەیە لە دێهاتەکانی ئەو پارێزگایانە کەمترە و داهاتی ساڵانەی هەر بنەماڵەیەک بۆ ٨ میلیۆن تمەن دادەبەزێ. ئەو داهاتانە لە حاڵێکدایە کە نێونجیی داهاتی بنەماڵەیی لە ئێراندا ٢٠ میلیۆن تمەن بۆ هەر بنەماڵەیەک لە شار و ١٢ میلیۆن تمەن لە دێهاتەکانە.

ئەگەر گەشتێکی خێرا بە نێو ئامارە ئابوورییەکانی ئێراندا بکەین دەبینین کە لە ساڵی ١٩٩٣دا رێژەی وەبەرهێنان لە پارێزگای ئەلبورز ٢٠٠% زیادی کردوە و لە پارێزگای ئیسفەهانیش ئەو رێژەیە بۆتە ٦٠%، بەڵام بە پێچەوانەوە، رێژەی وەبەرهێنان لە پارێزگا کوردییەکان دا لەو پلانەی کە بۆی دانراوە زۆر کەمتر بۆتەوە ، لە پارێزگای ئیلام لەساڵی ٩٣ دا تەنیا ٣٥٦ کەس و لە پارێزگای سنە ٤٩٠ کەس و لە پارێزگای کرماشان ٥٣٢ کەس لە ناوەندە پیشەسازییەکانی ئەو پارێزگایانە دامەزراون. ئەو رێژە کەمە ڕاست بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نەبوونی بنکە و دامەزراوەی ئابووری و پیشەسازی لەپارێزگا کوردییەکان بەشێوەیەکە کە خەڵک ناچار دەکەن کە بۆ ناوەندی وڵات کۆچ بکەن.

هەروەک پێشتر باسمان کرد ، بەپێی ماددەی ١٨٠ی قانوونی بەرنامەی پێنجەمی گەشەپێدان، حکوومەت بەرپرسیارە بەرامبەر بە تەرخانکردنی ٢% ی بودجەی وڵات بۆ گەشەپێدانی ناوچە کەم گەشەکردووەکان، بەڵام زانیارییەکان باس لەوە دەکەن کە لە بوودجەی ساڵی ٩١ دا بەهۆی کەمهێنانی بوودجە حکوومەت خۆی لە دانی ئەو ٢% یە پاراستوە و هەروەها لەساڵانی ٩٢ و ٩٣ دا کە کەمهێنان لە بوودجەی ساڵانەدا دووبارە بۆتەوەو، رێژەکەشی ٢٥٢٢ میلیارد تمەنە، تەنیا بۆ کاروباری بیناسازی کەڵکی لێوەرگیراوە و کەمتر گرینگی بە دامەزراوە ئابوورییەکان دراوە. سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە کوردەکان نیشاندەری ئەوەیە کە حکوومەت نایەوێ کوردستان لە ئابووری دا بکاتە ناوچەیەکی خۆژیو.

## پارێزگای سنە وەک نموونەی نابەرامبەری

ئەگەر بۆ نموونە بارودۆخی پارێزگای سنە بێنینە بەرچاو دەبینین کە ئاماری بێکاری لەو پارێزگا کوردییەدا بێداد دەکا، رێژەی بێکاری لە شارەکانی پارێزگای سنە ٣١% و لە دێهاتەکانیش ٢٣% ە. نوێنەری پارێزگای سنە لە پەرلەمانی ئێران، سالاری مرادی وێڕای ئاشکرا کردنی ئەو ئامارە بۆ ئاژانسی کاری ئێران دەڵێ زۆربەی بێکارەکانی پارێزگاکە ئەو کەسانەن کە لە ئاستی بەرزدا خوێندەوارییان هەیەو بەداخەوە بەهۆی نەبوونی بنکە و دامەزاوەی ئابووری، ئەو رێژەیە رۆژ لەگەڵ رۆژ روو لە زیادبوونە.

بەپێی زانیارییەکان کارکردن لە کارخانە و کانگاکان دا لەو پارێزگایە ٦,٣% کە بە راوەرد لەگەڵ رێژەی هەموو ئێران کە ٣١,٣% ئەوا رێژەیەکی زۆر لە خوارەوەیە. ئەو رێژە کەمە لە حالێک دایە کە ٣٠٠ کانگا لە پارێزگای سنە کار دەکەن کە ١٨ جۆرە ماددەی جۆراوجۆریان تێدایە، بەڵام بەهۆی نەبوونی کارگە و شوێنی تایبەت نەتوانراوە کە کەڵک لەو ماددانە وەربگیرێت، هەربۆیە بە خامی دەنێردرێنە دەرەوەی ئەو پارێزگایە و لە کارخانەکانی ناوەندی ئێران کاڵای جۆراوجۆریان لێ بەرهەم دەهێنرێت.

ئەمە لە لایەک، لەلایەکی دیکەوە پارێزگای سنە لە ئێران دا لەبارەی ئەو کارگایانەوە کە ١٠ کەس زیاتر کاریان تێدا دەکەن، پلەی ٢٥ هەیە و، هەروەها لەو کارگایانە کە ٥٠ کەس زیاتر کاریان تێدا دەکەن پلەی ٢٧ی هەیە. ئەو ژمارانە دەرخەری ئەوەن کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی هیچ گرینگییەکی بە ئابووریی ئەو پارێزگایە نەداوە. پارێزگای سنە بۆ پیشەسازی و وزە لە پلەی ٢٩ دایە و، هەروەها لە بەرهەمهێنانی نێوخۆیی لە ئێراندا پلەی

٢٧ی هەیە. داهاتی سەرانەی ٤,٧ میلیۆن تمەن لە ساڵدایە کە بە بەراورد لەگەڵ نێونجیی ئێران کە ٨,٢ میلیۆنە، زۆر کەمە. بە واتایەکی روونتر ٥٠% کەمتر لە نێونجیی داهاتی سەرانە لە ئێرانی دا هەیە کە بەو رێژەیە سنە لە ئێراندا دەکەوێتە پلەی ٢٤.

ئامارەکان نابەرابەرییە ئابوورییەکان لەو پارێزگایە بەنیسبەت ناوچەکانی دیکە نیشان دەدەن، دانیشتووانی پارێزگای سنە نزیک بە ٢ میلیۆن کەسن، کە بە بەراورد دەگەڵ ئەو پاریزگایانە کە حەشیمەتیان زۆر نیە لە ئاستێکی ئەوتۆدا نیە. پارێزگای سنە لە زۆربەی هەرە زۆری پلەکانی ئابووریدا لە خوارترین پلەکاندا جێگای گرتوە، ئەوە لە حالێکدایە کە پارێزگا ناوەندییەکان لە پلە باڵاکانی ئابووری ئێراندا جێگایان گرتوە.

ئەگەر بەکورتی لێکدانەوەیەک بۆ ئەم بابەتەی سەرەوە بکەین، دەبینین کە دەسەڵاتدارانی ئێران، هەمیشەو لەهەر بوارێکداو ئەوەندەی لە توانایاندا بووە، هەوڵیان داوە کە مافەکانی کورد لە کوردستانی ئێران زەوت بکەن، هەمیشە بە دیدێکی ئەمنییەتی‌یەوە سەیری کوردستانیان کردووەو وایان بیر کردۆتەوە کە کوردەکان لەسەر ئەم خاکە میوانن. هەر ئەو بیرکردنەوەشە کە کوردەکانی لە پێشکەوتنی ئابووری لە ئێران بێبەش کردوە و کەمترین بەشیان لەو بوارەدا بەرکەوتوە.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٦٧

٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥

## نابەرامبەری لە بەرنامەکانی ئابووری و گەشەیی کۆماری ئیسلامی دا!

### بەشی سێیەم و کۆتایی)

کوردەکانی ئێران لەگەڵ ئەوەی هەمیشە لە لایەن دەسەلاتدارانی ئێرانەوە لەبواری سیاسیو ئابوورییەوە لەمافەکانیانبێبەش کراون، لە بواری لەشساغیو تەندروستییشدا مافیان خوراوەو پارێزگا کوردییەکان بەبیانووی جۆراوجۆر وەک ناوچەیەکی پلە دوو چاویان لێکراوە.

ئێران چوارچێوەیەکی جوغرافیاییە کە چەند نەتەوەی جۆراوجۆر بە کەلتوورو زمانی جۆربەجۆری تێدا دەژین، کوردەکان لەم چوارچێوە جوغرافیاییەدا کەوتوونەتە بەشی رۆژئاواو بەسەر چوار پارێزگادا دابەش بوون، ئەم دابەشکردنە لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە کراوەو خەڵکی کوردستان پرسێکیان پێنەکراوە. پارێزگاکانی ورمێ، کوردستان، کرماشانو ئیلام ئەم چوار پارێزگایەن کە زۆربەی زۆری دانیشتووانیان لە کوردەکان پێکهاتوە.

### نابەرابەری نەتەوەیی لە ئێراندا

کێشەی نەتەوەیی لە ئێراندا لە دوای شۆڕشی مەشرووتەوە دەستی پێکرد، ئەو شۆڕشە دوو لایەنی گەورە دەگرێتەوە، یەکەمیان لایەنی نەتەوایەتی و دووهەمیان دیمۆکراتیکبوونی ئەو شۆڕشە. لایەنی نەتەوەیی بە مانای ئێرانیبوون نەک فارسبوون، چونکە دەوری ئازەری و بەختیارییەکان و ئەرمەنییەکان لە سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەدا ئینکار ناکرێ. بەڵام لایەنە توندڕەوە فارسەکان ئەو شۆڕشەیان بە شۆڕشی نەتەوەیی فارس دادەنا و ئەوەش وای کرد کە فارس و وڵاتانی گەورەی دنیا هاوکاریی ئەو بیروڕایە بکەن. بۆیە فارسەکان توانیان مۆرەی هەڵبژێردراوی خۆیان واتا رەزا شای پەهلەوی بێننە سەر دەسەڵات، کە بە کودەتایەک و بە هاوکاریی هێزە دەرەکییەکان توانی هێزی دەسەڵاتی بسەپێنێ. لایەنەکەی دیکەی شۆڕش کە دیموکراسی بوو، تایبەتمەندییەکی تازەی دابوو بە شۆڕشەکە، ئەمەش بووە هۆی ئەوە کە فشاری کەمایەتییە نەتەوەییەکانی ئێران بۆ سەر حکوومەت زیاتر بکا و

بەندێکی تایبەت بە ئەنجومەنەکانی ویلایەتی و ئیالەتی لە نێو قانوونی مەشرووتەدا بنووسرێ، بەڵام ئەو خاڵە نە لە سەردەمی قاجار و نە لە سەردەمی ڕەزاشادا قەت جێبەجێ نەکرا. لە ڕاستیدا ڕەزاشا لایەنی دێمۆکراتیکی ئەو شۆڕشەی وەلاناو لایەنی نەتەوەیی ئەو شۆڕشەی لەجیاتی چەند نەتەوەیەک بەناوی یەک زمان و یەک نەتەوە زەق کردەوە.

ئەو مەسەلەیە وای کرد حکوومەتی ڕەزاشا بە توندی لەباری فەرهەنگی و سیاسییەوە نەتەوەکانی دیکەی ئێران سەرکوت بکا و ئەمەش ڕوانگەی نەتەوەکانی ئێرانی بۆ نەتەوەی فارس گۆڕی کە وەک نەتەوەی باڵادەست سەیر بکرێ. ڕەزا شا لە جیاتی ئەوەی کە پێشکەوتن لە وڵاتانی ڕۆژئاواییەوە وەربگرێ و لایەنە باشەکانی ئەو پێشکەوتنە بێنێتە ئێران و بۆ بووژاندنەوەی وڵات کەڵکیان لێ وەربگرێ، بە مەبەستی پێشکەوتنی سەربازی لە بواری پیشەسازییەوە چەکی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا کڕی و بۆ سەرکوتکردنی نەتەوەکانی دیکەی ئێران کەڵکی لێ وەرگرت. لەدوای شۆڕشی گەلانی ئێران و گۆڕانی سیستمی سیاسی لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی دا ئەو نابەرانبەرییانە نەک هەر چارەسەر نەکران، بەڵکوو زیاتر پەرەیان پێدرا هەتا وای لێهات نەتەوە زۆرلێکراوەکان لە ئێران ڕووبەڕووی ترسی لەدەستدانی پێناسەی تایبەتیی خۆیان بوونەوە. سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە نەتەوەکان بریتییە لە هەڵگرتنی چەند شوعارێکی ڕەنگاوڕەنگ وەک ئێران موڵکی هەموو ئێرانییەکانە، کە لە ئەسڵ دا ئەوان فارس بەنەتەوەی ڕاستەقینەی خاکی ئێران دادەنێن و ڕیشەی نەتەوەکانی ئێران لە زمان و کەلتووردا دەبەنەوە سەر فارس.

کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی ڕووی ڕاستەقینەی خۆی بە غەیرە فارسەکان نیشان نەدا، چەند بەندێکی تایبەت بە نەتەوە غەیرە فارسەکانی لە قانوونی ئەساسیدا گونجاندوە بۆ ئەوەی ئەوان بەشدارییی لە دەسەڵات دا بکەن، بەڵام ئەو بەندانەش وەک قانوونی مەشرووتیەت هەرگیز جێبەجێ نەکران و تەنانەت دەسەڵاتداران بە پێچەوانەی ئەوبەندانەش کاریان کرد. "قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی بەندەکانی ١٥، ١٩، ٤٨"

## نابەرابەریی ئابووری

لە سەر ئەو بنەمایە، نەتەوەی دەسەڵاتدار ئابووریی وڵاتی خستۆتە خزمەتی ڕاپەڕاندنی کاروباری خۆی ، ئەو کەرەستەی خاوانەی لە مەڵبەندی ژیانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان هەڵکەوتوون لە لایەن سەرمایەدارانی سەر

بەدەسەڵاتەوە دەستیان بەسەردا گیراوە، لە کانگاکانی ژێر زەوی‌را بگرە تا شوێنەکانی گەشت و گوزار، هەموو داهاتەکانیان دەچێتە گیرفانی چینی حاکم لە ئێراندا و ئەو چینە ئەوەندەی چاوی بڕیوەتە قایمکردنی دەسەڵاتی خۆی، ئەوەندە بیری لە چارەسەری دەردو ئازارەکانی خەڵک و دانی مافی نەتەوەکان لە چوارچێوەی ئێراندا نەکردۆتەوە، ئەو سەرمایە و داهاتەی لە ئێران دەست دەکەوێ، ڕێژەیەکی زۆری بۆ هاوکاریی گرووپە چەکدارە توندڕەوو تیرۆریستە ئیسلامییەکان تەرخان دەکرێ.

بە پێی قسەی هێندێ کەس هۆی پاشکەوتوویی ناوچە کوردنشین و بلوچنشینەکان ئەوەیە کە ئەوناوچانە بەرهەمی ژێر زەوی و شوێنی دەست کەوتنی داهاتیان نیە، بەڵام ئەمە بەتایبەتی لەبارەی کوردستانەوە ناڕاستە، چونکە ئەم ناوچەیە خاوەنی زۆر سەرچاوەی سامانی ژێر زەوییە کە هیچوەخت بەقازانجی خەڵکەکەیان کەڵکی لێوەرناگیرێ و وتەنانەت بەشێکی زۆریشی لە لایەن هێندێ مۆرەی دەوڵەتییەوە بەتاڵان دەبرێ.

## نابەرامبەرایەکان لە بواری تەندروستی و لەش ساغییەوە.

بە پێی ئەو ئەژمارانە کە ناوەندی ئاماری ئێران لە خەرمانانی ١٣٨٩دا بڵاوی کردوونەوە ژمارەی دانیشتووانی ٤ پارێزگای ورمێ، کوردستان، کرماشان و ئیلام ٦٩٥٦٠١١ کەس بووە کە بە کەمکردنەوەی ئازەری‌زمانەکان لە پارێزگای ورمێ نزیک بە شەش میلیۆن و چوارسەد هەزار کەس کورد لەم پارێزگایانە دەژین. سەرچاوە:

(بەراوردکردنی حەشیمەتی وڵات، ناوەندی ئاماری ئێران، خەرمانانی ١٣٨٩). ئەگەر ئەو ئامارانە دەگەڵ ئاماری ساڵی ١٣٨٥ بەراورد بکەین دەبینین دەستکاری‌یەکی زۆر روونیان تێداکراوە. بە وتەی ناوەندی ئاماری ئێران (هەر بەپێی سەرچاوەی پێشوو)، حەشیمەتی ئێران ساڵانە ٣،١% زیاد دەبێ. ، بەڵام دەبینین کە ژمارەی دانیشتووانی پارێزگا کوردنشینەکان لە ساڵێ ١٣٨٥ دا شەش میلیۆنو حەوسەدو سی‌و هەشت هەزارو حەوسەدو هەشتاو حەوت (٦٧٣٨٧٨٧کەس) بووە، کەچی ژمارەی دانیشتووان لە ساڵی ١٣٨٩دا بەو ڕێژەیە زیادی نەکردوە کە ئەو ناوەندە ئیشارەی پێدەکا. ئەگەر دانیشتووانی ئەو چوار پارێزگایە لە ساڵی ١٣٨٥ەوە تا١٣٨٩ ساڵانە ٣،١%ی زیاد کردبێ، دەبێ ساڵی ١٣٨٩گەیشتبێتە دەوری حەوت میلیۆنو سەدهەزار ( ٧١٠٠٠٠٠ ) کەس. بەڵام ناوەندی ئاماری ئێران دانیشتووانی ئەم ناوچانەی لە ساڵی ١٣٨٩دا شەش میلیۆنو پێنج‌سەدو شێست هەزارو یازدە کەس (٦٩٥٦٠١١ کەس) ڕاگەیاندوە. کەوایە هەر بەپێی ئەو ئامارانە دەردەکەوێ کە نزیک بە سەدو پەنجا هەزار کەس لە ژمارەی

دانیشتووانی ئەو چوار پارێزگایە کەم کراوەتەوە. وادەردەکەوێ کە ناوەندی ئاماری ئێران هیچ کات ڕێژەی حەشیمەتی ئەو ناوچانەی کە کەمایەتییە نەتەوەیی‌یەکانیان لێ دەژین بەڕوونی ئاشکرا ناکاو ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکار. یەک لەوان ئەوەیە کە ڕێژەی ئەندام پەرلەمانانی هەر پارێزگایەک بە ڕێژەی ژمارەی دانیشتووانی ئەو پارێزگایە دیاری دەکرێ. ئەمە یەکێک لەو سەدان ناهەقیو جیاوازی‌یانەیە کە دەسەڵاتدارانی ئێران دەرهەق بە کەمایەتییە نەتەوەیی‌یەکان بەکاریان دێنن‌و هەمیشە بەهۆی ئەم جۆرە دەستکاری‌یانەوە لە داتاکاندا دەیانەوێ مافی نەتەوەکانی نێو ئێران پێشێل بکەن.

ئەگەر وردتر بچینە نێو ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ناوچە کوردنشینەکان دەبینین کە نزیک بە ٦٥%ی دانیشتووان لە شارەکان دەژین‌و ئەوانی دیکە واتە ٣٣% لە گوندەکان نیشتەجێن‌و هەروەها لە نزیک بە ٢% ی کۆچەرن کە لە پارێزگاکانی ئیلام‌و کرماشانن. ئەو ٤ پارێزگایە (ورمێ، کوردستان، کرماشان، ئیلام) لە ٤٩ شار و١١١ فەرمانداری‌و ١١٧ شارۆچکەو ٣٢٢ بەخش‌و ٧٧٢٢ گوند پێک دێن، لەو ٤ پارێزگایە ٩ شار هەن کە ڕێژەی دانیشتووانیان لە ١٠٠ هەزار کەس زیاترەو گەورەترینیان شاری کرماشانە کە نزیک بە ٨٠٠هەزار کەسی حەشیمەتە، بەڵام هیچ کات ئەو خزمەتگوزارییانە کە لەلایەن حکوومەتەوە بۆ ئەو ناوچانە دیاری کراون لەگەڵ ژمارەی دانیشتووان‌و شێوەی نیشتەجێبوونیان بەراورد ناکرێن.

پاریزگا کوردنشینەکان لەو ناوچانەن کە چڕیی دانیشتووانیان تێدا زۆرە، واتە لەو ناوچانەن کە لە یەک کیلۆمیتری چوار گۆشەدا ١٠٠ تا ١٤٩ کەس دەژین. سەرچاوە: (دابەش بوونی دیمۆگرافیی دانیشتووانی ئێران ساڵی ١٣٩١). ئەم ڕێژەیە هیچکات بەرامبەر نیە بە ئیمکانات‌و پێداویستییەکانی ئەو خەڵکەی کە لەو ناوچانەدا دەژین، واتە بەنیسبەتی پارێزگاکانی دیکەی ئێران ئەو ئیمکانات‌و پێداویستییانە کە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕۆژانەی خەڵک دادەنرێن زۆر کەمترن، ئەگەر بەراوردێک لە نێوان پارێزگا کوردییەکان‌و پارێزگاکانی ناوەندی ئێران بکەین ناداد پەروەرییەکی زۆر دەبینین. بۆ نموونە لە بواری تەندروستی‌و خزمەتگوزاریی پزیشکی‌دا هەمیشە پشکێکی کەم بەر ئەم پارێزگایانە کەوتوە کە کوردیان تێدا نیشتەجێیەو پشکی زۆرتر بۆ پارێزگاکانی ناوەند بووە. لێرەدا بەراوردێک لەسەر نەخۆشخانە گشتییەکانی کە لەسەرووی ٢٠٠ تەختیان هەیە لەگەڵ ڕێژەی دانیشتووانی ئەو ٤ پارێزگایە دەکەین.

**یەکەم:** پارێزگای ورمێ. بەشی ئەم پارێزگایە لە نەخۆشخانەی ۲۰۰ تەختی تەنیا ۹ نەخۆشخانەیە، ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەم پارێزگایە لە ۱۷ شارو ٤٠ فەرمانداریو ۱۱۳ بەخشو ۳۹ شارۆچکە پێک هاتووە ڕێژەی دانیشتووانی لەسەرووی ۳ میلیۆن کەسەوەیە. کە ئەگەر ڕێژەی ئەم نەخۆشخانانە لەگەڵ ڕێژەی دانیشتووان بەراورد بکەین ، دەبینین کە بۆ هەر ۳۳۰ هەزار کەس یەک نەخۆشخانەی ۲۰۰ تەختیی پێشکەوتوو دەبینرێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هەموو تەختەکانی نەخۆشخانەکان حیساب بکەین دەبینین کە لە پارێزگای ورمێ ۲۹٤٤ تەختی نەخۆشخانە هەیە کە بۆ هەر ۱۰۱۹ کەس یەک تەخت تەرخان کراوە.

(سەرچاوە: ماڵپەری ڕەسمیی نەخۆشخانەکانی ئێرانو مەرکەزی ئاماری ئێران
http://isohospital.com/Default.aspx)

**دووەم:** پارێزگای کوردستان. بەشی ئەم پارێزگایە لە نەخۆشخانەی ۲۰۰ تەختی تەنیا ۳ نەخۆشخانەیە، ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەم پارێزگایە ۱۰ شار و ۲۷ فەرمانداریو ۸٤بەخشو ۲۵ شارۆچکەی هەیەو ژمارەی دانیشتوانی لەسەرووی ۱،۵۰۰۰۰۰ (یەک میلیۆنو پێنج سەدهەزار) کەسەوەیە. کە ئەگەر ڕێژەی ئەم نەخۆشخانانە لەگەڵ ڕێژەی دانیشتووان بەراورد بکەین دەبینین کە بۆ هەر ۵۰۰ هەزار کەس یەک نەخۆشخانەی ۲۰۰ تەختیی پێشکەوتوو هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هەموو تەختی نەخۆشخانەکان حیساب بکەین دەبینین کە لە پارێزگای کوردستان ۱٦٥۹ تەختی نەخۆشخانە هەیە کە بۆ هەر ۹۰۰ کەس یەک تەخت تەرخان کراوە. ( سەرچاوە: ماڵپەری ڕەسمیی نەخۆشخانەکانی ئێرانو مەرکەزی ئاماری ئێران)

ئەگەر بەکورتی لێکدانەوەیەک بۆ ئەم بابەتەی سەرەوە بکەین دەبینین کە دەسەڵاتدارانی ئێران، هەمیشەو لەهەر بوارێکداو ئەوەندەی لە توانایاندا بووە هەوڵیان داوە کە مافەکانی کورد لە کوردستانی ئێران زەوت بکەن، هەمیشە بە دیدێکی ئەمنییەتییەوە سەیری کوردستانیان کردووەو وایان بیرکردۆتەوە کە کوردەکان لەسەر ئەم خاکە میوانن.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٦٨

۲۳ی نۆڤەمبەری ۲۰۱۵

# بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٦

---------------------------------------------------------------

## ئێران وڵاتی قەیرانەکان، شکستی پڕۆژەی حکوومەتی ئایەتوڵڵاکان!

ئێران لە دوایین ریزبەندیی جیهانیدا لە نێو ١٤٤ وڵاتی جیهان پلەی ١٠٦ی گرتوە!

چاوخشاندنێک بەسەر دوایین راپۆرتی ناوەندی لۆگاتۆم بۆ لێکۆلینەوە و توێژینەوە!

"ئەوە یەکەمین دەوڵەتی خودایە کە دادپەروەری دادەمەزرێنێ، پاشایەتی تێک دەشکێنێ‌و دەی‌خاتە نێو زبڵدانی مێژوو". (وتاری ئایەتوڵلا خومەینی لە ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨دا ). ئایا قسەکەی خومەینی راست دەرچوو؟

حکوومەتی خودا لە سەر زەوی، حکوومەتێک بوو کە لێقەوماوانی سەر زەوی لە ژێر سێبەریدا بحەسێنەوە، یان بە پێچەوانەوە حکوومەتێک بوو کە خۆی بوو بە هۆی دروستبوونی قەیران و ماڵی خەڵکی وێران کرد، حکوومەتێک کە لە ڕیزی خراپترین و دیکتاتۆرترین وڵاتانی جیهاندایە.

ئەگەر چاوێک بە مێژووی ٣٦ ساڵەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بخشێنین، دەبینین کە حکوومەت لە بەشی هەرە زۆری بەرنامە و پلانە ئابووری و گەشەیی‌یەکانی خۆیدا شکستی هێناوە.

ژمارەیەک ناوەند و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لە بواری لێکۆڵینەوەدا بە پێی نەریتی ساڵانەی خۆیان کۆمەڵێک راپۆرت و داتا و زانیاری لەسەر ولاتانی جیهان بڵاو دەکەنەوە. ئەو راپۆرتانە بەگشتی هەموو بوارەکانی ژیان و بەڕێوەبردنی وڵاتان بە وردی دەخەنە ژێر لێکۆڵینەوە و لە کۆتاییدا بۆ ڕای گشتی بڵاو دەکەنەوە. لەو نێوەدا

کۆمپانیا و ناوەندە ئابووریەکان بۆ زیادکردن و پەرەپێدانی کاری خۆیان پەنا دەبەنە بەر ئەو راپۆرتانە، چونکە بەشی زۆریان راستی و دروستی ژیان و بەرێوەبردنی وڵاتان نیشان دەدەن.

ناوەندی لۆگاتۆم کە ناوەندێکی لێکۆلینەوە و تۆژینەوەیە و بنکەکەی لە شاری لەندەنی وڵاتی بریتانیایە، لە تازەترین راپۆرتی خۆیدا کە لە مانگی ١٢ی ساڵی ٢٠١٥دا بڵاو بۆتەوە، ١٤٢ وڵاتی جیهانی خستۆتە ژێر وردبینیی خۆی بۆ دەستنیشانکردنی باشترین وڵات بۆ ژیان. بۆ ئەو مەبەستە چەند شتی وەک بنەمای گرینگ لەبەرچاو گرتوون، لەوانە (ئابووری، دابین کردنی هەلی کار و سەرمایەگوزاری، دەسەڵاتداری، پەروردە، تەندروستی، ئاسایش، ئازادیە تاکە کەسیەکان و سەرمایەی کۆمەلایەتی) . بە چاوخشاندنێک بە داتاو زانیاریەکانی ئەو راپۆرتەدا دەبینین کە ئێران لە سالی ٢٠١٥دا لە نێو ١٤٢ وڵاتی جیهاندا لە پلەی ١٠٦دایە، پلەیەک کە ئەو ناوەندە بە رەنگی سوور نیشانی داوە، واتە ئەو وڵاتە یەکێکە لە خراپترین وڵاتەکان لە جیهاندا. بۆ زیاتر روونکردنەوەی پلەی ١٠٦ی ئێران هەوڵ دەدەین کە زانیاریەکان شی بکەینەوە.

ئابووری: ئێران لە بواری ئابووریدا ساڵی ٢٠١٥، پلەی ١٠٥ی لەنێو ١٤٢ وڵاتی جیهاندا بووە.، ئەوە لە حالێکدایە کە لە ساڵەکانی ٢٠١٣ و ٢٠١٢دا بە تەرتیب پلەی ٩١ و ٧٠ی هەبووە، بە وردبوونەوەیەک لەو داتایانە دەردەکەوێ کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران ساڵ بە ساڵ لە بواری ئابووریدا بێتواناتر بووە و لە کاتێکدا ئیران لە ساڵی ٢٠١٢دا پلەی ٧٠ی هەبووە، لە ساڵی ٢٠١٥دا، ٣٥ پلە دابەزیوە و بۆتە ١٠٥، کە ئەمە بۆ وڵاتێک کە تێیدا رێژەی بێکاری ٣٠% یە و حەشیمەتەکەی لە ٨٠ ملیۆن کەس نزیک دەبێتەوە گیروگرفتێکی گەورەیە و، کارەساتێکی ئابووری چاوەرێی دەکا.

لە لایەکی دیکەوە رێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی لە ئاخرین راپۆرتی خۆیدا ئێرانی لە ریزی گەندەڵترین وڵاتانی جیهاندا داناوە. ئیران لە راپۆرتی ئەو رێکخراوەدا لەنێو ١٧٦ وڵاتی جیهان پلەی ١٣٦ی گرتوە، واتە حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە گەندەڵترین و بۆرۆکراتیکترین ولاتانی جیهانە کە گەندەڵی سەرتاپای ئەو حکوومەتەی داگرتوە. بە وتەی بەرپرسانی ئیران هیچ شۆرش و پلانێک ناتوانێ حکوومەتی ئایەتوڵڵاکان لەنێو ببا، بەڵام گەندەڵی بناغەی ئەو حکوومەتەی لەرزاندوە و لەو نێوەشدا وەک نموونە ناوەندێکی چاودێری دارایی حکوومەتی ئێران بە ناوی "بنیاد میزان" خۆی تووشی گەندەڵی دارایی بووە و ئیستا پەروەندەکەی لە دەزگای قەزاییدایە.

دابین کردنی هەلی کار و سەرمایەگوزاری: ئێران لە ساڵی ٢٠١٥دا لەنێو ١٤٢ وڵاتی جیهان لە بواری دابینکردنی هەلی کار و سەرمایەگوزاریدا پلەی ٩٢ی گرتوە، ئەوە لە حالێکدایە کە ساڵی ٢٠١٤ ئێران پلەی ٩٣ی هەبووە و لە ساڵەکانی ٢٠١٣ و ٢٠١٢دا بە تەرتیب پلەی ٩٣ و ٩٥ی هەبووە، وەک پێشتریش گوترا ئێران لەو وڵاتانەیە کە ڕێژەی بێکاریان تێدا زۆرە و وەگەڕخستنی سەرمایەشیان تێدا زەحمەتە. ڕێژەی بێکاری لە ئێران بە پێی ناوەندە ڕەسمییەکانی ئێران ٣٠% یە ، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ناوەندی ئابووری و پیشەسازی لە ئێران زۆر کەمە یان هەر نیە. لە لایەکی دیکەوە حەشیمەتی ئێران ڕۆژ بەڕۆژ ڕوو لە زیادبوونە و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بێئەوەی بەرنامەیەکیان بۆ ئەو کارە هەبێ بەردەوام خەڵکی بۆ زیادکردنی حەشیمەت هان دەدەن ، ئەوە لە حالێکدایە کە ئیران جگە لە کێشەی ئابووری بە دەست کێشەی وشکەساڵی، بێئاوی و بێ بەروبوومیشەوە دەناڵێنێ.

لە بواری سەرمایەگوزاریدا لەبەر ئەوەی ڕێژەی گەندەڵی زۆرە و هێزە نیزامییەکان دەستیان بەسەر ناوەندەکانی ئابووریداگرتوە، کۆمپانییە گەورەکانی جیهان کەمتر خۆیان لە وەها بازارێک دەدەن، بەپێی زانیارییەکان سپای پاسداران ٨١٢ شیرکەتی لە نێوخۆی ئێران و دەرەوەی ئێراندا تۆمار کردوون کە هەموویان لە ژێر دەسەلاتی ئەو ئیمپراتورییە سەربازییەدانو، هەر کەس لە دەرەوەی ئێرانەوە بیهەوێ سەرمایەگوزاری بکا، دەبێ لەگەڵ یەکێک لەو ٨١٢ شیرکەتە ببێتە شەریکەبەش. ئەو ڕێگرییانە وایان کردوە کە ئێران لە بواری سەرمایەگوزاریی خاریجیدا لە ڕەدەی ٩٢ی جیهاندا بێ.

دەسەڵاتداری: ئێران لە ساڵی ٢٠١٥دا لەنێو ١٤٢ وڵاتی جیهان لە بواری دەسەڵاتداری و حوکمڕانیدا پلەی ١٢٢ی گرتوە. ئەوە لە حالێکدایە کە ساڵی ٢٠١٤ ئێران پلەی ١٢٠ی هەبووە و لە ساڵەکانی ٢٠١٣ و ٢٠١٢دا بە تەرتیب پلەی ١٢٠ و ١٢٦ی هەبووە. حوکمڕانیی ئایەتوڵلاکان بە سەر خەڵکی ئێراندا لە ماوەی ٣٦ ساڵدا زۆرتر وەک دەسەڵاتی ئاغا و ڕەعییەتی بووە و ئەو دروشم و بەرنامە خەیاڵییانە کە لە سەرەتای شۆرشی ١٣٥٧دا لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی کۆماری ئیسلامییەوە بەیان دەکران، زۆرتر لە تراویلکە دلە بیابانێکی بێئاودا ەچوون. حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بە درێژایی ٤ ساڵی ڕابردوو باشترین پلەیەک کە لە دەسەڵاتداریدا بەدەستی هێناوە، پلەی ١٢٠ بووە لە نێوان ١٤٢ وڵاتدا. ئەو پلەیە حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ریزبەندیی وڵاتانی دیکتاتۆردا دادەنێ، لە وڵاتێکدا کە پلەی دووهەمی جیهانی لە ئیعدامدا هەیە و، خەڵک لەسەر بیرو باوەر ئیعدام دەکرێن، ڕێژەیەکی باشتر لەمە چاوەڕوان ناکرێ.

پەروەردە: ئێران لە ساڵی ٢٠١٥دا لەنێو ١٤٢ وڵاتی جیهان لە بواری پەروەردەدا پلەی ٦٥ی گرتوە، ئەوە لە حالێکدایە کە لە ساڵەکانی ٢٠١٤، ٢٠١٣ و ٢٠١٢دا ئێران پلەی ٥٧ی هەبووە، پەرورده و فێرکردن لە هەموو وڵاتانی جیهاندا بەرەو باشی هەنگاو دەنێ و ساڵ بە ساڵ شێوازی جۆراوجۆر دەهێنرێتە نێو سیستەمی خوێندنەوە. وڵاتان زیاتر پەرە بە ناوەندەکانی خوێندن و بەرنامەکانی فێرکاریی دەدەن، بەڵام لە ئێراندا ئەو بەشە لەبیر کراوە، هەربۆیە ساڵ بەساڵ لە دابەزیندا بووە.

لەشساغی: ئێران ساڵی ٢٠١٥ لەنێو ١٤٢ وڵاتی جیهان لە بواری تەندروستیدا پلەی ٦٧ی گرتوە، ئەوە لە حالێکدایە کە لە ساڵەکانی ٢٠١٤ و ٢٠١٣دا ئێران پلەی ٦٧ی هەبووە و بۆ ساڵی ٢٠١٢ پلەی ٦٦ی بۆخۆی تۆمار کردوە. ناعەداڵەتی لە بوارە جیاوازەکاندا لە ئێران بێداد دەکا. بواری لەشساغی لە ئێراندا بە پێی ڕێژەی حەشیمەت زۆر لە خوارێیە، بەتایبەتی ناوەندە لەشساغییەکانی حکوومەتی لە ئێران لە چەند ساڵی رابردوودا لەو پەری دواکەوتوویدا بوون، حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران گرینگییەکی ئەوتۆ بە بواری لەشساغی بەشێوەی پێشکەوتوو نادا ، هەر ئەو گوێنەدانەشە کە ڕێژەی مردن و ڕادەی ژیان لە ئێراندا هێڵی سووری بەزاندوە.

ئاسایش: ئێران لە ساڵی ٢٠١٥ لەنێو ١٤٢ وڵاتی جیهان لە بواری ئاسایشدا پلەی ١٢٠ی گرتوە، ساڵی ٢٠١٤ش ئێران پلەی ١٢٦ی هەبووە و لە ساڵەکانی ٢٠١٣ و ٢٠١٢دا پلەی ١٢٣ و ١٢٥ی بۆخۆی تۆمار کردوە. لە بواری ئاسایش و پاراستنەوە ئێران لەوپەڕی خراپیدایە. لە ئێراندا ڕێژەی کاری خراپ و توندوتیژی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ روو لە زیادبوونە، گەندەڵی و فەسادی ئیداری بنچینە و بناغەی هێزە ئەمنییەکانی ئێرانی کۆڵیوە، بە پێی ئامارەکان لە ساڵی رابردوودا نزیک بە ١ میلیۆن شەڕی سەر جادە لەلایەن خەڵکی ئیرانەوە لە دادگاکانی ئێراندا تۆمار کراون، بەشی هەرە زۆری شەڕەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە نوێنەرانی قانوون و ئاسایش ئەرکی خۆیان بە باشی بە جێ نەگەیاندوە.

ئازادییە تاکەکەسییەکان: ئێران ساڵی ٢٠١٥ لەنێو ١٤٢ وڵاتی جیهان لە بواری ئازادییە تاکەکەسییەکاندا پلەی ١٣١ی گرتوە، ئەوە لە حالێکدایە کە لە ساڵی ٢٠١٤ ئێران پلەی ١٢٨ی هەبووە و لە ساڵەکانی ٢٠١٣ و ٢٠١٢ پلەی ١٢٦ و ١٢٥ی بۆخۆی تۆمار کردوە.

ئێران لە بواری ئازادیە تاکەکەسییەکاندا لە خراپترین وڵاتانی جیهان دێتە ئەژمار. ئێران لە سەرکوتی ئازادیە تاکەکەسییەکاندا دووهەم وڵاتە لە جیهاندا. ئێران لە ئاخرین بەراوردا تەنیا چەند پلە لە سەرەوەی سووریە و یەمەن و ئەفغانستانە. لە ئاخرین ریزبەندیی ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی بێسنووردا، ئێران لە کۆی ١٨٠ وڵاتی جیهان پلەی ١٧٣ی گرتوە کە ئەو ڕێژەیە لە خوار عێراق و سومالیە. ئیران گەورەترین زیندانی ڕۆژنامەنووسانە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە دەیان ناوەندی چاپەمەنی و ڕۆژنامە داخراون. ئێستا لە ئیراندا ٥٠ ڕۆژنامەنووس لە زیندان دان.

**ئاکام:**

بە سەرنجدان بە کۆی ئەو خاڵانەی لەسەرەوە باسمان کردن، دەبینین کە کارنامەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو بوارەکاندا هێلی سووری تێپەڕاندوە، ئەمە بەمانای ئەوەیە کە حکوومەتی ئایەتوڵڵاکان لە لێواری شکستدایە، حکوومەتێک کە سەرەتا بە شوعاری عەداڵەت و خۆشگوزەرانی هات، بەڵام دەبینین دوای ٣٦ ساڵ نەک عەداڵەت و خۆشگوزەرانیی بەرهەم نەهاتووە، بەڵکوو بە پێچەوانە بەدبەختی و فەلاکەت تەواوی وڵاتی داگرتوە. ماوە بڵێین کە دەسەڵاتدارانی ئێران هیچ گوێ نادەنە ئەو ڕاپۆرتانە کە لە ناوەندە جیهانییەکاندا لەسەر بارودۆخی ئەم وڵاتە بڵاو دەبنەوە ، بەڵام بە پێچەوانەوە وڵاتان و ناوەندە ئابووریەکانی جیهان گرینگییەکی تایبەت بەو ڕاپۆرت و داتایانە دەدەن ،دیارە خەڵکی سڤیلی ئێران زەرەرمەندی سەرەکیی ئەو نێوەندەن.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٧١

٧ی جانیوێری ٢٠١٦

| پلە | وڵات | ئابووری | دابین کردنی هەلی کار و سەرمایەگوزاری | دەسەڵات | پەروەردە | تەندروستی | ئاسایش | ئازادییە تاکەکەسییەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نۆروێژ | ٤ | ٥ | ٨ | ٥ | ٤ | ٨ | ٣ |
| ٢ | سوئیس | ٢ | ٣ | ١ | ٨ | ٣ | ١٣ | ١١ |
| ٣ | دانمارک | ٩ | ٢ | ٣ | ١٣ | ١٦ | ٧ | ٨ |
| ١٠٦ | ئێران | ١٠٥ | ٩٢ | ١٢٢ | ٦٥ | ٦٧ | ١٢٠ | ١٣١ |
| ١٤١ | ئەفغانستان | ١٤٠ | ١١٣ | ١٤٢ | ١٢٨ | ١٢٨ | ١٣٣ | ١٣٣ |

سەرچاوە: ڕاپۆرتی ناوەندی لوگارتم بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە

## عەرەبستان و ئێران دوو ڕەقیب یان دوژمنی یەکتر!

لەدوای شۆرشی ساڵی ۱۳۵۷ی ئێران کە بە شۆرشی ئیسلامی ناودێر کرا، دوو داواکاری سەرۆکایەتی جیهانی ئیسلام، یەکیان شیعە و یەکیان سوننە؛ دوو هێزی گەورەی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەراست هەروەها دوو بەرهەمهێنەری گەورەی نەوتی جیهان، یەکیان دوژمنی ئەمریکا و ئەویتریان دۆستی ئەمریکا واتا ئێران و عەرەبستان، پەیوەندییەکانی نێوانیان توشی کێشە و گرفت هات.

### شەڕی عێراق و ئێران

شەری نێوان ئێران و عێراق کێشەکانی قوڵترکردەوە، کاتێک لە ساڵی ۱۳۵۹ عێراق شەری دژی ئێران راگەیاند و بەدرێژایی ۸ ساڵ شەرێکیماڵوێرانکەر ناوچەکەیی گرتەوە، بەدرێژایی ئەو ۸ ساڵە عەرەبستان وەک هاوپەیمان هەم لەبواری ماڵی و هەم وەک پشتیوانی سەرەکی لەگەڵ عێراق بوو دژ بە ئێران.

کاتێک کە لە کۆتاییەکانی شەر واتە لە رێکەوتی۹ی گەلاوێژی ۱۳٦٦ پۆلیسی عەرەبستان هێرشێکی بەرینی کرد بۆسەر حەجاجی ئێرانی کە زۆربەیان شیعە مەزهەب بوون و خۆپێشاندانیان کردبوو دژی عێراق و هاوپەیمانەکانی و لەئاکامدا ۲۷۵ حاجی ئێرانی بوونە قوربانی، ئەو رووداوە کێشەی نێوان ئێران و عەرەبستانی گەیاندە لوتکە.

بەڵام چەند ساڵ داوی شەری ئێران و عێراق و لەساڵی ۱۳۷۰ حکومەتی ئەوکاتی سەدام حوسێن هێرشی کردەسەر کوەیت و داگیری کرد و داوی ئەو کارە هەڕەشەی لە عەرەبستانیش کرد کە دەست بەسەر ئەوێشدا دادەگرێ، هەر لەم کاتەدا بوو کە ئەو هێرشانە جێگای دۆست و دوژمنی گۆڕیی، پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عەرەبستانی کەمێک باشتر کرد، ئەگەر تا ئەوکات عەرەبستان لە دژی ئێران بوو لەدوای شەری کوەیت پەیوەندییەکانی عەرەبستان و ئێران کەمێک بەرەو باشتر چوو.

## دوای ساڵی ١٣٧٦ و سەردەمی خاتەمی

کاتێک کە محەمەدی خاتەمی لە ساڵی١٣٧٦ بوو بە سەرۆک کۆماری ئێران، پەیوەندییەکانی ئێران و عەرەبستان بەرەو باشتر چوو، چونکە خاتەمی و حکومەتەکەی بەدوای ئەوەدا بوون کە لە ناوچەکەدا دۆستانی ئێران زیاد بکەن و دوژمنانی کەم کەنەوە، لەو سەردەمەی کە خاتەمی هاتە سەر کار، لە عەرەبستانیش شاە عەبدوڵڵا ئیبن عەزیزش دەسەڵاتی گرتە دەست، لەو سات و وەختەدا واتە ساڵی ١٣٧٧ نرخی نەوت لە خوارەوە بوو و ڕێکخراوی ئۆپێک لەقەیران دابوو، هەربۆیە عەرەبستان و ئێران دەستیان کرد بە هاوکاری و چەند کاری هاوبەشیان پێکەوە کرد کە لەوانە کەمکردنەوەی بەرهەم هێنانی نەوت و هەناردەکردنی، دیاری کردنی نرخی نەوتی خاو و بردنەسەری بەهای نەوت بوو. ئەو کارانە وایکرد کە هەردوولا زیاتر لە جاران بیری ئیدۆلۆژیکی خۆیان وەلاناو چاویان بڕیە ئابووری، تا کار گەیشتە ئەوەی کە ئێران و عەرەبستان پەیمانی ئەمنیەتیشیان پێکەوە بەست.

## ڕووخانی ڕێژیمی سەدام حوسێن

دوای ڕووخانی حکومەتی سەدام حوسێن لە عێراق بە دەستی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هاوکێشەیی پەیوەندییەکانی عەرەبستان و ئێران دووبارە گۆڕانی بەسەر داهات، بەتایبەتی لەکاتی ڕووخانی سەدام حوسێن دا لە ئێران کەسێکی توندڕەوی وەک ئەحمەدی نژاد لەسەر کار بوو، هەربۆیە سوپا و دامەزراوەکانی دیکەی سەربازی دەستی باڵایان هەبوو لە دیاری کردنی سیاسەتی حکومەت، هەربۆیە لەسەرەتاوە دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەدام، ئێران و عەرەبستان بەشێوەی جیاواز هەوڵیان دا کە لە نەبوونی حکومەتێکی ناوەندی بە هێز لە وڵاتە، هەوڵ بدەن حکومەتێکی نزیک لە خۆیان لە عێراقدا بێننە سەر کار. ئەوان شەڕی تایفی و دینیان کردە گرینگترین چەک بۆ ئەوەی هەر کامیکیان هژموونی خۆی بسەپێنێ، ئاوری ئەو کارە تێکدەرانە وایکرد کە عێراق تا ئێستاشی لەگەڵ بێت نەیتوانیوە ببێتەوە حکومەتێکی بەهێز. شەڕی نێوان عەرەبستانی سونی و ئێرانی شیعە گواستراوە بۆ گۆڕەپانی عێراقێکی وێران، بێ هێزی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە پڕکردنەوەی بۆشایی دەسەڵات دوای سەدام حوسێن، عێراقی کردە گۆڕەپانی دەسەڵاتخوازی هێزە ناوچەیەکان، عەرەبستان ڕاستەوخۆ پشتیوانی لە سوننیەکانی عێراق کرد و لە لایەکی تریشەوە ئێران لەهەوڵدا بوو کە هێزە شیعەکان دەسەڵاتی عێراق بگرنە دەست، ئەو شەرە ساردەی نێوان ئێران و عەرەبستان پەیوەندیەکانی نێوانیانی خراپترکرد.

## ئێران وەک هەڕەشەیەک بۆ عەرەبستان

زیادبوونی نیگەرانی جیهانی لە بەرنامەیی ئەتۆمی ئێران، کێشەیەکی تری نێوان عەرەبستان و ئێران بوو. نیگەرانیەکانی عەرەبستان بە ئەندازەیەک بوو کە چەند جار شای عەرەبستان داوی لە ئەمریکا کرد کە هێرش بۆ ئێران بکات ، ئەو داواکاریە نهێنیانە لەلایەن ماڵپەری ویکیلیکس کە بەشێکی زۆری بەڵگە نهێنییەکانی ٣٠ ساڵی رابردووی ئەمریکای ئاشکرا کرد بڵاوبۆوە. بەڵگەکان باسیان لەوەکردبوو کە سەفیری ئەمریکا لە عەرەبستان بە واشنگتۆنی راگەیاندبوو کە پاشای عەرەبستان عەبدوڵا عەبدولعەزیز چەندین جا داوای لێ کردوە کە ئەمریکا دەبێ هێرش بکات بۆ ئێرانو، بە گوتەی ئەو، سەری ئەژدیها لێبکاتەوە.

## بەهاری عەرەبی

دەستپێکردنی شەپۆلی نارەزایەتیەکانی وڵاتانی عەرەبی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست کێشەکانی نێوان عەرەبستان و ئێرانی قوڵتر کردەوە، پشتیوانی سەربازی حکومەتی عەرەبستان لە دەسەلات دارانی بەحرەین لەکاتی بەربەرەکانی دەگەڵ نارەزایەتیەکانی ئەو وڵاتەدا و هەروەها پشتیوانی پێچەوانەی ئێران لە خەڵکی نارازی بەحرەین، کێشەکانی چەند هێندە قوڵتر کردەوە.

قەیرانی سوریەش بە نۆرەی خۆی کێشەکانی نێوان ئێران و عەرەبستانی بەرەو قووڵتر بوونەوە برد، لە سوریە بە پێچەوانەی بەحرێن ئێران بوو بە پارێزەری حکومەت، عەرەبستانیش بوو بە پارێزەی دژبەران. لە راپەرینی خەڵکی نارازی بەحرەین کە زۆربەیان شیعە بوون ئێران پاڵپشتی دژبەرانی حکومەتی کرد و عەرەبستان پشتیوانی لە حکومەت کرد، بەڵام لە سوریە هاوکێشەکان پێچەوانەبوو.

لەگەڵ هاتنەسەرکاری حەسەن روحانی و بەرنامەی تازەی بۆ سیاسەتی دەرەوە چاوەروان دەکرا کە پەیوەندیەکانی ئێران و عەرەبستان بەرەو باشتر بچن، بەڵام بە پێچەوانەی چاوەروانیەکان هیچ شتێکی نوێ روینەدا. هەرچەندە بەشێک لە سەران و سیاسەتمەداران لەوباوەڕەدا بوون کە حەسەنی روحانی لەگەڵ ئەحمەدی نژاد فەرقی هەیە، بەڵام مەلیک عەبدوڵڵا باوەری وابوو کە هیچ لە هاوکێشەکان نەگۆڕاوە و تەنها دم و چاوەکان گۆڕاون و لە

کۆتاییدا روحانی فارسە و شیعەیە، کەواتە چ فەرق دەکات.

دەستی هاوکاری ئێران و ئەمریکا بۆ کەمکردنەوەی کێشمەکێشەکان و چارەسەرکردنی قەیرانی ئەتۆمی بە بڕوای زۆربەی چاودێران، عەرەبستانیشی وەک ئیسرائیل نیگەران کردوە. لە راستیدا عەرەبستان نیگەرانە لە گۆرانی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران و پێیوایە کە چارەسەری کێشەی ئەتۆمی ئێران لەلایەن رۆژئاوا و ئەمریکاوە دەبێتە هەرەشە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی و ژێئۆپۆلەتیکی ئەو وڵاتە.

## سەرهەڵدانی داعش

سەرهەڵدانی داعش لە عێراق و پێشرەوی خێرا و خوێناوی ئەو گروپە نیگەرانی لە زیادبوونی کێشەی تایەفەکانی لە جاران زیاتر کرد. نوری مالکی سەرۆک وەزیری پێشووی شیعەی مەزهەبی عێراق و هاوپەیمانی ئێران، تاوانبارە بە پەراوێزکردنی سونیەکان لە عێراق و گەرمکردنی شەری تایفی لەو وڵاتەدا. دوای لاچوونی مالکی لەسەر دەسەڵات و هاتنە سەر کاری حەیدەر عبادی وەک کەسێکی میانەرەوی شیعە، رێگا هەموارتر بوو بۆ ئەوەی کە ئێران و عەرەبستان پەیوەندیەکانیان بەرەو باشتر بەرن.

دوای مالیکی، خەونەکانی ئێران لەعێراق بەرەو کزیی رۆیی، بەڵام سەرەرۆییەکانی گروپە توندرەوەکان جارێکی دیکە وایی کردەوە کە ئێران و عەرەبستان ببنەوە ئەکتەرێکی دیکەی عێراق، بەڵام ئەوجارە بە پێچەوانەوە هەردووکیان بۆ دژایەتی تیرۆر پێکەوە دەستیان کرد بەکار. ئەوە کە ئێران فکری دەکردەوە کە بەتەنیا دەتوانێ لە عێراق حوکم بکات پێچەوانە دەرچوو، بۆیە ناچار پەنای بردە بەر عەرەبستان وەک ئەکتەرێکی سەرەکی ناوچەکە، چونکە ئێران خۆی لە ژێر هەرەشەدا بینیەوە. هەرچەند ئیستا هاوکێشەکان ناروونن، بەڵام لەراستیدا شەڕەکە بۆتە شەڕی بەرەی شیعە و سوننە کە عەرەبستان وەک جەمسەری سوننە و ئێران وەک جەمسەری شیعە لە شەرێکی ساردی ناوچەیی رۆڵیان هەیە و لق و پۆپەکانیشیان لە شەرێکی گەرمی خوێناوییدا.

## نەوت و عەرەبستان

مەیدانێکی تری کێشەی نێوان ئەو دوو وڵاتە ئۆپێکە. لە کاتی ئێستادا بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت، ئێران لە

ژێر فشار دایە، عەرەبستان و هاوپەیمانەکانی ڕێژەی هەناردەی نەوتی خاویی خۆیان زیاد کردوە و ئەوەش وایکردوە کە نرخی نەوت دابەزێ. عەرەبستان و هاوپەیمانەکانی لەنێو ئۆپێک دەیانهەوێ بە زیادکردنی ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت و ناردنی بۆ بازار کەسری بودجەی خۆیان قەرەبوو بکەنەوە . ئێران پێ وایە کە ئەوە پلانێکە دژی ئەو کە لەلایەن عەرەبستانەوە سەرپەرشتیاری دەکرێت.

**ئاکام:**

کاتێک کە حکومەت لە ئێران گۆڕاوە یان کێشە ناوچەیی‌یەکان بوونەتە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی هەر دوو وڵات، ئەوە پەیوەندی ئێران و عەرەبستان نزیک بوونەوەی بەخۆیەوە دەبینێت، دەنا عەرەبستان و ئێران دوو ڕەقیب و دوژمنی ژێر بەژێری یەکترن. زۆتر وەک دوو ڕەقیب دەبینرێن تا دوو ڕەفیق.

بەڵام بۆ عەرەبستان هێندە گرینگە لەناوچەکەدا؟

- عەرەبستان گەورەترین بەرهەم هێنەر و هەناردەکەری نەوتی دنیایە. ئەو ولاتە ئێستا ڕۆژانە ٨ میلیۆن بۆشکە نەوت بەرهەم دێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا عەرەبستان زۆرترین عەنباری ژێر زەوی نەوتی خاوی هەیە لە جیهاندا.
- عەرەبستان بە ئەکسەریەتی سوننی، ئەکتەرێکی دیاری ڕۆژهەڵاتی نێوەراستە.
- عەرەبستان لانکەی لەدایک بوونی ئیسلامی وەهابی( ئیسلامی توندرەو) دادەنرێت، لە گرینگترین پەرەستگاکانی جیهانی موسولمانان لە عەرەبستانە( مەککە و مەدینە).
- بودجەی سەربازی عەرەبستان ئەوەندە زۆرە کە عەرەبستانی بردۆتە ریزی چوارەم لە جیهاندا. لە ریزبەندەکەدا ئەمریکا یەکەم و روسیە دووەم و چین سێیەم جێگایان گرتووە. لەلایەکی دیکەوە عەرەبستان یەکێکە لە هاوپەیمانە گرینگەکانی جیهانی ڕۆژئاوا. بودجەی سەربازی عەرەبستان ٦٠ میلیارد دۆلارە کە بەبەراورد لەگەڵ ئێراندا، ١٠ بەرامبەر زیاترە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٧٣

١٨ی فێبریویری ٢٠١٦

## داخرانی کارخانەکان و ڕێژەی بێکاری، ئابووریی ئێرانی شکست پێ هێناوە!

چەمکی ئابووری لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، چەمکێکە کە بە دەسەڵات و هێزی نیزامییەوە بەستراوەتەوە، بۆیە کاتێک کە باس لە ئابووری و سەروەری ئابووری دەکرێ لە ئێراندا تەواو ماناکەی دەگۆڕێ. حکوومەتی حەسەن روحانی لە ٣ ساڵی رابردوودا، ٢ بەرنامەی ئابووری لە راستای چوونە دەری ئیران لە راوەستاویی ئابووری جێبەجێ کردوە، بەو شێوەیە کە بەرپرسانی ئێران گوتوویانە کە ئەوساڵ نزیک بە ١٧ هەزار میلیارد تمەن بۆ نۆژەنکردنەوەی کارگە و کارخانە داخراو و نیوەداخراوەکان ئامادە کراوە.

ئەو بەرنامانەی کە حکوومەتی ئێران دوای گەمارۆ ئابووریەکان جێبەجێ کردوون هیچیان نەیانتوانیوە کە راوەستاویی ئابووریی ئێران لابەرن و بازاری ئێران بەردەوام بەرەو لەنێوچوونە.

داخرانی کارخانە و کارگەکان لە ساڵی رابردوودا بەردەوام بوو، بە پێی ئامارەکانی وەزارەتی سەنعەت و مەعدەن. نزیک بە ٧ هەزار کارخانەی بچوک و گەورە داخراون. داخرانی کارخانە وپرۆژە ئابووریەکان لە ئێراندا وایکردووە کە رێژەی بێکاری لە ئێراندا زیاد بکا. بە پێی ئامارەکان نێونجی بێکاری لە ئێراندا لەساڵی ١٣٩٤دا لە ١١.٥ لە سەدەوە بۆ ٢٥ لەسەد زیادی کردووە.

محەممەد باقری نۆبەخت، وتەبێژی حکوومەت لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ئاژانسی "تەسنیم" گوتی کە لە ساڵی ١٣٩٤دا ١٠ لە سەدی کارخانەکانی ئێران راوەستاون. لە درێژەدا گوتی کە لە ٦٧ هەزار ناوەندی ئابووریی گەورە و بچوک ، ٧ هەزاریان راوەستاون. هەڵبەتە دوای ئەو لێداونەی نۆبەخت ، وەزیری سەنعەت و مەعدەن گوتی کە تەنها ١٤ هەزار ناوەندی بچوکی ئابووری راوەستاون کە کاریگەرییان لە سەر بازار نابێ. هەرچەندە بەرپرسانی حکوومەت دەڵێن کە لە ساڵی رابردوودا وەزعییەتی ئابووریی ئێران باش بووە بەڵام ئامارە رەسمییەکانی بانکی ناوەندیی ئێران باس لەوە دەکەن کە کەساسی لە ئابووریی ئیراندا بەشێوەیەک بووە کە گەشەی ئابووری لە ئێراندا ٧/% بووە، کە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی جیهان، ئێران لە پلەی ١٠٥دا جێ دەگرێ.

لە ئەنجامی داخران و سەرنەکەوتنی کارخانە و پرۆژە ئابووری‌یەکان لە ئێراندا ڕێژەی بێکاری ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ دەچێتە سەرێ، بە پێی دوایین ئامارە ڕەسمی‌یەکان، نێونجی بێکاری لە ئێراندا ٢٠% ، بەلام بەپێی ئامارە نارەسمی‌یەکان نێونجی بێکاری لە ئێراندا زیاتر لە ٢٥%ە کە دەکاتە یەک لەسەر چواری خەڵکی ئێران. واتە لە هەر بنەماڵەیکی ٤ کەسی یەکیان بێکارە، ئەوە لە حالێکدایە کە کۆماری ئیسلامی لە بەرنامەکانی گەشەی خۆیدا لەماوەی ٣٧ ساڵی ڕابردوودا هەوڵی داوە کە ڕێژەی هەژاری و بێکاری لە ئێراندا بشارێتەوە.

ئەو ئامارانەی سەرەوە باس لە نێونجی بێکاری و ڕێژەی داخرانی کارگەکان لە ئێراندا دەکەن؛ بەڵام ئەگەر ئاورێک لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بدەینەوە دەبینین ڕۆژهەلاتی کوردستان لە خراپترین دۆخی ئابووری دایە، کۆماری ئیسلامی ئێران بە بیانووی جۆراوجۆر و بەئەمنییەتی کردنی کوردستان، کەمتر هەوڵی داوە کە پرۆژەی ئابووریی گەورە لەوێ بینات بنێ. لە سەرانسەری ڕۆژهەلاتی کوردستاندا ناتوانرێ کارگەیەک یان کارخانەیەک بدۆزیەوە کە ژمارەی کرێکارەکانی لە ٢٠٠ کەس زیاتر بێ، ئەو بەشەش کە بە کارخانەی بچوک ناسراون کاریگەی‌یەکی ئەوتۆیان لەسەر بازاری کار و ئابووریی ڕۆژهەلاتی کوردستان نییە. لە دوایین ئاماری ئەمساڵ کە ڕێکخراوی پیشەسازی و کانگاکان بلاوی کردۆتەوە، لە پارێزگای کرماشان لە ٤ مانگی ئەمساڵدا ٢٠٦ ناوەندی بچوکی پیشەسازی داخراون کە بۆتە هۆی ئەوەی کە ٣ هەزار بێکار بە ژمارەی بێکارەکانی پارێزگای کرماشان زیاد بکا.

بە پێی ئامارە ڕەسمی‌یەکانی حکوومەت نیوەی ناوەندە پیشەسازی‌یەکانی ئێران داخراون، نیوەکەی تریش بە توانایی کەمتر لە ٧٠ لەسەد درێژە بە کاری خۆیان دەدەن. هەروەها کەمتر لە ١٠ لەسەدی ئەو پرۆژانەی کە بەرنامەیان بۆ دانراوە، تەواو بن، لەمساڵدا تەواو دەبن، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمیی سەرچاوەی ماڵی و بایەخ نەدانی حکوومەت بەو پرۆژە و ناوەندانە، کە بەشی زۆری ئەو گوێ‌نەدانەی حکوومەت وەبەر ناوچەکانی وەک کوردستان و بلووچستان دەکەوێ.

بەڵام ئایا کێشەی داخرانی ناوەندە سەنعەتی و کارخانەکان چیە؟ لە ساڵێکدا کە ئایەتوڵڵا خامنەیی بە ساڵی ئابووریی خۆڕاگری(اقتصاد مقاومتی) ناودێری کردووە، خەریکە بەشێکی زۆر لە ناوەندە ئابووری‌یەکانی ئێران دادەخرێن. ئەگەر لە هۆکاری سەرەکیی داخرانی ناوەندە سەنعەتی و تەواو نەکردنی پرۆژەکان بکۆڵینەوە دەبینین کە بەشێکی بۆ بەرێوەبەرەکان دەگەڕێتەوە کە لە سەر بەرنامەیەکی دیاری‌کراو و لە پێشدا ڕێکخراو، کارخانەکانیان بەرەو داخران دەبەن. هێزی کرێکاری و ئۆپۆزیسیۆن بەو ئەندازەیە نییە کە پێش بە داخرانی

کارخانە و ناوەندە پیشەسازیەکان بگرێ. لە لایەکی دیکە لە سەرەوە بوونی "نرخی سودی بانکی" و ئەوەیکە کاری بەرهەمهێنان لە ئێراندا قازانجی لەچاو کارە غەیرە بەرهەمهێنەرەکاندا کەمترە، هۆکارێکی سەرەکیی داخرانی یەکە بەرهەمهێنەرەکانە.

لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیەوە هەندێک خوێندنەوەی سەقەت بۆ ئابووری هاتنەئارا. لە لایەکی دیکە بە هۆکاری جۆراوجۆر ئێران تا هەنووکەش ئەمنییەتی پێویستی بۆ سەرمایەگوزاری(ی تایبەتی) نییە.
هەروەها کۆماری ئیسلامی ئێران بەوە نەوەستا بەڵکوو زۆر جار لە پێشکەش کردنی ئاماری راست و دروست لە مەڕ رێژەی گەشەی ئابووری و رێژەی بێکاری خۆی بواردووە. حکوومەت بە پێشگرتن لە هێنانی تەکنۆلۆژیی نوێ و سەرمایەگوزاریی دەرەکی، هەوڵی دا کە دەسەڵاتی خۆی لە ئێراندا بچەسپێنێ ئەمەش لە سێبەری فرۆشتنی نەوتی خاودا و، داهاتێک کە لەم رێگەوە بە دەستی دێنێ. ئابووریی ئێران لە قۆناغگەلێکدا کە نرخی نەوت لە سەرێ بووە، تووشی نەخۆشیی "هولەندیی ئابووری" بووە و بەم چەشنە هەم پشتی بەرهەمهێنانی نێوخۆیی چەماوەتەوە و هەم بازاری ئێران بۆتە شوێنی ساغ کردنەوەی کاڵای دەرەکی.

لە کۆتاییدا ئەگەر چاو لە راپۆرتی ناوەندی لۆگاتۆم بکرێ دەبینن کە وەزعییەتی ئابووریی ئێران چەندە خراپ و بێتوانایە. هەرچەندە دەسەڵاتدارانی ئێران دەیانگوت دوای لاچوونی گەمارۆکان وەزعییەت باشتر دەبێ بەڵام تا ئێستا ناوەندە ماڵی و بانکە گەورەکانی دنیا لەبەر نەبوونی متمانەی پێویست، لە دروست کردن(ەوەی) پێوەندی لەگەڵ بانکەکانی ئێران خۆدەبوێرن.

بە پێی راپۆرتی ناوەندی لۆگاتۆم ئێران لە بواری ئابووریدا ساڵی ٢٠١٥، پلەی ١٠٥ی لەنێو ١٤٢ وڵاتی جیهاندا بووە، ئەوە لە حالێکدایە کە لە ساڵەکانی ٢٠١٣ و ٢٠١٢دا پلەی ٩١ و ٧٠ی هەبووە، بە وردبوونەوەیەک لەو داتایانە دەردەکەوێ کە کۆماری ئیسلامی ئێران ساڵ بە ساڵ لە بواری ئابووریدا بێتواناتر بووە و لە کاتێکدا ئێران لە ساڵی ٢٠١٢دا پلەی ٧٠ی هەبووە، لە ساڵی ٢٠١٥دا، ٣٥ پلە دابەزیوە و بۆتە ١٠٥، کە ئەمە بۆ وڵاتێک کە تێیدا رێژەی بێکاری ٢٥% ە و حەشیمەتەکەی لە ٨٠ میلیۆن کەس نزیک دەبێتەوە گیروگرفتێکی گەورەیە و، کارەساتێکی ئابووری چاوەڕێی دەکا.

سەرچاوە: کوردستان و کورد

٢١ی جوولای ٢٠١٦

## نائەمن بوونی ئێران، بابەتێک بۆ سەرکوتی خەڵکی ئازادیخواز لە ئێراندا!

گرینگترین شت کە بەرپرسانی ئێران و لەو نێوەدا رێبەری ئێران باسی لێوە دەکەن لە سەرەتای ئینقلابەوە دابین کردنی ئەمن و ئاسایش تەواوە لە ئێراندا، لە حالێکدا کە ناوچەکە و رۆژهەڵاتی نێوەراست پڕە لە کێشە و قەیران! بەس هیچ کات باس لەوە ناکەن کە بەشی زۆری ئەو قەیرانانە کاری راستەوخۆ و ناراستەوخۆی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە! ئەوان لە نائەمن کردنی دراوسێکانیان هیچ راوەستانێکیان نیە! لەو لاشەوە باس لە ئەمنبوونی ئێران دەکەن!

کۆماریی ئیسلامیی ئێران لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە بە دروشمی دابینکردنی ئارامی و ئاسایش بۆ ئێرانییەکان و هێنانی سیستمی ئاسودەیی هاووڵاتیان، شۆرشی گەلانی ئێرانیان لە ساڵی ١٣٥٧ دزی و بە بەکارهێنانی چەکی دین، توانیان بێنە سەر سفرەی ئامادە و دەستیان کرد بە پەل هاویشتن بۆ هەموو لایەک.

لە سەرەتای شۆڕشەوە دەسەڵاتدارانی نوێ لە ریفراندۆمێکی کارتۆنیدا لە ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ سیستمی ئیسلامییان بەسەر ئێراندا سەپاند. پاشان بە دەستئاوەڵایی زۆرەوە هەموو جۆرە بیر و بۆچوونێکی جیاوازیان سەرکوت کرد. کۆماری ئیسلامی هەر بە سەرکوتی جیابیران رانەوەستا و لە سەرەتاکانی ساڵی ١٣٥٨ەوە هێرشی کردە سەر رۆژهەڵاتی کوردستان و بە هەموو چەک و هێزێکەوە رووبەڕووی ئازادیخوازانی کورد بۆوە، کە تەنیا داخوازیان خۆبەڕێوەبردن لە چوارچێوەی ئێراندا بوو. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی پێیان وابوو کە ئەمە پایەکانی دەسەڵاتیان دەلەرزێنێ، بۆیە زوو بە هێزی نیزامی سەرکوتیان کرد. ترسی نائەمن بوونی ئێران لە لایەن دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەمیشە بەهانەیەک بووە بۆ سەرکوت و ئازاری خەڵکی ئازادیخواز.

کوردستان وەک ناوچەیەک هەمیشە ناوەندی نارەزایەتییەکان بووە، بۆیە کۆماری ئیسلامی بە بەهانەی نائەمنبوونی ناوچەکە کەمترین خزمەتگوزاریی ئابووری و فەرهەنگی لەو ناوچەیەدا ئەنجام داوە، حکوومەت ئەوەندەی لە فکری ناوەندە ئەمنیەتی و نیزامییەکانی خۆی دابووە ئەوەندە هەوڵی نەداوە کە ژینگەیەکی ئارام و ئاسودە بۆ خەڵکەکەی دروست بکا. بە پێی ئامارەکانی هەژماری ناوەندە ئەمنیەتی و نیزامییەکان لە رۆژهەڵاتی

کوردستان نزیک بە ١٠ هەزار ناوەندە، بەڵام هەژماری ناوەندەکانی فێرکردن کەمتر لە ٥ هەزار ناوەندە. ئەوە نیشاندەری ئەوەیە کە حکوومەت هەوڵ نادا کە لە کێشەی خەڵک تێبگا و گوێ بۆ داواکاری خەڵک شل ناکا، بۆیە دەیهەوێ بە هێزی چەک دەسەڵاتی بپارێزێ.

فەرماندەی قەرارگای "حمزه سید الشهدا" لە لێدوانەکانی ئەم دواییانەیدا باسی لە پلانی وڵاتانی دەرەکی کردوە و عەرەبستانی بە دنەدان و هاندانی هێزەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی بۆ تێکدانی رەوشی ئاسایشی ئێران تۆمەتبار کردووە. ئەو باسی لەوە کرد کە لە ماوەی چەند مانگێکدا دەیان گرووپی چەکداریان لە رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی ئێران تێکشکاندووە!

ئەو وتانەی بەرپرسانی نیزامی و ئەمنیەتیی ئێران شتێکی تازەیان تێدا نیە، چونکە کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە بە بەهانەی جۆراوجۆر و ئەمنیەتی، ماف و ئازادیەکانی خەڵکی پێشێل کردووە.

ئامارەکان نیشاندەری ئەوەن کە کۆماری ئیسلامی توانای بەرێوەبردنی وڵاتی نیە! مۆدێلی حکوومەتداریی ئایەتوڵڵاکان شکستی هێناوە بەڵام بەهۆی زەبروزەنگی نیزامی و ئەمنیەتی، جووڵاندنی پایەکانیان کارێکی ئاسان نیە! ئەوان لە سەرەتای دەستبەکاربوونیان لە تەنیشت هیزی ئەرتەش، هێزگەلی دیکەی وەک سپای پاسداران و بەسیجیان دامەزراند. بەم پێیە هێزی ئەرتەش کەم کراوەتەوە و هێزی سپا و بەسیج بە پشت بەستن بەو پارەی لە بەردەستیان دایە، زۆر زیاد بووە.

حکوومەت تەواوی ئابووریی وڵاتی لە ئیختیاری راپەراندنی کاروباری خۆی داناوە. هەرچەند ئێران خاوەنی کانگا و سامانی سروشتی زۆرە، بەڵام لە خزمەتی خەڵک کەڵکیان لێوەرناگیرێ. سەرمایە و داهاتی زۆرزەوندی ئێران دەچێتە گیرفانی ئۆلیگارشی حاکم لە ئێراندا و ئەو ئۆلیگارشیە ئەوەندەی چاوی بڕیوەتە دروست کردنی ئیمپراتۆری ئیسلامی، ئەوەندە بیری لە چارەسەری کێشە نێوخۆییەکان و دانی مافی نەتەوەکان لە چوارچێوەی ئێراندا نەکردۆتەوە. سەرمایە و داهاتی خەڵکی ئێران رێژەیەکی زۆری بۆ هاوکاری گرووپە چەکدارەکان و گرووپە توندڕەوە ئیسلامیەکان تەرخان دەکرێ. دەسەڵات زیاتر بیر لە زیادکردنی دەسەڵات و پاراستنی دەکاتەوە تا پێشکەوتنی وڵات. لە لایەکی دیکەش سەروەت و سامانی وڵات بە شێوەیەکی ناعادیلانە دابەش دەکرێ. رۆژنامەی «نوروز» لە ساڵی ١٣٨٠ ئامارێکی بڵاو کردبۆوە کە بە پێی ئەو ئامارە بەدرێژایی هەشت ساڵی دەسەڵاتی هاشمی

ڕەفسنجانی ڕێژەی سەرمایەی بەکارهێنراو لە پارێزگای کرمان ٣٠٠ بەرابەر زیاتر بوو لە سەرمایەی بەکارهاتوو لە پارێزگاکانی ورمێ و ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و ئەردەبیل و زەنجان.
ئەوەی خوارەوە تازەترین ئاماری جیهانی‌یە لەسەر ئەمن و ئاسایش لە ئێراندا و لەوێدا باس لە ئاسایش و ئازادیە تاکەکەسی‌یەکان لە ئێراندا کراوە.

ئاسایش: ئێران لە ساڵی ٢٠١٥ لە نێو ١٤٢ وڵاتی جیهان لە بواری ئاسایشدا پلەی ١٢٠ی گرتوە، ساڵی ٢٠١٤ش ئێران پلەی ١٢٦ی هەبووە و لە ساڵەکانی ٢٠١٣ و ٢٠١٢دا پلەی ١٢٣ و ١٢٥ی بۆخۆی تۆمار کردوە. لە بواری ئاسایش و پاراستنەوە ئێران لەوپەڕی خراپی‌دایە. لە ئێراندا ڕێژەی کاری خراپ و توندوتیژی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ روو لە زیادبوونە، گەندەڵیی ئیداری بنچینە و بناغەی هێزە ئەمنی‌یەکانی ئێرانی کۆڵیوە، بە پێی ئامارەکان لە ساڵی رابردوودا نزیک بە ١ میلیۆن شەڕی سەرجادە لە لایەن خەڵکی ئیرانەوە لە دادگاکانی ئێراندا تۆمار کراون، بەشی هەرە زۆری شەڕەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە نوێنەرانی قانوون و ئاسایش ئەرکی خۆیان بە باشی بەجێ نەگەیاندوە.

ئازادی‌یە تاکەکەسی‌یەکان: ئێران ساڵی ٢٠١٥ لە نێو ١٤٢ وڵاتی جیهان لە بواری ئازادی‌یە تاکەکەسی‌یەکاندا پلەی ١٣١ی گرتوە، ئەوە لە حالێک دایە کە لە ساڵی ٢٠١٤ ئێران پلەی ١٢٨ی هەبووە و لە ساڵەکانی ٢٠١٣ و ٢٠١٢ پلەی ١٢٦ و ١٢٥ی بۆخۆی تۆمار کردوە.

ئێران لە بواری ئازادی‌یە تاکەکەسی‌یەکاندا لە خراپترین وڵاتانی جیهان دێتە ئەژمار. ئێران لە سەرکوتی ئازادی‌یە تاکەکەسی‌یەکاندا دووهەم وڵاتە لە جیهاندا. ئێران لە ئاخرین بەراوەردا تەنیا چەند پلە لە سەرەوەی سووریە و یەمەن و ئەفغانستانە. لە ئاخرین ریزبەندیی ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی بێ‌سنووردا، ئێران لە کۆی ١٨٠ وڵاتی جیهان پلەی ١٧٣ی گرتوە کە ئەو ڕیزەیە لە خوار عێراق و سومالی‌یە. ئیران گەورەترین زیندانی ڕۆژنامەنووسانە. لە چەند ساڵی رابردوودا بە دەیان ناوەندی چاپەمەنی و ڕۆژنامە داخراون. ئێستا لە ئیراندا ٥٠ ڕۆژنامەنووس لە زیندان دان.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٨٦

٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١٦

# ئایەتوڵڵاکان بۆ لە ڕێککەوتنی (FATF) نیگەرانن؟

لە ماوەی ڕابردوودا پێنەدانی خزمەتگوزاریی بانکی بە قەرارگای "خاتم‌الانبیا"ی سپای پاسداران ئینقلابی ئیسلامی لە لایەن دوو بانکی ئێرانی‌یەوە بوو بە هۆیی کێشەیەکی سیاسیی گەورە لە ئێراندا.

لەو نووسینەدا دەمانهەوێ باسێک لەسەر (FATF) و هەروەها ئەو هۆکارانەی کە دەسەڵاتدارنی نیزامی و ئایەتووڵڵاکان لە ئێراندا لە وەها گرووپێک ترسیان هەیە، دەکەین. سەرەتا دروست بوون و لایەنەکانی پێکهێنەری ئەو ڕێکخراوە باس دەکەین، دواتر باسی پەیوەندیی ئێران و یاساکانی بوون بە ئەندامی ئەو گرووپە دەخەینە بەر باس.

## گرووپی تایبەتی ئیقدامی ماڵی(FATF) چیە؟

گرووپی تایبەتی ئیقدامی ماڵی(Financial Action Task Force on Money Laundering) ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی‌یە کە یاسا و ڕێسا بۆ دراوی نایاسایی و هەروەها دابین‌کردنی ئابووریی تیرۆریستان دادەڕێژێ، هەروەها شەفافیەتی سیستەمی بانکی و دارایی وڵاتان دەخوازێ و دەپارێزێ.

وڵاتانی G7 واتە ٧ وڵاتی گەورەی پیشەسازی، ئەو ڕێکخراوەیان لە ساڵی ١٩٨٩ دروست کردوە. ئێستاکە ٣٥ وڵاتی بەهێزی ئابووری جیهان ئەندامی ئەو ڕێکخراوەن، یەکێتی ئەورووپا و شووڕای هاوکاریی کەنداوی فارس ئەندامی گرووپی تایبەتی ئیقدامی ماڵین. ئیسرائیل و عەرەبستان ئەندامی راوێژکاری ئەو ڕێکخراوەیەن.

٩ گرووپی ناوچەیی دژی کاری نایاسایی ئابووریش هاوکاری ئەو ڕێکخراوەیە دەکەن، یەکێک لەو گرووپانە، گرووپی ئیقدامی ماڵی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست و باکووری ئەفریقایە کە جگە لە ئێران و تورکیە، ئیسرائیل و سەحرای ڕۆژئاوا، هەموو وڵاتانی دیکەی ئەو ناوچەیە ئەندامی ئەو ڕێکخراوەن.

ئەندامانی ئێف ئەی تی ئێف ساڵانە بەرپرسی ئەو رێکخراوەیە هەڵدەبژێرن. ئێستا "خوان مانوئیل وگا سرانو" یەکێک لە بەرپرسانی پێشووی دادوەریی ئیسپانیا و شارەزای بواری ئابووری، بەرپرسی گرووپی تایبەتە. هەروەها گرووپی تایبەت دەبیرخانەیەکی ئیجرایی هەیە کە چاوەدێری و لێکۆلینەوە لە هەموو بوارەکانی جووڵەی ئابووریی نێودەوڵەتی دەکا.

## پەیوەندیی ئێران و گرووپی تایبەتی ئیقدامی ماڵی(FATF) چیە؟

لە سەرەتای دامەزراندنی ئەو رێکخراوە کۆماری ئیسلامی هیچ دەورێکی لە (FATF)دا نەبووە، بە درێژایی ساڵانی رابردوو ئێران لەژێر زەرەبینی ئەو رێکخراوەدا بووە. لە ساڵی ٢٠٠٨ بەولاوە ساڵانە ئەو رێکخراوە لەسەر ئێران راپۆرتی تایبەتی هەبووە؛ چونکە بەپێی راپۆرتەکانی ئەو رێکخراوەیە ئێران ناوەندی دراوی نایاسایی و یەکێک لە بنکەکانی دابینکردنی دارایی بۆ کاری تیرۆریستیە، ئەو رێکخراوەیە بە بەردەوامی هۆشداری داوە بە ئەندامان و وڵاتانی راوێژکار، هەروەها لە مامەڵەی بازرگانی و دراو لەگەڵ ئێران داوای شەفافیەتی زیاتری کردوە. چونکە بەپێی رێسای و یاساکانی ئەو رێکخراوەیە، ئێران یەکێکە لە خراپترین وڵاتەکانی جیهان بۆ قاچاخ و دراوی نایاسایی.

ئێف ئەی تی ئێف لە مانگی ٢ی ساڵی ٢٠١٦دا راپۆرتێکی تایبەتی لەسەر کردەوە ماڵیەکانی ئێران بڵاو کردوە و ئێرانی بە یەکێک لە ناوەندەکانی ساغکردنەوەی دراوی نایاسایی دانا لەگەڵ ئەوەشدا وەک سەرچاوەیەکیش بۆ یارمەتی دارایی گرووپە تیرۆریستیەکان دانرابوو، بەڵام دوای ٤ مانگ (FATF) رایگەیاند کە لەگەڵ حکوومەتی ئێران تەوافوقێکی سەرەتایی کردووە و ئێران دڵنیایی داوە کە سیستمی دارایی و بانکیی خۆی زیاتر شەفاف بکا.
لە تەوافوقی ئێران و ئێف ئەی تی ئێف پێداگری کراوە لەسەر ئەوەی کە دەبێ حکوومەتی ئێران رێگە نەدا بە قاچاخچی و کەسانی خراپ کە دراوە نایاساییەکانیان لە بازاری ئێراندا ساغ کەنەوە و هەروەها دەبێ ئێران یارمەتیدانی ئەو لایەنانەی کە لە لیستی تیرۆر دان، راگرێ. ئەو تەوافوقە بۆ ماوەی یەکساڵە و ساڵی داهاتوو ئاکامی چالاکیەکانی ئێران لە لایەن(FATF) دووبارە دەخرێنەوە بەرباس.

## دراوی نایاسایی و چۆنیەتی ساغکردنەوەی چۆنە؟

سالآنە نزیک بە ٢٠ میلیارد دۆلار کەلوپەلی قاچاغ دەچێتە نێو ئێران و داهاتەکەی دەبێتە دراوی نایاسایی و دەبێ ساغ بکرێتەوە. بەپێی ئاخرین راپۆرتی مەجلیسی ئێران سالآنە ١٥ تا ١٩ میلیارد کەلوپەل قاچاغ دەکرێ.

ناوەندی لێکۆڵینەوەی دەسەڵاتداریی بازڵ لە سوئیس لە چەند مانگی رابردوودا راپۆرتێکی لەسەر وەزعیەتی سیاسی و دارایی ١٤٩ وڵاتی دنیا بڵاوکردۆتەوە کە لەوێدا باس لە یاسا و رێساکانی دژی دراوی نایاسایی دەکا و وڵاتانی جیهانی تێدا پلەبەندی کردوە و ئێران بە خراپترین وڵات دادەنرێ و لە کۆتاییدا ریزبەندییەکەدا جێدەگرێ.

ناوەندی شەفافیەتی نێودەوڵەتی لە راپۆرتی ساڵانەی خۆی لەسەر گەندەڵیی ئابووری لە جیهاندا، ئێرانی لە ١٦٧ وڵاتی جیهان لە پلەی ١٣٠ داناوە. لە ساڵانی رابردوودا چەندین پەروەندەی گەندەڵیی ئابووریی هەزاران میلیارد تمەنی لە ئێران لەژێر لێکۆڵینەوەدا بوون، "عبدالرضا رحمانی فضلی" وەزیری نێوخۆی ئێران دەڵێ وەزعیەتی دراوی نایاسایی بە شێوەیەک چۆتە نێو دنیای سیاسەت و گرووپە سیاسییەکان لەدژی یەک بەکاری دەهێنن.

حکومەتی ئێران لە ساڵی ١٣٨٦دا قانوونی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دراوی نایاسایی لە پەرلەمان دەرکردوە، ئەو قانوونە هەرچەند پێدا دەگرێ لەسەر دراوی نایاسایی و گەندەڵی ئابووری، بەڵام تا ئێستا بە شێوەی رێکوپێک کەڵکی لێ وەرنەگیراوە.

## بۆ ئێران تۆمەتبار دەکرێ بە دابینکردنی ماڵی تیرۆریزم؟

هەرچەندە کە هەموو وڵاتانی جیهان تیرۆریزم مەحکوم دەکەن، بەڵام تا ئێستاش وڵاتانی جیهان پێکەوە نەگەیشتوونەتە سەر پێناسەی هاوبەشی تیرۆریزم و جیاوازییەکان زۆرن لەسەر بە تیرۆریست زانینی ئەم یان ئەو گرووپ.

کۆماری ئیسلامی ئێران لە وڵاتانی جۆراوجۆر لە گرووپی سیاسی و چەکداریی جۆراوجۆر پشتیوانی دەکا کە لە روانگەی ئێرانەوە "گرووپی مقاومەت"ن ، "حزبالله" لە لوبنان، حەماس لە فەلەستین، حوسییەکان لە یەمەن

و... ئەوانە هەموو لەژێر چەتری پشتیوانی دارایی کۆماری ئیسلامی ئێران دان.

ئەمریکا و یەکێتی ئەورپا و وڵاتانی ئەندامی شووڕای هاوکاری کەنداوی فارس حیزبوڵڵای لوبنان بە گرووپی تیرۆریستی دەزانن، حەماس لە لایەن یەکێتی ئوروپا و ئەمریکا و بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهان بە گرووپی تیرۆریستی ناسراون.

چەند مانگ پێش ئێستا لەژێر فشاری ئەمریکا ١٠٠ حیسابی بانکیی حیزبوڵڵا داخران، ئەمە وایکرد کە حەسەن نەسروڵڵا هاتە سەر خەت و گوتی هەموو پشتگیری دارایی و هەتا چەک و مووشەکەکانمان ئێران دابینیان دەکا.

هێزی قودسی سپای پاسدارن راستەوخۆ ئەرکی ئەوەیە کە گرووپەکانی وەک حیزبوڵڵا و حەماس و ئەوانیتر لە دەرەوەی ئێران سەرپەرشتی بکا. لە لایەن ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپاوە قاسم سولەیمانی فەرماندەی هێزی قودس لە لیستی گەمارۆکان و لە لایەن وڵاتانەوە لە لیستی رەش دانراوە. قەرارگای ئاوەدانکردنەوەی خاتەمولئەنبیا یەکێکیتر لەو شوێنانەی کە کەوتۆتە نێو لیستی رەشەوە و هەر بۆیە ئێف ئەی تی ئێف دەیهەوێ کارەکانی ئەو قەرارگایە شەفافتر و روونتر بن بۆ جیهانی دەرەوە، بەڵام کێشەکە لێرەدا دروست دەبێ کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ ئەو جۆرە شەرت و شەرایەتانەی ئێف ئەی تی ئێف نین و نایانهەوێ بچنە ژێر باری. هەر بۆیە لە ئێراندا ئێستا بوونە دوو دەستە: گرووپێک موافقی پەیوەست بوون بە ئێف ئەی تی ئێفن و گرووپێکیش دژبەر.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٩٠

٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

# بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٧

---------------------------------------------------------------

## ئابووری بەرەنگاری و بێکاری لە ئێراندا

**خامنەیی لە پەیامی نەورۆزی خۆیدا بۆ جارێکی دیکەش ساڵی ١٣٩٦ی بە ناوی ساڵی ئابووری بەرەنگاریی "اقتصاد مقاومتی" ناودێر کرد. ناودێر کردنێک کە لە پەیامی نەورۆزی ساڵی ١٣٩٥ی ئەودا هاتبوو! ئەو بە پێ داگریی لە سەر "بەرهەمهێنان" و "کار" دوبارە هەوڵیدا کە ئابووری قەیران لێدراویی ئێران بشارێتەوە!**

**ئەو بەو شوعارە دانی بەوەدانا کە کێشەکانی ئابووری ئێران نەک هەر وەک خۆی ماونەتەوە و هیچ گۆرانێکیان تێدا نەکراوە بەڵکوو بیلانی سیستەمی ئیسلامی بۆ ئابووری ئێران لە دوو بەشی بەرهەم و کار پێشکەوتنی بەخۆیەوە نەدیتوە! خامنەیی بەو شوعارە بۆ چوارەمین ساڵ ئابووری کردە ئامانجی قسەکانی و لە کۆڵ شوعارە کۆنەکانی وەک هێرشی فەرهەنگی و پیلانی خاریجیەکان بووەوە!**

**خامنەیی زۆر بە روونی هێرشی کردە سەر حکومەتی ئێستا بە سەرۆکایەتی حەسەن روحانی و هەروەها هەموو بەرپرسیارەیەتی‌یەکانی قەیرانەکانی ئابووری و .. خستە ئەستۆی ئەو! وتەکانی خامنەیی راستەخۆ دژایەتی بوو لەبەرامبەر هەڵوێستی حەسەن روحانی کە لە پەیامی نەورۆزی خۆیدا لافی ئەوەی لێدا کە لەگەڵ ئەوەیدا توانیویەتی هەڵاوسانی ئابووری "تورم" کۆنترۆل بکات و بیکاتە یەک رەقەمی، بەڵکوو گەشەی ئابووری ئێرانی لە ساڵی ١٣٩٥ بە ٨% راگەیاند کە ئامانجی روحانی ئەوە بوو بڵێ بەرنامەی گەشەی ئابووری سەرکەوتوو بووە! بەڵام ئایەتوڵا خامنەیی بە پەیامیی نەورۆزیەکی خۆی پەیامی حەسەن روحانی بە چالیش کێشا!**

قەیرانی ئابووری لە ئێراندا بەستراوەتەوە بە شێوەی پەیوەندی ئەمریکاوە، ئیسحاق جەهانگیری جێگری یەکەمی سەرۆک کۆماری ئێران لە سەرەتاکانی رەشەمەی ساڵی رابردوودا بێ پەردە ئاشکرای کرد کە، ساڵانە یەک ملیۆن نەفەر لە زانکۆکانی ئێران خوێندن تەواو دەکەن، بەڵام بازاری کاری ئێران ناتوانێ ئەو رێژە لاوە خوێندەوارە جێگا بکاتەوە، ئەو گوتی کە بیلانی حکومەت بۆ دابین کردنی کار شکستی هێناوە، جەهانگیری باسی لەوەشکرد کە لە دوو ساڵی رابردوو دا هەموو ساڵێک ١ میلیۆن و ٢٠٠ هەزار کەس بە رێژی ئەوانەی داخوازی کاریان هەیە زیاد دەبێ. جەهانگیری پێی لەوەنا کە نەبوونی سەرمایە و بە تایبەتی سەرمایەگوزاری خاریجی یەکێکە لە سەبەبەکانی ئەوەی کە رێژەی بێکاری زیاد بکات و قەیرانی ئابووری دروست ببێ.

ئیسحاق جەهانگیری ئەوەی خستەوە بەرچاو کە لە ماوەی ٨ ساڵی دەسەڵاتی ئەحمەدی نژاد کە داهاتی نەوتی ئێران بە ٧٠٠ میلیارد دۆلار گەیشتبوو ، بەڵام لەبەرامبەردا تاقە یەک شوغل لە ئێراندا دروست نەبوە.

لێکۆلەرەوانی ئابووری ئێران دەڵێن کە مەحمودی ئەحمەدی نژاد کە بە نزیکترین کەس دادەنرێت لە روانگەی عەلی خامنەیی لە ئابووری، لە دوای خۆی جگە لە زەویەکی سوتا و وشک هیچی لەدوای خۆی بەجێ نەهێشت! لێکۆلەرەوان بەردەوامی لە خەراپی پەیوەندیەکانی ئێران و ئەمریکا بەیەکێک لە هۆکارەکانی شکان و قەیراناویی بوونی ئابووری ئێران دەزانن! ئەوان دەڵێن کە عەلی خامنەیی و سپای پاسداران بەرپرسیاری یەکەمی خراپی وەزعی خەڵکی ئێرانن چونکە ئەوان بەردەوام موخالیفی عادیی کردنەوەی پەیوەندیەکان لە گەڵ ئەمریکادان و ئەمریکاش بەردەوام زەختەکانی یەکتەرەفەی خۆی دژی ئێران زیاد کردوە کە بووهۆکارێکی کاریگەرە بۆ بەردەوامی قەیرانی قەیرانی ئابووری لە ئێران دا!

ئەو بۆچوونە تایبەت نیە بەو کەسانەی کە دژبەری کۆماری ئێسلامی ئیرانن بەڵکو هەتا ئیستا بەرپرسانی حکومەتی ئێران بەدەیان جار ئەو راستیەیان ئاشکرا کردوە کە بەستنی رێگا لە سەرمایەگوزاری خاریجی جگە لە قەیران هیچی تری بۆ ئێران بە دیاری ناهێنێت!

## دەوری سوپایی پاسدارن لە قەیرانی ئابووری‌دا

عەباسی ئاخوندنی، وەزیری رێگا و شارسازی دەڵێ ئەگەر سەرمایەگوزارانی خاریجیش لە ئێران کار بکەن کێشەی

ئابووری وبێ کاری چارەسەر نابێت، لەگەڵ ئەوەش عەباسی ئاخوندنی دەڵێ بەهۆی مایەپووچی بانک و بونیادە ئابوورییەکانی ئێران و هەروەها دەسەڵاتی ناوەندە نیزامییەکان و سپای پاسدارن بەسەر ئابووری ئێراندا وایکردوە کە گەشە لە ئابووری ئێراندا روونەدات و قەیران بەردەوام بێت.

ئاخوندی دەڵێ قەرزەکانی حکومەت بە ئابووری ئیران نزیک بە ٥٥% لە بەرهەمی نا خالیسی میللیە یانی (٧٥٠ هەزار میلیارد تمەن)، ئەوە لە حالێک دایە کە بانکەکانی ئێران تا ئێستا بە شێوەی رێک و پێک بیلان و داتاکانی خۆیان بڵاونەکردووەتەوە، چونکە بەپێی وتەکانی ئیسحاق جەهانگیری جێگری سەرۆککۆمار ئەگەر بێت و بانک و بنیادە ماڵیەکانی ئێران داتا و بیلانی راستی خۆیان بڵاوبکەنەوە، کارەسات روودەدات و حکومەت توانایی کۆنترۆل کردنی نامێنێ!

بەپێ ئەو زانیاریانەی کە لەبەردەست دایە لەکاتی ئێستادا کە بودجەی حکومەت هەموو بۆ مووچەی کارمەندەکانی خەرج دەکرێ حکومەت دەبێ ١٠٠% مووچەی هێزە چەکدارەکانیش بدات و هەروەها ٧٥% بودجەی سندوقی خانەنشینی ئێرانیش بدات، هەربۆیە حکومەتی روحانی ناتوانێ چارەسەری کێشە ئابووریەکانی ئێران بکات چونکە بیلان و بەرنامەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئابووری شکستی هێناوە! لەلایەکی ترەوە ناوەندە بەهێز و دەسەڵاتدارەکانی ئابووری ئێران وەک قەرارگایی خاتەم ئەلئەنبیایی سوپا و هەروەها ناوەندەکانی سەر بەرێبەری و ئاستانی قودسی رەزەویی و دەیانی تر لە پێدانی باج بە حکومەت بەخشراون و ساڵانە تەنها یەک ریالیش نادەن بە حکومەت ، هەموو تەرح و بەرنامەیەکی ئابووری کە ئەوانی تێدا نەبن لەسەرەتاوە شکستی هێناوە!

بەبڕوای کارناسانی ئابووری لەبەر ئەوەی کە حکومەت لەئێران ناتوانێ دەسەڵاتی بەسەر ناوەندەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆیدا هەبێت و هەموو دەسەڵات و بەرنامەیەک سپێردراوە بە ناوەندە نیزامی و ئەمنیەتیەکان و ئەوانیش بەگشتی لەژێر دەستی رەهبەری دان بۆیە وەزعیەتی ئابووری ئێران بەرەو باشتر بوون ناچێت. هەر بۆیە خامنەیی و رێبەرانی سپای پاسدارن باس لە ئابووری بەرەنگاری "اقتصادی مقاومتی" دەکەن کە مەعلووم نیە چە بەرنامەیەک بۆ ئابووری بەڵا لێدراوی ئێران دەخاتە روو.

دەسەڵاتەکانی هێزە نیزامیەکان "سپای پاسداران" لە ئێران بەشێوەیەکە کە جگە لە ناوخۆی ئێراندا دەستیان گرتووە بەسەر ئابووری ئێراندا، بەڵکو کۆنترۆلی هەموو سنورە ئابووریەکانی ئێرانیان کردوە. بەپێی ئامارەکان

سپای پاسدارن گەورەترین هۆکارە بۆ قاچاغی کەل و پەل بۆ ناو ئێران. سپای پاسدارن کۆنترۆلی تەواوی بەسەر بەندەر و فرۆکەخانەکانیشدا هەیە هەربۆیە دەتوانرێ بگوترێ کە سپا حکومەتی سێبەری کۆماری ئیسلامیە لە ئێراندا!

## زیادبوونی رێژەی بێکاری لە ٢١ پارێزگای ئێران

حەسەن روحانی لە پەیامی نەورۆزی خۆیدا گوتی کە لە دەورانی دەوڵەتی ١١دا، حکومەت ٧٠٠ هەزار فورسەتی کاری دروست کردوە. روحانی هەروەها گوتی لە ساڵی رابردوودا ٢٤ هەزار ناوەندی پیشەسازی نیوەتەواو و لەکار کەوتوو دوبارە وەکار کەوتوونەتەوە و گەشەی ئابووری ئێران گەیشتۆتە ٨٪. هەڵبەتە تەنها دوو رۆژ دواتر لە پەیامی روحانی، ئیسحاق جەهانگیری جێگری سەرۆک کۆمار گوتی، کە ناوەنجی بێکاری لە ساڵی ١٣٨٤ تا ١٣٩٤ سیفرە.

جەهانگیری گوتی راستە کە ٧٠٠ هەزار کاری تازە لە ئیران دروست بووە بەڵام ٦٠٠ هەزار بێکار بە حەشیمەتی بێکارانی ئێران زیادی کردوە! بە پێ ئامارەکان رێژەی بێکاری لە ٢١ پارێزگا زیادی کردوە بەنیسبەتی ساڵی ١٣٩٤ ، بەپێ ئامارەکانی حکومەت رێژەی بێکاری ٤،١٪ زیادی کردوە واتە لە ١١٪ لەساڵی ١٣٩٤ بوەتە ٤،١٢٪ لە ساڵی ١٣٩٥ و لەو نێوەدا ١٣ پارێزگا بەرزترین ئاستیان هەیە، کە پارێزگاکانی کوردستان لەسەرەوەی لیستەکەدان.

هەر بەپێ ئامارەکان لە بەشی پیشەسازیدا فورسەتی کار لە ٥،٣٢٪ لە ساڵی ١٣٩٤ کەمبوەتەوە بۆ ٩،٣١٪ لە ساڵی ١٣٩٥ . هەر بەپێی زانیاریەکان پارێزگا سەنعەتیەکان وەک تاران و ئازەربایجان (تەورێز) بێکاری بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە لە تاران ٥،٣٪ زیاد کردوە ولە ١،٨٪ بوەتە ٦،١١٪ و هەروەها لە تەورێز لە ٣،٧٪ بوەتە ٨،١٠٪ لەساڵی ١٣٩٥دا.

بەرزترین رێژەی بێکاری لە ئێران تایبەت بە پارێزگای کرمانشانە کە بە ٤،٣٪ زیادی کردوە واتە لە ٢،٢٠٪ لەساڵی ١٣٩٤ بوەتە ٢٢٪ لە ساڵی ١٣٩٥ دواتر چوار محاڵ بەختیاری بوەتە ٢،٢٠، و لە ئەردەبیل ٣،١٥ و پارێزگایی سنە ٢،١٥٪ رێژەی بێکاری زیادیی کردوە!

بەپێ ئەو ژمارانەی سەرەوە دەبینین کە اقتصادی مقاومتی خامنەیی نەک سەرکەوتوو نەبووە بەڵکو نیشاندەری ئەوەیە کە قەیرانی ئابووری لە ئیراندا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خەراپتر بووە.

* ئابووری بەرەنگاری "اقتصاد مقاومتی ( Resilient Economy یا Resistive economy)"

دەتوانین بلێن شێوەیەکە بۆ بەرەنگاری دژی گەمارۆی ئابووری لەسەر ناوچەیەک یاخود وڵاتێکی بایکۆت کراو، کە هەوڵ دەدات کە کەمترین گرێرێدراوی بە دەرەوە هەبێت و پێداویستە ئەساسیەکانی لەناخۆدا بەرهەم بهێنێت! لەکاتێک دا هەناردەو هاوردە بۆ ناوچەیەک یان وڵاتێک ئیجازەی پێ نادرێت! بەگشتی وڵاتانی لاواز لە دێموکراسی و لە نەزەری ئابووری و دارایەوە گیرۆدەی تەنها کالایەکن وەک نەفت، دوای ئەوەی کە توشی بایکۆت و گەمارۆ دەبنەوە بەلای ئابووری بەرەنگاری "اقتصاد مقاومتی دا دەرۆن، نەزەری ئەوان وایە کە دەتوانن لەبەرامبەر تەهیدی دەرەوەدا لەسەر لاقی خۆیان ڕاوەستن! لە ئێران دوای ئەوەی کە گەمارۆکانی سەر ئێران توندربوون ، ئایەتووڵلا خامنەیی لە ساڵی ١٣٨٩ بۆیەکەم جار ئەو دەستەواژی هێنا نێو ئابووری ئێران بەو هیوایە بتوانێ کە ئێران لە قەیران ئابووری ڕزگار بکات، بەڵام دوای ٦ ساڵ ئێستاش نەتوانراوە بەشێکی بچووک جێ بەجێ بکرێت.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٢.

٢٥ی ئەپریلی ٢٠١٧

## واقعیەت و حەقیقەت لە هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر هەڵبژاردنەکان!

هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری و شووڕای شار و دێ لە ئیراندا لە کۆتایی ئەم مانگەدا بەڕێوەدەچێ، هەڵبژاردنەکان لە ئیراندا ئەگەر بە پێوەرە جیهانیەکان هەڵبسەنگێندرێ، هیچ کامیان ناچێتە خانەی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتیکەوە.

دەسەڵاتدارانی حکوومەتی ئێران بە ئامانج و بەئەنقەست رۆژی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری و شوورای شار و گوندەکانیان پێکەوە داناوە. ئەوەش لەبەر ئەوەی کە بەشداریی خەڵک لەسەر سندوقەکانی دەنگدان زیاد بکەن و وا نیشان بدەن کە حکومەتەکەیان شەرعیەتی لە خەڵکی ئێران وەرگرتووە!. ئەوان بەشداریی خەڵکیان لە سەر سندوقەکان بە میلاکی شەرعیەتی خۆیان دادەنێن! بەڵام بەپێچەوانەوە زۆر جار بەشداریی زۆرینەی خەڵک لە دەنگداندا بەمانای قەبووڵکردن نیە، بەڵکو راستەوخۆ پەیوەندیی بەو راستییەوە هەیە کە لە ناو واقیعی سیستمی سیاسی ئەو وڵاتەدا زاڵە!

هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ئێراندا ئەگەر بە هەڵبژاردنێکی سیاسی دابنێین، ئەوا هەڵبژاردنی شووڕای شار و گوندەکان پێوەندیی بە ژیانی رۆژانەی خەڵکەوە هەیە، راستەوخۆ پێوەندیی بە ژیانی تاک بە تاکی کۆمەڵگەوە هەیە! بوونی کەسانی شارەزا و بەتوانا لە ریزی شوورای شار و گوندەکان دەتوانێ گۆڕانێکی باش ساز بکات لە خۆبەڕێوەبردنی خەڵک بە دەستی خۆی! هەربۆیە دوو هەڵبژاردن لە یەک رۆژدا لە بنچینەدا لێک ناچن تا پێوەندیان پێکەوە هەبێت!

لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارییدا کەسێک دەردەچێت کە چەندین فیلتێری ئەمنیەتی و وەفاداربوون بە نیزامی تێپەڕاندبێ و لەو نێوەشدا تەنها یەک کەس بۆی هەیە ئەو پۆستە سیاسی و ئیجرائیە وەربگرێت، بەڵام بەپێچەوانەوە لە هەڵبژاردنی شوورای شار و گوندەکان دا خەڵکانی زۆر بەشدار دەبن و تەئید دەکرێن و تەنیا ئەوە دەمێنێتەوە کە ئەو کەسانەی دەردەچن و متمانەی خەڵک وەردەگرن چەندە باوەڕیان بە خۆیانە و ئەو متمانەی

خەڵک پێیداون دەپارێزن.

بەپێی جارنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، "هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە کە لە کاروباری بەڕێوەبەرایەتی گشتی وڵاتی خۆی، بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی نوێنەرانێک کە ئازادانە هەلبژێردراون بەشداری بکات".

خۆ بەربژێرکردن لە هەڵبژاردنەکاندا، بە پێی هەموو پێوەرە جیهانی‌یەکان مافی تاک بە تاکی هەموو کەسێکە و هیچ کەس و لایەنێک ناتوانێ ئەو مافە لە کەس زەوت بکات، بۆیە کەسی دەنگدەر لە وڵاتی دێموکراتیک و هەڵبژاردنێکی ئازاددا مافی هەڵبژاردنی هەیە و هیچ لایەنێک ناتوانێ ئەو مافە لە تاک وەربگرێت! لە نیزامی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامیشدا کە بەربژێربوون ئازاد نیە، لەلایەکی دیکەوە، دەنگدەران بە کەڵکوەرگرتن لە مافی ئازادانەی خۆیان زۆرجار هەڵوێستی شیاویان بەرامبەر ئەو جۆرە هەڵبژاردنانە گرتوە."

بە دەرککردنی ئەو ڕاستییەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی١٠ ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ واقعیەتی کۆمەلگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جووڵاوەتەوە، هەر بەهۆی ڕەچاوکردنی ڕەفتاری واقعگەرایانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە کە ڕەوتێکی نوێ لە خەبات و تێگەیشتن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بێتەکایەوە!

حیزبی سیاسی لە مەیداندا هەمیشە پێویستە بە دەرکی دروست لە واقعییەتەکان لەگەڵ حەقیقەتی مەسەلەکە بەرەوڕووبێ و هەمیشە لە ڕۆچنەی واقعیەتەوە هەوڵ بدات لە حەقیقەت نزیک ببێتەوە. کاتێک دەبینرێت کە بەستێنی هەڵبژاردن لە ئێراندا کەند و کۆسپی زۆرە، بەڵام ئەو ڕاستییە نابێ لەبەر چاو ون بێ کە حیزبی سیاسی دەبێ لە دەلاقەی واقعیەتەوە بڕوانێتە هەڵبژاردنێک نەک حەقیقەت!

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا لە چەندین هەڵبژاردن دا هەوڵیدا لە فەزای دروست بوو لە هەڵبژاردنەکان وەک دەرفەت بۆ بڵاوکردنەوە و گەیاندنی پەیامەکانی کە هەڵگری ویست و داخوازەکانی خەڵک بوو کەڵک وەربگرێت! و ڕێنوێنی بە خەڵک دەدا لەسەر چۆنیەتی ڕوانینیان بۆ هەڵبژاردنەکان و هێنانە ئارای ویست و داخوازییەکانیان؛ هەڵبەت ئەو هەڵوێستەی حدک لەگەڵ دژکردەوەی زۆربەی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات بەرەوڕوو

بۆوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ پێشوازیی خەڵک و چالاکانی ناخۆ بەرەوڕوو بوو! هەر ئەو جۆرە هەڵوێست گرتنەش بوو کە حدک جیاواز دەربکەوێت!

لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا، لەلایەک ئەگەر وەزعی سیاسیی ئیستا و نائومێدی خەڵک لە رەوتی دیاریکردنی بەربژێرەکانی سەرۆککۆماری بیری خەڵکی لە هەڵبژاردن و مەیدانی هەڵبژاردن دوورخستۆتەوە، لەلایەکی دیکەوە مەسەلەی هەڵبژاردنی شووراکان و روانینی خەڵک بۆ ئەو بەشە لە هەڵبژاردنەکان دیسانیش جێی سەرنجە. بەڵام بابەتێکی گرینگی دیکە داوای حیزبەکانی رۆژهەڵات بۆ هاوهەڵوێستی حیزبی دیموکرات لەگەڵ ئەوان، وایکرد ئەم حیزبە لە پێناو هاودەنگیدا چاوپۆشی لە بەشێک لە روانینە سیاسیەکانی خۆی بکات. لە ١٠ ساڵی رابردوودا حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هیچ بەستێنێک خافل نەبووە بۆ ئەوەی یەکگرتوویی و هاودەنگیی لەناو ریزەکانی لایەن و حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دروست بکات!. لە هەڵبژاردنەکانی ئەو جارەدا لەگەڵ ئەوەیدا حیزبی دێموکراتی کوردستان تێگەیشتن و لێکدانەوەی خۆی بۆ هەڵبژاردنی شووڕای شار و دێ هەبوو، بەڵام گرینگی زیاتریدا بۆ ئەوەی بەستێنی هاوکاری و هاوپەیوەندیی لە نێوان لایەنەکانی رۆژهەڵات زیاتر خۆش بکرێ.

حیزبێک کە لەگەڵ واقعیەتی سەردەم هەوڵ دەدات خۆی بگونجێنێ و لە حەقیقەت نزیک بێتەوە!

سەرچاوە: کوردستان و کورد

١٧ی مای ٢٠١٧

## ئەمنییەت ئامرازێک بۆ تیجارەت! قەرارگای خاتەمولئەنبیا، باڵی ئابووریی سپای پاسداران!

کاتێک گروپێکی تەواو چەکدار و ئیدۆلۆژیک پێ دەنێتە دونیای ئابووریی وڵاتێک نیشانەی ئەوەیە کە ئابووری ئەو وڵاتە لە داروخان و بە مافیابوون دایە!

"بازاری نێوخۆیی چین تەواو لە ژێر دەسەڵاتی حیزبی کۆمۆنیست دایە بەڵام بە پێچەوانەی بازاری ئازاد لە چین حیزبی کۆمۆنیست نەیتوانیوە دەسەڵاتی خۆی تێدا بچەسپێنێ، ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسیی حیزبی کۆمۆنیست"؛ ئەمانە ووڕە ئەلکساندرو ئاماندیۆ، نوێنەری یێکخراوی گەشەپێدانی پیشەسازی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆنفرانسێکدا گوتی کە تایبەت بە گەشەکردنی جیهان بوو.

"سپای پاسدارن پرۆژە گەورەکان وەردەگرێ، کاتێک کەبەشی تایبەت توانایی کێبەرکێیان نەبێ یاخو نەتوانن جێبەجێی بکەن" ئەمانە قسەی ئاخوند عەلی سەعیدی، نوێنەری ئایەتوڵا خامنەیی لە سپاد لە کۆبوونەوەیەکی گشتی بوو کە بۆ بەرگری لە قەرارگای خاتەمولئەنبیا کردنی.

ئەو دوو قسەی سەرەوە خاڵێکی هاوبەشیان تێدایە، بێ توانایی و بێبەشی کەرتی تایبەت لە ئێران و چین بە هۆکاری باڵادەستی سیاسیی حیزبی کۆمۆنسیتی چین و باڵادەستی ئابووری، سیاسی و ئەمنیەتی سپای پاسدارن لە ئێراندا.

هەرچەند لە ساڵی ١٣٩١ ڕا بەدەستوری فەرماندەی گشتی سپای پاسداران، قەرارگای خاتەمولئەنبیای سپا نابێ خۆ لە پرۆژەکانی خوار ١٠٠ میلیارد تمەن بدا، بەڵام لەلایەکی دیکەوە بەهۆی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی سپا هیچ کێبەرکێیەک نابینرێ بۆ پرۆژە گەورەکان و سپای پاسدارانیش بە هەندێک تەشریفات ئەو پرۆژانەش وەردەگرێ! بەهانەش بۆ دانی پرۆژەکان بەسپا ئەوەیە کە کەرتی تایبەت ناتوانێ ئەو پرۆژانە ڕاپەڕێنێ!

لەساڵی ١٣٨٤ و لە کاتی دەسەڵاتی ئەحمەدی‌نژاد، سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئێران سپای پاسداران بە تەواوی هاتە نێو بازاری ئابووریی ئێرانەوە، بە دەستوری ئەو بەشی زۆر گرێبەستە نەوتی و گازیەکان بەبێ هیچ کێبەرکێیەک دران بە قەراگای خاتەمولئەنبیا. ئەگەر چاوێک بە ١٠ ساڵی رابردوودا بخشێنین دەبینین کە سپای پاسداران لە ناوەندێکی سەربازی _ ئیدۆلۆژیکەوە گۆڕاوە بە رێکخراوێکی سیاسی و ئابووری . کە دوو باڵی ئابووری سپا واتە قەرارگایی خاتەمولئەنبیا و بونیادی تعاون نەخشی سەرەکیان لەو مەیدانەدا گێراوە .

لەو نێوەدا، قەرارگای خاتەمولئەنبیا کە مێژووی دروستبوونی بۆ ساڵی ١٣٦٨ دەگەڕێتەوە، خاوەنی ٨١٢ کۆمپانیا و ٦٥٠ هەزار کەس هێزی کاری راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بەبوونی زیاتر لە ١٠ هەزار پرۆژە و هەروەها ٥٠٠٠ بەلێندەری نطوخۆیی بۆتە غولی ئابووری ئێران!

هاوڕایی دەسەڵاتداران لە کۆماری ئیسلامی لەسەر قەرارگایی خاتەمولئەنبیا بە شێوەیەکە لە ١٠ ساڵی رابردوودا چ کاتێک توندرەوەکان لەسەرکاربوون و چ میانەڕەوەکان هەموو بەشێوەیەک لە شێوەکان خۆشحال و هانەزەر بوون لەسەر بوونی سپای پاسداران لە پرۆژەکاندا و هیچ کات دژکردەوەیەکی ئەوتۆیان لێ نەبینراوە. وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بە قسەکانی عەلی لاریجانی، سەرۆکی پارلمانی ئێران لە سالی ١٣٩٠ بۆ پشتیوانی لە رۆستەم قاسمی، فەرماندەی قەرارگایی خاتەمولئەنبیا بکەین کە وەک وەزیری نەوت دیاری کرابوو، لاریجانی گوتی ئەوە لەخۆبردوویی‌یە لەبیر ناکرێ!

کاتێک ئەکبەر تورکان، راوێژکاری ئێستای حەسەن روحانی لە نوسینێکدا لە ٢٦ی جۆزەردانی ٨٩ لە رۆژنامەی "پول" پێداگریی کرد لە پێدانی ٢١ میلیارد دۆلار پرژەی نەوت و گاز بە قەرارگایی خاتەمولئەنبیا، ئەوانە مشتێکن لە خەروارێک خۆش خزمەتی بۆ سپای پاسداران. محەمەد باقری نوبەخت، وتەبێژی حکومەتی روحانیش لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٩٣ گوتی قەرارگا شوێنکە کە حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران پشتی پێ بەستوە و ئەوانەی دژایەتیشی دەکەن کۆمەڵێک کەسی ناشارەزا و کاڵفامن!

## هەلومەرجی تایبەت:

ساڵی ١٣٨٤ بە چوونە دەرێی شیرکەتی نەوتی نۆرێژ لە مەیدانی گازی پارسی جنوبیی ١٤ و ١٥ بۆ یەکەم جار

قەرارگایی خاتەمولئەنبیا هاتە نێو گرێبەستە نەوتی و گازی‌یەکان و ئەو گرێبەستانە لەکاتێک گەیشتە ئەوپەڕی خۆی کە لەساڵی ١٣٩١ بە گرێبەستێکی ٢١ ملیارد دۆلاری نەوتی قەرارگا توانی بەشی زۆری مەیدانە نەوتی‌یەکانی ئێران وەربگرێ. ئەو دەسەڵاتەی کە قەرارگای خاتەمولئەنبیا لە مەیدانی نەوت و گازدا پەیدایی کرد هەندیک هۆکاری هەبوو، گرینگترینی ئەو هۆکارانە بریتین لە گەمارۆ ئابووری‌یەکان و چونە دەرێی شیرکەتە رۆژاوای‌یەکان لە ئێران، ئەو هۆکارانە بوون بە هۆی ئەوەی کە لەو کاتەدا حکومەتی ئەحمەدی نژاد هەلومەرجێکی تایبەتی وەهای بۆ قەرارگا دروست کرد کە دەستی ئەوانی بە شێوەی هەرچی باشتر ئاوەڵا کرد.

ئەحمەدی تەوەکولی، ئەندام پارلمانی دەوری نۆیەم لەبارەی سپا و نیزامی‌یەکانەوە دەڵێ: نیزامی‌یەکان بە سڵاو و سڵەوات هاتن تا ببن بە کۆمپانیایەکی جیهانی، هەم ئەوەی کە رێبەری دەیگوت کە بریارنامەکانی شۆرایی ئەمنیەت تەنها کوتەکاغەزێکە و هیچ، سپا ئەوەی بۆ تەئیید کرد و هەم نیزامی‌یەکانی لە سەرئێشەی چوونە دەرێی کۆمپانیا رۆژئاوای‌یەکان پاراست. ئەو قسەیە بەمانای ئەوەیە کە حکومەت تەواو چۆتە ژێر دەسەڵاتی سپا و هێزە چەکدارەکانەوە و لە راستی‌دا کودەتایەکی نیزامیی رانەگەیەندراو لە ئێراندا ڕووی‌داوە.

قەرارگای خاتەمولئەنبیا لە ساڵی ١٣٨٦ دەستی بەسەر کۆمپانیایی نەوتی ئۆرینتاڵی کیش داگرت و هەروەها پرۆژەی ١٠٠٠ ملیارد تمەنی حەرەمی"حەزرەتی زەهرا"ی کردە پاوانی خۆی، ئە وکارانە نیشانەی ئەوە بوون کە بە ڕکەبەرەکانی دیکەی خۆی پیشان بدا کە بازاری ئابووری ئێران و ناوچەکە جێگایی سپایە و ئەوانی تر دەبێ بچنە دەرەوە.

ئەو گەندەڵکاری‌یانە لە سەردەمی سەرۆککۆماریی رەفسەنجانی ڕا پێش ئەوەی سپا ببێتە هێز، بە هاتنی ناوەندە ئەمنیەتی‌یەکانی وەک وەزارەتی ئیتلاعات دەستی پێ‌کرد، بە شێوەک ئەوان ئەمنیەتیان کردە ئامرازی تیجارەت.

## قەراگای ئاوەدان کردنەوەی خاتەم ئەنبیا چیە؟

قەرارگای خاتەمولئەنبیا لە کۆمەڵێک موهەندیسی تایبەت بە ڕێگاوبان و بیناسازی کە لەسەردەمی ٨ ساڵەی شەڕی ئێران و عێراق کاریان کردوە، پێک هات. دوای شەڕ بەهاوکاریی سەرۆککۆماری ئەوکاتی ئێران و بە پشتبەستن بە ئەسلی ١٤٨ قانونی ئەساسی کە دەڵێ: هێزە نیزامی‌یەکان لەکاتی ئارامی و ئاشتی‌دا دەتوانن بەشدار بن کە

ئاوەدان کردنەوە و بنیاتنانەوە، قەرارگای ظ سپای پاسدارن بە پشت بەستن بەو ئەسلە هاتە نێو گۆڕەپانەکە. هەڵبەت بەشداریی سپای پاسداران لە ئابووری ئێراندا، مشتومڕێکی زۆری لەسەر ساز کرا کە نابێ سپا پێگە بە کەرتی تایبەت تەنگ بکا، بەڵام بە پشتیوانی ئەوکاتی ڕێبەریو سەرۆککۆماریی ئەوکات گوێ نەدرا بەو نارەزایەتییانە و سپا بەشێوی ڕەسمی و قانوونی بەشداری کرد لە ئابووریی ئیران.

سەرەتا سپا بەدروستکردنی قەراگای ئاوەدانکردنەوەی خاتەمولئەنبیا و دوو لقی دیکە لەو قەرارگایە بە دوو شیرکەتی" رزمندگان" و "رزمجو "هاتە نێو کایە ئابووریەکانەوە، بیانووی هاتنە نێو ئەو کارەش ئەوە بوو کە لەدوای شەڕی ئیران و عێراق ژمارەیەکی زۆر دەزگا و کەلوپەلی ڕێگا دروستکردن و بینا ساز کردن لە بەرەکانی شەڕ بەجێ مابوو.

بە پێی قسەی یەکێک لە فەرماندەکانی سپا لە ساڵی ١٣٦٨ تا ساڵی ١٣٨٥ سپای پاسداران توانیویەتی زیاتر لە ٢٠٠٠ پرۆژەی پیشەسازی و کانگایی لە ئێراندا جێ بەجێ بکا. ناوەندی "کوثران" کە یەکێکی دیکە لە ناوەندەکانی دیکەی سپای پاسدارانە و لەسەردەمی سەرۆک کۆماری خاتەمیدا توانی پرۆژەی گەیاندی ئاو بۆ ٨٨٠٠ هێکتار لە پارێزگای خوزستان و ناوچەی "ئومیدیە" وەربگرێ کە تێکرایی پرۆژەکە نزیک بە ١ میلیارد دۆلار بوو.

تا پێش ساڵی ١٣٩٠ بەپێ ئەسلێک سپا ئیجازەی نەبوو کە ئەو پرۆژانە وەربگرێت کە لە ١٠٠ میلیارد تمەن کەمترن بەڵام دوای گۆرانکاریەکانی نێو ئیران و دەست بڵاوی سپای پاسدارن ئێدی سپای پاسدارن دەستی گرت بە سەر پرۆژە بچووکەکانیش دا.

لە ئێستادا ٥٠٠٠ هەزار شیرکەتی گەورە و بچووک کار بۆ قەرارگای خاتەمولئەنبیا دەکەن و بە پیی قسەی بەرپرسی ئەو قەرارگایە ١٣٥ هەزار کەس کاری تێدا دەکا کە ئەو ژمارەیە بەشێوەی رەسمی و وەک پاسدار وەزیفە بەشداریی کارە ئابووریەکانی ئەو قەرارگا سەربازییەن. لەو ١٣٥ هەزارە، ٢ هەزار و ٥٠٠ کەسیان ڕاستەوخۆ لە فەرماندەرانی سپایی پاسدارانن. جگە لەو ژمارە کەسانەی سەرەوە ٥٠٠ هەزار کەسی دیکە بەشێوەی قەراردادی کار لەگەڵ ئەو قەرارگایە دەکەن.

سەرچاوە:

•ماڵپەری بی بی سی

•ماڵپەری روداو

•ماڵپەری رادیۆ فەردا

•ماڵپەری کوردستان و کورد

•ماڵپەریی سپا

*ماستەری بەڕێوەبردن و ئابووری

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٤.

٢٧ی جوونی ٢٠١٧



# نەوت، ماف و دێموکراسی

نەوت وەک مادەیەکی ژێر زەوی بە بەهایەکی بەرز، هێز و توانای زۆری داوە بەو دەوڵەت و وڵاتانەی هەیانە. نەوت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە چەکێک بە دەستی زۆر لە دەوڵەتانی نادیموکراتیک بە دژی خەڵکی خۆیان و وڵاتانی دیکەش. بە وردبوونەوەش لە گۆڕانکارییەکان و ڕەوتی ئاڵوگۆڕ و کێشە و قەیرانەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؛ فاکتەر و شوێنپێی نەوت لەو هەموو پێکدادانانەکان دیار و بەرچاوە.

لە ئابووریدا چەمکێک هەیە بە ناوی نفرینی نەوت، بەڵام نفرینی نەوت چیە؟

لە نێوەراستی دەیەی ٩٠ی زایینیدا دوو مامۆستای زانکۆی هاروارد، دوای لێکۆڵینەوەیەکی چڕ و پڕ لەسەر وڵاتانی جیهان، بەو ئەنجامە گەیشتن کە ئەو وڵاتانەی هەناردەی مادەی خاویان هەیە، گەشەی ئابوورییان کەمترە لەو وڵاتانەیی کە مادەی خاویان نیە. کەمی گەشەی ئابووریش لەو وڵاتانە دەگەڕێتەوە بۆ دەسکەوتنی ئاسانی داهات لە فرۆشی نەوت و سەرچاوە خاوەکانی دیکەیان و ئەوەش کاریگەریی داناوە لەسەر ڕیفۆرمێکی بنەڕەتی لە ئابووریدا هەروەها بووەتە هۆی دواکەوتووییان لە تەکنەلۆژیا و جۆرەکانی دیکەی پیشەسازییش دەخرێنە پەراوێزەوە و هەموو ئەوانە وادەکا گەشەیی ئابووری لەو لاتانەدا کەم بێ.

هەڵبەت دامەزراندنی ڕێکخراوی نەوتی ئۆپێک لە ساڵی ١٩٦٠ کاریگەریی زۆری لەسەر وڵاتانی هەناردەکەری نەوت کەی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دانا. ئۆپێک وەک ڕێکخراوێکی بەهێز لە بواری وزەدا هەوڵی داوە ڕێکخستنێکی تەواو بدا بە بە بازاری نەوت لە جیهاندا و وەک فاکتەرێکی بەهێز دەرکەویٚ، بەڵام بەهۆی تێکەڵیی سیاسەت و ئابووری لەو وڵاتانە و بەهێزبوونی ئابووریی سیاسی نەیتوانیوە ئەو قورساییەی هەبێ.

لە نێوان ساڵانی ١٩٦٢ تا ١٩٧٢ ئێران مۆدێلێکی باشی گەشەیی ئابووری لە ڕۆژهەڵاتی ناوین ئەزموون کرد و کار گەیبووە جێیەک کە کۆرەی باشوور هەوڵی دا کەڵک لە بەرنامەی گەشەی ئێران وەربگریٚ؛ بەڵام ساڵی ١٩٧٤ حەمە ڕەزا شا دەستی کرد بە بەرنامەی تۆکمەی ٤ ساڵەی ئابووری کە لەراستیدا جێبەجێکردنی کارێکی سەخت بوو، چونکە ئێران توانای وەرگرتنی ئەو بەرنامە و گەشە ئابوورییە خێرایەی نەبوو. شای لەخۆڕازی و لووتبەرز و

غەڕرە لە پەرەسەندنی داهاتی نەوت ڕای ئابووریناس و شارەزایانی وەرنەگرت و هەر ئەوەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی کۆتایی بە دەسەڵاتەکەی بێ.

نەبوون یاخود کەمیی دیموکراسی لە وڵاتانی خاوەن نەوتدا،

دەوڵەتانی دەسەڵاتدار لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەتایبەتی وڵاتانی هەناردەکەری نەوت بەستراوەیی زۆریان نیە بەداهاتی خەڵک و کەمتر لەسەر ماڵیاتی هاووڵاتیان حسیاب دەکەن. حکومەت بەشێوەی ڕاستەوخۆ داهاتی نەوتی هەیە و داهاتی فرۆشتنی نەوتیش هێزێکی بەرچاوی ئابووری دەدا بە حکومەت و، حکومەتیش لەبەرامبەردا بەشێک لە پێداویستییەکانی خەڵک وەک خوێندن بە خۆرایی لە قۆناغەکانی سەرەتاییدا دابین دەکا و کەمێک خزمەتگوزاریی گشتی دەخاتە بەردەستی خەڵک. لەوەها سیستەمێکدا حکومەت دەوری باوکسالاری دەبینێ و لەبەرامبەر داخوازییەکانی خەڵکدا هیچ بەرپرسیاریەتییە ناخاتە سەرشانی خۆی.

بەراودێک لە نێوان ئێران و نۆروێژ وەک دوو وڵاتی هەناردەکەری نەوت بەرچاوڕوونیی زیاترمان دەداتێ. وڵاتی نۆروێژ وڵاتێکە نەوتی هەیە و هەناردەشی دەکا، بەڵام نیزامێکی سیاسیی دیموکراتی هەیە. سندووقی پاشەکەوتی دراوی لە نۆروێژ پتر لە ٧٠٠ میلیارد دۆلاری تێدایە، بەڵام سندووقی پاشکەوتی دراوی لە ئێران کەمتر لە ٥٠ میلیارد دۆلاری تێدا. نۆروێژییەکان کەمتر کەڵک لە داهاتی نەوت وەردەگرن و لە ساڵدا تەنیا سەدی ١٤ی داهاتی نەوتەکەیان خەرج دەکەن، ئەوە لە حاڵێکدایە کە بودجەی ساڵانەی ئێران زیاتر لە سەدی ٤٨ی لەسەر فرۆشی نەوت دەوەستێ. لە بەرامبەردا دەبینین ئابووریی نۆروێژ بەردەوام لە هەڵکشانە و ئابووریی ئێرانیش تا دێ بەرەو داکشانە. نەوت لە ئێران لە ڕووی داراییەوە حوکمی چەکی هەرە بەهێزی دەوڵەتە، بەڵام لە نۆروێژ حیسابی پلە چەندەمی بۆ دەکرێ. لە ڕووی سیاسییشەوە لە نۆروێژ دیمۆکراسی لە ئاستی هەرە سەرێدا کار دەکا، بەڵام لە ئێرانی دەوڵەمەند بە نەوت دیموکراسی چ جێگایەکی نیە. پارە و داهاتی نەوتی ئێران ساڵانە دەدرێ بە چەک و چۆڵ بۆ هێزە چەکدارەکان و تێچووی شەڕی نیابەتی لە جیهان و ناوچە، بەڵام داهاتی نەوت لە نۆروێژ دەخرێتە بواری ئاوەدانی و پەروەردە و گەشەی وڵاتەوە. نموونەی دیکەی لەو چەشنە زۆر و بەرچاوە.

کوردستان بە تایبەت باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوەندێکی بەهێزی دابینکردنی نەوت و وزەی جیهان دادەنرێ لە داهاتوودا. بەپێی ڕاپۆرتەکان لە ئێستادا تەنیا باشووری کورستان پاشکەوتی ٤٥ میلیارد بۆشکە

نەوتی هەیە و ئەوە تا ئێستا هێز و توانایەکی ئابووریی بەهێزی داوەتە حکومەتی عێراق و ئەو سامانە زۆر و زەوەندە بۆ کورد جیا لە نەهامەتی دەسکەوتێکی دی نەبووە.

دەسەڵاتی دێفاکتۆی هەرێمی کوردستان لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا نموویەکی باشی لە دەسەڵاتی قانوون، دێموکراسی و ئازادییەکان پێشکێش کردوە و ڕەچاوکردنی پرەنسیپە جیهانییەکان لە ئیدارەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵات و شەڕی دژی تێرۆر و هەوڵدان بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی و ئەمنیەت پرستیژێکی تایبەتییان بە دەسەڵاتی کوردی بەخشیوە کە لە ئێستادا بەرەو سەربەخۆیی دەڕوا. پێدەچێ بەو ئەزموونە چەکی نەوت بە دەستی کورد بتوانێ سەرچەشنیکی دی لە ڕیفاه و خۆشبژیوی بۆ خەڵک و مۆدێلێکی دی لە دەوڵەتداری پیشانی کۆمەڵگای جیهانی بدا.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی ٧١٠

٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٧




٥٩ لاوی کورد
١٢ ی جۆزەردانی ١٣٦٢
مەهاباد، رۆژهەڵاتی کوردستان
تاوان: "کورد" بوون
سزا: ئیعدامی بەکۆمەڵ



شەهید
عەبدولڕەحمان
قاسملوو
با بە سەراحەتەوە بگوترێ کە ئێمە بە خاتری دۆستایەتی قەت واز لە سەربەخۆیی و قازانجی میللەتەکەمان ناهێنین. بەڵام لە بەر خاتری سەربەخۆیی و قازانجی میللەتەکەمان ئەگەر پێویست بوو واز لە دۆستایەتی دەهێنین. ئەگەر پێویست بوو دۆستایەتی یەکە فیدای سەربەخۆیی دەکەین، بەڵام هەرگیز سەربەخۆیی فیدای دۆستایەتی ناکەین.
Rojhelat Design
Design: Agri Balaki - Rojhelat design


نەورۆزی
جامانەکان
نەورۆز بکەینە بۆنەی
یەکگرتن و پێکەوەبوون
ساڵی ٢٧١٧ کوردی و
نەورۆزی کوردەواری پیرۆزبێت
D: AGRI BALAKI


جەژنی ریفراندۆم
رۆژهەڵاتی کوردستان جەژنی ریفراندۆم دەگێڕێ
کات: دووشەممە، ٢٥ی سێپتامبێر رۆژی ریفراندۆم
شوێن: گۆڕەپانی شار و گوندەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان
کەمپینی
جەژنی ریفراندۆم



یەڵدای خوێناویی دێموکرات
٢١ دیسامبری ٢٠١٦ - ١ی بەفرانباری ١٣٩٥
نوێترین شەهیدانی دەستی ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی
عەلی قۆیتاسی
وەهاب میر خزری
سالار باقری
ئەرسەلان عەباس نیا
ناسر کەریمی
عەدنان عەبدوڵڵا
خوێنی سووری شەهیدەکان،
لە سەر ئامانجەکانمان سوورترمان دەکەن
حیزبی دێموکراتی کوردستان
Kurdistan Democratic Party
PESHMARGA



٢٦ی سەرماوەز رۆژی
ئاڵا و پێشمەرگە
پێشمەرگە
پارێزەری خاک وئاڵای کوردستانە
حیزبی دێموکراتی کوردستان
Kurdistan Democratic Party


















بەشێک لەم پۆستیرانە کە هاوڕێی دەست ڕەنگین ئاگر باڵەکی ئامادەی کردون. دەستەکانی خۆش بێت.

سەرچاوە
Serchawe

